زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# بنیاتی کارەکتەر لە دوو رۆمانی (فەرهاد پیربالٚ)دا
# بەنموونەی (مولازم تەحسینو شتی تریش) و (هوتێل ئەوروپا)

**نامەیەکە**

**پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین — هەولێر کراوە**

**وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا**

**لەلایەن**

**عەونی ئەمین عومەر**

**بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی - ۱۹۹۹**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.د. هیمداد حسین بکر**

**تشرینی یەکەمی ۲۰۱۵**

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە (**بنیاتی کارەکتەر لە دوو ڕۆمانی (فەرهاد پیربال)دا بەنموونەی (مولازم تەحسین و شتی تریش) و (هوتێل ئەوروپا)**) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بەئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوەی سەربەخۆ خۆمەن پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوەو پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: عونی أمین عمر

بەروار: ٢٩/٦/٢٠١٥

## پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوەو نووسراوەو نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (ئەدەبی کوردی)، من پشتگیری دەکەمو ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەش لیژنەوەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: پ.د. هیمداد حسین بکر واژوو:

بەروار: ٢٠١٥/٦/٢٩

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوەو هەروەها ئاماژە بەپشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: د. گۆران سۆران عزالدین

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار: ٢٠١٥/٦/٢٩

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەم نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

واژوو:

ناو: پ.ی.د. محمد قادر خورشید

بەروار: ٢٠١٥/٦/٢٩

هەواڵنامەی کتێب

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە (**پێکهاتی کارەکتەر لە دوو رۆمانی (فەرهاد پیربال)دا بەنموونەی (مولازم تەحسین و شتی تریش) و (هوتێل ئەورووپا)**) خوێندەوە، قوتابییەکەمان کە ناوی (هوژین أمین عمر) بوو لە ناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی (ئەدەبی کوردی) تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. سلیم رشید صالح
بەروار: ٢٠١٥/١٠/٢٦
ئەندام

واژوو:
ناو: پ.ی.د. ئازاد عبدالواحد کریم
بەروار: ٢٠١٥/١٠/٢٦
ئەندام

واژوو:
ناو: پ.د. هیمداد حسین بکر
بەروار: ٢٠١٥/٩/١٦
ئەندام و سەرپەرشتیار

واژوو:
ناو: پ.د. عبدالله ئاگرین
بەروار: ٢٠١٥/٩/١٦
سەرۆکی لیژنە

واژوو:
ناو: پ.ی.د. سعید عمر إبراهیم
بەروار:
ڕاگری کۆلێژ بەوەکالەت

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاسو پێزانین

- زۆر سوپاسی بەڕێز (پ.د. هیمداد حسین بکر) دەکەم کە سەرپەرشتی نامەکەی کردمو بەسەرنجو تێبینییەکانی ڕێنوێنی کردم.

- سوپاسی هەموو کەسانە دەکەم کە بەشێوەیەک لە شێوەیەکان هاوکارییان کردم بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

هەواڵنامەی کتێب

## پوختەی نامەکە

ئەم نامەیە بەپێی میتۆدی شیکاری لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەییە لەسەر چۆنیەتی بنیاتنان‌و وێنەکێشانی کارەکتەر لەناو هەردوو رۆمانی (مولازم تەحسین‌و شتی تریش) و (هوتێل ئەورووپا)ی (د. فەرهاد پیربال)ی رۆماننووس کە لە بەشێکی تیۆری‌و دوو بەشی پراکتیکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم نامەکە تیۆرییەو سەرەتا باسی چەمکو گرنگی کارەکتەر وەکو توخمێکی رۆمان کراوە، پاشان باسی وێنەی کارەکتەرو لەناو رۆمانی کۆن‌و نوێدا کراوە، لە رووی جۆری کارەکتەریشەوە باسی جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی ئەرکو پێکهاتەوە کراوە، لە رووی بنیاتەوەش باسی ئەو رەهەندانە کراوە کە کارەکتەری پێ لەسەر بنیات دەنرێت، ئەگەرچی ژمارەی ئەو رەهەندانەی لەناو رۆماندا کارەکتەری پێ بنیات دەنرێت زۆرن بەڵام لەبەر ئەوەی چەند رەهەندێکی دیاریکراو هەیە کە رۆڵێکی گرنگیان لە بنیاتی کارەکتەردا هەیە ئەوا بۆ ئەم مەبەستە تەنیا باسی رەهەندی (فیزیکی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئایدیۆلۆژی) کراون‌و تیشکیان خراوەتە سەر، تەنانەت گرنگی ئەم چوار رەهەندە لەوەدایە کە خوێنەر بەهۆی ئەم چوار رەهەندەوە رەهەندەکانی دیکەی کارەکتەریشی بۆ ئاشکرا دەبێت، لە رووی پێشکەشکردنی کارەکتەریشەوە لەبەر ئەوەی کارەکتەر لەناو رۆماندا بەدوو رێگا پێشکەش دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش باسی شێوازی راستەوخۆ (راگەیاندن)و شێوازی ناڕاستەوخۆ (نمایشکردن) کراوە.

بەشی دووەمی نامەکە پراکتیکییەو تێیدا جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی ئەرکو پێکهاتەوە لەناو هەردوو رۆمانەکەدا دیاریکراوە، بەشی سێیەمی نامەکەش بەهەمان شێوە پراکتیکییەو باسی پێوەندی کارەکتەر لەگەڵ ئەو توخمانەی دیکەی رۆمان کراوە کە پێوەندییەکی دیالێکتیکیانەیان لەنێواندا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش توخمی رووداوو شوێنمان وەکو نموونەیەک وەرگرتووە، سەرەتا بەشێوەیەکی تیۆری ئاماژەمان بەپێوەندیی نێوان کارەکتەر لەگەڵ هەریەک لە شوێن‌و رووداودا کردووە، ئینجا دواتر بەشێوەیەکی پراکتیکی پێوەندی ئەو دوو توخمەمان لەگەڵ کارەکتەردا لەناو هەردوو رۆمانەکەدا دیاریکردووە.

# پێڕستی ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| بەڵێننامە | I |
| پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار | II |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | III |
| سوپاس و پێزانین | IV |
| پوختەی نامەکە | V |
| پێشەکی | ٩ - ١١ |
| **بەشی یەکەم** | ١٢ - ٦٧ |
| چەمکو پێناسەی کارەکتەر | ١٣ |
| گرنگی بوونی کارەکتەر وەکو توخمێک لەناو ڕۆماندا | ٢١ |
| پێگەو وێنەی کارەکتەر لەناو ڕۆمانی کۆندا | ٢٩ |
| پێگەو وێنەی کارەکتەر لەناو ڕۆمانی نوێدا | ٣٢ |
| جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە | ٣٧ |
| ١- کارەکتەری سەرەکی | ٣٧ |
| ٢- کارەکتەری لاوەکی | ٣٩ |
| جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕووی پێکهاتەوە | ٤٢ |
| ١- کارەکتەری پەرەسێن | ٤٢ |
| ٢- کارەکتەری پەرەنەسێن | ٤٦ |
| بنیاتی کارەکتەر | ٥٠ |
| ١- ڕەهەندی جەستەیی (فیزیکی) | ٥٢ |
| ٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | ٥٤ |
| ٣- ڕەهەندی دەروونی | ٥٥ |
| ٤- ڕەهەندی هزری | ٥٧ |
| شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا | ٥٨ |
| ١- شێوازی ڕاستەوخۆ (ڕاگەیاندن) | ٥٩ |
| ٢- شێوازی ناڕاستەوخۆ (نمایشکردن) | ٦٢ |
| **بەشی دووەم** | ٦٨ - ١٢٣ |
| جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکو پێکهاتەوە لە کورتە ڕۆمانی (ملازم تەحسینو شتی تریش) | ٦٩ |
| کارەکتەری سەرەکی | ٦٩ |
| ئەختەر | ٦٩ |
| جوامێر | ٧٩ |
| مولازم تەحسین | ٨٣ |

| | |
|---|---|
| کارەکتەری لاوەکی | ٨٩ |
| باجی بنارو پوورە رەعنا | ٨٩ |
| حاجی مەولود بازرگان | ٩١ |
| جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی پێکهاتەوە لە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش) | ٩٣ |
| کارەکتەری پەرەنەسێن | ٩٣ |
| ئەختەر | ٩٣ |
| جوامێر | ٩٧ |
| جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی ئەرکەوە لە رۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)دا | ١٠٠ |
| کارەکتەری سەرەکی | ١٠٠ |
| فەرهاد | ١٠٠ |
| مسیۆ لوسیانا | ١٠٤ |
| محەمەدی حاجی زادە | ١٠٨ |
| کارەکتەری لاوەکی | ١١٢ |
| ساقی گوڵچین | ١١٢ |
| جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی ئەرکو پێکهاتەوە لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا) | ١١٧ |
| کارەکتەری پەرەسێن | ١١٧ |
| محەمەدی حاجی زادە | ١١٧ |
| **بەشی سێیەم** | ١٢٤ - ١٦٣ |
| پێوەندی بنیاتی کارەکتەر لەگەڵ توخمەکانی دیکەی رۆمان | ١٢٥ |
| ١- پێوەندی رووداو بەبنیاتی کارەکتەر | ١٢٥ |
| هۆکاری سیاسی | ١٢٧ |
| هۆکاری ئابووری | ١٣٦ |
| هۆکاری سێکسی | ١٤٧ |
| ٢- پێوەندی شوێن بەبنیاتی کارەکتەر | ١٥٤ |
| ئەنجامی توێژینەوەکە | ١٦٤ |
| سەرچاوەکان | ١٦٧ - ١٧٢ |
| پوختەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی | A |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

بەهۆی ئەوەی شوێن پەنجەی کارەکتەر لەناو رۆماندا لە زۆر بواردا رەنگدەداتەوە ئەوا هەر لە سەرەتای پەیدابوونی رۆمانەوە لەلایەن رۆماننووسانەوە گرنگییەکی زۆر بەکارەکتەر دراوە، ئەم گرنگی پێدانەش لەناو رۆمانی کۆندا بەراورد بەتوخمەکانی دیکە زۆر بەزەقی بەدیاردەکەوێت بەجۆرێک رۆماننووسانی کۆن نەک هەر زیاتر گرنگییان بەکارەکتەر داوە بەڵکو لەهەمان کاتدا هەموو توخمەکانی دیکەی رۆمانیشیان لە خزمەتی کارەکتەردا خستۆتەگەڕو تەنانەت گرنگیدانەکە بەشێوەیەک بووە کە بەشێکی زۆری ناونیشانی رۆمانەکانیشیان هەر بەناوی کارەکتەرەکانیانەوە ناو لێناوە، بۆیە ئەمجۆرە گرنگی پێدانە پاڵی بەهەندێک رەخنەگر ناوە رۆمان بەهونەری کارەکتەر ناوبنێن.

ئەگەرچی لە رەخنەی نوێدا بەتایبەتی بەدەرکەوتنی هەریەک لە قوتابخانەکانی فۆرمالیستو بونیادگەراییەکان کە لە روانگەی زمانەوانییەوە سەیری ئەدەبیان دەکرد بووە هۆی ئەوەی روانینی رەخنەگران بۆ چەمکی کارەکتەر بەراورد بە رەخنەی کۆن گۆڕانی بەسەردا بێت، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەیاندا ئەو رۆڵو پێگە گرنگەی کارەکتەر لەناو رۆمانی کۆندا هەیبوو کەم بکەنەوە بۆ ئەو مەبەستەش لەبری کارەکتەر رۆڵیان بەتوخمەکانی دیکەی رۆمان وەک شوێنو کاتو تەنانەت ئاژەڵو ناوی واتاییو شتی بێ گیانیش بەخشی، تەنانەت ئەم رۆڵەی ئەمانە لەناو رۆماندا بینیویانە لە هەندێک حاڵەتدا زۆر لە توانای کارەکتەر زیاتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆماننووسانی نوێ نەک هەر نەیانتوانی دەستبەرداری ئەو رۆڵە گرنگو کاریگەرەی کارەکتەر ببن کە لەناو رۆماندا بەرجەستەی دەکات، بەڵکو رابەرانی رۆماننووسانی نوێ بۆ خۆشیان بەشێوەیەکی ئاشکرا دانیان بەو راستییە ناوە کە لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نەبوونە، بۆ نموونە یەکێکی وەکو (ئالان رۆب گرییە) بەشێوەیەکی راشکاوانە دانی بەم راستییە ناوە بەوەی : (زۆربەی رەخنەگرە بەناوبانگەکان زۆر بەجیدی مەرگی کارەکتەریان تۆمارکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هێزێک نەیتوانی کارەکتەر لە سەر ئەو سەکۆیە بهێنێتە خوارەوە کە سەدەی نۆزدەهەم ئەو شوێنو پێگە گرنگەی لەناو رۆماندا بەکارەکتەر بەخشیبوو، ئەگەرچی لەکاتی ئێستادا مۆمیاکراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا هەر ئەو پلەو ریزبەندە بەرزەی داگیرکردووە بەوشێوەیەی کە رەخنەی کۆن رێزی لێدەگرت)[1]، تەنانەت بۆ خۆشم وەکو توێژەرێک دوای خوێندنەوەی زۆرم لەسەر ئەو بابەتە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی ئەو ئەرکو رۆڵەی کارەکتەر لەناو رۆماندا دەیگێڕێت لە ئەرکو رۆڵی توخمەکانی دیکە گرنگترو زیاترە، دواتر هەر ئەم حاڵەتەش

[1] الان روب جرييه، نحو رواية جديدة، ت: مصطفى إبراهيم مصطفى، ص٣٤.

وایلێکردم لە بەشی یەکەمدا تەوەرەیەکی سەربەخۆ تەرخان بکەم بەناوی (گرنگی کارەکتەر) بۆ ئەوەی ئاماژە بە رۆڵو گرنگی کارەکتەر لەناو رۆماندا بکەم.

ئەم تویژینەوەیە جگە لە ئەنجامو پێرستی ناوەڕۆکی تویژینەوەکەو هەروەها کورتەیەک لەسەر بابەتەکە بەزمانی کوردیو ئینگلیزی، لە هەمان کاتدا تویژینەوەکە لە بەشێکی تیۆریو دوو بەشی پراکتیکی پێکهاتووە، **بەشی یەکەمی نامەکە** تیۆرییە سەرەتا لە رووی تیۆرییەوە باسی چەمکو گرنگی کارەکتەرم وەکو توخمێک لەناو رۆماندا کردووە، دواتر لەبەر ئەوەی رۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی بەر نوێبوونەوەو تازەگەری هاتو کارەکتەریش وەکو توخمێکی رۆمان بێبەش نەبوو لەو نوێبوونەوەو تازەگەرییە بەوەی بووە هۆی ئەوەی چەمکی کارەکتەر گۆڕانی بەسەردابێت، بۆیە پێم باش بوو تەوەرەیەکیش بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکەمو تێیدا باسی پێگەو وێنەی کارەکتەرم لەناو رۆمانی کۆنو نوێدا کردووە، لە رووی جۆریشەوە لەبەر ئەوەی کارەکتەر لە رووی ئەرکەوە دابەش دەبێت بۆ کارەکتەری سەرەکیو لاوەکیو لە رووی پێکهاتەوەش دابەش دەبێت بۆ کارەکتەری پەرەسێنو پەرەنەسێن ئەوا تەوەرەیەکیشم بۆ باسکردنی جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی ئەرکو پێکهاتەوە تەرخانکرد، لە رووی بنیاتەوەش لەبەر ئەوەی کارەکتەر لەناو رۆماندا بەراورد بەمرۆڤی راستەقینە بریتییە لە کۆمەڵێک وشە بەڵام ئەوەی ئەو وشانە لەپێش چاوو لەناو هزری خوێنەردا دەگۆڕێ بۆ مرۆڤی راستەقینە ئەوا ئەو رەهەندانەیە کە رۆماننووس بەکارەکتەری دەبەخشێت بۆیە تەوەرەیەکیش بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردو تێیدا باسی ئەو رەهەندانەم کرد کە لەناو رۆماندا کارەکتەری پێ بنیات دەنرێت، ئەگەرچی ژمارەی ئەو رەهەندانەی کارەکتەری پێ بنیات دەنرێت زۆرن بەڵام لەناو ئەوانیشدا هەندێک رەهەند هەیە زۆر بەزەقی بەدەردەکەون بۆیە پێم باش بوو لەم رووەوە تەنیا باسی رەهەندی (فیزیکی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئایدیۆلۆژیا) بکەم، لە رووی پێشکەشکردنەوەش دوای ئەوەی کارەکتەر بنیات دەنرێت پێویست دەکات لەناو رۆماندا پێشکەش بکرێت، لەبەر ئەوەی شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەریش لەناو رۆماندا دوو جۆرە (راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)ـە تەوەرەیەکیشم بۆ باسکردنی ئەم بابەتە تەرخان کرد.

**بەشی دووەمی نامەکە** پراکتیکییەو لەم بەشەدا جۆرەکانی کارەکتەرم لە رووی ئەرکو پێکهاتەوە لەناو هەردوو رۆمانی (هوتێل ئەوروپا) و (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا دیاریکردووە، **بەشی سێیەمیش** بەهەمان شێوە پراکتیکییەو باسی پێوەندی دیالێکتیکیانەی کارەکتەرم لەگەڵ توخمەکانی دیکەی رۆمان کردووە کە کاریگەرییان بەسەر بنیاتی کارەکتەردا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش لەبەر ئەوەی هەریەک لە

شوێنو ڕووداو پێوەندییەکی دیالێکتیکیانەیان لەگەڵ کارەکتەردا هەیە سەرەتا بەشێوەیەکی تیۆریی باسی پێوەندی نێوان کارەکتەرم لەگەڵ ئەو دوو توخمەدا کردووە، ئینجا دواتر بەشێوەیەکی پراکتیکی ئاماژەم بەپێوەندیی کارەکتەر لەگەڵ ئەو دوو توخمە لەناو هەردوو ڕۆمانەکەدا کردووە.

ئەگەرچی پێشووتر توێژینەوە لەسەر چەند توخمو تەکنیکێک لە ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیربال)ی ڕۆماننووس ئەنجامدراوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک وەکو کارێکی سەربەخۆ توێژینەوە لەسەر توخمی کارەکتەر لەناو ڕۆمانەکانی ناوبراودا ئەنجامنەدراوە، **بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە** کە بەیەکەم نامە دادەنرێت توێژینەوە لەسەر چۆنیەتی بنیاتنانی کارەکتەر لەناو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی ناوبراو ئەنجامدرابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای بەئەنجام گەیاندنو تەواوکردنی نامەکەشم دەست نەکەوتنی چەند سەرچاوەیەکی دیاریکراو کە من زیاتر مەبەستم بوو جا بەهەر هۆیەک بێت **یەکێک بوو لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووم بووەوە**، چونکە ئەگەر بەدەستم بکەوتایە ڕەنگە بمتوانیبووایە بەشی تیۆری نامەکەم زیاتر پێ دەوڵەمەندتر بکردابووایە، لەم توێژینەوەدا بۆ ڕێکخستنی سەرچاوەکان دوو جۆر میتۆدم بەکارهێناوە، یەکەمیان ئەو سەرچاوانەی کە زانیاریمان لێوەرگرتووە لەژێر هەر لاپەڕەیەکدا پەراوێزم بۆ نووسیوە، دووەمیشیان تایبەتە بەو بڕگەو کۆپلانەی کە لە هەردوو ڕۆمانەکەدا وەرمگرتوونو، هەر لە تەنیشت خۆیان ناوی ڕۆمانەکەو ژمارەی لاپەڕەکەشم نووسیوە.

توێژینەوەکەم بەپێی **ڕێبازی** (**ڕەخنەی وەسفی شیکاری**) ئەنجامداوە، چونکە لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە لە ڕووی ئەرکەوە کارەکتەری سەرەکیو لاوەکیو لە ڕووی پێکهاتەوەش کارەکتەری پەرەسێنو پەرەنەسێنم لەناو هەردوو ڕۆمانەکەدا پێ دیاریکردووە، پاشان پێوەندی نێوان کارەکتەرم لەگەڵ هەریەک لە توخمی ڕووداو و شوێن لەناو هەردوو ڕۆمانەکەدا پێ دیاریکردووە.

# بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

# چەمكو پێناسەی كارەكتەر

كارەكتەر وەكو توخمێک لەناو رۆماندا لەسەر بنەمای كۆمەڵێک رەهەند بنیات دەنرێت بۆ ئەوەی لاسایی كەسانی واقیعی پێ بكرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازە لە مرۆڤی ئاسایی كە لە واقیعدا بوونیان هەیە، چونكە مرۆڤەكان دروستكراوی خودانو بوونێكی فیزیكییان هەیەو بەپێچەوانەی كارەكتەری نێو دەقیش رابردوو و داهاتوو و ژیانی بەردەوامیشیان هەیە، كەچی كارەكتەر وەكو توخمێكی رۆمان بوونەوەرێكی بەرهەمهێنراوی زمانو ئەندێشەی رۆماننووسەو ئەوكاتە لەناو رەوتی رووداوەكاندا بەدەردەكەون كە خەریكی ئەنجامدانی كارێک بن ببێتە مایەی سەرنجراكێشانی خوێنەر، چونكە (كارەكتەرەكانی نێو كتێب كەسی خەیاڵین كە لەنێو پلۆتەكەدا هاموشۆ دەكەن لەلایەن نووسەرەوە داهێنراونو بە وشە دروستكراون نەک بەگۆشتو خوێن، بۆیە ناتوانن وەک مرۆڤی ئاسایی لە جیهانی راستەقینەدا لە هەموو رووێكەوە خۆیان بەخوێنەر بناسێنن)[1]، بەواتایەكی دیكە دەتوانین بڵێین پێكهاتەی كارەكتەری رۆمان بەراورد بەمرۆڤی راستەقینە بریتییە لە (تێكەڵییەک لە وەسفی خەیاڵی هونەریو رۆشنبیریی كۆكراوەی رۆماننووس، ئەمجۆرە پێكهاتەیەش رێگا بە رۆماننووس دەدات بەوەی بتوانێ پێكهاتەو وێنەی كارەكتەر زیادو كەمو گەورە یاخود زیادەڕۆیی تێدا بكات بەجۆرێک دەتوانێ ئەم بوونەوەرە كاغەزییە بكاتە وێنەو ئاوێنەی راستی كەسێكی دیاریكراو لە واقیعی مرۆڤی دەوروبەردا، ئەمجۆرە كەسەش تەنیا داهێنراوی رۆماننووسە)[2].

بوونی كارەكتەر لەناو رۆماندا بەندە بەو وشەو رستانەی رۆماننووس لە چوارچێوەی رۆمانەكەدا دەریان دەبڕێت، چونكە بوونەوەرێكی ئافریدەكراوی سەر كاغەزە، ژیانیشی بەندە بەو تێكستەی تێیدا بەرهەم هاتووە چونكە لە دەرەوەی تێكستەكەدا هیچ بوونێكی نییە، بەواتایەكی دیكە دەتوانین بڵێین لەگەڵ دەسپێكی تێكستەكەدا ژیانی كارەكتەریش لەناو رۆماندا دەست پێدەكاتو بەكۆتاییهاتنی تێكستەكەش ژیانی ئەویش كۆتایی پێدێتو خوێنەریش لە ئەنجامی خوێندنەوەی رۆمانەكەدا رۆحو ژیان بەم وشانە دەبەخشێت، بۆیە دەتوانین بڵێین كارەكتەر (كەسێتی سەر كاغەزە لەوساوە ژیانیان دەستپێدەكات كە تۆی خوێنەر پەڕەی یەكەم هەڵدەدەیتەوەو سەمەندەرانە زیندوو دەبنەوە، كۆتایی ژینو تەمەنیشیان لەدوا لاپەڕەدایە كە رۆمانەكە دادەخەیت)[3].

---

[1] توخمەكانی رۆمان، و: گۆران سەباح غەفور، ل٣٥.

[2] شرحبيل إبراهيم أحمد المحاسنة، بنية الشخصية في أعمال مؤنس الرزاز – دراسة في ضوء المناهج الحديثة، ص١١.

[3] عەبدوڵلا سەڕاج، دۆنایدۆن یان بەدگۆڕان – چەند بابەتێك لەبارەی ئەدەبی نوێی كوردییەوە، ل٢١.

(عبدالله سەڕاج) سەبارەت بەچەمکی کارەکتەر دەڵێت: (کارەکتەر لە دەرەوەی زماندا هیچ بوونێکی نییە، بەڵکو بەرجەستەبوونی لە خودی زمانەکەدایە، لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆی جێکاتی کە نووسەرەکە ویستوویەتی‌و لە تێکستەکەدا سنووری بۆ کێشاوە، بۆیە ئەو کەسایەتییە لە دەرەوەی تێکستەکەدا هیچ بوونێکی نییە، بەواتاو مانایەکی دی تێکستەکە هەم بەسەر خۆیدا داخراوەو هەمیش قایل‌و پێبەندی یاسا تایبەتییەکانی ناوخۆیەتی، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی بڵێین کەسایەتی زیندەوەرێکە لە وشە پێکهاتووەو ژیانیشی تەنیا لەسەر رووی لاپەڕەکاندا بەسەر دەبات، لەبارتریشە بڵێین بوونەوەرێکی داهێندراوی زمانی‌و ئەندێشەییە)[١].

(ئەی. ئێم. فۆستەر) پێیوایە کارەکتەر دروستکراوی نووسەرەو لە رێگای وشەو رستەکانی ناو رۆمانەکەی دروستی دەکاتو، تەنانەت هەر لە رێگای ئەم وشانەوەش وایلێدەکات بدوێتو رەفتارو هەڵسوکەوتو کاروکردەوە ئەنجامبدات، چونکە ناوبراو پێیوایە رۆماننووس بۆ بنیاتنانی کارەکتەر لەناو رۆماندا پێویستی بەوە دەبێت (کۆمەڵێک دەستەواژە بەشێوەیەکی ناڕێک ڕێکبخات، چونکە هەر لە رێگای ئەم وشانەوە رۆماننووس دەتوانێ وەسفی خودی کارەکتەر بکاتو، هەر لە رێگای ئەم وشانەوەش ناوێکی لێدەنێتو رەگەزەکەی دیاری دەکاتو شێوەی شیاوی بۆ هەڵدەبژێرێ، لە رێگای بۆشاییە هەڵگەڕاوەکانیش وایلێدەکات قسە بکات، بۆیە ئەمانەش دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت بکات)[٢].

جەلیل کاکەوەیس پێیوایە (کەسێتی بەر لە هەر شتێک خەڵقندەی خەیاڵە)[٣]، پاشان دەڵێت: (کەسایەتی یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی چیرۆکو لەپاڵ شوێنکاتو رووداو بەکاریگەریی گەمەی زمان‌و شێوازی تەکنیککاری هەڵدەسوڕێت، بەپێی ئەو کردەیە رووداو دەخوڵقێنێتو ئاراستەی رووی کەسەکە دیاریدەکرێ‌و ئینجا لەمیانی ئەو کردەوەیەدا بنیاتی کەسێتییەکە پەیدادەبێت)[٤].

(رۆلان بارت) پێیوایە کارەکتەر (بوونەوەرێکی سادەی سەر کاغەزە)[٥]و بوونێکی فیزیکی نییە، چونکە ناوبراو پێیوایە کارەکتەر چەمکێکی ئەندێشەییەو دەقەکە دروستی دەکات ئەویش لە رێگەی ئەو وشەو دەربڕینانەی کە رۆمانەکە گوزارشت لە بوونی دەکەن، هەر کە دەقەکەش کۆتاییهات کارەکتەر نەک هەر بوونی نامێنێ بەڵکو واتاشی نامێنێ.

---

[١] عبدالله سەڕاج، بەرەو ئاستانەی رۆمان‌و گۆشەنیگاکان، ل٣٢.

[٢] أ.م. فورستر، أركان الرواية، ت: موسي العاصي، ص٣٧.

[٣] ئاکار جەلیل کاکەوەیس، کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس، ل١٦٩.

[٤] هەمان سەرچاوە پێشوو، ل١٦٩.

[٥] محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، ص١١.

ئەگەر (رۆلان بارت) پێی وابێ کارەکتەر لەناو رۆماندا پێکهاتەیەک بێت دەق دروستی دەکات، ئەوا (فلیپ هامۆن) بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەی (رۆلان بارت) پێیوایە کارەکتەر لەناو رۆماندا (پێکهاتەیەکە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوە دروستی دەکات نەک لە ڕێگای دەق)[1]، چونکە ناوبراو کارەکتەر بەمۆرفیمێکی بەتاڵ ناودەباتو پێیوایە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا بەتێپەربوونی کات ئەو مۆرفیمە بەتاڵە بەماناو دەلالەت پڕ دەکاتەوەو، پاشان بنیاتو وێنەی کەسەکە لە ڕێگای ئەم سەرچاوانەوە لە خەیاڵی خۆیدا دروستی دەکات:

- ئەو زانیارییانەی حیکایەتخوانەکە دەربارەی کارەکتەرەکان پێشکەشی دەکات.
- ئەو زانیارییانەی کارەکتەرەکان دەربارەی خودی خۆیان دەیدرکێنن.
- ئەو زانیارییانەی خوێنەر لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی رەفتارو کردارو هەڵسوکەتی کارەکتەرەکان بەدەستی دێنێ.

بەڵام دیاریکردنی بنیاتی کارەکتەر بەپێی ئەم بۆچوونەی (فلیپ هامۆن)ەوە بەهۆی جیاوازی ئاستی رۆشنبیریی خوێنەرو هەروەها شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ کەسەکە وێنەی جۆراوجۆر بۆ هەریەک لە کارەکتەرەکانی ناو رۆمان دروست دەبێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین (کەسایەتی ناو رۆمان کەسایەتی ئەدەبیو هونەرییە رۆماننووس ئەفراندوویەتی، بۆیە هەڵەیە ئەگەر بەچاوی واقیعیو ئاسایی تەماشایان بکەین جا ئەگەر لێکچوونی لەگەڵ ژیاندا هەبێ یاخود نەبێ)[2]، تەنانەت ئەگەر سەرچاوەی کەسەکان لەناو رۆماندا مرۆڤی راستەقینەش بێت ئەوا رۆماننووس راستەوخۆ کەسەکان وەکو خۆیان وەرناگرێتو نایانگوازێتەوە بۆ ناو رۆمانەکەی، بەڵکو دەبێت بەشێک لە خەیاڵی خۆشی تێکەڵ بەبنیاتی کەسەکە بکات بەجۆرێک دەبێت وێنەی کەسێکی لێ دروست بکات بچێتە ناو چوارچێوەی یاسای ئیحتیمالەوە بەوەی لەیەک کاتدا هەم کەسەکە هاوشێوەی لەناو کۆمەڵدا هەبێتو هەمیش هاوشێوەی نەبێت، چونکە ئەگەر وانەکات تەنیا ژیانی واقیعیو مێژوویی کەسەکانمان بۆ دەگوازێتەوە بەبێ هیچ دەستکاریو گۆڕانکارییەک، چونکە ئەرکی ئەدەب گواستنەوەی واقیع نییە بەڵکو دروستکردنی واقیعێکی تازەترە لە واقیعی راستەقینە ئەو واقیعە تازەیەش تەنیا لە ڕێگەی خەیاڵی داهێنەرانەی رۆماننووسەوە دروست دەبێت، چونکە (هەر دەقێکی ئەدەبی ئەگەر خەیاڵی تێدا نەبێت ئەوا دەبێتە شتێکی خواسایی رۆژانەو مەتەڵی بەدەقبوونی تێدا بەتاڵ دەبێتەوە)[3]، بۆیە رۆماننووس کاتێک خەیاڵی خۆی تێکەڵ بەبنیاتی کارەکتەر دەکات ئەم

---

[1] محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، ل١١.
[2] عەبدوڵڵا سەراج، بەرەو ئاستانەی رۆمانو گۆشەنیگاکان، ل١٢.
[3] ئاکار جەلیل کاکەوەیس، کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس، ل١٦٩.

حاڵەتە یارمەتی ئەوەی دەدات سیفەتی هونەریو خوڵقاندن بەکارەکتەرەکان ببەخشێتو داهێنان لە بنیاتی کارەکتەردا بکات، بۆ نموونە لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا لەبەر ئەوەی نووسەر لە کۆتایی رۆمانەکەدا وەکو تێبینییەک ئاماژەی بەوە کردووە کە رووداوەکانی رۆمانەکە حەقیقینو بەشێکن لە ژیانی راستەقینەی خۆی، ئەم حاڵەتە وایکردووە نووسەر وەکو کارەکتەرێک بەشداری لە رووداوەکانی ناو رۆمانەکەدا بکات، بەڵام بۆ ئەوەی رۆمانەکە لە رووداوێکی مێژوویی دووربکەوێتەوەو بچێتە ناو چوارچێوەی قاڵبی رووداوێکی ئەدەبی ئەوا نووسەر نەک هەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆی نەگواستۆتەوە ناو رۆمانەکە، بەڵکو گۆڕانکاری لە پێکهاتەی خودی خۆشی کردووە.

بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین (کەسێتی سەر کاغەزو کەسێتی واقیعی دەوروبەرمان دوو شتی جیاوازنو هەریەکەیان سەر بەجوگرافیایەکن ئەوەی سەر کاغەز زادەی کۆ ئەزموونی چیرۆکنووسێکە ئەوی دیکەیان بوونەوەرێکی لە ئیجاد هەبووە)[1]، دیارە مەبەستیشمان لە بەراوردکردنی کارەکتەر لەگەڵ مرۆڤی راستەقینە ئەوە نییە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان کارەکتەرو مرۆڤی راستەقینەدا نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە رۆماننووس سیماو خاسیەتی کارەکتەرەکانی لەو مرۆڤانە وەردەگرێت کە لە ژیانی رۆژانەیدا رووبەڕوویان دەبێتەوە، بەتایبەتیش ئەو سیفاتانەی لێوەردەگرێت بەپێی ناوەڕۆکی رۆمانەکەی سوود بەبنیاتی کارەکتەرەکانی دەگەیەنێت، بۆ نموونە (تۆرگنیف)ی رۆماننووسی رووسی دەڵێت: (ناتوانم کارەکتەرێک لەناو رۆماندا بخوڵقێنم ئەگەر هێزی خەیاڵم نەخەمە سەر کەسێکی زیندوو لەو کەسانەی لە دەوروبەرمدا دەجووڵێنەوە، چونکە ئەگەر ئەمجۆرە کەسانەم لە ژیاندا نەدۆزیبوایەوە نەمدەتوانی تەنیا یەک کارەکتەریش لەناو رۆماندا پێشکەش بەخوێنەر بکەم)[2].

کەواتە بەراورد بەمرۆڤی راستەقینە دەتوانین بڵێین بنیاتو پێکهاتەی کارەکتەر لەناو رۆماندا بریتییە لە کۆمەڵێک وشە، چونکە هەر ئەم وشانەیە رۆحو ژیانو خوێن بەکارەکتەر دەبەخشێتو وایلێدەکات کارو کردەوە ئەنجام بداتو وەکو کەسێکی زیندوو بێتە بەرچاو، هەروەها هەر ئەم وشانەشە گوتارو هزری کارەکتەر بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە، تەنانەت خوێنەر هەر بەهۆی ئەو وشانەوە لە رێگای تەکنیکی وەسفەوە شارەزای دیوی ناوەوەو دەرەوەی کارەکتەر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وشانە کاتێک دەتوانن رۆڵی کارەکتەر لەناو رۆماندا بەرجەستە بکەن ئەگەر هاتوو (بەشدارییان لە دروستکردنو بەرەوپێشچوونو یەکلاییکردنەوەی رووداوەکانی ناو رۆماندا بکات جا چ بە ئەرێنی یان نەرێنی بێت،

---

[1] ئاکار جەلیل کاکەوەیس، کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس، ل١٧١.

[2] محمد یوسف نجم (د.)، فن القصة، ص٩٠-٩١.

چونکە ئەگەر بەشدارییان لە دروستکردنو بەرەوپێشچوونو یەکلاییکردنەوەی رووداوەکان نەکرد ئەوا ئەو وشانە ناچنە ناو چوارچێوەی چەمکی کارەکتەر بەڵکو دەبێت بە بەشێک لە وەسف)[١].

(ئەفلاتۆن) یەکەمین کەس بوو کە لە روانگەی تیۆری لاساییکردنەوە بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی کارەکتەری کردووە، چونکە ناوبراو بەشێوەیەکی گشتی باسی ئەدەبی کردووە، کە باسی ئەدەبیشی کردووە ئەوا ویستوویەتی لە ڕێی ئەدەبەوە خزمەت بەتیۆرەکەی خۆی بکات بۆ گەیشتن بەحەقیقەت، ناوبراو بەپێی تیۆرەکەی گەردوونی دابەشی سەر سێ جیهان کردووە (جیهانی نموونەیی کە جیهانێکی تەواو نەگۆڕە، جیهانی شتە هەستییەکان کە وێنەیەکی جیهانی نموونەییە، جیهانی خەیاڵو سێبەر کە جیهانی کارە هونەرییەکانو لاساییکردنەوەی جیهانی دووەمە)[٢]، بەبۆچوونی ناوبراو حەقیقەتی هەموو شتەکان لە جیهانی نموونەییدایە کە خوا دروستی کردووە، کاتێکیش لە جیهانی سروشتیدا مرۆڤ بیەوێ لاسایی ئەو شتانە بکاتەوە کە لە جیهانی نموونەییدا هەیە ئەوا ناتوانێ حەقیقەتو راستی ئەو شتانە پیشانبدات، بەڵکو بەپێچەوانەوە وێنەیەکی ساختەو شێوێندراوی ئەو شتانە پیشان دەدات، لە جیهانی سێبەریشدا شاعیرانو هونەرمەندان لاسایی ئەو شتانە دەکەنەوە کە لە جیهانی سروشتیدا هەیە بەمەش کارەکەیان دەبێتە لاساییکردنەوەی لاساییکەرەوە، واتە کارەکەیان دووجار لە حەقیقەت دووردەکەوێتەوە.

هەرچەندە ناوبراو راستەوخۆ ناوی کارەکتەری نەهێناوە، بەڵام ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ بۆچوونی ناوبراو بکەین بۆمان دەردەکەوێت بەپێی تیۆرەکەی (ئەفلاتۆن) کارەکتەر دەچێتە ناو چوارچێوەی جیهانی سێبەرەوە ئەمەش مانای وایە دووجار لە حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە، چونکە ناوبراو پێیوایە کاتێک کارەکتەر لەناو رۆماندا لاسایی کەسانی واقیعی پێ دەکرێتەوە ئەوا ناتوانێ حەقیقەتو راستی ئەو کەسانە پیشان بدات کە لە جیهانی شتە هەستییەکاندا هەیە بەڵکو تەنیا لایەنی روخساری ئەوان پیشان دەدات، چونکە بەبۆچوونی ئەفلاتۆن (کارەکتەری تراژیدیا نموونەی خودی مرۆڤەکان نین، بەڵکو دەمامکێکن بۆ لاساییکردنەوەی رووخساری ئەوان بێ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێ رۆحی ئەوان لە خۆیاندا بنوێنن، لە رووخسار بەولاوە ناتوانن حەقیقەتی کەسایەتی ئەوان پیشانبدەن)[٣]، چونکە (چۆن هەموو شتێکی سەر زەوی کۆپی نموونەی باڵایە، ئەوا کارەکتەرەکانیش تەنیا کۆپین نەک نموونەی حەقیقەت)[٤].

---

[١] لطيف زيتوني (د.)، معجم مصطلحات نقد الرواية، ص١١٤-١١٥.

[٢] شكري عزيز الماضي، تيۆری ئەدەب، و: سەردار ئەحمەد گەردی، ل١٨.

[٣] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، ل١٢-١٣.

[٤] حەمە مەنتك، تەكنیكی فرەدەنگی لە رۆمانی كوردیدا، ل١٥١.

(ئەرستۆ) کە قوتابی (ئەفلاتۆن) بووە ئەویش بەهەمان شێوە لە روانگەی تیۆری لاساییکردنەوە سەیری ئەدەبی کردووە، بەڵام بەپێچەوانەی (ئەفلاتۆن) کاتێک باسی ئەدەبی کردووە ئەوا بەشێوەیەکی راستەوخۆ ناوی کارەکتەری هێناوەو تەنانەت کارەکتەری بەیەکێک لەو شەش توخمە سەرەکییەی داناوە کە تراژیدیای لێ پێکدێت (چنین، کەسایەتی، دارشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی)[1]، ئەرستۆ بەپێچەوانەی ئەفلاتۆن پێیوایە کارەکتەر دەتوانێ حەقیقەتی کەسەکان پیشانبدات، چونکە بەبۆچوونی ناوبراو تراژیدیا بۆ لاساییکردنەوەو پیشاندانی رووخساری کەسەکان پێشکەش ناکرێت، بەڵکو بۆ پیشاندانو لاساییکردنەوەی کاروکردەوەی کەسەکان پێشکەش دەکرێت، چونکە ناوبراو پێیوایە (تراژیدیا لە بنچینەدا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەی کەسەکانە، بۆیە لە تراژیدیادا کردەوە لە کەسێتی گرنگترە چونکە کردەوە کەسێتی دروست دەکات)[2].

ئەگەرچی (ئەرستۆ) کارەکتەری وەکو توخمێکی تراژیدیا ئاماژە پێکردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەلای ئەوەوە کارەکتەر لەرووی گرنگییەوە لەدوای رووداو بەپلەی دووەم دێت، دیارە ئەم بۆچوونەی ناوبراویش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو ئەوەی کاریگەریی لەسەر هەستو سۆزی خوێنەر دروست دەکات ئەوا کارو کردەوەی کەسەکانە نەک خودی کەسەکان، بۆیە بەلای ئەرستۆوە (چنین یەکەم بنچینەی درامایە یان بڵێین خوێنی ژیانی درامایە، ئینجا دواتر کەسێتی بەپلەی دووەم دێت)[3]، چونکە ناوبراو پێیوایە کارەکتەر لە رێگای رووداو یاخود بەواتایەکی دیکە لە رێگای کاروکردەوە بنیات دەنرێت، تەنانەت هەر ئەو بۆچوونەش بوو وای لە ناوبراو کردو بڵێت تراژیدیا بەبێ بوونی رووداو (کاروکردەوە) ناتواندرێت بنیات بندرێت بەڵام بەبێ بوونی کارەکتەر دەتواندرێت بنیات بندرێت، چونکە ناوبراو پێیوایە (لەهەموو رەگەزەکان گرنگتر چنینە، واتە رێکخستنی رووداوەکانە، بێگومان تراژیدیاش لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەو ژیانو بەختەوەریو بەدبەختییە، بەختەوەریو بەدبەختی مرۆڤیش بەکردەوە بەستراوەتەوە، ژیان ئەنجامدانی جۆرە کردەوەیەکی دیاریکراوە نەک خاسیەتێک، کەسەکان بەو خاسیەتەی هەیانە کەسێتییان دەردەکەوێ، بەڵام بەختەوەریو بەدبەختییان بەهۆی کردەوەکانیان دێتەدی، کەواتە تراژیدیا بۆ ئەوە پێشکەش ناکرێ لاسایی کەسێتییەکان بکاتەوە، بەڵکو کەسێتی لەپێناوی کردەوەکەدا بەگەردەخرێ، بەمجۆرە مەبەست لە تراژیدیا ئامانجێکە خۆی لە چنینی رووداودا دەدۆزێتەوە، گرنگترین لایەنی هەر شتێکیش

---

[1] ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، ل٢٨.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠-١٥١.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

ئامانجەکەیەتی)[١]، ئەم بۆچوونەی ناوبراویش سەبارەت بەچەمکی کارەکتەر تاوەکو سەدەی هەژدەهەم درێـژەی کێشـا، واتە کـارەکتەر وەکـو پاشـکۆیەک بـۆ رووداو سـەیر دەکـراو لە خـزمەتی ئـەودا بەگەڕدەخـرا، بەڵام دواتـر لەدوای سـەدەی هەژدەم بەهـۆی دەرکەوتنـی ئەو بیـرە فەلسـەفییانەی کە گرنگییان بەبەهاو پێگەی تاک لەناو کۆمەڵگە دەدا بووە هۆی ئەوەی کارەکتەر لە پاشکۆیەتی رووداو جیاببێتەوەو وەکو کیانێکی سەربەخۆ گرنگی پێبدرێتو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

(ئەرسـتۆ) جـگە لە دیـاریکردنی کـارەکتەر وەکـو تـوخمێکی تراژیـدیا، لە هەمـان کاتیشـدا چەنـد مەرجێکیشـی بـۆ پێشکەشـکردنی کـارەکتەری تراژیـدیا دەستنیشـانکردووە، ئەگەرچـی ئەو مەرجـانەی (ئەرستۆ) بۆ کارەکتەری دەسنیشـانکردووە بەپێی باری کۆمەڵایەتی سـەردەمی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەندێک لەو مەرجـانە لەنـاو رۆمـانی کۆنـدا پەیڕەوکراوە بەتـایبەتیش کاتێک دەیگوت (دەبێ کەسـێتییەکە لەگەڵ واقیعـدا یەک بگـرێتەوە)[٢]، چـونکە لە رۆمـانی کۆنـدا کـارەکتەر بەرجەسـتەکردنی کەسانی واقیعی بوو، واتە وەکو کەسێکی زیندووی نـاو کۆمەڵگا مامەڵەیـان لەگەڵ کارەکتەردا دەکرد، بەڵام لە رەخنەی نوێدا ئەم بۆچوونەی ناوبراو پەسـەند نەکرا چونکە فۆرمالیستو بونیادگەراییەکان کارەکتەریـان وەکـو تـوخمێکی زمـانەوانی یـاخود وەکـو هـونەرێکی گێڕانەوەیـی سـەیر دەکـرد نەک بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی.

سـەرەڕای جیاوازی بۆچوونی فۆرمالیستو بونیادگەراییەکان سەبارەت بەچەمکی کارەکتەر لەگەڵ (ئەرسـتۆ)دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا لەگەڵ ئەم بۆچـوونەی (ئەرسـتۆ) هـاوڕان بەوەی کـارەکتەر لەنـاو رۆماندا لە رێگای کاروکردەوە بەرجەستە دەبێتو دیاری دەکرێت نەک سیفەتەکانی، ئەم بۆچـوونەی (ئەرســتۆ)ش بــۆ یەکەمجــار لەلایەن رەخنەگــری فۆرمالیســتی روســی (ڤلادیمێــر پرۆپ)ــەوە پشتڕاستکرایەوە، چونکە ناوبراو کارەکتەری لەرووی خودییەوە واتە لە رێگای ناوو وەسفەوە دیاری نەکـرد بەڵکـو لە رووی ئەرکەوە دیـاریکرد، چـونکە نـاوبراو پێیوابـوو ئەرک ئەو رەگەزەیە دەتوانرێت دابەش بکرێتو توێژینەوەی لەسەر ئەنجامبدرێت، مەبەستی ناوبراویش لە ئەرک ئەو کارەیە کارەکتەر لەنـاو رووداوەکانـدا ئەنجامیـدەداتو لەلایەک دەبێـتە هـۆی بەرجەسـتەبوونی لەنـاو حیکایەتـدا، واتە بەبۆچوونی ناوبراو ئەوەی بوونو گرنگی بەکارەکتەر دەبەخشێتو دەیکاتە خاوەنی پێگەیەک لە بنیاتی دەقـی رۆمانـدا ئەوا ئەو (کـارو کـردەوەو هوڵسـوکەوتانەیە لەنـاو رووداوێـک یـان زیـاد لە رووداوێـک

---

[١] ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی ، ل٢٩.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥-٥٧.

ئەنجامی دەدات،... نەک بەجیاوازی لە تایبەتمەندیی یان ناوو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی)[1]، لەلایەکی دیکەوەش هەر لە ڕێگای ئەو ئەرکەی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا ئەنجامیدەدات بنیاتو مانای گشتی دەقەکەش دروست دەبێت، چونکە ناوبراو پێیوایە ئەو ڕەگەزەی لە حیکایەتدا جێگیرە ئەوا ئەو ئەرکو کارانەیە کە کارەکتەر ئەنجامیدەدات، ئەوەی ناجێگیریشە ئەوا ناوو وەسفی کارەکتەرە، واتە (ئەوەی دەگۆڕێت تەنیا ناوو وەسفی کارەکتەرەو ئەوەی ناگۆڕێت کارو کردەوەکانیەتی، بەڵکو ڕاستتر ئەو ئەرکەیە کە ئەنجامیدەدات)[2].

ئەم بۆچوونەی ناوبراویش دەتوانین وەکو ئەرکێکی ڕێزمانی سەیر بکەین، چونکە دیاریکردنی کارەکتەر بەپێی ئەو ئەرکەی لەناو ڕۆماندا ئەنجامیدەدات دەتوانین بڵێین لە چەمکێکی ڕێزمانییەوە هەڵدەقووڵێ، چونکە لە ڕوانگەی ڕێزمانییەوە هیچ کارێک بەبێ بوونی بکەرێک یاخود بەپێچەوانەوە هیچ بکەرێک بەبێ بوونی کارێک لەناو ڕستەدا بەرجەستە نابێتو ڕستەی تەواویش بەهۆی کارو بکەرەوە دروست دەبێت، بکەری ڕێزمانیش ئەو کەسەیە کارێک لەناو ڕستەکەدا ئەنجامبدات، بکەری هونەریش کە مەبەستمان لێی کارەکتەرە هەمان شتە لەسەر ئاستی ڕۆماندا دەتواندرێت ئەم چەمکە ڕێزمانییەی لەسەردا جێبەجێ بکرێت بەوەی ڕۆمان بریتییە لە کۆمەڵێک کردار کە کۆمەڵە کەسێک ئەنجامیدەدەن، بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین (کەسایەتیو کردار لە چیرۆکدا وەک بکەرو فرمان وان لە ڕستەدا، مەرجی ڕستەی تەواویش ئەوەیە دەبێ فرمانو بکەری تێدا بێو بیرۆکەیەکی کامیل دەرببڕێ)[3].

بونیادگەراییەکانیش بەهەمان شێوەی فۆرمالیستەکان سەیری کارەکتەریان نەکردووە وەکو بوونەوەرێک بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی بێت، بەڵکو وەکو تەکنیکێکی هونەری سەیری کارەکتەریان کردووە کە پێوەندی بەبنەمای دەقی گێڕانەوەییەوە هەیە، چونکە پێیانوابوو کارەکتەر لەناو ڕۆماندا بوونەوەرێکی ئامادە یاخود خودێکی دەروونی نییە، بەڵکو بریتییە لە نیشانەیەک کە ئەو نیشانەیەش پێشتر بوونو ئامادەیی نییە بەڵکو لەکاتی بنیاتی دەقی ڕۆمانەکەدا دەبێت بەنیشانە، چونکە بەبۆچوونی بونیادگەراییەکان کارەکتەر لەناو ڕۆماندا (دەسکەوتێکی پێشوەخت نییە بەڵکو بەدواداهاتنو کەڵەکەبوونەو لە حاڵەتێکی بەردەوامدایەو لە هەموو چرکەساتێکدا دروست دەبێتو کامڵ دەبێت، دوا ئەدگاری کۆتایی خۆی وەرناگرێت ئەوکاتە نەبێت ڕۆمانەکە تەواو دەبێت، لەبەر ئەوە ستەمە ئەو کەسێتییە هەر لەسەرەتاوە ئەدگاری تەواوی خۆی وەرگرێ یان ڕووخساری کۆتایی پێهاتووی هەبێت،

---

[1] میران جەلال محەمەد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، ل٣٧.

[2] حميد لحمداني (د.)، بنية النص السردي (من منظور النقد الادبي)، ص٢٤.

[3] ڕست هیلز، چیرۆکو تایبەتمەندییەکانی، و: سەلاح عومەر، ل٢٣.

بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەوانی تردا مامەڵە بکاتو لەگەڵ دەوروبەرو مەرجەکانیشدا خۆی بگونجێنێت)[١]، چونکە بونیادگەراییەکان پێیانوابوو لەناو دەقدا هیچ ڕەگەزێک بوونو گرنگی دەرناکەوێت تا پێوەندی لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا دروست نەکات، لەلایەکی دیکەوە بونیادگەراییەکان پێیانوابوو ئەم نیشانەیە دوو ڕووی هەیە یەکێکیان بریتییە لە (هێما) کە ناوو سیفەتی کارەکتەرەکە دەگرێتەوەو ناسنامەکەی پوختو دیاریدەکات، ئەویتریشیان (هێمابۆکراوە) مەبەست لێی ئەو وێنە زەینییە کە خوێنەر بۆ کارەکتەرەکە دەیکێشێت لە کۆی هەموو ئەو شتانەی لەناو ڕۆمانەکە دەربارەی کارەکتەرەکە دەگوترێت ئەویش لە ڕێگەی ئەو ڕستە جیاوازانەی دەربارەی کارەکتەرەکە دەوترێت یاخود لە ڕێگەی لێدوانو گوتارو ڕەفتاری کارەکتەرەکە، بەڵام ئەم وێنەیە تەواو نابێت تاکو ڕۆمانەکە بەکۆتا نەگات بەجۆرێک هیچ شتێک نەمابێت دەربارەی کارەکتەرەکە نەگوترابێت.

## گرنگی بوونی کارەکتەر وەکو توخمێك لەناو ڕۆماندا

ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک توخمی وەک (کارەکتەر، ڕووداو، کات، شوێن، گێڕانەوە، زمان) بنیات دەنرێت، هەریەکێکیش لەو توخمانە بەپێی ئەو ئەرکو ڕۆڵەی لەناو ڕۆماندا هەیەتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ئەو ئەرکو ڕۆڵەی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا دەیگێڕێت لە هەموو توخمەکانی دیکە گرنگترو زیاترە، چونکە کارەکتەر لەناو ڕۆماندا سەرچاوەی هزرو بواری ئەو ماناو واتانەیە کە ڕووداوەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە بەوەی لەناو ڕۆماندا هزرو ماناو واتاکان تەنیا لە ڕێگەی کارەکتەرەوە بەرهەم دێنو هەر لە ڕێگای ئەویشەوە بەخوێنەر دەگات، چونکە (کارەکتەر لە چیرۆکدا خولگەی مانا مرۆڤایەتییەکانو تەوەرەی هزرو بیروڕا گشتییەکانن، لەوکاتەی چیرۆکنووس دەستی کردووە بەلێکۆڵینەوە لە مرۆڤو کێشەکانی ئەوا ئەو ماناو هزرانەش لەناو چیرۆکدا شوێنی یەکەمیان داگیرکردووە، چونکە چیرۆکنووس هیچ هزرو کێشەیەکی گشتی لەناو چیرۆکدا ئاراستەی خوێنەری ناکات کە دابڕاو بێت لە ژینگەی زیندووی دەوروبەری، بەڵکو لەو کەسانەی بەرجەستە دەکات کە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، ئەگەرنا تەنیا دەبێتە بانگەشەیەکو دەبێتە هۆی ئەوەی چیرۆکەکە لەیەک کاتدا هەم نرخی هونەریو هەمیش کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکەی لەدەست بدات، بۆیە لە چیرۆکدا هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە جگە لەوەی هزرەکان تەنیا لە کارەکتەردا بەرجەستە بکرێتو لەهەمان کاتیشدا کارەکتەر لە هزرەکاندا بەرجەستە بکرێت ئەویش لەناو کۆمەڵێک

---

[١] عەبدولڕەحمان مونیف، تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، و: شیرین . ك، ل٥٢.

دابونەریتی مرۆڤایەتی کە تێیدا کارلێککردنی هۆشیاری تاک لەگەڵ هۆشیاری گشتیدا دەردەکەوێ لە شێوەیەک لە شێوەکانی کارلێککردن بەوشێوەیەی نووسەر مەبەستیەتی لە تێڕوانینی بۆ نەریتو مەبەستە مرۆڤایەتییەکان)[1].

لەلایەکی دیکەوە گرنگی توخمی کارەکتەر لەناو رۆماندا لەوەدا بەردەدەکەوێت بەپێچەوانەی توخمەکانی دیکەی رۆمان کارەکتەر تاکە توخمە لەناو رۆماندا دەتوانێ (رووداوەکان بەڕێوەبباتو کارەکان رێکبخاتو رەهەندی گێڕانەوەیی بە رۆمان ببەخشێت، لەسەرووی هەمووشیانەوەش تاکە توخمە لەناو رۆماندا هەموو توخمە شێوەییەکانی دیکەی رۆمان لەناو کارەکتەردا بەیەک دەگەنو کۆدەبێتەوە، لەناو ئەوانیشدا نوێبوونەوە کاتیو شوێنە پێویستیەکان لەپێناو پەرەسەندنو بەردەوامبوونی درێژدادڕی گوتاری رۆماننوس)[2].

(نەجم خالید ئەڵوەنی) پێیوایە رۆمان بەبێ کارەکتەر نەک هەر ناتواندرێت بنووسرێت، بەڵکو لەبەر گرنگی بوونی کارەکتەر لەناو رۆماندا رۆماننوس هەموو توخمەکانی دیکەی رۆمان لەپێناو خزمەتکردنی بنیاتی کارەکتەردا دەخاتەگەڕ، چونکە ناوبراو پێیوایە لەبەر ئەوەی ئەرکی رۆمان بریتییە لە باسکردنو پیشاندانی ژیانو کاروکردەوەو رەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر، ئەوا رۆماننووسیش ناچار دەبێت (شوێنو کاتو ململانێو پلۆتی رۆمان هەر هەموویان بۆ دەرخستنی کەسایەتی کارەکتەر دابمەزرێنێو بۆ ئەوەش ئەمانە بنیات دەنێ تاکو باری کۆمەڵایەتیو دەروونیو توانای فیکریو ئاستی رۆشنبیریو سەرکەوتنو شکستەکانی ئەو بەرجەستە بکەن)[3].

(جەلیل کاکەوەیس) پێیوایە جگە لەوەی کارەکتەر دیاردەکانی ژیانمان پیشاندەدات لەهەمان کاتدا خوێنەریش بەشداری پێدەکات بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە، چونکە ناوبراو پێیوایە گرنگی بوونی کارەکتەر لەناو رۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت کاتێک بتوانێ (دیاردەیەکی ژیانمان پیشانبداتو بە رەهاییو بێ زۆر لێکردن لە پانتاییەکەدا هەڵبسوڕێتو، بتوانین کردەکانی بە رەهایی لێک بدەینەوەو لەمیانی ئەو کردارانەشدا پرسیارمان لا دروست بکات)[4]، هەروەها ناوبراو پێیوایە گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت نەمریو ناوبانگیش بە رۆمانو رۆماننووس دەبەخشێت، چونکە دوای نووسینی رۆمانو خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەرەوە ئەوەی بەنەمریو زیندوویەتی لە خەیاڵی خوێنەر

---

[1] محمد غنيمى هلال (د.)، النقد الادبي الحديث، ص٥٢٦.

[2] حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، ص٢٠.

[3] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی- دا، ل٩.

[4] ئاکار جەلیل کاکەوەیس، کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکە وەیس، ل١٧١.

دەمێنێتەوە تەنیا ناوی رۆماننووس‌و کارەکتەرەکانە، چونکە ناوبراو پێیوایە کارەکتەر لەناو رۆماندا ئەو توخمەیە (زۆر بەوریاییەوە لە ڤالایی رۆماندا دەبزوێت‌و لەتەک هەر رەگەزێکی رۆمانەکەدا گەمەیەکی گونجاو دەکات، ئەو لە هەموو گاڤەکاندا دەسەلاتدارە یان بێدەسەلاتە، نهێنی هەموو چاخەکانی لایە)[1]، بۆ نموونە کاتێک (خوێنەرو بینەر ئەو کتێب‌و فیلم‌و شانۆگەرییانەی کە پێش (١٠) یان (١٥) سالّی رابردوو خوێندویەتییەوە یان بینیویەتی ئەگەر بیەوێ بیهێنێتە پێش چاوی خۆی‌و زۆر بە روونی‌و ئاشکرایی لە خودی خۆی بپرسێت بەوەی کارەکتەرەکان یاخود چنینی رووداوەکانی لە خەیالّدا ماوە، لە ئەنجامدا ئەو وەلامە دەدۆزێتەوە کە خۆی فەرز دەکات لەسەری بەوەی ئۆلیڤەر تویست‌و شارلۆک هۆلمز‌و مستەر شیب‌و سکارلت ئۆهارا هەموو ئەو کارەکتەرانە لەشێوەی کەسی حەقیقی لەناو خەیالّی خوێنەرو بینەردا دەژین هەم وەکو ئەوەی بوونێکی هەبێت‌و هەمیش وەکو کەسێکی زیندوو، بەلام دیارکەوتنی چنینی چیرۆکەکان لەو ماوەیەی رابردوودا لە خەیالّی خوێنەرو بینەردا نامێنێ)[2]، بۆیە لەمبارەیەوە دەتوانین بلّێین (نەمری‌و مەزنی هەر دەقێکی ئەدەبی بەستراوەتەوە بەکێشانی وێنەی حالّەتی مرۆڤێکی نموونەیی بێ ئەوەی تایبەتمەندێتی‌و خاسیەتە خۆمالّییەکانی ئەو کەسە فەرامۆش بکرێت)[3]، بەلام لەگەلّ ئەوەشدا نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە کارەکتەر تەنیا بەلایەنی ئەرێنی کاریگەریی بەسەر ژیانی رۆماننووسەوە نییە بەوەی ناوبانگی پێدەبەخشێت، بەلّکو بەلایەنی نەرێنیش رەنگدانەوەی بەسەر ژیانی رۆماننووسەوە دەبێت بەوەی هەموو ئەو ئاریشانەی کە هەندێجار رۆماننووس لەدوای بلاوکردنەوەی رۆمانەکەی تووشی دێت هۆکارەکەی تەنها بۆ توخمی کارەکتەر دەگەرێتەوە نەک توخمەکانی دیکە.

گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت دەبێتە هۆی دیاریکردنی ژانرە گێرانەوەییەکان بەگشتی‌و رۆمان بەتایبەتی وەکو ژانرێکی سەربەخۆو جیاواز لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، چونکە کارەکتەر لەناو رۆماندا (ئەو توخمەیە بەردەوامی بەکارەکانی گێرانەوە دەدات بۆیە ئەگەر ئەو توخمەی لێ لاببردرێت ئەوا رۆمان جۆرەکەی دەگۆردرێت بۆ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی)[4]، واتە کارەکتەر خالّی جیاکردنەوەیە لەنێوان ئەو ژانرانەی گێرانەوەیان تێدایە لەگەلّ ئەو ژانرانەی گێرانەوەیان تێدا نییە، بۆیە هەموو ئەو ژانرانەی کارەکتەریان تێدایە دەتوانین بەهونەری کارەکتەر ناویان ببەین، چونکە (ئەوەی

---

[1] جەلیل کاکەوەیس، رۆمانی کوردی – پەرتبوونی رووداوو نازیندەیی شاکەس، ل١٣.

[2] حسين رامز محمد رضا، الدراما بين النظرية والتطبيق، ص٣٣٥.

[3] فاضل ثامر، مدارات نقدية، ص٣٤٧.

[4] كوثر محمد علي جبارة، تبئير الفواعل الجمعية في الرواية، ص٢٧.

ژانرە گێڕانەوەکان لە ژانرە ئەدەبیەکانی دیکە جیا دەکاتەوە بریتییە لە تایبەتمەندیی بوونی کارەکتەر، چونکە ئەگەر کورتە چیرۆک کارەکتەری لێ لاببردرێت ئەوا جۆرەکەی دەگۆڕێت بۆ وتار)[1].

ئەگەرچی کارەکتەر بۆ خۆی توخمێکی ڕۆمانە، بەڵام گرنگی بوونی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت ڕۆڵی لە دروستبوونی توخمی دیکەی ڕۆمانیشدا هەیە بەتایبەتیش ڕووداو، بۆیە ئەگەر ڕۆمان گێڕانەوەی ڕووداوێک بێت لە ڕابردوودا ڕوویدا بێت گرنگی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت بەهۆی جووڵەی ئەوەوە جا چ فیزیکی یان زەینی بێت ئەو ڕووداوە دروستبووە جا (بۆ ئەوەی یەکێتی ڕووداو دروست ببێتو ببێتە ڕووداوێکی تەواو بەلای کەمی دەبێت هەواڵەکە وەڵامی ئەم سێ پرسیارە بداتەوە بەوەی ئەم ڕووداوە (چۆنو کەیو لە کوێ) ڕوویداوە، بەڵام لەم سێ پرسیارە گرنگتر وەڵامدانەوەی پرسیاری چوارەمە ئەویش ئەوەیە ئەم ڕووداوە بۆ ڕوویداوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش پێویست دەکات بەدوای ئەو پاڵنەرانە بگەڕێین بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەو ڕووداوە، گەڕانیش بەدوای ئەم پاڵنەرانە بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی ناسینی کارەکتەر کە ڕووداوەکەیان دروستکردووە یان کاریگەربوونە پێی)[2]، لەلایەکی دیکەوە گرنگی پەیوەندی کارەکتەر لەگەڵ ڕووداو لەوەدا بەدەردەکەوێت کە ڕووداو دوای دروستبوونیشی بەبێ بوونی پێوەندی لەگەڵ کارەکتەردا ناتوانێ بەردەوامی بەبوونی خۆی لەناو ڕۆماندا بدات، چونکە کارەکتەر لەناو ڕۆماندا تاکە توخمە دەتوانێ ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە بباتو ئەنجامەکەی یەکلایی بکاتەوەو دەقەکە بەکۆتایی بێنێت.

ئەگەرچی هەریەک لە (ڕووداو، کات، شوێن، گێڕانەوە، زمان) توخمێکی سەربەخۆی ڕۆمانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەو توخمانە لەناو ڕۆماندا لە ڕێی بوونی کارەکتەرەوە ئەکتیڤ دەبنو ئەرکو ڕۆڵی خۆیان بەرجەستە دەکەن، چونکە (هەر کەسەکانن زمان دروست دەکەنو وەسفی ئەو دیمەنانە دەکەن کە بەلایانەوە جوانن، هەر کەسەکانن ڕووداوەکان ئەنجامدەدەنو کێشەو ململانێ بەرپا دەکەن.... هەر کەسەکانن لە ڕۆماندا شوێنەکان ئاوەدان دەکەنەوەو بوون پڕ دەکەن لە هاوارو دەنگە دەنگو هەراو زەنا، هەر ئەویشە لەگەڵ کاتدا یەک دەگرێتو واتایەکی نوێ بەکات دەبەخشێت)[3]، تەنانەت هەر کارەکتەریشە نەک هەر تەنیا هێزو وزە بەگێڕانەوە دەبەخشێت، بەڵکو دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونو ئەکتیڤ بوونی توخمی گێڕانەوەش، چونکە دوای ئەوەی کارەکتەر لە کاتو شوێنێکی دیاریکراودا ڕووداوێک دروست دەکات، ئینجا دواتر ڕۆڵی حیکایەتخوان دێتە پێشەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو

---

[1] عبدالملك مرتاض (د.)، في نظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد، ص٩٠.

[2] رشاد رشدي (د.)، فن القصة القصيرة، ص٢٩.

[3] محمد ئەمین عەبدوڵڵا، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی-کوردستانی عیراقدا (١٩٩٠-١٩٩٧)، ل٥.

بەسەرهاتو ڕووداوانەی کە کارەکتەرەکان لە ڕابردوودا ئەنجامیانداوەو دروستیان کردووە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بوونی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا بچوێنین بەبوونی ڕۆح لەناو جەستەی مرۆڤدا، ئەگەرچی جەستەی مرۆڤ لە کۆمەڵێک ئەندام پێکهاتووەو هەریەک لەو ئەندامانەش ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر جەستەی مرۆڤ ڕۆحی تێدا نەبێت ئەوا ئەو ئەندامانەش هیچ سوودێکیان بۆ جەستەی مرۆڤ نابێت، کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە دەتوانین بڵێین (بنەمای ڕۆمانی باشو سەرکەوتوو تەنیا بریتییە لە خولقاندنو بنیاتنانی کارەکتەرو هیچی تر، ئەگەرچی لەناو ڕۆماندا هەریەک لە شێوازو چنینو گۆشەنیگا بەهاو گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهاو گرنگی هەریەک لەو توخمانە بەرجەستە نابێت تاکو لەپاڵ کارەکتەرێک نەبن کە جێگای باوەڕپێکردنو ڕەزامەندیی خوێنەر نەبێت، چونکە بنیاتنانی کارەکتەری باشو باوەڕپێکراو هەلی سەرکەوتنو زیندوویەتی بۆ ڕۆمان دەڕەخسێنێ، بەپێچەوانەوەش لە بیرچوونەوە دەبێت بە بەشێک لە چارەنووسی ڕۆمانەکە)[1].

وەکو دەزانین کارەکتەر لەناو ڕۆماندا لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕەهەند (فیزیکی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئایدیۆلۆژیا،....) بنیات دەنرێت، لەبەر ئەوەی هەریەک لەو ڕەهەندانەش بەرجەستەکردنی بنیاتی کەسایەتی مرۆڤی ڕاستەقینەیە، ئەوا خوێنەر بەهۆی ئەم ڕەهەندانەوە دەتوانێت لە حەقیقەتی مرۆڤەکان بگات، واتە گرنگی بوونی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت (دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردنی ماهییەتی مرۆڤو هۆیەکە بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی بوونی مرۆڤ)[2]، هەروەها گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت خوێنەر بەهۆی کارەکتەرەوە دەتوانێ شارەزای کێشەو گیروگرفتو چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمەو کۆمەڵگەیە بێت کە ڕۆمانەکە باسی لێوە دەکات بۆ نموونە ((یۆجینی ئەینگین) کارەکتەرێکی نموونەی ڕووسیای فیوداڵییە کە (پۆشکین) لە ڕێگەی ئەوەوە حەقیقەتە گشتییەکانی کۆمەڵگەی فیودالی بەرجەستە دەکات)[3]، لەلایەکی دیکەوە گرنگی پەیوەندی کارەکتەر بەخوێنەر لەوەدا بەدەردەکەوێت ئەوەی پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێت بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان تەنیا توخمی کارەکتەرە، چونکە کارەکتەر خاوەن توانایەکی سەرنجڕاکێشە بەهۆی ئەو کارو کردەوانەی لەناو ڕۆماندا ئەنجامیدەدات کاریگەریی بەسەر هەستو سۆزی خوێنەر دروست دەکاتو وایلێدەکات بەدواداچوون بۆ کارو کردەوەکانی بکات بۆ ئەوەی بزانێ چارەنووسی لەناو ڕووداوەکان بەچی دەگات.

---

[1] عبدالناصر منتصربالله محمد، ملامح الشخصية الرئيسة في روايات نجيب الكيلاني السياسية، ص١١.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

[3] سیروس پرهام، کارەکتەرسازی ریالیستی لە ڕۆمانو چیرۆکی کوردیدا، ل١٥٨.

رۆماننووس بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی هونەری پشت بەکۆمەڵێک تەکنیک دەبەستێت، لەناو هەموو توخمەکانی رۆمانیشدا کارەکتەر زیاتر پێوەندی بەو تەکنیکانەوە هەیە، چونکە بەشێکیان تەنیا پێوەندییان بەکارەکتەرەو هەیەو تەنانەت هەر لە ڕێی کارەکتەریشەوە لەناو رۆماندا بەرجەستە دەبێت وەک (دیالۆگ، مەنۆلۆگ، خۆدواندن، فرەدەنگی)، هەندێکی دیکەشیان وەک (فلاشباک، پێشخەری، وەسف،...) لە یەک کاتدا هەم پێوەندییان بەکارەکتەرو هەمیش پێوەندییان بەتوخمەکانی دیکەی رۆمانەوە هەیە، بۆ نموونە لە ڕێگای تەکنیکی وەسفەوە دەتواندرێت هەم وەسفی شوێنو شتەکانی ناو شوێنی پێ بکرێت، هەمیش لە ڕێگای وەسفەوە دەتواندرێت دیوی ناوەوەو دەرەوەی کارەکتەر بەخوێنەر پیشانبدرێت.

ئەگەر ئەرکی کارەکتەر لەناو رۆماندا دروستکردنو بەرەوپێشبردنو یەکلاییکردنەوەی ڕووداوەکان بێت، ئەوا گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت لە هەمان کاتدا ئەرکی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی دروستکراوی خۆشیەتی دەگرێتە ئەستۆ جا ئەو گێڕانەوەیە چ بەشێوازێکی بابەتی یان خودی بێت، بەتایبەتی ئەگەر گێڕانەوەکە بەشێوازی خودی بێت ئەوا حیکایەتخوانەکە لەسەر ئاستی تێکستو ڕووداوەکان شوێنی دەکەوێتە ناوەوەی رۆمانەکە، لەم حاڵەتەشدا کارەکتەر دوو ڕۆڵ دەبینێ یەکێکیان ئەوەیە بەرگی حیکایەتخوان لەبەر دەکات بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئەوی دیکەشیان لەبەر ئەوەی لەهەمان کاتدا شوێنی لەناو ڕووداوەکاندا هەیە بەشداری دەکات لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان، گێڕانەوەی ڕووداوەکانیش بەشێوازی خودی لە بەرژەوەندی خودی کارەکتەردا دەشکێتەوە، چونکە زیاتر (ماوە بەکەسەکان دەدرێت ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خوێنەر ببێتەوەو قسەیان لەگەڵدا بکاتو بەبێ هیچ چاودێرییەک یان ئاراستەکردنێک لەلایەن کەسانی دیکەوە لەگەڵیان بدوێتو، بەسەربەستییەکی تەواویش خۆی ئاشکرا دەکات بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بێت یەکێک لایەنێک لە هەڵوێستو بیروڕاکانی بشارێتەوە)[١]، لەلایەکی دیکەوە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕوانگەی خودی کارەکتەرەوە بەتایبەتی ئەگەر لەسەر ئاستی تێکستو ڕووداودا شوێنی بکەوێتە ناوەوە ئەوا خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا بەکاتی ئێستا یاخود بە ڕابردوویەکی نزیک دەبەستێتەوە نەک بە ڕابردوویەکی دوور.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی لەگێڕانەوەی بابەتیدا حیکایەتخوان لەسەر ئاستی تێکستو ڕووداودا هەردەم شوێنی دەکەوێتە دەرەوە، بەڵام کاتێک لەناو رۆماندا لەپاڵ حیکایەتخوانی کەم شتزاندا دێت ئەوا تەنیا لەسەر ئاستی تێکستدا شوێنی دەکەوێتە ناوەوە، بەمەش رۆماننووس ناچار دەبێت پەنا

---

[١] پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل٢٤٥.

بباتەبەر خولقاندنی کارەکتەرێک بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەڵام تەنیا وەکو شایەتحاڵێک بێ ئەوەی ئەو کارەکتەرە ڕۆڵی لەناو ڕووداوەکاندا هەبێت.

مەبەست لە نووسینی هەر دەقێکی ئەدەبی لەلایەن نووسەرەوە گەیاندنی پەیامێکە بەخوێنەر، لەناو هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانەی توخمی گێڕانەوەیان تێدایە باشترین ئامراز بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی ئەو پەیامە توخمی کارەکتەرە، چونکە ناوەڕۆکی ژانرە گێڕانەوەییەکان بەهۆی ئەو کارو کردەوانەی کە کارەکتەرەکان ئەنجامیدەدەن بەرجەستە دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕۆمانیش یەکێکە لەو ژانرانەی کە توخمی گێڕانەوەی تێدایە ئەوا ڕۆماننووسیش بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەخوێنەر ناچار دەبێت پشت بەتوخمی کارەکتەر ببەستێت، چونکە وەکو(ئیبراهیم یونسی) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: (گرنگترین توخم بۆ ڕاگوێستنی تیمی چیرۆک هەروەها گرنگترین هۆی بەدیهێنانی گەڵاڵە ئەوا کەسایەتی قارەمانی چیرۆکە... دەتوانین بڵێین کە تەواوی چیرۆکەکان بۆ پەرەپێدانی گەڵاڵەو پێشکەشکردنی تیم کەڵک لەکەسایەتییەکانی چیرۆک وەردەگرن)[١]، چونکە کارەکتەر لەناو ڕۆماندا (هەڵگری ئەو هێماو نیشانە زمانییە واتادارانەیە کە نووسەر دەیەوێت بیانخاتە ڕوو)[٢].

لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین خوێنەر لە ڕێگەی کردارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو هزرو گوتارو دەربڕینەکانی کارەکتەرەوە نەک هەر دەتوانێت لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بگات، بەڵکو دەتوانێت لە ئایدیۆلۆژیاو چۆنیەتی بیرکردنەوەی ڕۆماننووسیش بگات، چونکە (ڕوانینو هەڵوێستی کۆمەڵایەتی ڕۆماننووس ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵوێستو هەڵسوکەوتو بیروباوەڕو چۆنیەتی وێنەکێشانو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کارەکتەرەکان دەبێت لەناو ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی)[٣]، لەم حاڵەتەشدا دەتوانین کارەکتەر لەناو ڕۆماندا بەنوێنەرو وەکیلی ڕۆماننووس هەژمار بکەین هەم بۆ ئەنجامدانی کارە هونەرییەکەو هەمیش بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەخوێنەر، چونکە (ڕۆمان لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەنووسرێت نامەیەک لە نووسەرەوە بگەیەنرێتە خوێنەر، بۆ ئەمەش ڕۆماننووس کۆمەڵێ کارەکتەر ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی لەباتی خۆی لە ڕێی ئەوانەوە ئەم نامەیە بەباشترین شێوەو لە جوانترین شێوازو داڕشتنی ئەدەبیدا بۆ لای ئەوان بنێرێت)[٤].

---

[١] ئیبراهیم یونسی (د.)، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆكنووسین، ل١٨.

[٢] محمد على سلامة (د.)، الشخصية الثانوية ودورها في المعمار الروائي عند نجيب محفوظ، ص٣٠.

[٣] شرحبيل إبراهيم أحمد المحاسنة، بنية الشخصية في أعمال مؤنس الرزاز — دراسة في ضوء المناهج الحديثة، ص٣٧.

[٤] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، تەكنیكی دیالۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتە چیرۆكی كوردیدا، ل٢٨١.

کارەکتەر ئامرازێکە بەدەست رۆماننووسەوە بەهۆیەوە دەتوانێت رۆمانەکەی پێ بنیات بنێت، چونکە لەلایەک بەهۆی ئەو پێوەندییەی کارەکتەر لەگەڵ هەموو توخمەکانی دیکەی رۆمان هەیەتی بەوەی (ئەگەر هەر یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی رۆمان پێوەندی بەئەوی ترەوە هەبێت ئەوا کارەکتەر تاکە توخمە پێوەندی بەهەموو توخمەکانی دیکەوە هەیە)[١]، لەلایەکی دیکەوەش بەهۆی پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکانی ناو رۆمان ئەویش (لە رێگای کارەکتەرە جووڵاوەکانی ناو هێڵی چیرۆکە هونەرییەکەو هەروەها لە رێگای جێهێشتنی ئەو پێوەندییە زیندووانەی کارەکتەرێک دەبەستێتەوە بەکارەکتەرێکی دیکەوە ئەوا رۆماننووس بەهۆی ئەو پێوەندییەوە دەتوانێ هەر لە خاڵی سەرەتاوە تاکو ساتەوەختی تەواوبوونی چیرۆکەکەی جڵەوی کارەکە بگرێتە دەستو رووداوەکە گەشە پێ بکاتو)[٢] هەموو توخمەکانی دیکە پێکەوە ببەستێتەوەو گرێو چنینو بابەتی رۆمانەکەی پێ بنیات بنێت، چونکە کارەکتەر (وەکو تاڵە تەزوورییەک وایە لەناو جەستەی رۆماندا بەهۆیەوە رۆماننووس دەتوانێ جووڵەو تانو پۆی رووداو و کارەکتەرە لاوەکییەکانو توخمەکانی تری رۆمان پێک بگەیەنێو وەکو ئەڵقەکانی ملوانکەیەک بەدوای یەکیاندا بهێنێو زنجیرەیەکی پتەویان لێ دروست دەکات)[٣]، (مارین ئیلۆد) دەڵێ: (زۆربەی نووسەرەکان بەدوای چۆنیەتی چنینی چیرۆکەکانیان یان شانۆگەرییەکانیاندا دەگەڕێن، چنینیش ئەو کارەیە مەبەست لێی شێوازی بنیاتی سەرەکی چیرۆکە جۆراو جۆرەکانە، بەڵام گرنگتر لە چنین ئەو شتەیە کە ماناو مەبەستو ژیان بەچنین دەبەخشێت ئەویش کارەکتەرە)[٤].

گرنگییەکی دیکەی کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت ئەوەی کارەکتەر لە توخمەکانی دیکە جیای دەکاتەوە ئەوەیە ئەگەرچی لە رۆمانی نوێدا بەپێچەوانەی رۆمانی کۆن توخمەکانی دیکەی رۆمانیش وەکو (شوێن، کات) توانییان رۆڵی کارەکتەر بەرجەستە بکەن بەجۆرێک ئەو رۆڵەی ئەم توخمانە بینیویان لەهەندێک حاڵەتدا لە توانای مرۆڤی ئاساییدا زیاتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو توخمە نەیانتوانی رۆڵی کارەکتەر لەناو رۆماندا کەم بکەنەوە، چونکە تایبەتمەندییەکی گرنگ لە کارەکتەردا هەیەو لە توخمەکانی دیکەدا بەدیناکرێتو بەرجەستە نابێت ئەویش توانای قسەکردنە، چونکە ئەم توانایە جگە لە کارەکتەر لە هیچ توخمێکی دیکەی رۆماندا بەرجەستە نابێت، گرنگی ئەم توانایەش لەناو رۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت کە تەکنیکی دیالۆگو مۆنۆلۆگی پێ دروست دەبێت، گرنگی بوونی ئەم

---

[١] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەمو زین)ی ئەحمەدی خانیو رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی-دا، ل١٧٣.

[٢] جليلة بنت إبراهيم محمد الماجد، البيئة في قصة االسعودية القصيرة، ص٩٩.

[٣] سازان جەوهەر حەمەغەریب، پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی (ناوچەی گەرمیان)دا، ل١٩.

[٤] حسين رامز محمد رضا، الدراما بين النظرية والتطبيق، ص٣٣٤-٣٣٥.

دوو تەکنیکەش لە ژیانی کارەکتەردا لەوەدا بەدەردەکەوێت بەهۆی ئەم دوو تەکنیکەوە دەتوانرێت لەناو رۆماندا زمانی کارەکتەر لە زمانی رۆماننووسی پێ جیا بکرێتەوە، چونکە ئەگەر لەناو رۆماندا گێڕانەوە بەزمانی رۆماننووس دابنرێت ئەوا دیالۆگو مۆنۆلۆگیش بەزمانی کارەکتەر دادەنرێت، لەلایەکی دیکەوە گرنگی توانای قسەکردن لەوەدا بەدەردەکەوێت لەپاڵ ئەوەی ئەم توانایە زیندوویەتی بەکارەکتەر دەبەخشێت بەوەی بەهۆی ئەم توانایەوە دەتوانێت پێوەندی بەکەسانی دیکەوە بکات، لەهەمان کاتدا هەر ئەم توانایە وایلێدەکات رۆڵی حیکایەتخوان ببینێ بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان، تەنانەت هەر ئەم توانایەشە وایکردووە لەناو رۆماندا ئایدیۆلۆژیا جگە لە کارەکتەر لە هیچ توخمێکی دیکە بەرجەستە نەبێت، چونکە ئایدیۆلۆژیا خۆی لە پشت ئەو وشانە دەشارێتەوە کە کەسەکان لە دیالۆگو قسەکانیاندا بەکاریدەهێنن.

## پێگەو وێنەی کارەکتەر لەناو رۆمانی کۆندا

لە رۆمانی کۆندا تەنیا مرۆڤ رۆڵی کارەکتەری بینیوە سەرچاوەی دروستبوونیشیان تەنیا رووداوی واقیعیو کۆمەڵایەتی بوو، ئەمجۆرە کارەکتەرەش لەلایەن رۆماننووسەکانەوە گرنگییەکی زۆرو پلەوپایەکی بەرزیان پێداوە بەجۆرێک لەبەر ئەوەی رەهەندی کۆمەڵایەتیو مێژووییان پێبەخشیبوو وەکو کەسێکی زیندووی ناو کۆمەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، واتە کارەکتەر لە رۆمانی کۆندا (بەرامبەرە بەو کەسە راستەقینەی لە خوێنو گۆشتو ئێسک پێکهاتووە، رووداوی رۆمانیش بەرامبەرە بەو رووداوە مێژووییەی لە سەردەمێکدا روویداوە، شوێنی رۆمانیش بەرامبەرە بەو شوێنە جوگرافیایەی لە قۆناغێکی مێژووییدا وەکو تەختەی شانۆ وابووەو رووداوەکانی تێدا روویداوە)[1]، جا بۆ پیشاندانی بنیاتی فیزیکی ئەو کەسە زیندووە رۆماننووسانی کۆن وەسفی (سیماو بالاو دەنگو جلوبەرگو روخسارو تەمەنو ئارەزوو و ئاواتو ئازارو بەختەوەریو سەرەڕۆییەکانی ئەو کەسەیان دەکرد)[2]، کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کارەکتەر لە رۆمانی کۆندا جگە لە ناوەوە لەهەمان کاتدا لە دەرەوەی رۆمانەکەشدا بوونی هەبووەو ژیاوەو (پێوەندی بەسەردەمو قۆناغێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە هەبووەو نموونەی واقیعەو رووداوەکانی ژیانی بەشێک بووە لە مێژووی ژیانی کۆمەڵگە)[3]، جا بۆ پیشاندانی واقیعی ئەو سەردەمەی کارەکتەرەکەی تێدا ژیاوە رۆماننووسانی کۆن زۆر گرنگییان بەکاتو شوێن دەدا، چونکە (کاتو شوێن رەهەندە دەروونیو کۆمەڵایەتیو هزرییەکانی کارەکتەر لە

[1] عبدالملك مرتاض (د.)، في نظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد، ل٨٤-٨٥.

[2] هەمان سەرچاوە پێشوو، ص٧٦.

[3] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، ل١٧.

چوارچێوەیەکی مێژووییدا دیاری دەکەنو، ئەوە روونـدەکەنەوە ئەوان نموونەی یان وێنەی مرۆڤی چ سەردەمێکنو لەوکاتەدا جۆری سیستەمی کۆمەڵایەتیو ئابووریو رەوشتی ئەوان چۆن بووە)[1].

لە رۆمانی کۆندا بەهۆی کاریگەریی رێبازی ریالیزمەوە رۆماننووسان حەقیقەتی کارەکتەریان لە دیوی دەرەوەدا دەبینی، بۆیە زۆر گرنگییان بە رەهەندی فیزیکی کارەکتەر دەداو زۆر بەوردی وەسفی روخسارو جەستەی کارەکتەریان دەکرد بەجۆرێک (خوێنەر ئاگاداری رەنگی چاویشی دەبوو)[2]، تەنانەت وەسفی هەموو ئەو شتانەشیان دەکرد کە پێوەندی بەکارەکتەرەوە هەبوو وەکو شوێنو شتەکانی ئەو شوێنەی کارەکتەرەکەی تێدا دەژیا، مەبەستیشیان لەم هەموو وردەکارییە بۆ ئەوە بوو وێنەی کەسێک بکێشن بۆ ئەوەی نزیکی بکەنەوە لە کەسانی واقیعی.

لە رۆمانی کۆندا کارەکتەر لە رێگای ناوو وەسفەوە دیاریدەکرا بەوەی جگە لە ناوێکی تایبەتی لەهەمان کاتدا نازناوێکیشی هەبوو، چونکە رۆماننووسانی کۆن پێیانوابوو دیاریکردنی ناو و نازناوی کارەکتەر جگە لەوەی دەبێتە هۆی ناسینو جیاکردنەوەی لە کەسانی دیکە لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی پێدانی سیفەتی تایبەت بەو کەسەو دیاریکردنی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بۆیە (ئەگەر بە وردی سەیری کەسەکانی بەلزاک بکەین دەبینین خاسیەتەکانیان ئەوەیە ناوێکی تایبەتییان هەیە)[3]، لەلایەکی دیکەوە وەسف رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دیاریکردنی کارەکتەر، چونکە (وەسف وێنەگرتنێکی زمانی واتادارە لە رێگەیەوە رۆماننووس دەتوانێت بەهۆی زمانەوە وێنەیەکی دەرەوەی کارەکتەر پیشانی خوێنەر بدات)[4]، بەمەش رۆماننووسانی کۆن لە رێگای تەکنیکی وەسفەوە وێنەیەکی فۆتۆگرافی کارەکتەرەیان دەکێشاو لەشێوەی قاڵبێکی ئامادەکراو پێشکەشی خوێنەریان دەکرد بەبێ ئەوەی خوێنەر بەشداری پێ بکەن لە کاری وێنەکێشانەکە، لەلایەکی دیکەوە هەر لە رێگەی تەکنیکی وەسفەوە خوێنەر ئاگاداری پێگەی کۆمەڵایەتیو شوێنی نیشتەجێبوونو ئاستی رۆشبیرییو سیاسی کارەکتەریش دەبوو، تەنانەت گرنگی بوونی تەکنیکی وەسفو رۆڵی لە پیشاندانی بنیاتی کارەکتەر لەناو رۆمانی کۆندا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە رۆماننووس پێش ئەوەی کارەکتەر بهێنێتە سەر تەختەی شانۆو بەشداری رووداوەکانی پێ بکات، سەرەتا کارەکتەرەکەی لە رێی وەسفەوە بەخوێنەر دەناساند ئینجا دواتر بەشداری رووداوەکانی ناو رۆمانی پێدەکرد، واتە رۆماننووسانی کۆن (پێش ئەوەی رۆڵێک بەکارەکتەر بسپێرن

---

[1] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا ، ل١٨.

[2] حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە رۆمانی کوردیدا، ل١٦١.

[3] پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی — لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل١٦٢.

[4] سمیە نجیب خلیل، ئافرەت لە رۆمانی ئافرەتانی کورد-دا (٢٠٠٠-٢٠٠٩)، ل٤٥.

سەرەتا وەسفێکی رووخسارو سەرجەم لایەنە گرنگەکانی ژیانی ئەویان پێشکەش دەکرد، ئینجا دواتر هەنگاو بەهەنگاو تێکەڵی رووداوەکانیان دەکرد)[١].

ئەگەرچی لە رۆمانی کۆندا کارەکتەر گرنگیو پلەوپایەکی بەرزی پێدەدرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی حیکایەتخوان لە کارەکتەر بەهێزتر بوو، چونکە لە رۆمانی کۆندا حیکایەتخوان زیاتر لە جۆری هەمووشتزان بوو، لەبەر ئەوەی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرە حیکایەتخوانەش ئەوەبوو لەناو رۆماندا زانیاری لە کارەکتەر زیاتر بوو بەجۆرێک ئاگاداری هەموو شتێکو تەنانەت بیرو هەستە شاراوەکانی کارەکتەریش بوو، زانینی هەموو ئەو زانیاریانەی کارەکتەریش لەلایەن حیکایەتخوانەوە دەبووە هۆی ئەوەی کارەکتەر بەشێوەیەکی وەستاو پیشانی خوێنەر بدرێت نەک جووڵاو، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی ئەمجۆرە گێڕانەوەیە لە رووی جۆری دەنگەوە تاک دەنگی بوو، ئەوا ئەمجۆرە حیکایەتخوانە رێگەی بەکارەکتەریش نەدەدا بێتە سەر تەختەی شانۆو بەئازادی گوزارشت لە ئایدیۆلۆژیاو بیروبۆچوونی خۆی بکات، بۆیە ئەمجۆرە حیکایەتخوانە وەکو ئامرازێک وابوو بەدەست رۆماننووسەوە بەهۆیەوە دەیتوانی ئیستیغلالی رەهەندی ئایدیۆلۆژی کارەکتەری پێ بکاتو وەکو دەمامکێک بەکاری بهێنێت بۆ گوزارشتکردنو گەیاندنی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی بەخوێنەر، چونکە (لە رۆمانی تاکدەنگیدا دەسەڵاتی رۆماننووس بەشێوەیەک دیکتاتۆریانەیە رێ بەهیچ دەنگێکی تر نادات دەربڕی ناخی خۆی بێتو حیکایەتخوان لەبڕی کارەکتەرەکان دەپەیڤێت تەنانەت لەبری ئەویش بیر دەکاتەوە)[٢]، بۆیە دەتوانین بڵێین لە رۆمانی کۆندا بەهۆی بەهێزی پێگەی حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە ئەوەندەی هەست بەبوونی حیکایەتخوان کراوە ئەوەندە هەست بەبوونی کارەکتەر نەکراوە، چونکە لە رۆمانی کۆندا کارەکتەر خاوەنی دەنگو کەسایەتیو بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی نەبووە، بەڵکو دەتوانین بڵێین زیاتر (نوێنەری دەنگ یان کەسایەتیو بیروبۆچوونی رۆماننووس بووە، یاخود ئەوان لەژێر کۆنترۆڵی نووسەراندا کاریان کردووەو کارو کردەوەیان نواندووە)[٣].

ئەگەرچی لە رۆمانی کۆندا پێگەی حیکایەتخوان لە کارەکتەر بەهێزتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەر چارەنووسی بەدەست خۆی بووە نەک رۆماننووس، چونکە کارەکتەر لە رۆمانی کۆندا بەکردار مامەڵەی لەگەڵ رووداوی واقیعیو کۆمەڵایەتی دەکردو هەر بەپێی ئەو مامەڵەکردنەش چارەنووسی دیاری دەکرا نەک بەپێی ویستو ئارەزووی رۆماننووس، بۆیە ئەگەر سەیری هەموو ئەو

---

[١] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، ل٢٠.

[٢] حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە رۆمانی کوردیدا، ل٦٥-٦٦.

[٣] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، ل٣٠.

کارەکتەرانەی ناو ڕۆمانی کۆن بکەین کە لەلایەن ڕۆماننووسەکانەوە بنیاتنراون کاتێک (پێ دەخەنە نێو کتێبەوە ئەوا لە دەرێی بازنەی دەسەلاتی نووسەردا ژیانێکی سەربەخۆ دەست پێدەکەن، هاتووچۆیانو خەمو شادییان بەکورتییەکەی چارەنووسیان بەئارەزووی نووسەر دیاری ناکرێت، بەڵکو هەمووی زادەو بەرەنجامی کارلێکی بەرانبەری نێوان تایبەتمەندیی دەروونی ئەوانو هەلومەرجی ئەو ژینگەیە کە نووسەر تێیدا قووتی کردوونەتەوە)[١]، بۆ نموونە (تۆلستۆی لەکاتی نووسینی ڕۆمانەکانی خۆیدا نەیدەزانی لە لاپەڕەکانی دواتردا چ روو دەدات، بەلزاکیش هەندێ جاری واهەبوو کە بۆ مەرگی قارەمانەکانی خۆی دەگریا، بەوتەیەکی دی مەرگی قارەمانەکانی بەلزاک نەک بۆ نووسەرەکەی چاوەڕوان نەکراوبوو، بەڵکو بەدڵیشی نەبوو واتە حەزی نەدەکرد بمرن)[٢]، چونکە ڕۆمانی کۆن لە رووی جۆرەوە زیاتر ڕۆمانێکی ڕووداوی بوو بەوەی جووڵەو ململانێی کارەکتەر لەگەڵ دیوی دەرەوەی خۆی واتە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرو ژینگەو کۆمەڵ بوو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چارەنووسی بەپێی ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان دیاری بکرێ نەک بەپێی ویستو ئارەزووی ڕۆماننووس ئەگەرچی ڕۆمانەکە بۆ خۆی زادەی بیرو ئەندێشەی خودی ڕۆماننووسیش بوو.

## پێگەو وێنەی کارەکتەر لەناو ڕۆمانی نوێدا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی دەرکەوتنی چەند قوتابخانەیەک لە رەخنەی نوێدا بەتایبەتیش ئەو قوتابخانانەی کە لە روانگەی زمانەوانییەوە سەیری ئەدەبیان دەکرد ئەوا روانینی ڕۆماننووسان بۆ کارەکتەر گۆڕانی بەسەرداهاتو هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەلاتی کارەکتەریاندا، ئەویش بەسەیرکردنو هەژمارکردنی کارەکتەر وەکو بوونەوەرێکی سادەی سەر کاغەز نەک بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی، چونکە ڕۆماننووسانی نوێ پێیانوابوو دەق کارەکتەر دروست دەکات نەک ڕووداوی واقیعیو کۆمەلایەتی، یان بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانی نوێدا سەرچاوەی دروستبوونی کارەکتەر زیاتر خەیاڵو ئەندێشەی ڕۆماننووس بوو نەک ڕووداوی واقیعیو کۆمەلایەتی، دیارە مەبەستی ڕۆماننووسانی نوێش لەمجۆرە روانینە بۆ بنیاتی کارەکتەر بۆ ئەوەبوو بۆ ئەوەی بتوانن (لەلای خوێنەر ئەوە بچەسپێنن کە کارەکتەر نەبوونو نەمێژوو و نەواقیعییەتی هەیە بەڵکو هاوشێوەی بنەماکانی دیکەی گێڕانەوە وەکو زمانو ڕووداوو کاتو شوێن تەنیا بوونەوەرێکی سادەی سەر کاغەزە)[٣].

---

[١] سیروس پرهام، کارەکتەرسازی ریالیستی لە رۆمانو چیرۆکی کوردیدا، ل١٦٠.
[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.
[٣] عبدالملك مرتاض (د.)، في نظرية الرواية، ص٤٨.

جا بۆ پیشاندانی کارەکتەر وەکو توخمێکی زمانەوانی سەر کاغەز رۆماننووسانی نوێ چەند هەنگاوێکیان نا یەکێک لەم هەنگاوانە ئەوەبوو رۆماننووسان وازیان لە ناوو نازناوی کارەکتەر هێنا، چونکە پێیانوابوو (ئەو ناوەی لە کارەکتەری گێڕانەوەیی دەنرێت هیچ سیفەتێکی تەواو یان خێرو شەڕ بەکارەکتەرەکان نابەخشێت، بەڵکو هەر نیشانەیەک دەتوانێ شوێنی ناوەکە بگرێتەوە، تەنانەت هەر راناوێک لە راناوەکان دەتوانێ رۆڵی ناو ببینێو بێ ئەوەی هیچ نەنگییەکی تێدا بێت)[1]، هۆکاری گرنگینەدانی رۆماننووسانی نوێش بەناوی کارەکتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆماننووسانی نوێ کارەکتەریان لە رێگای ئەو ئەرکەی لەناو رووداوی رۆمانەکە ئەنجامیدەدا دیاریدەکرد نەک ناوو سیفەتەوە، چونکە پێیانوابوو ئەو رەگەزەی لە رۆماندا جێگیرە ئەوا ئەو ئەرکو کارانەیە کە کارەکتەر ئەنجامیدەدات ئەوەی ناجێگیریشە ناوو وەسفی کارەکتەرە، چونکە پێیانوابوو ئەوەی دەبێتە هۆی هەم بەرجەستەبوونی کارەکتەر لەناو رۆمانداو هەمیش دروستبوونی بنیاتو مانای گشتی رۆمانەکە، ئەوا ئەو ئەرکەیە یان بەشێوەیەکی روونتر بڵێین ئەو کارو کردەوانەیە کارەکتەر لەناو رۆماندا ئەنجامیدەدات نەک ناوو سیفەتەکانی.

بۆیە لە رۆمانی نوێدا رۆماننووسان لەجیاتی بەکارهێنانی ناو بۆ کارەکتەر ژمارەو پیتیان بەکارهێنا، بۆ یەکەمجاریش (کافکا) ئەم قاڵبو رێسایەی شکاند بەوەی لە رۆمانی (دادگا)دا ژمارەو لە رۆمانی (کۆشک)دا پیتی (K)ی بۆ ناوی کارەکتەرەکانی بەکارهێنا، دواتریش (جێمس جویس) بەهەمان شێوە لەجیاتی ناو ئەو پیتانەی لە رۆمانەکانیدا (H.C.E)[2] بۆ ناوی کارەکتەرەکانی بەکارهێنا، نەک هەر ئەمە بەڵکو رۆماننووسانی نوێ گۆڕانکاری دیکەشیان لەناوی کارەکتەرەکانیاندا کرد بۆ نموونە ((ساموێل بیکیت) بۆ جاری دووەم ناوو شێوەی کارەکتەرێکی لە رۆمانێکیدا گۆڕی، (ولیەم فۆکنەر)یش لەناو یەک رۆماندا بەئەنقەست یەک ناوی بۆ دوو کارەکتەر بەکارهێنا)[3]، بەئەنجامدانی ئەم کارانەش رۆماننووسانی نوێ توانییان کۆمەڵێک سیفەتی مرۆڤی راستەقینە لە کارەکتەر بسێننەوە وەک سۆزو بیرکردنەوەو مافی ژیانو رەهەندی کۆمەڵایەتیو مێژوویی‌و فیزیکی، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەنجامدانی ئەم کارەوە رۆماننووسان رزگاریان بوو لە وێنەکێشانی وێنەی کارەکتەر بۆ خوێنەر ئەویش لە رێگای تەکنیکی وەسفەوە لەشێوەی قاڵبێکی ئامادەکراو، بەڵکو لە بەرامبەردا بەئەنجامدانی ئەمجۆرە کارە خوێنەریان بەشداری پێکرد بۆ وێنەکێشانی وێنەی کارەکتەرەکە.

---

[1] عبدالملك مرتاض (د.)، في نظرية الرواية، ل٨٦.

[2] شارف مزاري، مستويات السرد الإعجازي في القصة القرآنية، ص٢٣.

[3] الان روب جرييه، نحو رواية جديدة، ت: مصطفى إبراهيم مصطفى، ص٣٦.

هەنگاوێکی دیکەی ڕۆماننووسانی نوێ ئەوە بوو لەبەر ئەوەی لە ڕۆمانی نوێدا کارەکتەر وەکو بوونەوەرێکی سادەی سەر کاغەز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، ئەوا بەپێچەوانەی ڕۆماننووسانی کۆن نەک هەر خۆیان زۆر خەریک نەدەکرد بەوێنەکێشانو وەسفکردنی کارەکتەر بەشێوەیەکی ورد بۆ ئەوەی نزیکی بکەنەوە لە کەسانی واقیعی، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر بەتوندی ڕەتی ئەوەیان کردەوە کارەکتەرەکانیان پێوەندی بەکەسانی دەرەوەی ڕۆمانەکەوە هەبێت، چونکە (بەئاشکرا نکوڵییان لەوە کرد کارەکتەرەکانیان فۆتۆکۆپی کەسانی واقیعی بێو بە ڕوونی ئەوەیان ڕاگەیاند کە کارەکتەرەکانیان بوونەوەرێکی زمانینو توخمێکن لە توخمەکانی گێڕانەوە شانبەشانی توخمەکانی دیکەی ڕۆمان وەکو کاتو شوێنو ڕووداو)[1]، بەئەنجامدانی ئەم کارەش واتە هەژمارکردنو پیشاندانی کارەکتەر وەکو توخمێکی زمانەوانیو گێڕانەوەیی نەک بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی بەسوودو بەرژەوەندی ڕۆماننووس شکایەوە، چونکە لەو کێشەو گرفتانەی بەدوور دەخاتەوە کە هەندێجار لەدوای نووسینی ڕۆمانەکە لەگەڵ خەڵکیدا بۆی دروست دەبێت بەوەی ڕۆمانەکە گوزارشت لە کەسێکی دیاریکراو یان بنەماڵەیەکی دیاریکراو دەکات، بۆ نموونە (گابریێل گارسیا مارکیز)ی ڕۆماننووسی کۆڵۆمبی لە لێدوانێکدا دەریدەخات: (لەکاتی دەرچوونی ڕۆمانی (سەدساڵ تەنیایی)دا چەند کەسانێک هەڕەشەیان لێکردووە بەوەی گوایە مارکیز مێژووی بنەماڵەکەی ئەوانی ئاشکرا کردووە، لە کاتێکدا ڕۆمانەکە زادەی خودو بیری نووسەرە)[2].

هەنگاوێکی دیکە ئەوەبوو لەبەر ئەوەی لە ڕۆمانی کۆندا کارەکتەر بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی بوو، ئەوا جگە لە مرۆڤ هیچ شتێکی دیکە ڕۆڵی کارەکتەری نەبینیوە، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا ئەم قاڵبە شکێندراو جگە لە مرۆڤ توخمەکانی دیکەی ڕۆمانیش وەکو کاتو شوێنو تەنانەت ئاژەڵو ناوی واتاییو شتی بێ گیانیش وەک (پرد، ماسی، سروشت، نەهەنگ، زەمەن، دارودرەخت، بێدەنگی، ئەسپ، سەگ، مراوی، کوندەپەپۆ)[3] ڕۆڵی کارەکتەریان بینی بەجۆرێک ئەم ڕۆڵەی ئەمانە بینیویانە لە هەندێ حاڵەتدا لە توانای مرۆڤی ئاساییدا نەبووە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (هێشووەکانی تووڕەیی)ی (جۆن شتاینبیک)دا جگە لە کارەکتەری مرۆڤ سروشتیش ڕۆڵی کارەکتەری بینیوە بەجۆرێک ئەو ڕۆڵەی سروشت بینیویەتی نەک ڕۆڵی لە مرۆڤەکان کەمتر نەبووە، بەڵکو ڕۆڵەکەی کاریگەریی بەسەر کارەکتەرە مرۆڤەکانیشەوە هەبووە، چونکە لەو ڕۆمانەدا (ئەگەر ئەو تەحەدایەی سروشت نەبووایە

---

[1] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، ل٣٠-٣١.

[2] مەهدی سالح، دەربارەی ڕۆمان، ل٣٢.

[3] عەبدولڕەحمان مونیف، تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، ل٢٠-٢١-٢٢-٢٥-٢٦.

ئەوا پاڵەوانێتی ئەو تاکانە بەختەوتوویی دەمایەوە، یان نەیدەتوانی گوزارشت لە خۆی بکاتو بەو روونییە دەربکەوێ)[١]، بۆیە دەتوانین بڵێین لە رۆمانی نوێدا لەپاڵ بوونی کارەکتەری مرۆڤ لەهەمان کاتدا شوێنو ئاژەڵو شتەکانیش بوونە بابەت بۆ پاڵەوانێتی رۆمانو رۆڵی کارەکتەریان بینی.

(سابیر رەشید) لە کتێبی (چیرۆکی کوردی _-رەخنەو لێکۆڵینەوە)دا بەهەمان شێوە ئاماژەی بەمە کردووە بەوەی رۆماننووس لەجیاتی کارەکتەری مرۆڤ دەتوانێ لە رۆماندا (گوڵێک بکات بە پاڵەوانی چیرۆکەکەیو کەسایەتیو شتەکانی دیکەش وەکو پاڵەوانی یارمەتیدەری ئەمجۆرە پاڵەوانە بن، یان شوێنێکی دیاریکراو هەڵبژێرێت، یانیش بیرۆکەیەک بکات بەچیرۆکو پشت بەهیچ پاڵەوانێک نەبەستێ)[٢]، بۆ ئەم مەبەستەش ناوبراو لەناو رۆمانی کوردیدا ئاماژەی بەکۆمەڵێک لەمجۆرە کارەکتەرانە کردووە بەوەی (لەدوا نۆڤلێتی جەبار جەمال غەریبدا نێرییەک بۆتە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەو ئەوانی دیکە هەموویان کۆمبارسی ئەو پاڵەوانە سەرەکییەن، دەشێ پاڵەوانی سەرەکی یان زیندوو لای عبداللە سەراج تابلۆیەک بێتو لەگەڵ خوێنەر بێتە دوان، یان لای ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و جەلیل کاکەوەیس شوێنێکی ئەم گەرمیانە بنو رۆڵی سەرەکیو پاڵەوانیەتی ببینن، یان لای سەلاح عومەر و ئازاد بەرزنجی تەرمێک بێتو لە رابردووی پێش مردنی خۆی بدوێت، یان لای شێرزاد حەسەن مێژووی لۆزانێکی ستەمکار بێت لە دایەلۆگی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا، یان لای عەتا محەمەد و نەریمان مۆریاسی و ئاکۆ کەریم شارێکی مێژوویی وێرانکراو بێت کە بەدیمەنی ئەفسانەییو فانتازیای زمانەوە مێژووی خۆی بگێڕێتەوە)[٣].

هەنگاوێکی دیکەیان ئەوەبوو لەبەر ئەوەی رۆماننووسانی نوێ لەژێر کاریگەریی توێژینەوەکانی (فرۆید)و قوتابیەکانی لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤ بەوەی باسکردنو پیشاندانی حاڵەتە دەروونیو روحییەکانیان بالاتر دەبینی لە باسکردنو پیشاندانی رووداوە واقیعیو کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا وەکو رۆماننووسانی کۆن زۆر گرنگییان بەکاتو شوێن نەدەدا بۆ دیاریکردنی ئەو سەردەمەی کارەکتەرەکەی تێدا ژیاوە، چونکە پێیانوابوو (دیوی راستەقینەی مرۆڤ لە جیهانی شاراوەی دەروونیدایە)[٤]، بۆیە لە رۆمانی نوێدا بەتایبەتیش لە رۆمانی شەپۆلی هۆشدا بەپێچەوانەی رۆمانی کۆن حەقیقەتی کارەکتەریان لە دیوی ناوەوە دەبینی، چونکە (بەبۆچوونی ئەوان دیوی راستەقینەی مرۆڤ

---

[١] عەبدولڕەحمان مونیف، تیشکێك بۆ سەر رۆمان، ل٢١.

[٢] سابیر رەشد، چیرۆکی کوردی - رەخنەو لێکۆڵینەوە، ل٧١-٧٢.

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧١-٧٢.

[٤] دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا (بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست) (١٩٧٢-٢٠٠٢)، ل١٢.

خۆی لەو جیهانە شاراوەدا حەشارداوە هیچ مرۆڤێکو کەسێک ناتوانێت پەی بەبیرکردنەوەو پرۆسەی زەینییەکانی کەسێکی دیکە ببات، هەر ئەم حاڵەتەش وا لە مرۆڤ دەکات لەکاتی پرۆسە زەینییەکاندا بیر لە دیاردەکانی ناو واقیع بکاتەوە بەبێ هیچ سانسۆرو ترسو دڵەراوکێیەک، واتە ئێمەی مرۆڤ پێش ئەوەی دەربارەی هەر دیاردەیەک بدوێین لەپێشدا لەناو زەینی خۆمان بەچەندین شێواز لە دیاردەکە دەکۆڵینەوە، بەڵام دەرەنجام کاتێک دەمانەوێت لەگەڵ دەوروبەرمان سەبارەت بەو دیاردەیە بدوێین ئەوا پێدەچێت لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری وەکو ترس، شەرم، پێگەی کۆمەلایەتی، یان دەرەنجامە خراپەکانی قسەکە،.... ئەوا حەقیقەتو تێڕوانینی راستەقینەی خۆمان بۆ دیاردەکە بگۆڕین)[1].

ئەم حاڵەتەش بووە هۆی ئەوەی لە رۆمانی نوێدا بەپێچەوانەی رۆمانی کۆن ئەوەندە گرنگی بە رەهەندی فیزیکی واتە دیوی دەرەوەی کارەکتەر نەدرێت، بەڵکو لە بەرامبەردا لە رێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە گرنگییان بەشیکردنەوەو شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەر دەداو زیاتر باسی شتە شاراوەکانی دیوی ناوەوەیان دەکرد بۆ ئەوەی زانیاریو حەزە شاراوەکانی ناو زەینی کارەکتەر شیبکەنەوە، چونکە پێیانوابوو (ئاستی پێش قسەکردن دیوی راستەقینەی مرۆڤەو، کاتێک مرۆڤ بیرکردنەوەکانی دەگوازێتەوە بۆ ئاستی قسەکردن بەمەبەستی پێوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەریدا ئەوا هەنگاوێک یان زیاتر لە واقیعەوە دوور دەکەوێتەوە، چونکە پێدەچێت لەبەر سانسۆری دەرەکی بەمەبەستەوە لەلایەن خودی قسەکەرەوە بیرەکان وەکو خۆیان نەگوازێتەوە)[2]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەر لەناو رۆمانی شەپۆلی هۆشدا چارەنووسی بەدەست خۆی نەبوو بەڵکو بەدەست رۆماننووسەوە بوو، واتە (نووسەر لە رێکخستنی ویستو دیاریکردنی چارەنووسی قارەمانانی چیرۆکەکەیدا دەسەڵاتی موتڵەقی بەخۆی دەدات)[3]، چونکە جووڵەو ململانێی کارەکتەر لەمجۆرە رۆمانەدا زیاتر لە دیوی ناوەوە واتە لەناو هۆشی کارەکتەردا دەخولێتەوەو (ناتوانن بەکردەوە لەگەڵ رووداوە واقیعییەکاندا بژینو مامەڵە بکەنو هێزو توانای خۆیان بجەرێننو زیاد بکەنو لەبەردەم سێلاوی رووداوەکاندا خۆ بگرنو پشت بە ویستی خۆیان ببەستن، لە راستیدا ئەمجۆرە قارەمانانە بووکەڵەی بێدەسەلاتنو بەویستی نووسەر دێنە ئاراوەو بەویستی نووسەریش دەژینو دەمرن)[4]، چونکە رۆمانی شەپۆلی هۆش لە رووی جۆرەوە بە رۆمانی کەسی دادەنرێت بەوەی رۆماننووس لە

---

[1] دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا (بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست) (١٩٧٢-٢٠٠٢)، ل١١.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[3] سیروس پرهام، کارەکتەرسازی ریالیستی لە رۆمانو چیرۆکی کوردیدا، ل١٦٠.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

بنیاتنانو وێنەکێشانی کارەکتەردا زیاتر گرنگی بەشیکردنەوەی هۆشو شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناخی کارەکتەر دەدا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەرەسەندنو چنینی ڕووداوەکان بەپێی هەستی کارەکتەر گەشە بکەن نەک بەپێی مامەڵەکردن بەکردار لەگەڵ ڕووداوە واقیعیەکاندا.

لە ڕۆمانی نوێدا بەپێچەوانەی ڕۆمانی کۆن بەهۆی بوونی تەکنیکی فرەدەنگییەوە پێگەی کارەکتەر لە حیکایەتخوان بەهێزتر بوو، چونکە ئەم تەکنیکە کارەکتەر لەژێر دەسەڵاتی حیکایەتخوان ئازاد دەکات بۆ ئەوەی هەم بەئازادی گوزارشت لە ئایدیۆلۆژیای خۆی بکاتو هەمیش بەخۆی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، ئەنجامی ئەم ئازادییەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆڵی نواندن بەکارەکتەر ببەخشرێت بەوەی لەناو ڕۆماندا بەشێوەیەکی جووڵاو پیشان بدرێت، چونکە تەکنیکی فرەدەنگی (ڕێ بەکارەکتەر دەدات خۆی چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوەو دەسەڵات لە حیکایەتخوانو ڕۆماننووس دەسەنێتەوە کارەکتەرەکان بەڕێوەببات یان لە بری ئەوان بپەیڤێو بیربکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکتەر هەست بەبوونی خۆی بکات)[1]، بۆ نموونە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) لەبەر ئەوەی ڕۆمانێکی فرەدەنگە (محەمەدی حاجی زادە) جگە لەوەی بەئازادی گوزارشت لە ئایدیۆلۆژیای خۆی دەکات، لەهەمان کاتیشدا خوێنەر لە ڕێگای گۆشەنیگای خودی (محەمەد)ەوە شارەزای ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ژیانی دەبێت نەک لە ڕێگای حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە.

## جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە

### ١- کارەکتەری سەرەکی (شاکەس):-

دابەشکردنی کارەکتەر لە ڕووی ئەرکەوە لەناو ڕۆماندا بەپێی زۆری ڕێژەی بەشداریکردنی کارەکتەر لەناو ڕووداوەکان یاخود بەواتایەکی دیکە بەهۆی دوورو نزیکی کارەکتەر لە ڕووداوەکان دیاری دەکرێت، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ خودی ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە بەوەی ئەرکو ڕۆڵێکی زیاتر دەخاتە سەرشانی بەشێک لە کارەکتەرەکان بۆ بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان، کەواتە هۆکاری سەرەکی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا بۆ بەهێزی جووڵانەوەو ئامادەبوونی بەردەوامی لەناو ڕووداوەکان یان بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێین بۆ زۆری ڕێژەی بەشداربوونی لەناو ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە بەوەی ڕووبەرێکی فراوان داگیر دەکات بەجۆرێک لەسەرەتای دەسپێکی ڕووداوەکان تاکو کۆتایی ڕووداوەکان ئامادەیی هەیەو، دواتر ئەنجامی ئەم ڕێژە زۆرەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە

[1] حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، ل١٦٢-١٦٣.

کـــارەکتەرە کـــاریگەرییەکی زۆریـــان بەســـەر ڕووداوەکـــانەوە هەبێـــت بەجۆرێـــک دروســـتبوونو بەرەوپێشچوونو یەکلاییکردنەوەی ڕووداوەکان لەسەر دەستی ئەمجۆرە کارەکتەرە ئەنجامبدرێت.

لەناو ڕۆماندا زیاتر لە کارەکتەرێکی سەرەکی بوونی هەیە، بەڵام لەناو ئەوانیشدا ڕووداو و گێڕانەوەکان زیاتر پێوەندیی بەکارەکتەرێکەوە هەیە ئەمجۆرە کارەکتەرەش پێیدەووترێت (شاکەس)، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە ئەو ڕووداوو بـابەتەی ڕۆماننووســەکە پێشکەشــی دەکـات زیـاتر پێوەنـدی بەمجـۆرە کارەکتەرەوە هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەراورد بەکارەکتەرە سەرەکییەکانی دیکەی نـاو ڕۆمـان لەسـەر ئاسـتی تێکسـتو ڕووداودا بـوونو ئامـادەبوونێکی زیـاتری هەبێتو زیـاتریش کێشـەو ململانێیەکانی نـاو ڕۆمـانەکە ڕووبەڕووی ئەمجـۆرە کـارەکتەرە ببێتەوە، لەهەمـان کاتیشـدا ئەرکو ڕۆڵێکی زیاتریان لەچاو کارەکتەرە سەرەکییەکانی دیکە بکەوێتە سەرشان بۆ بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان.

بەمەش ڕۆڵو کـاریگەریی شـاکەس بەسـەر ڕووداوەکـان لە هەمـوو کـارەکتەرە سـەرەکییەکانی دیکە زیـــاتر دەبێـــت بەجۆرێـــک خـــولگەو چەقـــی ڕۆمـــانەکە پێکـــدەهێنێتو دەبێـــتە هـــۆی ئەوەی هەمـــوو کارەکتەرەکانی دیکەی نـاو ڕۆمـان بەسـەرەکیو لاوەکی بەدەوری ئەودا بخـولێنەوە، لەلایەکی دیکەوە شاکەس بەهۆی زۆری ڕێژەی بەشداریکردنی لەناو ڕووداوەکاندا کاریگەریی بەسەر خوێنەریش دەبێت بەوەی لە کـــاتی خوێنـــدنەوەی ڕۆمانـــدا زیـــاتر بەدواداچـــوون بـــۆ چارەنووســـی ئەو بکـــات لەچـــاو کارەکتەرەکـــانی دیـــکە، هەروەهـــا هەر بەهـــۆی ئەو کـــاریگەرییە زۆرەی لەنـــاو ڕۆمانـــدا هەیەتـــی ڕۆماننووســـیش ناچـــار دەکـــات بەوەی ئەو بیـــرو نـــاوەڕۆکەی لە ڕێـــگەی ڕۆمـــانەکەیەوە دەیەوێ بیگوازێتەوە بۆ خوێنەر زیاتر بیخاتە سەر شانی ئەمجۆرە کارەکتەرە.

لەلایەکی دیکەوە بەهـۆی گرنگیو کـاریگەریی شـاکەس بەسـەر ڕووداوەکـانی ڕۆماندا ڕۆمـاننووس پابەند دەکات بەوەی هەموو ئەو تەکنیکانەی لەناو ڕۆماندا بەکاری دێنێت زیاتر لەپێناو خزمەتکردنو بەرژەوەندی ئەودا بەکاریـان بێنێت، تەنـانەت ناچاریشـی دەکات بەوەی سـەرجەم توخمو پێکهاتەکانی دیکەی ڕۆمان بەجۆرێک بنیات بنێت بۆ ئەوەی زیاتر ڕۆڵو گرنگی ئەو بخەنەڕوو، ئەمەش ئەرکێکی قورس دەخاتە سەرشـانی ڕۆمـاننووس بۆ بنیاتنـانی ئەمجـۆرە کـارەکتەرە لەچـاو کارەکتەرەکانی دیکە، لەلایەکی دیکەوە کـاریگەریی ڕۆڵـی شـاکەس لەنـاو ڕۆمانـدا بەجـۆرێکە بەوەی ئەگەر هـاتوو (مـردوو و بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆش ڕۆڵـی لەنـاو ڕۆمـانەکەدا نەمـا، ئەوا کـاردانەوەی کـردارو ژیاننـامەی ئەو لە کردارو بەسـەرهاتی کارەکتەرەکانی دیکە بەردەوام دەبێت)[١].

---

[١] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، ل٤٤.

لەبەر ئەوەی شاکەس (بناغەی رۆمانەو رۆمانیش بۆ تەعبیرکردن لەو کەسیەتییە دامەزراوە)[1]، ئەوا رۆماننووس هەر بەهۆی شاکەسەوە دەتوانێت هەموو توخمەکانی دیکەی رۆمان پێکەوە گرێ بداتو رۆمانەکەی پێ بنیات بنێت، چونکە شاکەس لەناو رۆماندا (وەکو دەمارێکی زیندوو وایە بەهۆی چۆنیەتیو چەندییەتی باڵادەستی ئەوەوە هەموو رەگەزەکانی تری وەک کەسە لاوەکییەکان، شوێن،.... لەناو چوارچێوەی رۆمانەکەدا رێکدەخاتو بەهۆی چوونە پاڵ یەکو کارلێک کردنیان کیانێکی زیندوو لە جیهانی رۆمانەکەدا پێکدەهێنن)[2].

## ٢- کارەکتەری لاوەکی:-

هۆکاری لاوەکی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا بۆ کەمی رێژەی بەشداریکردنیان لەناو رووداوەکان دەگەڕێتەوە بەوەی رووبەرێکی کەم لەناو رووداوەکاندا داگیردەکەن، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر رۆڵیان لەناو رۆماندا دەبێت بەوەی کاریگەرییەکی کەمیان لەسەر رووداوەکانو بەرەوپێشچوونیاندا دەبێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت بوونی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا گرنگو پێویست نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هیچ رۆماننووسێک ناتوانێت بەبێ بوونی ئەمجۆرە کارەکتەرە رۆمان بنووسێتەوە، چونکە لەلایەک چۆن مرۆڤ لە ژیاندا ناتوانێت بەتەنیاو بەبێ بوونی پێوەندی لەگەڵ خەڵکانی دیکە بژی، ئەوا بەهەمان شێوە لەناو رۆمانیشدا کارەکتەری سەرەکی بەبێ بوونی پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە ناتوانێ رۆڵی خۆی بەتەواوەتی بەرجەستە بکات تەنانەت سیفەتو رەفتارەکانیشی ناگاتە ئاستی دیاریکراو بەبێ بوونو یارمەتی کارەکتەری لاوەکی، چونکە لەلایەک بیرۆکەو ناوەڕۆکی رۆمان لەسەر بنەمای ئەو پێوەندییەی نێوان کارەکتەرەکان دروست دەبێت، لەلایەکی دیکەوەش دروستبوونو بەرەوپێشچوونو یەکلاییبوونەوەی رووداوەکان لەناو رۆماندا لە رێگای پێوەندی نێوان کارەکتەرەکان دروست دەبێت، تەنانەت راستی ئەم قسەیەشمان (فەرهاد پیربال)ی رۆماننووس لە رۆمانی (هوتێل ئەورووپا)دا بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەی پێکردووە بەوەی رووداوەکانی رۆمانەکە لەسەر بنەمای ناسینو پێوەندی نێوان کارەکتەرەکان دروست بووە، چونکە وەکو خۆی باسی لێوە دەکاتو دەڵێ: (**ئەگەر من محەمەدی حاجی زادەم نەناسیبایە، مسیۆ لوسیاناش محەمەدی حاجی زادەی نەدەناسی، ئەوکاتەش روئیا خانمیش تووشی کەوتنی دڵ نەدەهات، لەهەمان کاتدا منیش ساقی گوڵچینم**

---

[1] نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردیدا، ل٣٢٥.

[2] محمد ئەمین عەبدوڵڵا، شاکەس لە رۆمانی کوردی-کوردستانی عیراقدا (١٩٩٠-١٩٩٧)، ل١٠.

**هەرگیز نەدەناسی، بەکورتی هیچ یەکێک لە شتەکان بەو شێوەیە روویان نەدەدا کە روویانداو ئێستا هەن،... هیچ کەسێکیش ئەو شتانەیان بەسەر نەدەهات کە بەسەریان هات)**[1].

کارەکتەری لاوەکی لەناو رۆماندا کۆمەڵێک رۆڵو ئەرکی گرنگ دەگێڕێت کە بەهۆی ئەم رۆڵو ئەرکانەوە دەتوانێ قەرەبووی ئەم بەشدارییە کەمەی ناو رووداوەکان بکاتەوە، بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەو ئەرکو رۆڵانەی لەناو رۆماندا ئەنجامیدەدات دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ بەتایبەتیش لە دروستبوونو پیشاندانی بنیاتی کارەکتەرە سەرەکییەکاندا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، کە ئەم گرنگییەش بەبۆچوونی (محمد علی سلامە) لەوەدا دەردەکەوێت کە کارەکتەری سەرەکی لەناو رۆماندا لە ئەنجامی لێکدانی نێوان واقیعو کارەکتەری لاوەکی بنیات دەنرێتو دروست دەبێت واتە (واقیع + کارەکتەری لاوەکی = کارەکتەری سەرەکی)[2]، یان جاری وا هەیە لە رێگای بەراوردکردنی رۆڵی کارەکتەرە لاوەکییەکان لەگەڵ کارەکتەرە سەرەکییەکاندا خوێنەر رۆڵی کارەکتەرە سەرەکییەکانی زۆر بە روونیو ئاشکرایی بۆ دەردەکەوێت ئەویش کاتێک کارەکتەری لاوەکی لەناو رۆماندا (رۆڵێکی پێچەوانەی کارەکتەری سەرەکی دەگێڕێت بەوەی هزرو بەهاکانی بەتەواوەتی جیاواز دەبێت لە هزرو بەهاکانی کارەکتەری سەرەکی، کە بەهۆی ئەم رۆڵە پێچەوانەو جیاوازەشەوە کارەکتەری لاوەکی هەم دەتوانێت هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی دیاری بکات، هەمیش جەخت لەسەر هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی بکاتەوە، چونکە وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی کارەکتەری سەرەکی پیشان دەدات)[3].

هەندێجاریش ئەمجۆرە کارەکتەرە دەبێتە سەرچاوەی پاراستنی نهێنییەکانی کارەکتەری سەرەکیو، رۆڵیشیان دەبێت لە پیشاندانو چۆنیەتی بیرکردنەوەو روونکردنەوەی باری دەروونی کارەکتەری سەرەکی، هەروەها یارمەتی کارەکتەری سەرەکیش دەدەن بەپێدانی روونکردنەوەی پێویست لەکاتی بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی کارێک، تەنانەت هەندێجار نووسەر بەهۆی بوونی ئەمجۆرە کارەکتەرەوە دەتوانێت کەموکوڕی ناو رۆمانەکەی پێ تەواو بکاتو بۆشاییە هونەرییەکانیشی پێ پڕبکاتەوە بەوەی هەندێ زانیاری زیاتر لەسەر رووداو و کارەکتەرە سەرەکییان لە رێگای بوونی ئەمجۆرە کارەکتەرەوە پێشکەش بەخوێنەر دەکات، جاری واش هەیە رۆڵو کاریگەرییان بەسەر ئەنجامی رووداوو ململانێی نێوان کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو رۆمانیشدا دەبێت بەوەی دەتوانن رێڕەوو ئاراستەی رووداوو

---

[1] فەرهاد پیرباڵ (د.)، هوتێل ئەوروپا، ل٤٧.

[2] محمد علی سلامة (د.)، الشخصية الثانوية ودورها في المعمار الروائي عند نجيب محفوظ، ص١٦٠.

[3] عدنان خالد (د.)، النقد التطبيقي التحليلي، ص٧٥.

ململانێیەکان لە قازانجو بەرژەوەندی یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو رۆمانەکە بشکێنەوەو کۆتایی پێ بێنن، بەڵگەشمان بۆ ئەمە (مەولود بازرگان)ـە یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی کورتە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش) ئەویش بەهۆی ئاشکراکردنی حەقیقەتو ناسنامەی (جوامێر) بۆ (مولازم تەحسین) ئەوا (مولازم تەحسین) لە دانانەوەی بۆسە دەتوانێ پێش (جوامێر) بکەوێتو رووداوەکان لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێ بێنێت.

لەلایەکی دیکەوە کارەکتەری لاوەکی هەندێجار یارمەتی خوێنەریش دەدات بەپێدانی زانیاری زیاتر لەسەر ململانێی ناو رووداوەکان، چونکە دەتوانن زۆر لایەنی شاراوەی رووداوەکان بۆ خوێنەر روون بکەنەوە، تەنانەت رۆڵی حیکایەتخوانیش دەبینێ بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان بۆ نموونە لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا (باجی بنار) کارەکتەرێکی لاوەکییەو رۆڵی حیکایەتخوانی لەناو کورتە رۆمانەکەدا بینیوە بۆ گێڕانەوەی کۆتایی رووداوەکانی کورتە رۆمانەکە، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە رۆماننووس هەندێجار گرنگییەکی زۆر بەمجۆرە کارەکتەرە دەدات بەوەی لەناو رۆماندا بیروبۆچوونو پەیامو مەبەستی خۆی لە رێگای ئەمجۆرە کارەکتەرەوە بەخوێنەر دەگەیەنێت بۆ نموونە (لە چیرۆکەکانی (دیستۆفسکی)دا زۆرجار کارەکتەرە لاوەکییەکان هەڵگری بیروباوەڕی نووسەرن یان هەندێجار لە هەندێ بابەتی چیرۆکەکانیدا دەپەڕنەوە شوێنی یەکەم، هەروەها بەهەمان شێوە لە چیرۆکەکانی (مۆریاک)یشدا هەموو کارەکتەرەکان بەسەرەکیو لاوەکییەوە خاوەن پەیامکێن بەو شێوەیەی کە حیکایەتخوانەکە دەیەوێ بیگەیەنێ)[1].

بۆیە لە ئەنجامدا دەتوانین بوونی کارەکتەری لاوەکی لەناو رۆماندا بەبوونی خوێ لەناو خواردندا بچوێنین، چونکە ئەگەر جۆری خواردنەکە هەرچەند خۆش بێت، بەڵام بەبێ بوونی خوێ نەک هەر هیچ تامو چێژێک لە خواردنەکە وەرناگیرێت، بەڵکو بەکەڵکی خواردنیش نایەت، بۆیە بەهەمان شێوە دەتوانین بڵێین لەناو رۆمانیشدا نەک هەر بەبێ بوونی کارەکتەری لاوەکی ناتواندرێت رۆمان بنووسرێت، بەڵکو بوونی کارەکتەری لاوەکی لەناو رۆماندا دەبێتە هۆی بەخشینی چێژو ستاتیکای زیاتر بە رۆمانەکە.

---

[1] محمد غنيمي هلال (د.)، النقد الادبي الحديث، ص٥٣٣.

## جۆرەكانی كارەكتەر لە ڕووی پێكهاتەوە

### ١- كارەكتەری پەرەسێن:-

هۆكاری دابەشكردنی كارەكتەر لە ڕووی پێكهاتەوە لەناو ڕۆماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێوەندییەكی دیالێكتیكیانە لەنێوان بەشێك لە كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمان لەگەڵ ڕووداودا هەیە بەوەی هەردوولایەن كارلێك لەگەڵ یەك دەكەنو دەكەونە ژێر كاریگەریی یەكترەوە، دواتر ئەنجامی ئەو پێوەندیو كارلێككردنەی نێوان كارەكتەرو ڕووداو دەبێتە هۆی ئەوەی كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمان لە ڕووی پێكهاتەوە بۆ كارەكتەری پەرەسێنو پەرەنەسێن دابەش ببێت، ئەمجۆرە پێوەندییەش (واتە پێوەندی دیالێكتیكی) لەناو جۆرەكانی كارەكتەردا لە ڕووی پێكهاتەوە تەنیا لەنێوان كارەكتەری پەرەسێنو ڕووداودا هەیە، چونكە ئەگەر كاریگەریی كارەكتەری پەرەسێن بەسەر ڕووداودا بریتی بێت لە دروستكردنو بەرەوپێشەوەبردنو یەكلاییكردنەوەی ڕووداوەكان، ئەوا لە بەرامبەریشدا ڕووداوەكانیش بەهەمان شێوە كاریگەرییان بەسەر پێكهاتەی ئەمجۆرە كارەكتەرەش دەبێت بەوەی هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونو كردارەكانی كارەكتەر دەگۆڕن جا ئەو گۆڕانكارییە چ بەئەرێنی یان نەرێنی بێت بەجۆرێك سەرەتا لە هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونێكەوە بەرەو هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونێكی دیكەیان دەبەنو، ئینجا دواتر ئەنجامی ئەم گۆڕانكارییانە ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕەفتارو هەڵسوكەوتو كارو كردەوەی ئەمجۆرە كارەكتەرە دەبیَ، چونكە (جووڵەی جەستەی كارەكتەر ڕەنگدانەوەو كاریگەریی جووڵەی هزرە)[١]، ئەنجامی ئەمجۆرە گۆڕانكاریو پەرەسەندنەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەگەزی كتوپڕیو كاری نویَو چاوەڕواننەكراو لە پێكهاتەی ئەمجۆرە كارەكتەرە بەدیبكرێت.

هۆكاری پەرەسەندنی پێكهاتەی ئەمجۆرە كارەكتەرە لەلایەك بۆ بوونی پەرچەكردار یاخود بەواتایەكی دیكە بۆ بوونی گیانی بەربەرەكانی لەلایەن ئەمجۆرە كارەكتەرە دەگەڕێتەوە بەرامبەر بەو پێشهاتو ململانیَو كێشەو گرفتانەی لەلایەن كارەكتەرەكانی دیكەی ناو ڕۆمانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەلایەكی دیكەوە پەرەسەندنی پێكهاتەی ئەمجۆرە كارەكتەر بۆ بوونی ئامادەیی بەزاندنی كلتوورو نەریتو بەها باوەكان دەگەڕێتەوە بەوەی هەموو كاتێك ئامادە نابێت پابەندی ئەو نەریتو بەها باوانە بێت، چونكە (گۆڕانو پەرەسەندنی ئەمجۆرە كەسانە لە ئەنجامی لادان لە ڕەوتە لاساییەكەی ئەو ڕووداوانەوە دروست دەبێت)[٢] بەوەی پەرەسەندنو گۆڕانی پێكهاتەی ئەمجۆرە

---

[١] جەوهەر محەمەد مەولود، بنیاتی كارەكتەر لە ڕۆمانەكانی (حوسێن عارف)دا، ل٢٢.

[٢] پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆكی كوردی — لە سەرەتاوە تا كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل١٧٥.

کـارەکتەرە لەنـاو رۆمانـدا بەسـتراوەتەوە بەئەنجامـدانی کـاری نـوێو چـاوەڕواننەکراو، چـونکە (ئەو کەسـەی نەتوانێت هـیچ کـارو سـیفەتێکی نـوێو چاوەڕواننەکراومـان پێشکەش بکـاتو قەناعەتمـان پـێ بهێنێـت، ئەوا کەسـێکی پەرەنەسـێنە لە بەرگـی کەسـێکی پەرەسـێندا)[1]، تەنـانەت هەر ئەم کـارە چاوەڕواننەکراوانەشـە جگە لەوەی خـوێنەر سەرسـووڕمان دەکـات لەهەمـان کاتیشـدا ناچـاری دەکـات بەوەی بەدواداچـوون بـۆ چارەنووسـی ئەو کـارە نـوێو چـاوەڕوان نەکراوانەشـی بکـات، چـونکە هەم دەبێتە هۆی ئەوەی چێژێک لە خوێندنەوەی رۆمـانەکە وەربگرێتو، هەمـیش دەبێتە هـۆی ئەوەی وانەو ئەزموونێک لەو کارو کردەوە چاوەڕواننەکراوانەی ئەمجۆرە کارەکتەر فێر ببێت.

بـۆ قەنـاعەت پێهێنـان بەپەرەسـەندنی ئەمجـۆرە کـارەکتەرە لەلایەن خـوێنەرەوە دەبێت رۆمـاننووس بەشـێوەیەکی بابەتیـانە زەمینەسـازی بـۆ ئەو گۆڕانکـاریو کـارە نـوێو چـاوەڕواننەکراوانەی ئەمجـۆرە کارەکتەرە بکات نەک بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێشکەش بەخوێنەری بکات، چونکە ئەمجۆرە کارەکتەرە (لە ئەنجـامی ململانێـی لەگەڵ رووداو و کۆمەڵـدا کەم کەم پەرەدەسـێنێو گەشـە دەکـات، تـا چەنـدیش چیـرۆکەکە بەرەو پێشـەوە بـڕوات خـودو حەقیقەتـی زیـاتر بـۆ خـوێنەر ئاشـکرا دەبێـتو، لەناکـاویش سەرسـوورمانو دەوڵەمەنـدی دەکـات بەلایەنەکـانو سـۆزە مـرۆییە ئاڵۆزەکـانی، بـۆیە دەبێـت حیکایەتخوانیش ئەمجۆرە کارەکتەرە بەشێوەیەکی هونەری باوەڕپێکراو پێشکەشـی بکات بەوەی نابێت هـیچ سـیفەتێکی تـازەی پـێ ببەخشـێت تـاوەکو پاسـاوێکی بـابەتی بـۆ هەڵوێسـتەکانی نەهێنێتەوە لەنـاو دابـونەریتی ئەو ژیـنگەیەی کە کـارلێکی لەگەڵـدا دەکـات)[2]، پەرەسـەندنی ئەمجـۆرە کـارەکتەرە بەم شێوەیەش دەبێتە هـۆی ئەوەی خـوێنەر نەتوانێت بەئاسـانی لەیەکەم هەنگاوی بینینیەوە بڕیـار لەسـەر چارەنووسـی بـدات تـاکو ئەنجـامی رووداوەکـان بەکۆتـا نەگـات، چـونکە (ئەمجـۆرە کـارەکتەرە خـاوەن چەنـدین رەهەنـدی مرۆیـی وەک هەسـتو سـۆزو هەڵچـوونو بیروبۆچـوونو لایەنـی دەروونـیو بیرکـردنەوەیەو هەمـوو ئەو رەهەنـدانەش پەیتـا پەیتـا لە هەڵوێسـتێکەوە بـۆ هەڵوێسـتێکی دیـکە بەدەردەکەون، واتە لەهەر هەڵوێسـتێکدا هەڵسـوکەوتو رەفتـارێکی نـوێی دەبێـت کە دەبێـتە هـۆی ئاشکرابوونی یەکێک لە رەهەندەکانی کەسێتی ئەو کەسە)[3].

بۆیە خوڵقاندنی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا کارێکی ئاسـان نییەو شـارەزاییو لێهاتوویەکی زۆری دەوێت، تەنانەت تا رادەیەک سـەرکەوتنی رۆمـاننووس لە بەرهەمەکەیدا بەسـتراوەتەوە بەبنیـاتی

---

[1] محمد یوسف نجم (د.)، فن القصة، ص١٠٤.
[2] محمد غنیمی هلال (د.)، النقد الادبي الحدیث، ص٥٣٠.
[3] محمد ئەمین عەبدوڵلاّ، شاکەس لە رۆمانی کوردی-کوردستانی عیراقدا (١٩٩٠-١٩٩٧)، ل١٥.

ئەمجۆرە کارەکتەرە، چونکە (شارەزاییو لێهاتوویيو ئاستی رۆشنبیرییو ئەزموونی رۆماننووس لە بنیاتی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەدیار دەکەوێت)[1]، بۆیە پەرەسەندنی پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەژێر کاریگەریی رووداوەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی بنیاتێکی ئاڵۆزی هەبێتو خوێنەر ناتوانێت پێشوەخت پێشبینی بۆ هەڵوێستو هەڵسوکەوتو کردارەکانی داهاتووی بکات، چونکە ئەمجۆرە کارەکتەرە (خاوەن پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە زۆرجار تا لە خوێندنەوەی رۆمانەکە نەبێتەوە نازانێت چارەنووسی چی لێدێتو چۆن کۆتایی پێدێت)[2]، ئەمجۆرە بنیاتەش رۆماننووس ماندوو دەکات بەوەی ناتوانێت تەنیا بە رستەیەک یان چەند رستەیەکی کەم گوزارشت لە کەسایەتی بکات، یان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی یەکسەر وێنەیەکی تەواوو کامڵی بۆ بکێشێتو هەموو لایەنەکانی کەسێتییان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکاتو قەناعەتیان پێ بهێنێت، چونکە وێنەی کامڵی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆمانەکە لەگەڵ تەواوبوونی رەوتی رووداوەکان تەواو دەبێت، بۆیە لەسەر رۆماننووس پێویستە بەقووڵی رەهەندی دەروونیو کۆمەڵایەتییان پیشانی خوێنەر بداتو بەدرێژایی رەوتی رۆمانەکەش هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی رۆمانەکە بەردەوام رۆشناییو تیشک بخاتە سەر لایەنێک لە رەهەندەکانی بنیاتیو پەرەیان پێبدات.

بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم بنیاتە ئاڵۆزەشدا تا چەند ژمارەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا زیاتر بێت سوود بەبینای هونەری رۆمانەکە دەگەیەنێت، چونکە بەهۆی ئەو بنیاتە ئاڵۆزەوە رۆماننووس دەتوانێت بۆشاییە هونەرییەکانی ناو رۆمانەکەی پێ پڕبکاتەوە بەوەی لەسەر ئاستی تێکستو رووداودا بەهۆی ئەم بنیاتە ئاڵۆزەوە دەتوانێت گەشەو بەرەوپێشچوون بە رووداوەکان ببەخشێتو رۆمانەکەی پێ بنیات بنێ، چونکە کارلێککردنی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەگەڵ رووداوەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی ململانێی نێوان کارەکتەرەکان زیاتر ببێتو ڕێڕەوی گێڕانەوە گۆڕانی بەسەردا بێتو چنینی رووداوەکانیش پەرەبسێنێو بەرەوپێشەوە بچن، بۆ نموونە لە رۆمانی (هوتێل ئەورووپا)دا (محەمەدی حاجی زادە) کارەکتەرێکی پەرەسێنەو پێکهاتەکەی گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووەو نووسەریش لە ڕێگای پەرەسەندنی پێکهاتەکەیەوە توانیویەتی ڕێڕەوی رووداوەکان بەرەوپێشەوە بباتو رۆمانەکەی پێ بنیات بنێ، بۆیە لەم رووەوە دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی هەموو ئەو ژانرانەی توخمی گێڕانەوەیان تێدایە تا رادەیەک بەستراوەتەوە بەبوونی ئەم پێکهاتە ئاڵۆزە، چونکە رۆماننووس

---

[1] ریزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە رۆمانی باشووری کوردستاندا (١٩٨٥-١٩٩٠)، ل١٧٠.
[2] سۆزان عەبدوڵلاّ محەمەد، کەسێتی ئافرەت لە رۆمانی کوردیدا (١٩٩١-٢٠٠١)، ل٢١.

بەهۆی ئەمجۆرە کارەکتەرەوە دەتوانێت زۆربەی واتاو ماناکانی رۆمانەکەی لەناو ئەم بنیاتە ئاڵۆزەدا کۆبکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە گرنگی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێ بەهۆی کارلێککردنی لەگەڵ رووداوەکاندا دەتوانێت هاوشان لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکاندا هەنگاو بنێتو لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکانیشدا خۆی بگونجێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندیو تێکەڵاوی زیاتری لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا هەبێت، دواتر ئەنجامی هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر زیاتر قەناعەتی بەمجۆرە کارەکتەرە هەبێت بەوەی بەهۆی پەرەسەندنیانەوە حەقیقەتو راستگۆیی زیاتر لە گوتارو کردارەکانی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەدیبکات، چونکە سروشتی مرۆڤ ئاوایە لەبەر ئەوەی بۆ خۆی بوونەوەرێکی ئاڵۆزە زیاتریش بڕواو قەناعەتی بەو کەسانە دێت کە پێکهاتەو بونیاتێکی ئاڵۆزیان هەیە.

کەواتە ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا لەبەر ئەوەی بەردەوام دەکەوێتە ژێر کاریگەریی رووداوەکان خاوەن پێکهاتەیەکی جێگیر نییەو گۆڕانی بەسەردا دێت، بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەو هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەسەرەتای دەرکەوتنی رۆمانەکە هەیەتی هەمان ئەو هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونە نییە لە کۆتایی رۆمانەکەدا هەیەتی، چونکە بەهۆی کارلێککردنو ململانێی لەگەڵ رووداوەکاندا بەچەند تاقیکردنەوەیەکو ئەزموونێکی ژیاندا تێپەڕیوەو بەهۆیەوە وانەو ئەزموونێک لەو تاقیکردنەوانە فێربووە، ئەنجامی فێربوونی ئەو وانەو ئەزموونانەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی بیرکردنەوەی بەرامبەر بە رووداوو کارەکتەرەکانی دیکەی ناو رۆمان فراوانتر ببێت، فراوانبوونی ئاستی بیرکردنەوەی ئەمجۆرە کارەکتەرەش لەژێر کاریگەریی رووداوەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونو کردارەکانی گۆڕانی بەسەردا بێت.

رێژەی زۆری یاخود کەمی بەشداریکردنی کارەکتەر لە رووی ئەرکەوە لەناو رووداوەکاندا نابێتە پێوەر بۆ ئەوەی کارەکتەر لە رووی پێکهاتەوە بەکارەکتەرێکی پەرەسێن هەژمار بکرێت، بەڵکو کاریگەریی رووداوەکان لەسەر گۆڕینی هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونی کارەکتەرەکە جا چ سەرەکی یان لاوەکی بێت وایلێدەکات بەپەرەسێن هەژمار بکرێت، چونکە جاری واهەیە لەناو رۆماندا کارەکتەر لە رووی ئەرکەوە سەرەکییەو تەنانەت شاکەسی رۆمانەکەشە، بەڵام لە رووی پێکهاتەوە پەرەسێن نییەو رووداوەکان کاری تێناکات، بەتایبەتیش لەو رۆمانانەی ئەگەر کارەکتەرەکە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو (سیاسی، ئایینی،... هتد) بێت ئەوا ئەمجۆرە کارەکتەرە زۆر بەکەمی گۆڕانیان بەسەردادێتو، تەنانەت جاری وا هەیە بەهۆی بەرگریکردن لە ئایدیۆلۆژیایەکەی خۆشی تووشی چارەنووسێکی خراپ دەبێتەوە، بۆ نموونە لە کورتە رۆمانی (ملازم تەحسینو شتی تریش)دا

(ئەختەر) نەک هەر کارەکتەرێکی سەرەکییە، بەڵکو شاکەسی رۆمانەکەیەو بەهۆی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیەتی تووشی کۆمەڵێک رووداوی ناخۆش دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا دراوسێکانی بەردەوام ئامۆژگارییان دەکرد بەوەی واز لەو پێوەندییەی لەگەڵ (جوامێر)دا بێنێت کە هەیبوو، بەڵام هیچ یەک لە رووداوو ئامۆژگاری دراوسێکانی سوود بەپێکهاتەکەی ناگەیەنێت بۆ ئەوەی هەڵوێستی بەرامبەر بە(جوامێر) بگۆڕێت، ئەنجامی ئەو نەگۆڕانەشی لە کۆتایی رووداوەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی چارەنووسێکی خراپ ببێتەوە.

پەرەنەسێنی پێکهاتەی کارەکتەر بەمانای ئەوە نایەت ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بیروبۆچوونو کردارەکانی کارەکتەر روودەدات تەنیا لایەنی ئەرێنی بگرێتەوە، بەڵکو لای نەرێنیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا (محەمەدی حاجی زادە) لە رووی پێکهاتەوە کارەکتەرێکی پەرەسێنە، بەڵام ئەو پەرەسێنە بەشێوەیەکی نەرێنی بەسەر کردارەکانیدا رەنگیداوەتەوە، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کردارەکانیدا هاتووە نەلەگەڵ پیشەی مەلایەتییەکەیدا دەگونجاو نەلەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیشدا یەکی دەگرتەوە.

## ٢- کارەکتەری پەرەنەسێن:-

هۆکاری پەرەنەسەندنی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێوەندییەکی دیالێکتیکیانەی لەگەڵ رووداوەکاندا نییە بەوەی کارلێک لەگەڵ رووداوەکاندا ناکەنو ناکەونە ژێر کاریگەریی رووداوەکان، واتە هەڵکشانو بەرەوپێشچوونی رەوتی رووداوەکان کاریگەریی بەسەر هەڵوێستو هزرو بیرۆبۆچوونەکانی ئەمجۆرە کارەکتەرە نابێت، بەڵکو هەر لەسەر هەمان هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونی خۆی دەمێنێتەوە بەجۆرێک ئەو هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونەی لەسەرەتای رۆمانەکەدا هەیەتی ئەوا هەمان ئەو هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونەیە لە کۆتایی رۆمانەکەدا هەیەتی، چونکە پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا بەئاراستەیەکی راستو دیاریکراو دەڕواتو تا کۆتایی رووداوەکان بەجێگیریی دەمێنێـەوە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت، چونکە ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو رۆماندا (بەکاملی لەدایک دەبێت بێ ئەوەی رووداوەکان سروشتو سیماکانی بگۆڕن یاخود لە پێکهاتەکەی زیادو کەم بکەن)[1]، واتە نە رووداوەکانو تەنانەت نە کارەکتەرەکانی دیکەی ناو رۆمانەکەش کاریگەریی لەسەر پێکهاتەکەی دروست ناکەن.

---

[1] إبراهيم الطائي، بين القصة الادبية والقصة الصحفية، ص١٣٣.

هۆکـاری ئەمەش لەلایەک بـۆ نەبـوونی پەرچەکـردار یـاخود نەبـوونی گیـانی بەربەرەکـانی لەلایەن ئەمجـۆرە کـارەکتەرە دەگەڕێـتەوە بەرامـبەر بەو پێشـهاتو ململانـێو کێشـەو گرفتـانەی لەلایەن کارەکتەرەکانی دیکەی نـاو ڕۆمـانەکەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە جێگیریی پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەزۆری (لەسـەر بیرۆکەیەک یان سیفەتێکی دیـاریکراو بنیـات دەنرێـت، واتە تەنیـا یەک خاسـیەتیان دەبێـتو بەدرێژایـی ڕەوتـی ڕۆمـانەکەش گۆڕانکارییـان بەسـەردا نـایەت بەجۆرێک نە ڕووداوەکـان کاریگەرییـان بەسـەردا دەبێتو نەهیچیشـیان لێـوەردەگرن)[1]، هەروەهـا هۆکـارێکی دیـکەی پەرەنەسـەندنی ئەمجـۆرە کـارەکتەرە بـۆ پابەنـدبوونی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەدابونەریتو بەها باوەکانی کۆمەڵ دەگەڕێتەوە بەوەی هەمـوو کات ئامادە نییە لەو نەریتو بەها باوانە لابدات، یان جاری وا هەیە لەناو ڕۆماندا چنینو بنیاتی دەقەکە وا دەخوازێت بنیاتی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەم شێوەیە بمێنێتەوە ئەویش چ لەپێناو دروستکردنی ڕووداو و ململانێو تیمی ڕۆمانەکە بێت یان لەپێناو خزمەتکردنی شـاکەس یان کـارەکتەرە پەرەسـێنەکاندا بێت، بۆ نمـوونە بنیـاتی کورتە ڕۆمـانی (مـولازم تەحسینو شـتی تریش) لەسـەر بنەمـانی جێگیریی پێکهـاتەی (ئەختەر) لەلایەن نووسـەرەوە بنیـاتنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا جێگیریی بنیـاتی کـارەکتەری پەرەنەسـێن لەنـاو ڕۆمـانـدا دەبێـتە هـۆی ئەوەی ڕەگەزی کتـوپڕیو کـاری نـوێو چـاوەڕواننەکراو لەمجـۆرە کـارەکتەرە بەدینەکـرێ، چـونکە بەهـۆی جێگیریـی پێکهـاتەکەیەوە ئاسـتی بیرکـردنەوەی بەرامـبەر بە ڕووداوو کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمان فراوان نابێتو ناگۆڕێت.

بۆیە نەگۆڕانی ئەمجۆرە کارەکتەرەو مانەوەی پێکهاتەکەی بەجێگیریی لەناو ڕۆمـاندا زیـان بەبنیـاتی دەگەیەنێت بەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی بنیاتێکی سادەو ساکاریان هەبێتو خـوێنەر پێشـوەختە پێشـبینی بۆ هەڵوێستو کارو کردەوەکانی بکات، ئەمجۆرە بنیاتەش ئەرکی سـەرشانی ڕۆماننووس قورس ناکات بەوەی ناچاری بکات بە بەردەوامی ئاگاداری پەرەپێدانی گەشـەکردنی ڕەهەندەکانی بێت، یان کـاتێکی زۆریان بۆ تەرخان بکات بۆ ئەوەی بەقووڵی لایەنی دەروونـیو کۆمەڵایەتییان پیشـانی خـوێنەر بدات، بەڵکو دەتوانێت بەچەنـد ڕسـتەیەکی کەم بنیاتیـان بنێت، یـان جـاری وا هەیە ڕۆمـاننووس (دەتوانێت بەدەست لێدانێک ئەمجۆرە کەسانە بنیات بنێتو بەدرێژایی ڕەوتی ڕۆمانەکەش خزمەتی بیری خۆی پێ بکـات)[2]، تەنـانەت پێویسـتیش بەوە ناکـات ڕۆمـاننووس زیـاد لە جارێک پێشکەشـیان بکـات بـۆ ئەوەی

---

[1] محمد يوسف نجم (د.)، فن القصة، ص١٠٣.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

بەخوێنەریان بناسێت یان شیکردنەوەو روونکردنەوەی زیاتر لەسەر رەهەندەکانی بنیاتی ئەمجۆرە کارەکتەرە پێشکەش بەخوێنەر بکات، تەنانەت هەر بەهۆی ئەو بنیاتە سادەو ساکارەی ئەمجۆرە کارەکتەرە هەیەتی جاری وا هەیە رۆماننووس ئەمجۆرە کارەکتەرە لە ژیان (بەئامادەکراوی وەکو خۆیان وەریان دەگرێت)[1] بێ ئەوەی هیچ دەستکاریو گۆڕانکارییەکیان تێدا بکات، چونکە نموونەی ئەمجۆرە کارەکتەرە (لە واقیعدا زۆرەو ئەو کەسانە تا رادەیەکی تەواویش خاسیەتو سروشتیان لەو جۆرە کەسانە دەچێت کە لە ژیانی رۆژانەماندا چەندەها جار رووبەڕوویان دەبینەوەو هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەینو بەسەریاندا رەتدەبین بێ ئەوەی کاریان تێ بکەین یان کارمان لێبکەن، واتە ئەو کەسە پەرەنەسێنانە بەو کەسە سادانەی ژیان دەچن هەمیشە لە دووبارەبوونەوەدانو ناگۆڕێن)[2].

(محمد غنیمی هلال) سەبارەت بەمجۆرە کارەکتەرە دەڵێت: (کارەکتەری خاوەن یەک ئاراستە ئەو جۆرە کارەکتەرەیە لە ململانێیەکاندا ئاڵۆز نییەو سادەو ساکارە، گوزارشت لە یەک سیفەت یان یەک هەستو سۆز دەکات، بەدرێژایی رەوتی چیرۆکەکەش هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی پێکهاتەکەی بەجێگیریی دەمێنێتەوەو رەگەزی کتوپڕیو لەناکاوی تێدا بەدیناکرێت، زۆر بەئاسانیش دەتواندرێت هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونەکانی بەرامبەر بە رووداو و کارەکتەرەکانی دیکە دیاری بکرێتو بناسرێتەوە،... بنیاتی ئەمجۆرە کارەکتەرە لە رووی هونەرییەوە لاوازەو بەئاسانی دەتواندرێت وێنەیان بکێشرێت، چونکە کارلێککردنیان لەگەڵ رووداوەکان لەسەر بنەمایەکی ئاسان دادەمەزرێت بەوەی نابێتە هۆی ئەوەی بەقووڵی لایەنی دەروونیو کۆمەڵایەتییان پیشان بدرێت)[3].

بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوەی سەرەوەش (محمد علی سلامه) پێیوایە مانەوەی بنیاتی ئەمجۆرە کارەکتەرە بەو جێگیرییە لەناو رۆماندا بێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا بێت ئەرکی رۆماننووس لە کاتی بنیاتناندا (تووشی ماندووبوونێکی زۆر دەکات تاکو ئەمجۆرە کارەکتەرە لەسەر ئەم شێوە جێگیرییە بپارێزێو گۆڕانی بەسەردا نەیەت)[4] واتە بۆ ئەوەی هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونی کارەکتەرەکە لەناو رۆمانەکەدا لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی بەو جێگیرییە بهێڵێتەوەو گۆڕانی بەسەردا نەیەت، نەک هەر ئەوە بەڵکو ناوبراو پێیوایە ئەرکی رۆماننووس لە بنیاتنانی کارەکتەرەی پەرەنەسێندا زۆر قورسترە لەچاو بنیاتنانی کارەکتەری پەرەسێندا، چونکە ناوبراو پێیوایە

---

[1] پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل١٧٦.
[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.
[3] محمد غنیمی هلال (د.)، النقد الادبي الحديث، ص٥٢٩.
[4] محمد علي سلامة (د.)، الشخصية الثانوية ودورها في المعمار الروائي عند نجيب محفوظ، ص٢٠.

له بنیاتنـانی کـارەکتەری پەرەسـێندا (دەرهاوێشـتەکانی واقیـعو هەڵسـوکەوتەکانی کـارەکتەر)[١] ئەرکـی سەرشانی ڕۆماننووس زۆر ئاسان دەکات بۆ وێنەکێشانو بنیاتنانی کارەکتەری پەرەسێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا بنیـاتی کـارەکتەری پەرەنەسـێن بەهـۆی مـانەوەی بەو جێگیرییە لەنـاو ڕۆمانـدا دەبێتە هـۆی ئەوەی خوێنەر بتوانێت بەئاسانی لەیەکەم هەنگاوی بینینیەوە ئەمجۆرە کارەکتەرە بناسێتەوە، تەنانەت پێش ئەوەی ڕووداوەکـانی ڕۆمـانەکە بەکۆتـا بگـات بڕیـار لەسـەر چارەنووسیشـی بـدات، بەڵام لەگەڵ بـوونی هەمـوو ئەو تایبەتمەندییانەی کە باسـمان کـرد ئەوە مانـای ئەوە نییە ئەگەر کارەکتەرێک لەنـاو ڕۆمانـدا لە ڕووی پێکهـاتەوە پەرەنەسـێن بێت ببێتە هـۆی ئەوەی لە ڕووی ئەرکەوە ڕۆڵێکـی لاوەکـی لەنـاو ڕووداوی ڕۆمـانەکەدا هەبێت، بۆ نمـوونە لە کـورتە ڕۆمـانی (مـولازم تەحسـینو شـتی تـریش)دا ئەگەرچـی (ئەخـتەر) لە ڕووی پێکهـاتەوە کەسـێکی پەرەنەسـێنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پەرەنەسـێنی پێکهاتەکەی کاریگەریی بەسەر ئەرکی لەناو ڕووداوی کورتە ڕۆمانەکەدا نەبووە، چونکە (ئەختەر) لە ڕووی ئەرکەوە نەک هەر کارەکتەرێکی سەرەکییە بەڵکو شاکەسی کورتە ڕۆمانەکەشە.

بوونی ژمارەیەکی زۆر لەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا زیان بەبینای هونەری ڕۆمان دەگەیەنێت، چـونکە کارلێـک نەکردنـی ئەمجـۆرە کـارەکتەرە لەگەڵ ڕووداوەکانـدا دەبێـتە هـۆی ئەوەی ململانـێو پێوەندی نێوان کارەکتەرەکـان لاواز بێتو تەنـانەت ڕەوتـی ڕووداوەکانیش بەرەوپێشـەوە نەچن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بوونی ئەمجۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا پێویست نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕەنگە نەتواندرێت بەبێ بـوونی ئەمجۆرە کـارەکتەرە ڕۆمـان بنووسرێت، چونکە لەلایەک چـۆن لە ژیـانی واقیعیـدا پێکهـاتەی مرۆڤەکـان هەمەجـۆرە، ئەوا بـوونی ئەمجـۆرە کـارەکتەرەش لەنـاو ڕۆمانـدا دەبێتە هـۆی ئەوەی زیـاتر واقیعیـیەت بە ڕۆمـان ببەخشـێ بەوەی تێکەڵاویـیەک لە پێکهـاتەی کارەکتەرەکـان دروسـت دەکـات هاوشـێوەی مرۆڤەکـان، لەلایەکـی دیـکەوە ئەمجـۆرە کـارەکتەرە لەنـاو ڕۆمانـدا هاوشـێوەی کـارەکتەری لاوەکـی کۆمەڵێـک ئەرکـو ڕۆڵـی گرنـگ دەگێڕێت بەوەی بەهـۆی ئەو ڕۆڵو ئەرکانەی لەناو ڕۆماندا ئەنجامیدەدات دەتوانێ بوونی خۆی لەناو ڕۆماندا بسـەلمێنێ بەتـایبەتیش لە بنیاتی کارەکتەرە پەرەسێنەکاندا، چونکە بەهۆی پەرەنەسـەندنی ئەمجۆرە کارەکتەرەوە دەتواندرێت ڕۆشنایی زیاتر بخرێتە سەر هەڵوێستو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو کارو کردەوەو چۆنیەتی بیرکردنەوەی کارەکتەری پەرەسێن، یان زانیـاری زیـاتر لەسـەر کـارەکتەرە پەرەسـێنەکان پێشـکەش بەخـوێنەر بکەن، یان جاری وا هەیە بەهۆی پەرەنەسەندنی ئەمجۆرە کارەکتەرە زیاتر وێنەی کـارەکتەرە پەرەسـێنەکان

---

[١] محمد علی سلامة (د.)، الشخصیة الثانویة ودورها في المعمار الروائي عند نجیب محفوظ، ل٢٠.

لەناو رۆماندا بۆ خوێنەر ئاشکراو روونتر دەربکەوێ، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە رۆماننووس جاری وا هەیە بیرۆکەو ناوەڕۆکی رۆمانەکەی لە جێگیریی پێکهاتەی ئەمجۆرە کارەکتەرەوە کۆدەکاتەوە، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان (ئەختەر)ی شاکەسی رۆمانی (ملازم تەحسینو شتی تریش)ـە لە رووی پێکهاتەوە کارەکتەرێکی پەرەنەسێنە، بەڵام رۆماننووس بیرۆکەو ناوەڕۆکی کورتە رۆمانەکەی لە رێگای جێگیریی پێکهاتەی ئەو کارەکتەرەدا دەربڕیوە بەوەی بەهۆی پەرەنەسێنی پێکهاتەکەیەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا بۆتە سووتەمەنی دەستی پیاوانی سیاسیو کۆمەڵ.

## بنیاتی کارەکتەر

لە تەوەری چەمکی کارەکتەردا ئاماژەمان بەوەدا کارەکتەر لەناو رۆماندا بەراورد بەمرۆڤی راستەقینە بریتییە لە بوونەوەرێکی سادەی سەر کاغەز، واتە بوونەوەرێکن رۆماننووس لە وشە دروستی کردوون بۆ ئەوەی لاسایی کەسانی راستەقینەی پێ بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینو پیشاندانی ئەم وشانە وەکو مرۆڤێکی راستەقینە لەناو هزرو لە پێش چاوی خوێنەردا لەلایەن رۆماننووسەوە کارێکی ئاسان نییەو شارەزاو ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، چونکە بنیاتنانی کارەکتەر لەناو رۆماندا (بەیەکێک لە گرنگترینو ئاڵۆزترین ئەو ئەرکانە دادەنرێت کە رووبەڕووی چیرۆکنووس دەبێتەوە بەوەی پێویستی بەتواناو بەهرەیەکی هونەری گەورەو شارەزاییو تێگەیشتنێکی تەواو لە چەمکی کەسێتی مرۆڤ بەهەموو لایەنە جۆربەجۆرو ئاڵۆزەکانەوە هەیە، گرانی ئەم کارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کەسانەی چیرۆکنووس دروستیان دەکات وەیان راستتر بڵێین دەیانخوڵقێنێ سەرەتا تەنیا بریتییە لە کۆمەڵە رستەیەکی یەک بەدوای یەکهاتوویی بێ گیان)[1]، بەڵام دواتر رۆماننووس لە رێگای بەخشینی چەند رەهەندێک لە بنیاتی مرۆڤی راستەقینە بەو وشانە وەک (فیزیکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی،... هتد) بەرگێکی زیندوو بەو وشانە دەبەخشێتو وایان لێدەکات وەکو کەسێکی زیندوو لەناو رەوتی رووداوەکاندا هاتوچۆ بکەن، مەبەستیشمان لە زیندوو بەمانای بەخشینی (گیانو هەناسەدان بەکارەکتەر یان راستتر بڵێین بەم وشانە نییە، بەڵکو زیندووبوون بەمانای بەرجەستەبوونی ئەم وشانە لە پێش چاوو لەناو هزری خوێنەردا، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت بەئاسانیو بەئاسایی هەستی پێبکاتو بەجۆرێک لە جۆرەکان لە خەیاڵی خۆیدا وێنای بکات)[2]و لە کاتی

---

[1] پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل١٥٦.

[2] جەوهەر محەمەد مەولود، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا، ل٢٥.

خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا وا هەست بکات ئەم وشانە وەکو کەسێکی زیندوو لەناو جیهانی لاپەڕەی ڕۆمانەکەدا دەجووڵێنەوە، کەواتە بنیاتی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا پەیوەستە بەو ڕەهەندانەی کە ڕۆماننووس بەو وشانەی دەبەخشێت یان بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەوەی لەناو ڕۆماندا ڕۆحو خوێن بەو وشانە دەبەخشێتو وایلێدەکات وەکو کەسێکی زیندوو بێتە بەرچاوی خوێنەر، ئەوا ئەو ڕەهەندانەن کە ڕۆماننووس بەو وشانەی دەبەخشێت.

ڕۆماننووس لەسەرەتای دەسپێکی ڕۆمانەکەیدا هەموو ئەو ڕەهەندانە لە شێوەی قاڵبێکی ئامادەکراو بەکارەکتەری نابەخشێت، بەڵکو بەپێی پێویستی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان بەکارەکتەریان دەبەخشێت، تەنانەت مەرجیش نییە هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەلایەن ڕۆماننووسانەوە لەیەک کاتدا لەناو ڕۆماندا بەکارەکتەر ببەخشرێت، چونکە جاری وا هەیە بەپێی پێویستی مەبەستی ڕۆماننووس دەبێت بەوەی لەکاتی بنیاتنانی کارەکتەردا زیاتر گرنگی بە ڕەهەندێک بدات لەچاو ڕەهەندەکانی دیکە، دیارە ئەم گرنگیدانو زەقکردنەوەی ڕەهەندێک لەناو ڕەهەندەکانی دیکە لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەبێ هۆو لەخۆڕا نییە، چونکە تیمو ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە وا دەخوازێت ڕۆماننووس ئەمجۆرە کارە بکات ئەویش لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەی بەخوێنەر، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا ڕاستە ڕۆماننووس هەموو ئەو ناخۆشییانەی کە (ئەختەر) لە ڕۆمانەکەدا بەسەریدا هاتووە بەئاشکرا لە ڕێگای گفتوگۆی نێوان (باجی بنار) و (پورە ڕەعنا) ئاماژەی پێکردووەو هۆکارەکەشی گەڕاندۆتەوە بۆ ڕەهەندی فیزیکی ئەختەر (**من دەڵێم: ئەگەر ئەختەر ئاوها جوان نەبووایە، ئەم سەریەشەو بەڵایەی تووش نەدەهات**)[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ڕۆماننووس لە بنیاتنانی (ئەختەر)دا زۆر بەوردی باسی جوانی ڕەهەندی فیزیکی ئەم کارەکتەرەی نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باسی جوانییەکەی کردووە (**بەقوربانت بم، نۆشی گیانت بێت، دەڵێی کچی کافرۆشیت، ڕەببی پیرۆزی مودیر گیان بیت..!**)[2]، بەڵام ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە بەوەی ڕۆماننووس لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەی بۆ ئەوەی بتوانێ پیشانی بدات (ئەختەر) لە سەردەمێکی دیاریکراودا بۆتە سووتەمەنی کەسانی سیاسیو کۆمەڵ زیاتر گرنگی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەم کارەکتەرەی داوە نەک ڕەهەندی فیزیکی.

جاری واش هەیە ڕێبازە ئەدەبییەکان ڕۆماننووس ناچار دەکات بەوەی لە بنیاتی کارەکتەردا زیاتر گرنگی بە ڕەهەندێک بدات لەسەر حیسابی ڕەهەندێکی دیکە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی کۆندا بەهۆی

---

[1] فەرهاد پیرباڵ (د.)، مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٢.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

کاریگەریی ڕێبازی ریالیزمیەوە ڕۆماننووس گرنگی زیاتری بە ڕەهەندی فیزیکی کارەکتەری دەدا، واتە گرنگی بەدیوی دەرەوەی کەسەکان دەدا هەر لە ناوو تەمەنو پیشەوە تاوەکو دەگات بەجلوبەرگو تەنانەت ئەو کەرەستەو کەلوپەلانەش کە کەسەکان بەکاریان دەهێنا، دیارە هۆکاری ئەم گرنگی پێدانەش بە ڕەهەندی فیزیکی کارەکتەر لەناو ڕۆمانی کۆندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێبازی ریالیزم حەقیقەتی کارەکتەری لە دیوی دەرەوە دەبینی نەک ناوەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەش لە ڕۆمانی نوێدا بەتایبەتی لەدوای سەدەی بیستەم بەهۆی کاریگەریی توێژینەوەکانی (فرۆید)و قوتابیەکانی لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤ بووە هۆی ئەوەی لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا بەپێچەوانەی ڕۆمانی کۆن لەپێناو گەیشتن بەهۆشی کارەکتەر گرنگیدان لە دیوی دەرەوەی کارەکتەر گوازرایەوە بۆ دیوی ناوەوە، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆماننووسانی نوێ لەژێر کاریگەریی بۆچوونو توێژینەوانەکانی (فرۆید)دا حەقیقەتی کارەکتەریان لە دیوی ناوەوە دەبینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی بنیاتی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا لەوەدا بەدەردەکەوێت کە ڕۆماننووس بتوانێت گونجان لەنێوان هەردوو دیوی ناوەوەو دەرەوەی کارەکتەردا دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانێت زیندوویەتی پێ ببەخشێت، چونکە زیاد لە پێویست گرنگیدان بەدیوێک لەسەر حیسابی دیوێکی دیکە زیان بەبنیاتی کارەکتەر دەگەیەنێت، بۆ نموونە زیاد گرنگیدان بەدیوی دەرەوەی کارەکتەر دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکتەر وەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی پیشانبدرێتو سیفەتی زیندوویەتی پێ نەبەخشرێت.

ژمارەی ئەو ڕەهەندانەی لەناو ڕۆماندا کارەکتەری پێ بنیات دەنرێت زۆرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بنیاتنانو خوڵقاندنی کارەکتەردا چەند ڕەهەندێکی دیاریکراو زۆر بەزەقی بەدیاردەکەوێت وەک (فیزیکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی)، تەنانەت گرنگی ئەم چوار ڕەهەندە لەوەدا بەدەردەکەوێت هەندێجار بەهۆی ئەم چوار ڕەهەندەوە ڕەهەندەکانی دیکەی کارەکتەریش بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت.

## ١- ڕەهەندی جەستەیی (فیزیکی):

ئەم ڕەهەندە دیوی دەرەوەی جەستەی مرۆڤ و تەنانەت هەموو ئەو کەلوپەلو جلوبەرگانەش دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەجەستەی مرۆڤەوە، بۆ نموونە لە ڕووی ڕەنگەوە ڕەنگی چاو، پرچ، پێست و تەنانەت ڕەنگی هەموو ئەو جلوبەرگو کەلوپەلانەش دەگرێتەوە کە کارەکتەر لە بەریان دەکاتو بەکاریان دێنێت، لە ڕووی باڵاوە کورتیو درێژی باڵا دەگرێتەوە، لە ڕووی کێشەوە لاوازیو قەڵەوی دەگرێتەوە، لە ڕووی قەبارەوەش قەبارەی ئەندامەکانی جەستە لە چاو و لووتو گوێو،... هتد

دەگـــرێتەوە، لە رووی هەیـــکەلەوە گەورەیـــیو بچـــووکی هەیکەلـــی کەســـەکە دەگـــرێتەوە، لە رووی رەگەزەوەش جۆری رەگەزی کەسـەکە دەگرێتەوە بەوەی نێرە یـان مێیە، لە رووی تەمەنەوە تەمەنـی کەسـەکە دەگرێتەوە بەوەی منداڵە، هەرزەکارە، گەنجە، یـان پیـرە، لە رووی کەموکورِی جەسـتەییەوە تەواویو نـاتەواوی جەسـتەی کەسـەکە دەگـرێتەوە بەوەی کەسـەکە کەسـێکی تەواوە یـان کەسـێکی کەمئەندامەو جۆری کەمئەندامیەکەشی ئایا نابینایە،کەرِە، شەلە یان نەبوونو کەموکورِی لەهەر یەکێک لە ئەنـدامەکانی جەسـتەی کەسـەکە، لە رووی شـێوەوە شـێوەی روخسـارو دەموچـاوی کەسـەکە دەگرێتەوە بەوەی کەسێکی جوانە یان ناشیرینە.

راسـتە مـرۆڤ کاتێـک لە دایـک دەبێـت لە رووی جەسـتەوە بە رووتـی لە دایـک دەبێـتو هـیچ جلوبەرگێکو کەلوپەلێکی لەگەڵدا نییە، بەڵام لەلایەک بەهۆی پێویستی جەستەی مرۆڤ بەجلوبەرگو هەندێک کەلوپەلی دیاریکراو لەلایەکی دیکەوەش بەهـۆی هۆکـاری کۆمەڵایەتیو ئـایینییەوە جەسـتەی مرۆڤ لەدوای لەدایکبوونی راستەوخۆ پەیوەست دەکرێت بەجلوبەرگو چەند کەلوپەلێکی دیاریکراو بەجۆرێک ئەم جلوبەرگو کەلوپەلانە بەدرێژایی رەوتـی ژیـانی تـاکو مردنـی کەسـەکە لێی دانابرِێت، تەنانەت ژمارەی ئەو کەلوپەلانەی پێوەندی بەجەستەی کارەکتەرەوە هەیە بەپێی تێپەرِبوونی تەمەن ژمارەیان زیادیش دەکات، بۆیە هەمـوو ئەو جلوبەرگو کەلوپەلانەش لە(چاویلکە، پێڵاو، دەسـتکێش، کـاتژمێر، ئەنگوسـتیلە، ملـوانکە، مۆبایل،... هتد) هەموویـان دەچـنە نـاو چوارچێوەی رەهەنـدی فیزیکـی کارەکتەرەوە، بۆیە باسکردنو پیشاندانی جۆرو رەنگو قەبارەو شێوەی جلوبەرگو ئەم کەلوپەلانەش هاوشـێوەی پیشـاندانی جەسـتەی مـرۆڤ دەبێـتە بەشـێک لە بنیـاتی کـارەکتەر لەرووی رەهەنـدی فیزیکییەوە، لەلایەکی دیکەوە گرنگی پیشـاندانی ئەم شـتانە (جلـوبەرگو کەلـوپەل) لەنـاو رۆمانـدا لەوەدا بەدەردەکەوێت هەندێجار بەهۆی پیشاندانی ئەمجۆرە شتانەوە خوێنەر رەهەندی ئابووریو کۆمەڵایەتی کەسـەکەی بـۆ دەردەکەوێـت بەوەی سـەر بە چ چینێکـی نـاو کـۆمەڵە، لە رۆمـانی کۆنـدا لەبەر ئەوەی کارەکتەر بەرجەستەکردنی کەسانی واقیعی بوو ئەوا لە بنیاتی کارەکتەردا گرنگییەکی زۆر بەمجۆرە رەهەنـدە دەدراو زۆر بەوردی ئەم رەهەنـدەی کـارەکتەر پیشـانی خـوێنەر دەدرا، ئـامرازی پیشـاندانو پێشکەشکردنی ئەم رەهەندەش لە رێگای تەکنیکی وەسفەوە ئەنجامدەدرا.

گرنگی بوونی ئەم رەهەندەی کارەکتەر لەناو رۆماندا تەنیا لەوەدا خۆی نابینێتەوە بەهۆیەوە دیوی دەرەوەی کـارەکتەر هەر لە جەسـتەو هەمـوو ئەو کەلـوپەلو جلوبەرگـانەی پەیوەسـتن بەجەسـتەوە دەتوانـدرێت پیشـانی خـوێنەر بـدرێت، بەڵکـو هاوکـات لەپـاڵ ئەمانەشـدا رۆڵـی لە دروسـتکردنو

بەرەوپێشـچوونو یەکلاییکـردنەوەی ڕووداوەکـانیش هەیە، بـۆ نمـوونە دروسـتبوونی ڕووداوەکـان لە کورتە ڕۆمـانی (مـولازم تەحسـینو شـتی تـریش)دا بـۆ ڕەهەنـدی فیزیکـی (ئەختـەر) یـان بەشـێوەیەکی ڕوونتر بڵێن بۆ جوانی ڕووخساری ئەختەر دەگەڕێتەوە، تەنانەت نووسـەر لە ڕێگای گفتوگۆی نێوان (باجی بنار) و (پورە ڕەعنا)شدا بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەی بەم حاڵەتە کردووە، هەروەهـا لە ڕۆمـانی (هوتێل ئەوروپا)شدا ڕووداوەکان بەهۆی ئەم ڕەهەندەی کارەکتەرەوە یەکلایی بۆتەوە، چونکە (مسیۆ لوسیانا) بەهۆی بوونی ڤیزەی وڵاتی ئیسرائیل بەسەر پەساپۆرتەکەیەوە نەیدەتوانی سەردانی وڵاتی ئێران بکـات هەم بـۆ بینینی(زیبـا)ی خۆشەویسـتی هەمـیش دۆزینـەوەی ئەرشـیفـو دەستنووسـەکانی بـاپیری لە شـاری (ئەسـفەهان)، بەڵام دواتـر لە ڕێگـای لێکچـوونی ڕەهەنـدی فیزیکـی خـۆی لەگەڵ (محەمەدی حاجی زادە)ـەوە توانی ئەم سـەفەرە ئەنجامبدات، بەئەنجامدانی ئەم سـەفەرەش ڕووداوی ڕۆمانەکە بەکۆتا هات.

## ٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:-

بەهـۆی ئەوەی ئەم ڕەهەنـدەی کـارەکتەر زۆر بـوار دەگـرێتەوە ئەمە وایکـردووە ئەم ڕەهەنـدە پانتاییەکی فراوان لەناو ڕۆماندا داگیربکات، بۆ نموونە بواری هاوسەرگیری کەسەکە دەگرێتەوە بەوەی خێزانـدارە یـان سـەڵتە ئەگەر خێزانـدارە منـداڵی هەیە یـان نـا، پیشـەی کەسـەکە دەگـرێتەوە بەوەی مامۆستایە، قوتابییە، فەرمانبەرە، کاسبکارە، بازرگانە، پزیشکە، جوتیارە، کرێکارە،... هتد، مومارەسـەی حەزو ئـارەزووی کەسـەکەش دەگـرێتەوە بەوەی کەسـەکە وەرزشـوانە، مـوزیکژەنە، سیاسـەتوانە، نیگارکێشـە، گـۆرانیبێژە، شـاعیرە، نووسـەرە،.. هتـد، پلەوپـایەی کەسـەکە دەگـرێتەوە بەوەی خـاوەن دەسەڵاتە یان کەسێکی ئاسـاییە، چینی کەسـەکە دەگرێتەوە بەوەی هەژارە یاخود دەوڵەمەندە، شـوێنی نیشتەجێبوونی کەسەکە دەگرێتەوە بەوەی شارستانە یان گوندنشینە، جۆری پێوەندی کەسـەکە لەگەڵ کەسـانی دەوروبەریدا دەگرێتەوە بەوەی کەسێکی کراوەیەو بەشداری بۆنەو چالاکییە کۆمەڵایەتییە خـۆشو ناخۆشـەکانی نـاو کـۆمەڵ دەکـات یـاخود بەپـێچەوانەوە کەسـێکی گۆشـەگیرو داخـراوو دوورەپەرێزەو بەشداری چالاکیو بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵ ناکات، لە ڕووی ڕەوەشتەوە ڕەوەشتی کەسەکە دەگرێتەوە بەوەی کەسێکی بەڕەوشتە یان بەپێچەوانەوە بەدڕەوشتە، دزە، تلیاک کێشە، قومارچییە یاخود کەسێکی شەڕانگێزەو ئازاری خەڵک دەدات یان بەپێچەوانەوە کەسێکی لاشەڕە زیـانی بـۆ کەسـانی دەوروبەری نییە، لە ڕووی ئـایینیەوە جـۆری ئـایینی کەسـەکە دەگـرێتەوە بەوەی

موسڵمانە، مەسیحییە، جولەکەیە... هتد، لە رووی نەتەوەییەوە جۆری نەتەوەی کەسەکە دەگرێتەوە بەوەی کەسەکە کوردە، عەرەبە، فارسە، تورکە... هتد، تەنانەت لە رووی زمانەوە جۆری زمانو شێوەزاری کارەکتەرەکانیش دەگرێتەوە کە قسەی پێدەکەن، چونکە (دروستبوونی واتای هاوبەش لە زەینی قسەپێکەرانی زمان تەنیا بەپێی پەیمانو رێککەوتنی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ئەگەر قسەکەر لەو پەیمانە لابداو بەپێی بڕیاری کۆمەڵایەتی قسەکان دەرنەبڕێ ئەوا گوێگر لێی تێناگات)[١].

زۆربەی کێشەو گرفتەکانی ناو رۆمان لەم رەهەندەی کارەکتەردا رەنگدەداتەوە، بۆیە ئەم رەهەندەی کارەکتەر وەکو کەرەسەیەکی خاو وایە بەدەست رۆماننووسەوە بەهۆیەوە دەتوانێت بەشێکی زۆری بابەتەکانی لەم رەهەندەی کارەکتەر وەربگرێتو رۆمانەکەی پێ بنیات بنێت، لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا نووسەر لە بنیاتی (محەمەدی حاجی زادە)دا گرنگییەکی زۆری بە رەهەندی کۆمەڵایەتی ئەم کارەکتەرە داوە، تەنانەت تیمو ناوەڕۆکی رۆمانەکەشی هەر لە رێگای ئەو گۆڕانکارییانەی لە رەهەندی کۆمەڵایەتی ئەم کارەکتەرەدا روویداوە کۆکردۆتەوە.

## ٣- رەهەندنی دەروونی:-

ئەم رەهەندەی کارەکتەر ئەو سیفەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەدیوی ناوەوەی مرۆڤ وەکو رەشبینی، گەشبینی، شەرم، ترس، ئازایەتی، حەزی سێکسی، رەزیلی، سەخی، چاوچنۆکی، دەمارگیریی، هەڵچوون، دڵەڕاوکێ، نیگەرانی، تووڕەیی، نامۆیی، خەمۆکی، بێبەشبوون، خۆشەویستی، رقلێبوونەوە، درۆکردن، راستگۆیی، هەست بەکەمیکردن، دڵخۆشبون، دڵتەنگی، وروژاندن، لێبووردەیی، تۆڵەکردنەوە، بیرکردنەوە، بەرژەوەندیخواز، خۆویست، گرژیو مۆنی، توندڕەوی، میانڕەوی، زیرەکی، تەمبەڵی... هتد، بێگومان بەرجەستەبوونی هەریەک لەم سیفەتانە لە پێکهاتەی مرۆڤەکاندا بەشێکیان پێوەندی بە رەهەندی فیزیکی خۆیەوە هەیە وەکو ناشیرینی رووخسارو کورتیو درێژی باڵا یان بچووکیو گەورەیی هەندێک لە ئەندامەکانی جەستە یاخود نەبوونو کەموکوڕی لە هەندێک ئەندامەکانی جەستە کە رەنگدانەوەی بەسەر لایەنی دەروونی کەسەکە دەبێت، بەشێکی دیکەشیان پێوەندی بە رەهەندی کۆمەڵایەتی یان بەواتایەکی دیکە پێوەندی بەهۆکارو پاڵنەرە دەرەکییەکانی وەکو کەسانی دەوروبەرو ژینگەو کۆمەڵەوە هەیە بەتایبەتیش کاردانەوەی کارەکتەر بۆ ئەو هۆکارە دەرەکییانە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی کارلێککردن لەنێوان کارەکتەرەکاندا رووبدات، بێگومان ئەنجامی کارلێککردنی نێوان

---

[١] محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی رەخنەی ئەدەبی نوێوە، ل٦٣.

کارەکتەرەکانیش دروستبوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانی لێدەکەوێتەوە، لە ڕۆمانی نوێدا لەبەر ئەوەی ڕۆماننووسان حەقیقەتی کارەکتەریان لەدیوی ناوەوەدا دەبینی ئەوا بەراورد بەدیوی دەرەوە گرنگییەکی زۆریان بەم ڕەهەندەی کارەکتەر داوەو هەوڵی ئەوەیان دەدا لە ڕێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە ئەو هۆکارو پاڵنەرانە بخەنەڕوو کە دەبووە مایەی بەرجەستەبوونو چالاکبوونی ئەم سیفەتانە لە کەسایەتیو پێکهاتەی کارەکتەردا.

ئەم ڕەهەندەی کارەکتەر جگە لەوەی کاریگەریی بەسەر جووڵەو هەنگاوو دروستبوونی پێوەندی نێوان کارەکتەرەکاندا هەیە، لەهەمان کاتدا کاریگەریی بەسەر دروستبوونو یەکلاییکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانیشدا هەیە، بۆ نموونە لە کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا بەتاڵکردنەوەی حەزی سێکسی لە جەستەی (ئەختەر)دا پاڵ بە(جوامێر)ـەوە دەنێت بۆ ئەوەی پێوەندی لەگەڵدا دروست بکات، دواتر ئەنجامی تێرکردنی ئەو حەزە سێکسییە دروستبوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی لێکەوتەوە، لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)شدا کۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەهۆی ڕەهەندی دەروونی (مسیۆ لوسیانا) یەکلایی بۆتەوەو کۆتایی پێهاتووە، چونکە سیفەتی خۆشەویستی پاڵ بە(مسیۆ لۆسیانا)وە دەنێت بۆ ئەوەی سەردانی وڵاتی ئێران بکات هەم بۆ بینینو دۆزینەوەی (زیبا)ی خۆشەویستیو هەمیش دۆزینەوەی دەستنووسو ئەرشیفخانەکەی باپیری، لەلایەکی دیکەوە هەر لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) ڕەهەندی دەروونی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەدا هەبوو بەتایبەتی بوونی سیفەتی بەرژەوەندیخوازو خۆویستی لە پێکهاتەی (ساقی گوڵچین)دا بووە هۆی ئەوەی فێڵ لێکردنو ئیستیغلالکردنی چەند کارەکتەرێکی لێ بکەوێتەوە، چونکە لەلایەک (ساقی) لەبری یارمەتیدانی (ڕوئیا)ی دەستەخوشکی بەپێچەوانەوە فێڵی لێکرد دواتر ئەنجامی ئەم فێڵ لێکردنە بەهۆی سەکتەی قەلبییەوە مردنی (ڕوئیا)ی لێکەوتەوە، لەلایەکی دیکەوەش ئەمجۆرە سیفەتەی (ساقی گوڵچین) ئیستیغلالکردنی (محەمەدی حاجی زادە)شی لێ بەرهەم هات بۆ ئەوەی بەخراپ بەختی (ڕوئیا) بخوێنێتەوە، دواتر ئەنجامی ئەو ئیستیغلالکردنە بووە هۆی ئەوەی (محەمەد) ویژدانی ئازاری بدات، چونکە (محەمەد) پێیوابوو ئەو هۆکاری مردنی (ڕوئیا) بووە بەوەی (**ئەگەر بەدرۆش بووایە پێم گوتبا کە ئەو پیاوە عەرەبە مەغریبییە تۆی خۆش دەوێ، ئاوها لەناکاو تووشی ئەو سەکتە قەلبییە نەدەهاتو زۆرتر دەژیا**)[١].

---

[١] فەرهاد پیرباڵ (د.)، هوتێل ئەوروپا، ل١٣٧.

## ٤- ڕەهەندی هزری:-

بێگومان هیچ مرۆڤێکی تەندروست لە ژیاندا خاڵی نییە لە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، چونکە بەپێی تێپەڕبوونی کاتو تەمەن لەژێر کاریگەریی دابونەریتی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی کۆمەڵێک بیروڕاو هزری لەلا پەسند دەبێت، دواتر ئەو هزرو بیروبۆچوونانە وەکو نەخشە ڕێگاو دەستوورێک لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا کرداروو ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی خۆی پێ ڕایی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ هەنگاوەکانی داهاتووی خۆی پێ بنیات بنێت یاخود بەهۆیەوە قسە لەسەر دیاردەکانی ژیان بکاتو ڕەخنەیان لێبگرێت، چونکە ئایدیۆلۆژیا (شێوازێکە لە بیرکردنەوەو دابونەریتو ئاکارو تێگەیشتنو یاساو هونەرەکان... هتد، لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا چوارچێوە دەگرێت)[1]، کەواتە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی ئەو بیروبۆچوونو هزرو بیروباوەڕانە دەگرێتەوە کە کارەکتەر قەناعەتی پێ هەیە جا ئەو بیروباوەڕانە (سیاسی، ئایینی، علمانی، ئیشتراکی، ناسیۆنالیستی، لیبڕاڵی،... هتد) بێت.

ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگای ئەو وشانەی کەسەکان لە ناو دیالۆگەکانیاندا دەریان دەبڕنو هەندێجاریش لە ڕێگای کردارو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کەسەکانەوە ئاشکرا دەبێت، لەبەر ئەوەی لەلایەک لەناو توخمەکانی ڕۆمانیشدا توانای قسەکردن جگە لە کارەکتەر لە هیچ توخمێکی دیکە بەرجەستە نابێتو لەلایەکی دیکەوە کارەکتەریش وەکو توخمێک لاسایی مرۆڤی پێ دەکرێتەوە بۆیە لەناو ڕۆماندا ئایدیۆلۆژیا جگە لە کارەکتەر لە هیچ توخمێکی دیکەدا بەرجەستە نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆژیا لەلای کەسەکان بەندە بەبوونی حاڵەتی هۆشیاری چونکە هۆشیاری وا لە مرۆڤەکان دەکات پەی بەشتەکان ببات، بەڵام لەناو ڕۆمانی کۆندا بەهۆی باڵادەستی حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە کارەکتەر بەناچاری هەڵگری ئایدیۆلۆژیای ڕۆماننووس بوو و زیاتر گوزارشتی لە ئایدیۆلۆژیای ئەو دەکرد، واتە کارەکتەر بەپێی خواستو ئارەزوو و بەرژەوەندیی ڕۆماننووس هەڵسوکەوتی دەکردو دەجووڵایەوە، چونکە بوونی حیکایەتخوانی هەمووشتزان لەناو ڕۆماندا (دەبێتە هۆی سنووردارکردنی دەنگەکانی ترو تەنیا ئایدیۆلۆژیای ڕۆماننووس باڵا دەست دەبێتو یەک شێوازی لە ڕۆماندا بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش ڕێ لە دەنگو ڕەنگەکانی دیکە دەگرێت بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژیای خۆیان پێشکەش بکەن)[2]، بەڵام لەناو ڕۆمانی نوێدا بەهۆی بوونی تەکنیکی فرەدەنگییەوە سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای ڕۆماننووس بەسەر کارەکتەر کۆتایی پێهاتو کارەکتەر لەناو دنیای

---

[1] حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٢١٣.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠-٢١١.

ئایـدیۆلۆژیای تـایبەتی خۆیـدا دەژیـا، تەنـانەت هەر بەهـۆی ئەو تەکنـیکەوە حیکـایەتخوان دەسـەڵاتی ئەوەشی نەما ئایدیۆلۆژیای کارەکتەرەکان پێشکەش بکات بەڵکو کارەکتەر لە ڕێگای تەکنیکی دیالۆگەوە بۆ خۆی گوزارشتی لە ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خۆی دەکرد.

گرنگـی بـوونی ئایـدیۆلۆژیا لەنـاو ڕۆمانـدا بەتـایبەتیش ئایـدیۆلۆژیای جیـاواز ململانێـی نێـوان کارەکتەرەکـانی لێـدەکەوێتەوە، بێگومـان ئەنجـامی ململانێـی نێـوان کارەکتەرەکـانیش دروسـتبوونی ڕووداوی ڕۆمـانی لـێ بەرهەم دێـت بەتـایبەتیش لەو ڕۆمانـانەی کە ڕەهەنـدێکی سیاسـییان هەیە، بـۆ نموونە ئەگەرچی ڕووداوەکانی کورتە ڕۆمـانی (مـولازم تەحسـینو شـتی تـریش) لە دوو بواردا خۆی دەبینێـتەوە یەکێکیـان کـۆمەڵایەتییەو بـریتییە لە بەژنکردنـی (ئەخـتەر) لەلایەن (جوامێر)ـەوە، بەڵام ئەویتریان سیاسییەو بۆ جیاوازی ئایدیۆلۆژیای هەریەک لە (جوامێر) و (مـولازم تەحسـین) دەگەڕێتەوە بەوەی (جـوامێر) خـاوەن ئایـدیۆلۆژیایەکی مارکسـیو (مـولازم تەحسـین)یش خـاوەن ئایـدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی عەرەبی بوو، لەلایەکی دیکەوە هەر لە کورتە ڕۆمـانی(مولازم تەحسـینو شـتی تـریش)دا ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵێکی گرنگی بەسـەر ژیـانی کارەکتەرەکاندا بینیوە چونکە (جـوامێر) ئایـدیۆلۆژیای وەکو وەسیلەیەک بەکارهێنا بۆ فریودانو تێرکردنی حەزی سێکسـی خۆی لە جەسـتەی (ئەخـتەر)دا، تەنـانەت کاتێکیش (ئەختەر) دەبێتە کەسێکی سۆزانی دووبارە (جوامێر) ئایدیۆلۆژیای وەکو ئامرازێک بەکارهێنا بۆ فریودانی (ئەختەر) بۆ ئەوەی نەیخوازێت (**بەڵگەشم بۆ سەلماندنی قسەکەم ئەوەیە تـۆ خۆشت بـاش دەزانیت من مارکسیمو باوەڕم بەپرەنسیپەکانی مارکسیزم هەیە لەمبارەیەوە باوەڕم بەئازادیو مافەکانی ئافرەت هەیە، ئەمەی تۆ باسی دەکەی سووکی قەحپەییو عیلاقات لەگەڵ پیاوو ئەم شتە قـۆڕانە... هەرگیـز نـابنە ڕێگر لەبەردەم بڕیـاری منـدا، من هەزار جار پێم گوتووی: ئەخلاق تەنیا ناوگەڵ نییە! ئەخلاق هۆشیاریی شۆڕشگێڕانەیە**)[1].

## شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا

شـێوازی پێشکەشـکردنی کـارەکتەر لەنـاو ڕۆمانـدا پێوەنـدی بەجـۆری ئەو حیکـایەتخوانەوە هەیە کە ڕۆماننووسەکە ڕووداوەکانی پێ دەگێڕێتەوە، واتە شوێنی حیکـایەتخوانەکە لەسـەر ئاسـتی ڕووداوەکـان (لە ناوەوە یان لە دەرەوە) دەبێتە سـەنگی مەحەک بۆ پێشکەشـکردنی کـارەکتەر لەنـاو ڕۆمانـدا، چـونکە ئەگەر هــاتوو شــوێنی حیکــایەتخوانەکە کەوتە دەرەوەی ڕووداوەکــان ئەوا کــاری پێشکەشــکردنەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی حیکـایەتخوانو پێشکەشکردنەکەش بە ڕانـاوی کەسـی سـێیەمی تـاکی نادیـار

[1] فەرهاد پیرباڵ (د.)، مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥٢-٥٣.

(ئەو) ئەنجامدەدرێتو، جۆری حیکایەتخوانەش حیکایەتخوانی هەموو شتزان دەبێتو کارەکتەرەکانیش بەشێوەیەکی بابەتی پێشکەش دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو شوێنی حیکایەتخوانەکە کەوتە ناوەوەی ڕووداوەکان ئەوا لەم حاڵەتەدا کاری پێشکەشکردنەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی کارەکتەرەکانو جۆری حیکایەتخوانەکەش حیکایەتخوانی هەمان شتزان دەبێتو، پێشکەشکردنەکەش بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) ئەنجامدەدرێتو، کارەکتەرەکانیش بەشێوازی خودی پێشکەش دەکرێ.

بۆیە بەپێی ئەم بۆچوونەوەی سەرەوە ئەگەر حیکایەتخوان شوێنی کەوتە دەرەوەی ڕووداوەکان جۆری شێوازەکە ڕاستەوخۆ (ڕاگەیاندن) دەبێتو ئامرازی پێشکەشکردنی شێوازەکەش پشت بەتەکینکی وەسف دەبەستێت، بەڵام ئەگەر شوێنی حیکایەتخوان کەوتە ناوەوەی ڕووداوەکان جۆری شێوازەکە ناڕاستەوخۆ (نمایشکردن) دەبێتو ئامرازی پێشکەشکردنی شێوازەکەش پشت بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتو کاروکردەوەی کارەکتەر دەبەستێت.

کەواتە ڕێگاکانی پێشکەشکردنی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا دوو جۆرە یەکێکیان شێوازی ڕاستەوخۆیە ئەویتریان ناڕاستەوخۆیە، ئەگەرچی هەریەک لەم دوو شێوازە بنەماو پرەنسیپی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی ڕاستەوخۆ زیاتر لەناو ڕۆمانی کۆندا پەیڕەو دەکراو شێوازی ناڕاستەخۆش زیاتر لەناو ڕۆمانی نوێدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی هەڵبژاردنی هەریەک لەم دوو شێوازە بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەرەکان دەکەوێتە سەر ئارەزووی ڕۆماننووس بەوەی ئازادە لە هەڵبژاردنی هەریەک لەم دوو شێوازە بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەرەکان کام جۆریان بەکاربهێنێ بەجۆرێک ڕۆماننووس لەناو ڕۆماندا دەتوانێ هەردوو شێوازەکە بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەرەکان بەکاربهێنێ.

## ١- شێوازی ڕاستەوخۆ (ڕاگەیاندن):-

ئەمجۆرە شێوازە پێوەندیو مامەڵە لەگەڵ حیکایەتخوانی هەمووشتزاندا دەکات، لەبەر ئەوەی شوێنی ئەمجۆرە حیکایەتخوانەش دەکەوێتە دەرەوەی ڕووداوەکان ئەوا ئەمجۆرە حیکایەتخوانە کارەکتەرەکان لە دیوی دەرەوە دەبینێو وێنەیان دەکێشێ، بینینو وێنەکێشانی کارەکتەریش لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا دەبێتە یارمەتیدەرو پاڵپشتییەک بۆ حیکایەتخوانی هەمووشتزان بەوەی لەناو ڕۆماندا پابەند نەبێ بەکاتو شوێنێکی دیاریکراوەوە، ئەم پابەند نەبوونەش یارمەتی ئەوەی دەدات پێش ڕووداوو کارەکتەرەکان بکەوێت، ئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی ئەمجۆرە حیکایەتخوانە

لە کارەکتەرەکان بەهێزتر بێت بەوەی زانیاری لە کارەکتەرەکان زیاتر بێت بەجۆرێک هەندێک زانیاریو نهێنی دەربارەی کارەکتەرو ڕووداوەکان دەزانێت ئەوا کارەکتەرەکان بۆ خۆشیان هەستیان پێناکەنو نایزانن، زانینی ئەم زانیارییە زۆرانەش یارمەتی حیکایەتخوانی هەمووشتزان دەدات پێشوەختە نەک لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکان شارەزایی تەواوی لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەرەکان هەبێتو، دواتریش تەواوی هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە کارەکتەرەکەی پێ بنیاتنراوە لە ڕێگای تەکنیکی وەسفەوە لە شێوەی قاڵبێکی ئامادەکراو وەکو مۆرفیمێکی پڕ لە مانا دەلالەت پێشکەش بەخوێنەری دەکات، چونکە (وەسف هۆیەکە لە هۆیەکانی بیناکردن بەدەست حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە بەهۆیەوە دەتوانێ چوارچێوەی کاتو شوێنی ڕووداوەکانو ڕەفتارو سروشتی کەسەکانی پێ دیاری بکات)[1]، چونکە کاتێک حیکایەتخوان شوێنی دەکەوێتە دەرەوەی ڕووداوەکان (هەموو زانیارییەک لەبارەی کارەکتەرەکان، شوێنەکان، ڕووداوەکانەوە بەخوێنەر دەدا، چونکە زانیاری تەواوی لەبارەی هەموو کونو کەلەبەرێکی ناو ڕۆمانەکە هەیە)[2].

ڕاگەیاندنو ئاشکراکردنی بنیاتی کارەکتەریش لە ڕێگای حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە دەبێتە هۆی کوشتنی ڕەگەزی چێژ وەرگرتن لەلای خوێنەر بۆ ناسینو دۆزینەوەی سیفەتو کەسایەتی کارەکتەر، چونکە حیکایەتخوان هەموو کۆدی ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەر ئاشکرا دەکاتو وەکو پیازێکی سپیکراو پێشکەش بەخوێنەری دەکاتو هیچ بوارێکیش بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی لێکداوەنەوەو شیکردنەوەیەکی تازە لە بنیاتی کارەکتەرەکە بدۆزێتەوە بەجۆرێک پێویست ناکات جارێکی دیکە خوێنەر هەڵسەنگاندنو بەدواداچوون بۆ ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەرەکە بکات، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەمجۆرە شێوازە زیاتر لەناو ڕەخنەی کۆن یان بەواتایەکی دیکە لەناو ڕۆمانی کۆندا بەکاردەهات، سروشتی ڕەخنەو ڕۆمانی کۆنیش بەشێوەیەک بوو خوێنەر بەشێک نەبوو لە دەقەکەو زیاتر ڕۆماننووس زانیاریو شتەکانی پەیوەندیدار بەکارەکتەر بەئامادەکراوی پێشکەش بەخوێنەری دەکرد.

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی ئەمجۆرە حیکایەتخوانە لە دەرەوەی ڕووداوەکان کارەکتەرەکان دەبینیو وێنەیان دەکێشێ، ئەوا ئەمجۆرە بینینە جگە لەوەی ڕێگای پێدادەت کارەکتەرەکان پێشکەش بکات لەهەمان کاتیشدا ڕێگاشی پێدەدات (شیکردنەوە بۆ هەستو سۆزو هزرو بیروبۆچوونی کارەکتەرەکان بکاتو

[1] پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل٢٥٨.
[2] حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٢٤.

بەدواداچوونیش بۆ بەشێک لە هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان بکات، هەروەها راڤە بۆ بەشێکی دیکەیان بکات تەنانەت ئەمجۆرە بینینە زۆرجار رێگا بەحیکایەتخوانی هەمووشتزانیش دەدات بە راشکاویو بەبێ هیچ پێچو پەنایەک راو بیروبۆچوونی خۆی لەسەر هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان دەرببڕێت)[١].

پێشکەشکردنی کارەکتەریش بەم شێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر پێشوەخت هەموو شتێک دەربارەی کارەکتەرەکان بزانێت، بۆیە هەندێک لە رەخنەگرەکان پێشکەشکردنی کارەکتەر بەم شێوەیە بەو حاڵەتە دەچوێنن چۆن کاتێک (بینەر دەچێتە سینەما بۆ بینینی فیلمێک، بەڵام پێش دەستپێکردنی فیلمەکە یەکێک لە خاوەنی سینەماکە بێتە سەر تەختەی شانۆو گوتارێک پێشکەش بکات سەبارەت بە وەسفی شاکەسی فیلمەکە بەوەی کەسێکی شەڕانگێزەو بوونی شەڕانگێزییەکەشی بۆ کۆمەڵێک هۆکار بگەڕێنێتەوە)[٢]، ئەمجۆرە پێشکەشکردنەش (خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی بێبەشکردنی خوێنەر لە چێژی دۆزینەوەی یەک بەدوای یەکی بنیاتی رەهەندەکانی کارەکتەرو وایلێدەکات پابەندی ئەو وەسفە بێت کە حیکایەتخوانەکە پێشکەشی دەکات)[٣]، بۆیە هەندێک لە رەخنەگرەکان ئەمجۆرە پێشکەشکردنەی کارەکتەر بەجۆرێک لە کەموکوڕی شێوازی راستەوخۆ دەزانن، چونکە پێیانوایە (نابێت رۆماننووس یان حیکایەتخوان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بڕیار بدات کارەکتەر زیرەکە یان فێڵبازە یان شەڕانگێزە، بەڵکو دەبێت لە رێگای رەفتارو کارو کردەوەوە قەناعەتمان پێ بێنێ خۆشمان بوێن یان رقمان لێیان بێتەوە، چونکە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤەکاندا هیچ کەسێک لە ناوچەوانیدا نەنووسراوە کەسێکی زیرەکە یان فێلبازە یان باشە، بەڵکو ئێمە لە رێگای سروشتو خورەوەشتەوە شارەزای هەڵسوکەوتی خەڵک دەبینو دەیانناسین)[٤]، لەلایەکی دیکەوە پێشکەشکردنی کارەکتەر بەمشێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی رۆمانەکە لە هونەری درامی دوور بکەوێتەوەو کارەکتەر بەشێوەیەکی وەستاو پیشانی خوێنەر بدرێت، لەم حاڵەتەشدا پیشاندانو پێشکەشکردنی کارەکتەریش لەلایەن حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە بەمشێوەیە دەتوانین بەکاری مێژوونووس بچوێنین، چونکە لە زانستی مێژووشدا مێژوونووس هەڵدەستێ بەباسکردنو پێشکەشکردنی کەسەکان بێ ئەوەی کەسەکان توانای ئەنجامدانی هیچ جوڵەو قسەو کارو کردەوەکیان هەبێت.

ئەمجۆرە شێوازە زیاتر بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەری پەرەنەسێن گونجاوە، چونکە بنیاتی کارەکتەری پەرەنەسێن لەبەر ئەوەی ناکەوێتە ژێر کاریگەریی رووداوەکان ئەوا هەڵوێستو هزرو

---

[١] محمد يوسف نجم (د.)، فن القصة، ص٩٨.

[٢] إبراهيم الطائي، بين القصة الادبية والقصة الصحفية، ص١٤٠.

[٣] پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل١٨٩.

[٤] إبراهيم الطائي، بين القصة الادبية والقصة الصحفية، ص١٤٠.

بیروبۆچوونەکانی لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان بەجێگیریی دەمێنێتەوەو هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، ئەم بنیاتە جێگیرەش دەتواندرێت لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە حیکایەتخوان لەڕێگای تەکنیکی وەسفەوە هەموو زانیارییەکانی تایبەت بەسیفەتی کارەکتەرەکە لە شێوەی قاڵبێکی ئامادەکراو پێشکەش بەخوێنەری بکات.

## ٢-شێوازی ناڕاستەوخۆ (نمایش):-

ئەمجۆرە شێوازە پێوەندیو مامەڵە لەگەڵ حیکایەتخوانی هەمان شتزان دەکات، لەبەر ئەوەی شوێنی ئەمجۆرە حیکایەتخوانەش دەکەوێتە ناوەوەی ڕووداوەکان ئەوا کارەکتەرەکان لە دیوی ناوەوە دەبینیو وێنەیان دەکێشێت، بینینو وێنەکێشانی کارەکتەریش لە دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان ئەمجۆرە حیکایەتخوانە ناچار دەکات بەوەی لەناو ڕۆماندا پابەند بێ بەکاتو شوێنێکی دیاریکراوەوەو پێش ڕووداوو کارەکتەرەکان نەکەوێت، ڕۆیشتنی حیکایەتخوانیش بەمشێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی تێکستەکە بچێتە ناو بەرگی یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بۆ ئەوەی هەم گێڕانەوە ئەنجامبداتو هەمیش بەشداری ڕەوتی ڕووداوەکان بکات، ئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو زانیارییانەی ئەمجۆرە حیکایەتخوانە دەیزانێت هەمان ئەو زانیارییانە بێت کە کارەکتەرەکانی دیکە دەیزانن، ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی کارەکتەر لە حیکایەتخوانی هەمان شتزان بەهێزتر بێت، بەهێزی پێگەی کارەکتەریش لەناو ڕۆماندا ڕۆماننووس ناچار دەکات بوار بەکارەکتەرەکان بدات بۆ ئەوەی خۆیان (گوزارشت لە بیروبۆچوونو هەستو سۆزو ئارەزووەکانی خۆیان بکەن بۆ ئاشکراکردنی حەقیقەتی خودی خۆیان)[١].

پێشکەشکردنی کارەکتەریش لە ڕێگای خودی خۆیانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر پێشوەخت ڕووبەڕووی زانیاری یان قاڵبی ئامادەکراو نەبێتەوە سەبارەت بەماهییەتو کەسایەتی کارەکتەر، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆماننووس بوار فەراهەم بکات بۆ خوێنەرو بەشداری پێ بکاتو ببێتە بەشێک لە دەقی ڕۆمانەکە بۆ دۆزینەوەو ڕاڤەکردنی ڕەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەرەکان ئەویش لە ڕێگای ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو کاروکردەوانەی کارەکتەرەکان لەناو ڕۆمانەکەدا ئەنجامیدەدەن، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەمجۆرە شێوازە زیاتر لەناو ڕەخنەو ڕۆمانی نوێدا بەکاردێت، چونکە لە ڕەخنەو ڕۆمانی نوێدا خوێنەر بەشێکە لەدەقو بەشداری پێدەکرێت لە دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی

---

[١] محمد یوسف نجم (د.)، فن القصة، ص١٩٨.

دەقەکە، واتە لە رۆمانی نوێدا حیکایەتخوان (هەموو شتەکان نازانێتو شتەکان ناکەونە ژێر رکێفی ئەوەوە، بەڵکو نووسەر بەرە بەرە جێی خۆی بۆ خوێنەر چۆل دەکاتو، خوێنەر دەبێ بەکەسێکی چالاکو ئیجابی ئەوتۆ کە دەوری یەکەمی لە پرۆسەی ئەفراندنی ئەدەبیدا دەبێت)[1]، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ تەکنیکی فرەدەنگی دەگەڕێتەوە، چونکە لە تەکنیکی فرەدەنگیدا بوار بەکارەکتەرەکان دەدرێت هەم خاوەن دەنگی خۆیان بن‌و هەمیش خۆیان دەربڕی ناخی خودی خۆیان بن نەک رۆماننووس لە رێگای حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە کارەکتەرەکان پێشکەش بکات، چونکە لە شێوازی ناڕاستەوخۆدا حیکایەتخوانی هەمان شتزان (وەکو کارەکتەرێکی تەوەرەیی بەشداری رووداوەکان دەکاتو خاوەن هەڵوێستو دەنگی خۆیەتی‌و، ئازادی رەخنەو راڤەکردنیش بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت)[2].

بۆیە ئەمجۆرە شێوازە کارەکتەر لەسەرەتای رۆماندا لە شێوەی مۆرفیمێکی بەتاڵ پێشکەش بەخوێنەر دەکاتو ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو مۆرفیمە بەتاڵەش لە ماناو دەلالەت بۆ ناسینی کەسایەتی‌و رەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەرەکان دەخاتە ئەستۆی خودی خوێنەر بەوەی دەبێت خوێنەر هەنگاو بەهەنگاو بەدرێژایی رەوتی رووداوەکان چاودێری کەسایەتی‌و رەهەندەکانی بنیاتی کارەکتەرەکان بکاتو لەگەڵ کۆتاییهاتنی رۆمانەکەش شارەزای تەواوی کارەکتەرەکە دەبێتو وێنەکەی لەمێشکیدا دروست دەبێت، پێشکەشکردنی کارەکتەریش بەم شێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکتەرەکان لەناو رۆماندا بەشێوەی جووڵاو پیشان بدرێت، جووڵانەوەی کارەکتەریش دەبێتە هۆی ئەوەی شێوەیەکی درامی بە رۆمانەکە ببەخشێت، دیارە شێوازی درامیش (ئەرکێکی قورس ناخاتە سەرشانی رۆماننووس بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەرەکان، بەڵکو لە بەرامبەردا بوار بەخوێنەر دەدات بەوەی پوختەی ئەنجامو توانجەکان سەبارەت بە رەهەندو کەسایەتی کارەکتەرەکان بدۆزێتەوە ئەویش چ لە رێگای بەشداریکردنی کارەکتەرەکان لەناو رووداوەکاندا بێت یان لە رێگای روانینی کارەکتەرێک بۆ ئەوانی دیکە بێت)[3].

کاتێک رۆماننووس رێگا بەکارەکتەرەکان دەدات خۆیان پێشکەش بکەن ئەوا ئەمجۆرە پێشکەشکردنە بەپێی چەند بنەمایەک ئەنجامدەدەرێت، یەکێک لەو بنەمایانەش ئەو کارو کردەوانەیە کە کارەکتەر لەناو رووداوی رۆمانەکەدا ئەنجامیدەدات، دیارە کارو کردەوەش رۆڵێکی گرنگی لە ناساندنی کارەکتەر هەیە بەخوێنەر بەجۆرێک زانستی دەروونناسی پێیوایە دروستبوون‌و ناسینی کەسایەتی

---

[1] حەمە کەریم عارف، دەربارەی رۆمان‌و چیرۆک، ل٢٠.
[2] حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە رۆمانی کوردیدا، ل٢٤٧-٢٤٨.
[3] حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، ص٢٢٣.

کەسەکان بەستراوەتەوە بەو کارو کردەوانەی کەسەکان لە ژیانی رۆژانەیاندا ئەنجامیدەدەن، بۆیە کارو کردەوە رۆڵێکی گرنگی لە ناساندنی کەسایەتی کارەکتەردا هەیە بەوەی خوێنەر بەهۆی کارو کردەوەوە دەتوانێ شارەزای جۆری پیشەو ئاستی رەوشتیو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەرو رەهەندی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆژیای کارەکتەرەکانی ناو رۆمان ببێت، لەلایەکی دیکەوە ناسینی کارەکتەر لە رێگای کارو کردەوەوە دەبێتە هۆی زیاتر قەناعەت پێهێنانی خوێنەر بە رەهەندو کەسایەتی کارەکتەر، چونکە سروشتی مرۆڤ لە ژیاندا بەمشێوەیە بۆ ناسینو هەڵسەنگاندنی رەوشتی کەسەکان زیاتر بڕوا بەو شتانە دەکات کە بۆ خۆی لە ئەنجامی بینینی کارو کردەوەی کەسی بەرامبەر بۆی روون دەبێتەوە نەک لە رێگای باسکردنو وەسفکردنەوە پێی رابگەیەندرێت، تەنانەت گرنگی کارو کردەوە لە ناسینی مرۆڤەکان لە ژیانی واقیعیدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە بەهۆی ئەنجامدانی هەندێ کارو کردەوەی نائاسایی کە لەگەڵ مەنتیقدا ناگونجێ دەتواندرێت ئاستی عەقڵی مرۆڤەکانی پێ دیاری بکرێت بەوەی لە رووی عەقڵییەوە کەسێکی تەواوە یاخود ناتەواوە.

یەکێکی دیکە لەو بنەمایانەی ئەم شێوازە پشتی پێدەبەستێ بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەر تەکنیکی دیالۆگە، گرنگی دیالۆگیش لەناو رۆماندا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەگەر گێرانەوە بەزمانی رۆماننووس دابنرێت ئەوا دایەلۆگ بەزمانی کارەکتەر دادەنرێت، چونکە کاتێک دیالۆگ لەنێوان دوو کارەکتەردا دەستپێدەکات رۆماننووس یان حیکایەتخوان لە کاتی ئێستادا بوونی نامێنێو دەکشێتە پاشەوە، چونکە قسەکەر راستەوخۆ قسە بۆ وەرگری راستەوخۆ دەکاتو قسە لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ دەکەن بەبێ دەستتێوەردانی حیکایەتخوان، بەمەش بەهۆی دیالۆگەوە (کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک دەتوانن پێوەندییەکی راشکاوانەو راستەوخۆ لەگەڵ یەکتریدا ببەستن)[1]و بیروڕا لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەمجۆرە پێوەندییەش زیندوویەتییان پێدەبەخشێتو وایان لێدەکات راستەوخۆ رووبەڕووی خوێنەر ببێتەوەو کەسایەتییان بەبێ یارمەتی حیکایەتخوان دەربکەوێ، چونکە دیالۆگ لەلایەک دەربڕی راستەوخۆی کەسایەتییەکانە بەوەی (توندڕەوبن یان میانڕەو، ئاسایی بن یان گرژو ئاڵۆز، هۆشمەند بن یان گەمحێل، جوانساز بن یان بێهەست، ئەمانەو دەیان سیفەتی دیکە کە لە دواندا بەدەردەکەون)[2]، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دیالۆگەوە جیاوازی تاکێتی (فروق فردی) نێوان کارەکتەرەکانیش لە رووی دەروونیو هزریو کۆمەڵایەتی... هتد دەردەکەوێت، چونکە لە دیالۆگدا (هەر کەسێک دەبێتە خاوەنی

---

[1] محمد یوسف نجم (د.)، فن القصة، ص١١٧.

[2] عەبدوڵڵا سەڕاج، بەرەو ئاستانەی رۆمانو گۆشەنیگاکان، ل١٨.

دەنگو بۆچوونی تایبەتی خۆی، بەواتای ئەوەی ئاخاوتنو گفتوگۆکان گوزارشت لە بیروبۆچوونو ئاستە جیاوازەکانی ئاگایی خاوەنەکانیان دەکەن، ئەمەش لەلای خۆیەوە پەیوەستە بەئاستی کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتیو چینایەتیو رۆشنبیرییو تەمەنو ئەزموونەکانی کەسەکەوە)[١]، تەنانەت نەمری هەر کارەکتەرێک لەناو رۆماندا تا رادەیەک بەستراوەتەوە بەو قسانەی کارەکتەرەکە لەناو رۆمانەکەدا دەیکات، بۆ نموونە (مەکسیم گۆرکی) دەڵێ: (رۆژێک (تۆلۆستۆ) پێی گوتم تۆ خۆت لە رادەبەدەر قسان دەکەیو کەمتر مەیدانی قسەکردن بەکەسایەتییەکانی چیرۆکەکەت دەدەیت، هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو کەسایەتییانەی تۆ دەیانخوڵقێنی خەڵکێکی راستەقینە نینو زۆر لە یەک دەچنو لە بیری پیاو نامێنن)[٢].

کەرەستەو ئامرازی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان زمانە، بۆیە لە رێگای ئەو وشانەی کارەکتەرەکان لە دیالۆگی نێوان خۆیاندا بەکاری دێنن ناسنامەی کارەکتەرەکان لە زۆر بواردا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، بۆ نموونە لە بواری زمانەوانیدا جۆری نەتەوەو زمانو شێوەزاری کەسەکەی بۆ دەردەکەوێت، تەنانەت هەر بەهۆی ئەو زمانو شێوەزارەی کارەکتەرەکان بەکاری دێنن خوێنەر فەزای رۆمانەکەی بۆ روون دەبێتەوە بەوەی رووداوەکان لە چ شوێنێکدا روویانداوەو کارکتەرەکانیش خەڵکی چ شوێنو ناوچەیەکن بۆ نموونە (لە رێی دیالۆگی نێوان (دالگە)و کەسانی دیکەی نێو خێزانەکەی (ئەکبەر)ی پاڵەوانی رۆمانی (کۆردەرە)ی (خەسرەو جاف) دەزانین رووداوەکان لە ناوچەی خانەقین روودەدات، هەروەها لە رێی ئاخاوتنی نێوان کەسانی هەردوو رۆمانەکەی عەزیزی (مەلا رەش)ەوە (کوێخا سێوێ) و (غەوارە) درک بەوە دەکەین رووداوەکان لە ناوچەی دەشتی هەولێر روودەدەن)[٣]، لە بواری هزریشدا لە رێگای دیالۆگەوە ئاستو چۆنیەتی بیرکردنەوەو ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەو بیروبۆچوونو قەناعەتی کەسەکانمان بۆ دەردەکەوێت بەوەی بڕوایان بە چ شتێک هەیەو لایەنگیرییو پشتگیریی چ جۆرە بیروڕاو سیاسەتو شتێک دەکاتو بەپێچەوانەوەش دژایەتیو بەرهەڵستی چ جۆرە بیروڕاو سیاسەتو شتێک دەکات، لە بواری رۆشبیریشدا ئاستی خوێندەوارییو نەخوێندەواری کەسەکە بەدەردەکەوێت، چونکە شێوازی قسەکردنی کەسێکی رۆشنبیرو ئەکادیمی تەنانەت ئەو وشانەی بۆ قسەکردن بەکاری دێنێ زۆر جیاوازە لەگەڵ شێوازی قسەکردنی کەسێکی نەخوێندەوار، لە بواری دەروونیشدا شارەزای رەفتارو هەڵسوکەتی کەسەکان دەبین بەوەی کەسێکی دەمارگیرە یاخود لەسەرخۆو نەرمو نیانە یان

---

[١] جەلال ئەنوەر سەعید (د.)، گفتوگۆ لە رۆمانی کوردیی کرمانجی خوارووددا، ل٢١٥.

[٢] ئیبراهیم یونسی (د.)، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆکنووسین، ل٥٣.

[٣] عادل گەرمیانی (د.)، چەند سەرنجێك دەربارەی رۆمانی ریالیزمیو خاسیەتەکانی، ل٣٨.

کەسێکی ڕەشبینە یاخود گەشبینە، چونکە ئەگەر کارەکتەرەکە دیدێکی ڕەشبینانەی بۆ ژیان هەبێت ئەوا زمانی قسەکردنیشی پڕ لە وشەی ڕەشبینی دەبێت، بەپێچەوانەوەش ئەگەر کارەکتەرەکە دیدێکی گەشبینانەی بۆ ژیان هەبێت ئەوا زمانێکی پڕ لە وشەی گەشبینی دەبێت، تەنانەت لە رووی دەروونییەوە خوێنەر ئاستی عەقڵی کەسەکەشی بۆ دەردەکەوێت بەوەی کەسێکی تەواوە یاخود ناتەواوە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوەش جۆری چینو پیشەو پلەوپایەو پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەو شوێنی نیشتەجێبوونی کەسەکەی بۆ دەردەکەوێت بەوەی کەسێکی لادێیە یان شارییە.

کەواتە لە ڕێگەی ئەو وشانەی لە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان بەکاردێتو دەردەبڕدرێت خوێنەر دەتوانێ شارەزای ڕەهەندی دەروونیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئاستو چۆنیەتی بیرکردنەوەی کارەکتەری ناو ڕۆمان ببێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا)دا (فەرهاد)ی کارەکتەر بەهۆی ئەو وشانەی (محەمەد حاجی زادە) لە دیالۆگەکانیدا بەکاری دەهێنا بۆی دەردەکەوێ کە (محەمەد) مەلایە:

**- من لەو دەمەدا بەدەست خۆم نەبوو پێکەنینم بەئاوازی قسەکردنی محەمەدی حاجی زادەدا هاتەوە، هەروەها بەهەندێ لەو وشانەی کە بەکاری دەهێنان وەکو (کافر) و (بێ دین) دەمێک بوو حەزم دەکرد پێی بڵێم: ئاغای محەمەد... ئاوازی قسەکردنی جەنابت زۆر لە خوتبەدانی ئیمامی مزگەوتەکان دەچێ.**

-....

**- بەڵێ وایە من ئیمامی مزگەوت بووم[١].**

چونکە (لەدیالۆگدا وشە دەتوانێت ئازاد بێت، هەر وشەیەک لەهەر لایەک دەرچێت ڕەنگدانەوەی هەمان ئایدیالۆژیو پلەی کۆمەڵایەتییە کە ئاخێوەر هەیەتی، بەرانبەرەکەش بەهەمان شێوە لە ڕێی وەڵامەکەیەوە خوێنەر درک بەئاستی ڕۆشبیرییو کۆمەڵایەتییەکەی دەکات)[٢]، لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی دیالۆگ بۆ خۆی تەکنیکێکی ڕۆمانە بەهۆی قسەی نێوان کارەکتەرەکان دروست دەبێتو ڕۆڵی لە ناساندنو پێشکەشکردنی کارەکتەردا هەیە، لەهەمان کاتدا لەناو ڕۆماندا بەهۆی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان تەکنیکی فرەدەنگیشی پێ دروست دەبێت، ئەم تەکنیکەش بەهەمان شێوەی تەکنیکی دیالۆگ ڕۆڵی لە ناساندنو پێشکەشکردنی کارەکتەردا هەیە، چونکە ئەم تەکنیکە جگە لەوەی شێوەیەکی درامی بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت، لە هەمان کاتدا بەشداری دەکات لە ناساندنو پێشکەشکردنی ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی کارەکتەر، چونکە ئەمجۆرە تەکنیکە دەسەڵات لە حیکایەتخوان دەسەنێتەوە لەبەرامبەردا

---

[١] فەرهاد پیرباڵ (د.)، هوتێل ئەورووپا، ل٦٣.

[٢] حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٣٨.

ئازادی بەکارەکتەرەکان دەبەخشێتو ڕێگایان پێدەدات بێنە سەر تەختەی شانۆ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیای خۆیان لە ڕێگای خودی خۆیانەوە ئاشکرا بکەن، ئەمجۆرە ئاشکراکردنەش یارمەتی خوێنەر دەدات بەوەی بەبێ یارمەتی حیکایەتخوان لە نزیکەوە ئاگادارو شارەزای ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیو بیروبۆچوونو چۆنیەتی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان ببێت.

یەکێکی دیکە لەو بنەمایانەی ئەم شێوازە لە پێشکەشکردنی کارەکتەردا پشتی پێدەبەستێت تەکنیکی مۆنۆلۆگە، گرنگی ئەم تەکنیکەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە بوار بۆ کارەکتەرەکان دەڕەخسێنێت بەوەی زۆر بە ڕوونیو ڕاشکاوی قسە لەگەڵ خودی خۆیاندا بکەن، ئەمجۆرە قسەکردنەش دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی دیوی ناوەوەی کارەکتەرو دیاریکردنی هەڵوێستیان بەرامبەر بەکەسانی دەوروبەریان، چونکە (مۆنۆلۆگ بەئامرازی توێکارکردنی زەینی کارەکتەر دادەنرێت بەهۆیەوە دەتوانرێت لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی کارەکتەر بگەین، واتا ئەوپەڕی واقیعیەتی مرۆڤ لە مۆنۆلۆگوکەیدا بەدیدەکرێت، بەوەی ئەو قسەو باسانە هەڵقوڵاوی دەروونی مرۆڤنو دوورن لە هەموو جۆرە فشارو سانسۆرێکی دەرەکی)[١].

ئەمجۆرە شێوازە بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەری پەرەسێن گونجاوە، چونکە کارەکتەری پەرەسێن بەهۆی گۆڕانی ڕەفتارو هەڵوێستو کاروکردەوەکانیەوە ناتواندرێت پێشوەختە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەهەندەکانی بنیانی بکرێت، چونکە لەلایەک بەهۆی کاریگەریی ڕووداوەکانو لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕەوتی ڕووداوەکانو بەرەوپێشچوونیان ئەوا هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونەکانی ئەمجۆرە کارەکتەرە هەنگاو بەهەنگاو گۆڕانی بەسەردا دێتو لەگەڵ کۆتاییهاتنی ڕووداوەکانیش بنیاتو وێنەکەی دروست دەبێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (هۆتێل ئەورپا)دا (محەمەدی حاجی زادە) یەکێکە لە کارەکتەرە پەرەسێنەکان تاکو کۆتایی ڕووداوەکان وێنەکەی بۆ (فەرهاد)ی کارەکتەر ڕوون نابێتەوە، چونکە ئەگەر فەرهاد لە سەرەتادا (محەمەدی حاجی زادە)ی بەکەسێکی دڵسافو ساویلکەو ڕاستگۆ بێتە بەرچاو (**من باوەڕم بەپاکیو ڕاستگۆیی محەمەدی حاجی زادە زۆر دەکرد**)[٢]، کەچی لە کۆتایی ڕووداوەکاندا بەهۆی کارلێککردنی لەگەڵ ڕووداوەکاندا نەک هەر بەدرۆزن ناوی دەبات بەڵکو بەئیبلیسیش دەیچوێنێ (**هەر کاتێک بەتەلەفۆن ئەم پرسیارانە لە محەمەدی حاجی زادەی ساختەکارو درۆزن دەکەم، خۆی لێم دەکاتە مسیۆ لوسیاناو عەینەن ئیبلیسێک خۆی پیشاندەدا**)[٣].

---

[١] دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا(بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ١٩٧٢-٢٠٠٢)، ل٢٢.

[٢] فەرهاد پیرباڵ (د.)، هوتێل ئەوروپا، ل١٣.

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

# بەشی دووەم

## جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی ئەرکەوە لە رۆمانی (ملازم تەحسینو شتی تریش)دا

### ١- کارەکتەری سەرەکی:-

#### - ئەختەر:

یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم کورتە رۆمانە، لەسەر ئاستی رووداوەکاندا شوێنێکی زۆری لەناو رووداوەکانی ئەم کورتە رۆمانە داگیرکردووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی رۆمانەکە ئامادەیی لەناو رووداوەکاندا هەیە، ئەم ئامادەبوونە زۆرەشی بۆتە هۆی ئەوەی رۆڵێکی زۆری هەبێت لە بەرەوپێشبردنی رووداوەکان بەجۆرێک بەهۆی ئەم رۆڵە زۆرەوە توانیویەتی تەوەرەو چەقو خولگەی رۆمانەکە پێکبهێنێتو هەموو کارەکتەرەکانی دیکەی ناو کورتە رۆمانەکە بەدەوری ئەودا بخولێنەوە، هەروەها لەسەر ئاستی تێکستیشدا یەکێکە لەو کارەکتەرانەی شوێنێکی زۆری لەناو ئەو کورتە رۆمانەدا داگیرکردووە راستی ئەم قسەیەشمان لە لاپەڕە (٣-٦٢) هەروەها (٧٥-١٣٠) بۆ دەردەکەوێت، چونکە نووسەر ئەو لاپەڕانەی بەهێڵێک بۆ دوو کاتی رۆژو شەو دابەش کردووە کەچی (ئەختەر) تاکە کارەکتەرە لەم کورتە رۆمانەدا لەنێوان هەردوو کاتەکەدا رۆڵی هەیە، لەلایەکی دیکەوە (ئەختەر) نەک تەنیا خودی خۆی بەڵکوماڵەکەشی وەکو تەختەی شانۆ وابوو کە بەشی هەرە زۆری رۆمانەکە لەناو ماڵی ئەودا پێشکەش دەکرێت بەجۆرێک سەرەتای دەستپێکردنو کۆتاییهاتنی تێکستەکە لە ماڵی ئەودا دەست پێدەکاتو کۆتایی پێدێت، ئەنجامی هەموو ئەمانەش بووەتە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی تێکستو رووداودا بوونو ئامادەبوونێکی زیاتری لەچاو کارەکتەرە سەرەکییەکانی دیکەدا هەبێتو، بەراورد بەکارەکتەرەکانی دیکەش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر رووداوەکانەوە هەبێت بەجۆرێک ئەنجامی ململانێی سیاسی نێوان (جوامێر) و (مولازم تەحسین) لەم کورتە رۆمانەدا بەهۆی بوونو هاوکاری (ئەختەر)ەوە یەکلایی بۆتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەم ئامادەبوونە زۆرەی (ئەختەر) لەسەر ئاستی رووداوو تێکستیشدا بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەر (ئەختەر) بۆ خۆشی لەسەر تەختەی شانۆ یاخود لە شوێنەکەدا نەبێت ئەوا باسو خواسەکان هەر بۆ ئەو بگەڕێتەوەو پێوەندی بەئەوەوە هەیە، راستی ئەم قسەیەشمان لە لاپەڕە (٦٣-٧٣) بۆ دەردەکەوێت کە تایبەتە بەگفتوگۆی نێوان تەنیا (باجی بنار) و (پورە رەعنا) تێیدا باسی پێوەندی نێوان (ئەختەر) لەگەڵ (مولازم تەحسین) و (جوامێر)و ئەنجامی ئەو پێوەندییەی (ئەختەر) لەگەڵ ئەم دوو کارەکتەرە کراوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو بەهۆی ئەو رۆڵە گرنگو کاریگەرەی (ئەختەر)

لەنــاو رۆمــانەکەدا هەیەتــی نووســەر تــیمو نــاوەڕۆکی رۆمانەکەشــی لە پێکهــاتەی ئەم کــارەکتەرەدا کــۆکردۆتەوەو، تەنــانەت بەشــێوەیەکی ئاشــکراش بیــرۆکەی رۆمــانەکەی لەســەر زاری (ئەخــتەر)دا دەربڕیوە بەوەی کاتێک گوتی: ‹**من وەک ئەم میللەتە بوومەتە قوربانی هەردوو لایان: رژێمو پێشمەرگە**›(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٢**)، بۆیە بەهۆی ئەو ئەرکو رۆڵە گرنگو کاریگەرەی (ئەختەر) لەناو رۆمانەکەدا دەیگێڕێت دەتوانین بە شاکەسی رۆمانەکە هەژماری بکەین.

(ئەختەر) کچی (قادر) بوو کە بە(قادر قوتوو) ناسراو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی مردبوو هیچ رۆڵێکی لەناو رۆمانەکەدا نەبوو، سەبارەت بەدایکیشی هەرچەندە نووسەر ئاماژەی بەناوی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونێکی وای لەناو رووداوەکاندا نەبوو تەنیا ئەوەندە نەبێت لە رۆمانەکەدا ئاماژە بەوە کراوە لەدوای بەژنکردنی (ئەختەر) لەلایەن (جوامێر)ـەوەو پاشانیش هەڵاتنی (جوامێر) بۆ شاخو هەروەها ئامادەنەبوونی (جوامێر) بەخواستنی (ئەختەر) ئیدی بەو خەفەتەوە سەر دەنێتەوەو دەمرێت، سەبارەت بەبراش برای نەبووە، هەرچەندە بەهۆی باسکردنی خوشکەزایەک لەلایەن (ئەختەر)ـەوە دەبێت (ئەختەر) خوشکێکی هەبووبێت، بەڵام ئەویش بەهەمان شێوە هیچ رۆڵێکی لەناو رۆمانەکەدا نەبووە، چونکە جگە لە ئاماژەنەکردن بەناوی خوشکەکەی لەهەمان کاتدا هیچ زانیارییەکیش دەربارەی ئەم خوشکەی لەلایەن نووسەرەوە پێشکەش بەخوێنەر نەکراوە، سەبارەت بەخزمەکانیشی ئەگەرچی ئامــاژە بەنــاوی نەکــراوە بەڵام باســی خــاڵێکی کــراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا رۆڵێکــی کەمــی لەنــاو رووداوەکاندا هەیە.

کاتێک خوێنەر لەسەرەتادا رۆمانەکە دەخوێنێتەوە بەتایبەتی لە بەشی (**ژیانی رۆژانەی ئەختەر** ‹١›**و ژیــانی شــەوانەی ئەخــتەر** ‹١›) لە رێگــای تەکنیکــی دووبــارەکردنەوەی تێکســتەکەوە بــۆی دەردەکەوێــت (ئەختەر) لەیەک کاتدا پێوەندی خۆشەویستی هەم لەگەڵ (مولازم تەحسین)و هەمیش لەگەڵ (جوامێر)دا هەیە، بەڵام نازانێت (ئەختەر) کێیەو کچی کێیەو چۆن ئەم دوو کارەکتەرەی ناسیوەو چۆنیش پێوەندیی لەگەڵ ئەم دوو کارەکتەرە دروستکردووە کە ئینتیمای سیاسییان دژ بەیەکە، دیارە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە رۆماننووس رۆمانەکەی بەسەرەتایەکی دینامیکی دەستپێکردووە، واتە نووسەر لە ناوەڕاستی رووداوەکانەوە رۆمانەکەی دەستپێکردووە پاشان دواتر سەرەتای رووداوەکانی لە رێگای تەکنیکی فلاشباکی دەرەکییەوە لە لاپەڕە (١٣) بۆ خوێنەر باس کردووە، ئەو ماوەیەش واتە سەرەتای دەستپێکردنی رووداوەکانی ئەم رۆمانە بۆ (٣) ساڵ پێش دەستپێکردنی تێکستەکە دەگەڕێتەوە، چونکە وەکو حیکایەتخوان ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: ‹**ئەمە کەی بوو؟ سێ ساڵ پێش ئێستا، پێش ئەوەی هێشتا جوامێر**

**کەشف بێتو ناچار ببێ شار بەجێ بێڵێتو پەیوەندی بەپێشمەرگەکانی ناو شاخەوە بکات)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٥).**

بۆیە بەهۆی گەڕانەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکان خوێنەر دوو شتی بۆ ڕوون دەبێتەوە یەکێکیان چۆنیەتی دروستبوونی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەی بۆ ڕووندەبێتەوە، ئەویتریشیان چۆنیەتی دروستبوونی پێوەندی نێوان (ئەختەر) و (جوامێر)ی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن پێشتر یەکتریان ناسیوە، ئەم ناسینو پێوەندییەی نێوانیشیان بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کاتێک (ئەختەر) فەرمانی دامەزراندنی لە فەرمانگەی (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵو ئاودێری) سلێمانی بۆ دەردەچێت ئەوا ئەوکاتەش (جوامێر) بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە بوو کە پێشتر هەر ئەویش واتە (جوامێر) بوو نووسراوی لارینەبوونی دامەزراندنی بە(ئەختەر) بەخشیبوو **(من ناوم (ئەختەر قادر)ە کە پێشتر بەیان حاجەتان بۆ نووسیبووم، ئێستاش فەرمانی تەعین بوونەکەم لەلای ئێوە بۆ دەرچووە)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٤).**

لە دوای دامەزراندنی (ئەختەر) لەو فەرمانگەیەدا پێوەندییەکی خۆشەویستی دوولایەنە لەنێوان (ئەختەر) و (جوامێر)دا دروست دەبێت، پاشان (ئەختەر) هەر بەهۆی ئەو پێوەندییەوە نێوانیان بۆی دەردەکەوێ ئەگەرچی (جوامێر) ڕەفیق حزبیە کەچی لەهەمان کاتدا خەت مایلەو لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شاردا کار بۆ پێشمەرگە دەکات، پاشانیش هەر بەهۆی ئەم پێوەندییەوە بوو (ئەختەر) لە ڕێگای (جوامێر)ەوە دەخزێتە ناو دنیای سیاسەتو لەهەمان ئەو ڕێکخراوە نهێنییە کار دەکات کە (جوامێر) کاری تێدا دەکرد، لەلایەکی دیکەوەش دروستبوونی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەش هەر بەهۆی ئەو پێوەندییەی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە دروست دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا ڕووداوەکانی ئەم کورتە ڕۆمانە لە دوو بواردا خۆی دەبینێتەوە یەکێکیان کۆمەڵایەتییە بریتییە لە بەژنکردنی (ئەختەر) لەلایەن (جوامێر)ـەوە، ئەویتریشیان سیاسییە بریتییە لە ئاشکرابوونی (جوامێر) لە کاری سیاسیو پاشان هەڵاتنی بۆ شاخ، بەڵام بەهۆی ئەو پێوەندییە خۆشەویستییەی لەنێوان ئەم دوو کارەکتەرە هەبوو ئەوا هەردوو ڕووداوەکە هاوشانی یەکتر هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی ڕۆمانەکە تێکەڵ بەیەک دەبێتو پێکەوە کۆتایی دێت.

ئەگەرچی (ئەختەر) لەم پێوەندییەدا لەگەڵ (جوامێر) ڕاستگۆ بوو تەنانەت پێیوابوو (جوامێر) دەیخوازێتو دەبێتە ژنی ئەو، بەڵام بەپێچەوانەوە (جوامێر) هەر لە سەرەتاوە هیچ نییەتو پلانی هێنانی (ئەختەر)ی لە مێشکدا نەبوو، بۆیە بەهۆی جیاوازی تێڕوانینی هەریەک لەم دوو کارەکتەرە بۆ ئەم پێوەندییە ئەنجامەکەی دەرهاوێشتەی کۆمەڵایەتی خراپی لێدەکەوێتەوە، دواتر ئاسەواری ئەم

دەرهاوێشتە خراپانەش تەنیا تاکلایەنانە بەسەر ژیانی (ئەختەر)دا رەنگدەداتەوە، ئاشکراشە ئەنجامی ئەمجۆرە پێوەندییانە لەناو کۆمەڵگای باوکسالاریدا شتێکی چاوەڕوانکراوە تەنیا ئافرەت تێیدا دەبێتە قوربانی دەستی کۆمەڵ، چونکە ئەنجامی ئەم پێوەندییە جگە لەوەی رێڕەوو ئاراستەی ژیانی (ئەختەر)ی بەرەو ناخۆشیو نەهامەتی برد لەهەمان کاتیشدا ژیانی بەرەو هەڵدێرو تووشی چارەنووسێکی خراپیشی کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەیری هۆکارەکانی ئەنجامی ئەم پێوەندییە بکەین کە لەم کورتە رۆمانەدا (ئەختەر) تووشی هات بەشێکی (ئەختەر) بۆ خودی خۆی بەتایبەتی بۆ دڵ سافیو ساویلکەیی عەقڵی خۆی دەگەڕێتەوە (**کچێ ئەو ژنە سەرشینە زۆر سادەدڵو خۆشباوەڕیش دیارە....**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٤**)، چونکە بەهۆی دڵسافیو ساویلکەیی خۆیەوە بڕوا بەقسەکانی (جوامێر) دەکات بەوەی پێش خواستنی بەئاسانی خۆی دەدات بەدەست (جوامێر)و رازی دەبێت بەداواکاری (جوامێر) بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بچێتە ماڵەوە لە گەڕەکی عەقاری سێکسی لەگەڵدا بکات، لەلایەکی دیکەوە بەشێکی دیکەی بۆ فێڵزانی خودی (جوامێر) دەگەڕێتەوە کە بەناوی کوردایەتیو بیروباوەڕی پێشکەوتووەوە توانی دڵسافیو ساویلکەیی عەقڵی (ئەختەر) بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی فریوی بداتو هەڵی بخەڵەتێنێ، واتە ئەم دوو حاڵەتە بووە هۆی دروستبوونی بڕواو متمانەی (ئەختەر) بەجوامێر (**لە یەکەمین رۆژەوە بڕیاری دابوو، بەتەواوەتیش دڵنیابوو کە ئیتر دەبێتە ژنی جوامێر! تا ئێستاش لەوە دڵنیا بوو کە جوامێر دەیخوازێت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٩**)، بێگومان دروستبوونی ئەم قەناعەتەی (ئەختەر)یش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو ئەگەر جوامێر (**بەڕاستی خۆشی نەویێمو متمانەم پێ نەکا چۆن نهێنی ئەوەم لەلا دەدرکێنێت ئەگەرچی رەفیق حزبییەو لەناو حزبی بەعسدا کار دەکات، بەڵام خەت مایلەو خەباتی نهێنی لەپێناو نیشتماندا دەکات؟ چۆن ئەوەم لەلا دەدرکێنێت کە سەر بەپێشمەرگەیە! ئەگەر بەڕاستی خۆشی نەویێمو متمانەم پێ نەکات چۆن منیش لەگەڵ خۆیدا دەخزێنێتە ناو هەمان شانەی رێکخراوی نهێنی شاخەوەو چارەنووسی من بەچارەنووسی خۆیەوە گرێ دەدات؟**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٩-٢٠**).

دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم پێوەندییەش لەو کاتەدا بەسەر ژیانی (ئەختەر) رەنگیدایەوە دوای ئەوەی (جوامێر) لە کاری سیاسیدا ئاشکرا دەبێتو هەڵدێت بۆ شاخ، چونکە پێش هەڵاتنی (جوامێر) بۆ شاخ رووداوی بەژنکردنی (ئەختەر) لەلایەن (جوامێر)ەوە لەناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە، کاتێکیش (جوامێر) لە رووی سیاسییەوە ئاشکرا دەبێتو ئامادە نابێت (ئەختەر) لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ شاخ، ئەوا (ئەختەر) لە رووی کۆمەڵایەتییەوە رووبەڕووی واقیعی لەدەستدانی پەردەی کچێنی دەبێتەوە:

**- گوتم (جوامێر من بوومەتە ژن، من ئێستا ژنی تۆم).**

**- هەموو خەڵکو هەموو دائیرەکەشتان دەیانزانی جوامێر تۆی کردۆتە ژن!؟**

**- گوتم (دەبێ لەگەڵ خۆت بمبەیت!)**

**- وەیش...**

**- گوتی (ناکرێ، تۆ هیچ نەبێ جارێ ماوەیەک لەناو شاردا بمێنەوە).**

**- بۆ مولازم تەحسین بمێنێتەوە! بۆ مولازم تەحسین... وانییە؟! هەی چاوی کوێر بێ! بۆ مولازم تەحسین بمێنێتەوە!(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٢-٢٣)**

تەنانەت (ئەختەر) جگە لەوەی بەهۆی ئەم رووداوەوە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی لەدەستدەدات، لە هەمان کاتدا رووبەڕووی قسەوقسەڵۆکی خەڵکیش دەبێتەوە بەوەی (جوامێر) نەک هەر خۆشی نەویستووە بەڵکو درۆشی لەگەڵدا کردووەو فریویشی داوە: (**من لێرە رزامەوە تولامەوە هێندەی خەفەت بەوە بخۆم کە خەڵک پێم بڵێن جوامێر تەنیا دەستی بەئەختەر گەرم کردەوەو پاشان بەجێی هێشت!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٣**)، لەلایەکی دیکەوە مەودای دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم رووداوە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەسەر ژیانی (ئەختەر)دا فراوانتر رەنگیدایەوە بەوەی کاریگەرییە خراپەکانی ئەم رووداوە دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی کەسە نزیکەکانیو پچڕانی پێوەندی لەگەڵ خزمە نزیکەکانیشی، چونکە لەلایەک بەهۆی کاریگەریی ئەم رووداوەوە دایکی لەدەستدەدات ئەویش کاتێک (جوامێر) ئەختەر دەکا بەژنو ئامادە نابێت بیخوازێت ئیتر دایکی بەو خەفەتەوە دەمرێتو سەر دەنێتەوە (**هەر لەسەر تۆ بوو دایکە کلۆڵەکەم لە خەفەتان سەری نایەوە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٣**)، لەلایەکی دیکەوەش پێوەندی خزمایەتی لەگەڵ کەسە نزیکەکانیشی نامێنێ، چونکە خاڵەکانی ئۆباڵی رووداوەکە دەخەنە ئەستۆی خودی ئەختەر:

**- خاڵە گەورەکەم زۆر خۆشی دەویستم دوو سێ جاران نامەی بۆ جوامێر نارد، جارێکیش چووە لای بۆ شاخ.**

**- سوودی نەبوو ها؟**

**- ئیتر خاڵەکەشم پشتی تێکردم گوتی: سووچی خۆتە. (مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٤)**

تەنانەت خاڵەکانی نەک هەر پێوەندی خزمایەتی لەگەڵ (ئەختەر)دا دەپچڕێنن بەڵکو حاشاشی لێدەکەن (**خاڵۆکانم حاشایان لێکردم**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٣**).

شتێکی حاشاهەڵنەگرە لەسەردەمی بەعسدا ئەگەر خانەوادەیەک کەسێکیان پێشمەرگە بووایە کەسوکارە نزیکەکانی راپێچی زیندان دەکراو مامەڵەی خراپی لەگەڵدا دەکرا، ئەگەرچی (ئەختەر) بۆ خۆی کەسێکی نزیکی (جوامێر) نەبوو (مەبەستم یەکێک نەبوو لە ئەندامی خێزانی جوامێر) تەنانەت بەڕەسمیش هاوسەری نەبوو، بەڵام لەلایەک بەهۆی ئەو پێوەندییە نزیکەی (ئەختەر) لە فەرمانگەکەدا

لەگەڵ (جوامێر)دا هەیبوو لەلایەکی دیکەوەش بەهۆی ئەوەی پێش هەڵاتنی (جوامێر) بۆ شاخ رووداوی بەژنکردنی (ئەختەر) لەلایەن (جوامێر)ەوە لەناو خەڵکدا ئاشکرا دەبێت، ئەوا (ئەختەر) دووبارە جارێکی دیکە لە رووی سیاسییەوە دەبێتە سووتەمەنی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیبوو، چونکە لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی دەستی لەگەڵ (جوامێر)دا هەبووەو لەهەمان ئەو رێکخراوە سیاسییە نهێنییەدا کاری کردووە کە (جوامێر) تێیدا ئەندام بووە، بۆیە لەدوای هەڵاتنی (جوامێر) بۆ شاخ سەرەتا دائیرەی ئەمن دەچێتە ماڵی (ئەختەر) بۆ پشکنین، بەڵام هیچ شتێک نادۆزنەوە کە پێوەندی سیاسی نێوان (ئەختەر) و (جوامێر) بسەلمێنێت:

**- هەمان ئەو رۆژە پێش ئەوەی بانگم بکەن چووبوونە ماڵەوە، ماڵەکەیان سەراوبن کردبوو، باش بوو هەرچی بەیاننامەو بڵاوکراوە کە جوامێر بۆی ناردبووم من بڵاویان بکەمەوە، لە ماڵەوە لە شوێنێکی تەقەت هەڵمگرتبوون.**

**- هیچیان نەدۆزیبۆوە.(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٦-٢٧)**

بەڵام هەر بەوەندە وازیان لێ نەهێنا، بەڵکو دوای ئەوە (ئەختەر) بانگهێشتی دائیرەی ئەمنی دەکەن بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بۆ ئەوەی ناوبراوی پێ تۆمەتبار بکەن کە دەستی لەگەڵ (جوامێر)دا هەبووە، ئەگەرچی (ئەختەر) لە لێکۆڵینەوەکەدا خۆڕاگر دەبێت بەوەی هیچ شتێک بەدەست پیاوانی دائیرەی ئەمن نادات بۆ ئەوەی تۆمەتباری بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاوانی ئەمن هەر وازی لێناهێننو پێی رادەگەیەنن ئازادی ناکەن تاکو دانی پێدانەنێت دەستی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیە (**بەڵام هەر دەیانگوت کە من لەگەڵ جوامێر لە هەمان رێکخراودا کاردەکەم، دەیانگوت: لێرە ناچیتە دەرەوە تا دانی پێدا نەنێیت کە تۆ لەگەڵ ئەودا هاوخەباتو هاوشانیت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٧**)، دیارە هۆکاری سووربوونی پیاوانی ئەمن لەسەر ئەوەی (ئەختەر) لەبواری سیاسیدا دەستی لەگەڵ (جوامێر)دا هەبووە بۆ ئەو پێوەندییە سێکسییەی (ئەختەر)یان دەگەڕاندەوە کە لەگەڵ (جوامێر)دا هەیبوو (**ئێمە دەزانین تۆ ژنیتو جوامێر تۆی کردۆتە ژن**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٨**)، بۆیە سەرەتا پیاوانی ئەمن هەڕەشەی ئەوەی لێدەکەن ئەگەر دانی پێدانەنێت ئەوا دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەری:

**- گوتیان ((یان ئەوەتا دانی پێدا دەنێیت کە تۆش لە هەمان رێکخراوی جوامێر کار دەکەیت یانیش ئەوەتا دەبێ...**

**- دەبێ چی؟**

**- دەبێ دەرپێ داکەنێیت..!)).(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٦)**

بەڵام پیاوانی ئەمن دوای ئەوەی زانییان هەڕەشەکەیان سوودی نابێتو (ئەختەر) دان بەتاوانەکەی دانانێت، ئیدی هەڕەشەکەیان بەکردار لەسەر (ئەختەر) جێبەجێ کردو بەزۆر دەستدرێژی سێکسییان کردە سەری:

**- لەکاتی ئەشکەنجەدا سێ پیاو بە جارێک لێم هاتنە ژوورەوە.**

**- سێ...**

**- ئەوەی یەکەمیان گوتی ((ئێمە دەزانین تۆ ژنیتو جوامێر تۆی کردۆتە ژن)).**

**ئەختەر لە پرمەی گریانیدا:**

**- بەنۆبەت دەهاتن ...!**

**- ..وەیش! یەعنی بەزۆر...!**

**- بە.. زۆر...!**

**- کوێراییم دایە بۆت ئەختەر گیان!**

**- هەموو مانگێ جارێک بانگیان دەکردمە ((ئەمنە سوورەکە)).(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٧-٢٨)**

بەڵام سەرەڕای ئەم حاڵەتەش (ئەختەر) خۆڕاگر دەبێتو هیچ نهێنییەک نادرکێنێ بەوەی پێوەندی سیاسی لەگەڵ (جوامێر)دا هەبووبێ، بۆیە ئەوەی بەدەست دائیرەی ئەمنەوە دەمێنێتەوە تەنیا ئەوەیە سزای ئیداری دەدەنو لە فەرمانگە فەسڵی دەکەن:

**- هیچ بەڵگەیەکیشیان لەسەرت نەبوو، ئەختەر؟**

**- هیچ.**

**- ئینجا پاشان لە دائیرەش فەسڵیان کردیت.**

**- لە.. دا.. ئی.. رەش.. فەسڵیان.. کردم.(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٩)**

ئەگەرچی ئەم دوو رووداوە ناخۆشەی لە رووی کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە بەسەر ژیانی (ئەختەر)دا هات هۆکارەکەی بۆ ئەو پێوەندییە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ (جوامێر)دا هەیبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەختەر) لەدوای ئەم دوو رووداوەش پێوەندییەکانی لەگەڵ (جوامێر)دا هەم لەرووی سێکسیو هەمیش لە رووی سیاسییەوە بەردەوامی پێدەدات، هۆکاری بەردەوامی پێدانەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەبۆچوونی (ئەختەر) ئەوەی بتوانێ لەو واقیعە ناخۆشەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تێی کەوتبوو و رزگاری بکات تەنیا (جوامێر)ـە دەتوانێ ئەم کارە بکاتو لە کۆڵ قسەوقسەڵۆکی خەڵکی بکاتەوەو رووی سپی دەکاتەوە (**تۆ ئەگەر بمخوازیتو بمبەی لەگەڵ خۆت من ئیتر بەیەکجاری لەدەست ئەم ریسواییەی ئێرە رزگارم دەبێ!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٣**)، دیارە ئەم قەناعەتەی (ئەختەر)یش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو بەهۆی ئەو ناوبانگەی (جوامێر) لە رووی سیاسییەوە لەناو شاری سلێمانیدا پەیدای کردبوو ئەوا بەشووکردنی بە(جوامێر) دەتوانێ قەرەبووی بواری کۆمەڵایەتی خۆی بکاتەوە (**من لێرە لە**

**((قەحپەیەک)) زیاتر هیچی دیکە نیم.. جوامێر تەنیا لەگەڵ تۆو لەناو شاخدا شەرەفی خۆم دەکڕمەوە)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٥)**.

کاریگەرییە خراپەکانی ئەم رووداوە بەسەر ژیانی (ئەختەر) لە رووی کۆمەڵایەتییەوە هەر بەوەندە ناوەستێ، بەڵکو دوای ئەوەی (ئەختەر) لە دائیرەش فەسڵ دەکرێت بەهۆی نەبوونی کەسێکی نزیکی وەک (باوک، برا، مێرد) بۆ ئەوەی هەم سەرپەرشتی رەفتارو ئاگاداری خورەوشتی بێت (**باوکو براشم ئەگەر هەبوونایە سەریان دەبڕیم)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٣**)، هەمیش لە رووی ئابوورییەوە بژێوی ژیانی بۆ دابین بکات (**ئەدی بەستەزمانە بەچی بژی؟!)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٤**)، ئیدی (ئەختەر) ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر کاری لەشفرۆشیو دەبێتە کەسێکی لەشفرۆش، دواتریش هەر بەهۆی کاری لەشفرۆشییەوە بوو (ست نیهایەتی بەرازیلیەکە) لەلای (مولازم تەحسین) راپۆرتی لێدەدات بەمەبەستی دەرکردنی لە گەڕەکدا، بەڵام بەپێچەوانەوە بەهۆی ئەم راپۆرتەوە (مولازم تەحسین)یش دەناسێتو پێوەندی سێکسی لەگەڵ ئەویشدا پەیدا دەکات، ئەگەرچی (ئەختەر) لە دروستبوونی پێوەندی لەگەڵ (مولازم تەحسین)دا دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو ئەو پێوەندییە رەتبکاتەوە، چونکە وەکو (ئەختەر) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**تۆ لەم شارەدا بەقەد صەدام حوسێن دەستت دەڕوات دەتوانیت دەست لەسەر هەر کچێک دابنێیتو نەڵێت ((نا)) کەچی لەناو هەموو کچانی ئەم شارە هاتیت لەسەر دڵی من هەڵنیشتیت)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤-٥**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەختەر) بۆ خۆشی حەزی لە دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ (مولازم تەحسین)دا هەبوو بێ ئەوەی فێڵی لێبکرێت یان بەزۆر دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەری وەکو ئەوەی لە رابردوودا لەلایەن (جوامێر)و پیاوانی ئەمنەوە بەسەریدا هات:

**ئەختەر بەجوامێری ئەگوت: ((مولازم تەحسین پیاوێکی قۆزی کەڵەگەتی چاوو برۆ جوانی کەشخە بوو))**.

**هەروەها پێشی ئەگوت:**

**- لەوەدەمەدا کە لەناو چیمەنەکەدا دانیشت دەمو دەست حەزم دەکرد بیکەمە موشتەریی بەردەوامی خۆم.**

- .......

**- ئەختەر بەجوامێری ئەگوت:**

**- دوای ئەوە منیش یەکسەر کورسییەکەم راکێشا ناو چیمەنەکەو بەرامبەری دانیشتم.**

- ......

**ئەختەر بەجوامێری ئەگوت: ((گوتم بەڵێ هەر وەختێک هاتیت بەسەرچاوماڵی خۆتە!))**.

- ......

**ئەختەر بەجوامێری نەگوت:**

**- شەو پێش ئەوەی ئەو بێت چووم حەمامێکم کردو مێخەک بەندەکەم بۆی لە مل کردو خۆم دەرگام لێی کردەوە.**

- .....

**ئەختەر بەجوامێری نەگوت:**

**- لەو رۆژەوە بوو کە ئیتر بەیەکتر فێر بووین.(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٤-٢٥-٢٦-٢٧)**

دروستبوونی پێوەندیی لەگەڵ (مولازم تەحسین)دا هەم لایەنی پۆزەتیڤو هەم لایەنی نێگەتیڤی بۆ ژیانی (ئەختەر) هەبوو، یەکێک لە لایەنە پۆزەتیڤەکەی ئەوەبوو (ئەختەر) بەهۆی ناسینی (مولازم تەحسین)و ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە لەبواری پیشەکەی خۆیدا هەیبوو جارێکی دیکە هیچ کەس هاوشێوەی (ست نیهایەتی بەڕازیلییەکە) نەیتوانی بەتۆمەتی کاری لەشفرۆشی راپۆرتی لێبدات بۆ ئەوەی لەگەڕەکدا دەریبکات (**کەسیش چیتر ناتوانێ جارێکی دیکە مەزبەتەی لێ بکاتو لە گەڕەکدا دەری بکا!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٤**)، لەلایەکی دیکەوە (ئەختەر) توانی ئەم پێوەندییە وەکو کارتێکی فشار بەرامبەر (جوامێر) بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی ناوبراوی پێ تۆمەتبار بکات بەوەی ئەو (واتە جوامێر) لەپێناو بەرژەوەندی حزب هۆکار بووە بۆ ئەوەی تووشی بەتووشی کەسێکی وەک (مولازم تەحسین) ببێت (**من لەسەر ئەمری تۆو ئەمری حزب نەبووایە چۆن کەڕامەتم قبوڵی دەکرد گورگێکی ئینسانخۆری وەک مولازم تەحسین ددان لە سنگو مەمکم گیر بکات؟**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٤**)، بەڵام لەبەرامبەردا لایەنە نێگەتیڤەکەی ئەم پێوەندییە زۆر زیانی زیاتربوو لە قازانج بۆ ژیانی (ئەختەر)، چونکە لەبەر جیاوازی ئینتیمای سیاسی هەریەک لە (جوامێر) و (مولازم تەحسین)ەوە (ئەختەر) ژیانی دەکەوێتە ناو کارێکی زۆر مەترسیدارو دەبێتە سووتەمەنی ململانێی ئەو دوو کەسە، چونکە دوای ئەوەی هەردووکیان بەبیانووی خواستنی (ئەختەر) هەڵدەخەڵەتێن ئەوا دەتوانن وەکو پردێک بۆ پەڕینەوە بەسەریدا بەکاری بێنن بۆ دانانەوە بۆسە بەسەر یەکتریدا، بەتایبەتیش دوای ئەوەی (مولازم تەحسین) لە رێگای هاوکاری (ئەختەر)و تەنانەت لەناو ماڵی (ئەختەر)یشدا توانی (جوامێر) بکوژێو لە ململانێیەکەدا بەسەر (جوامێر)دا سەربکەوێ، کەچی بەپێچەوانەوە (مولازم تەحسین) لەبری ئەو هاوکارییە نەک هەر (ئەختەر)ی نەخواست بەڵکو وەکو کەسێکی خائینو سۆزانی حیسابی بۆ کرد (**ئەم قەحپە پیسەش ببەن! لێرە بەجێی نەهێڵن**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٤٠**).

ئەگەر سەیری لایەنێکی دیکەی ژیانی (ئەختەر) بکەین لەناو ئەو رۆمانەدا بەتایبەتی لە بواری سیاسیدا ئەوا شتێکی دیکەمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە راستە (ئەختەر) لە رێگای ئەو

پێوەندییە سۆزدارییەی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیبوو خزایە ناو دونیا سیاسەت‌و کاری بۆ ڕێکخستنەکانی پارتێکی کوردی لەناو شاری سلێمانیدا دەکرد، بەڵام ئەگەر بەدواداچوون بۆ راستی ئەو مەسەلەیە بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت (ئەختەر) لەم بوارەشدا (سیاسی) بەهەمان شێوەی بوارە کۆمەڵایەتییەکە لەلایەن (جوامێر)ەوە فێڵی لێکراوەو بەفیعلی پێوەندی بە ڕێکخستنی ئەو پارتە کوردییە نەبووە، چونکە ئاشکرایە (جوامێر) حەلقەی پێوەندی نێوان (ئەختەر)و حزب بوو واتە ئەگەر حزب داوای کارێکی لە (ئەختەر) بکردایە ئەوا لە ڕێگای (جوامێر)ەوە بە(ئەختەر)ی رادەگەیاند، ئەمەش شتێکی حاشاهەڵنەگرە چونکە کاتی خۆی (ئەختەر) لە ڕێگای تەزکییەی (جوامێر)ەوە پێوەندی بەحزبەوە کردبوو، تەنانەت بەڵێنی بە(ئەختەر)یش دابوو بیکاتە بەرپرسی ڕێکخستنی ژنانی حزب (**دەیەوێ بمکاتە بەرپرسی شانەی ڕێکخراوی نهێنی ژنان‌و پلەی بەرزی حزبیم پێ ببەخشێ**)(**مولازم تەحسین‌و شتی تریش، ل٢٠**)، بۆیە کاتێک حزب داوا لە (ئەختەر) دەکات لە ڕاپۆرتێکدا ناوی هەموو ئەو کەسە دەوڵەمەندانەی شاری سلێمانی بەناوی بەخشینی زێڕو پارە بۆ قادسیەی صەدام چووبوونە خزمەت (صەدام حوسێن) بۆ بنووسێت، ئەگەرچی لە رۆمانەکەدا ئاماژە بەوە کراوە ژمارەی ئەو خێزانانە (٤٥) خێزان بووەو (ئەختەر) لەبەر زۆری ژمارەی ئەو کەسانە نەیتوانیوە بەوە رابگات لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە هەموو کەسەکان بناسێتەوە بۆ ئەوەی ناویان لە ڕاپۆرتەکەدا بنووسێت، بۆیە دەبینین ناوی ئەو کەسانەی (ئەختەر) لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیویەتی ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد (**باشە بەڵام ئەختەر لە هەندێ ماڵی ناوداری خانەدان زیاتر چۆن بتوانێ ئەو هەموو خەڵکە بناسێتەوەو ناوەکانیان تۆمار بکات؟ ماڵی سەعیدی صادقی سەقا، ماڵی مەحمودی مەلا مروەت، ماڵی حاکم دلێری هەڵەبجەیی، ماڵی جەمیل بەگی جەواد بەگی جاف، ماڵی فەرەج ئاغای فەروفرۆش، ماڵی دکتۆر شەوکەتی عەمەلیات، ماڵی زاهیر زەڕەنگەری عەقاری.... تەواو هەر ئەوەندەیان دەناسێتەوەو هەر ئەوەندەشی لە بیر ماوە! بەسە!**)(**مولازم تەحسین‌و شتی تریش، ل٣٧**)، بەڵام دوای نووسینی ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن (ئەختەر)ەوە بۆ حزب ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە حزب بەهیچ جۆرێک کاری لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی (ئەختەر) نەکردووە، چونکە ئەگەر کاری لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی (ئەختەر) بکردابووایە ئەوا دەبووایە یەکێک لەو حەوت کەسە یان یەکێک لە کەسوکارە نزیکەکانی ئەو حەوت کەسەی کە لە ڕاپۆرتەکەی (ئەختەر)دا ئاماژەی پێکرابوو لەلایەن پێشمەرگەوە بڕفێندرا بوونایە، کەچی بەپێچەوانەوە ناوی هیچ یەکێک لەم کەسانە یاخود کوڕەکانیان لەلایەن پێشمەرگەوە نەڕفێندرا، بەڵکو دواتر کوڕی یەکێک لە دەوڵەمەندە دیارو ناسراوی شاری سلێمانی کە ناوی (مەولود بازرگان) بوو دەڕفێندرێت کە بەهیچ شێوەیەک ناوی لە ڕاپۆرتەکەی

(ئەختەر)دا نەهاتبوو، بۆیە ئەم حاڵەتە ئەوە دەردەخات (ئەختەر) بەهیچ شێوەیەک پێوەندی بە رێکخستنی نهێنی ئەو حزبەی (جوامێر)ەوە نەبووە، واتە چۆن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە لایەن (جوامێر)ەوە فریودرابوو و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی حەزە سێکسییەکانی خۆی بەکاری دەهێنا، بەهەمان شێوەش لە رووی سیاسییەوە فریوی دابوو و بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنا.

## - جوامێر:

یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی کورتە رۆمانەکە چونکە لەسەر ئاستی رووداوەکاندا هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی رۆمانەکە ئامادەیی لەناو رووداوەکاندا هەیە بەتایبەتیش یەکێکە لەو کارەکتەرانەی جگە لەوەی رووداوەکانی ئەم کورتە رۆمانە بەهۆی بوونی ئەوەوە دروستبووە لەهەمان کاتدا رووداوەکان بەکوشتنی ئەویش کۆتایی پێهاتووە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی پێویستی دەقەکە وای خواستووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکە کارەکتەرە بەراورد بەهەموو کارەکتەرەکانی دیکەی ناو کورتە رۆمانەکە نووسەر زانیارییەکی زۆر وردی لەسەر ژیانی ئەم کارەکتەرە پێشکەش بەخوێنەر کردووە.

ناوی راستەقینەی (ئاراس بابەکر عەبدولحەمید) بوو، بەڵام ناوی نهێنی لەناو حزبدا (جوامێر) بوو، لە دایکبووی ساڵی (١٩٥٤)ی گەڕەکی (دەرگەزێن)ی شاری سلێمانی بوو لە عەشیرەتی بەرزنجە، سێ برای دیکەی هەبووە بەناوەکانی (پایەدار، ئارام، ئاوات)و دوو خوشکیشی هەبوو بەناوەکانی (حەسیبە، خوناو)، سەبارەت بەدایکیشی ئەگەرچی نووسەر ئاماژەی بەناوی نەکردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی رۆڵیان لەناو رۆمانەکەدا نەبوو، بەپێی تێکستی رۆمانەکەش خوێندنی ناوەندیو ئامادەیی لە (ئامادەیی پێشڕەوی کوڕان)ی شاری سلێمانی ساڵی (١٩٧٤) تەواو کردووە کە دەکەوێتە نزیک (نادی المهندسین)، دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا ساڵی (١٩٧٩) بوو، بەرپرسی یەکەمی هەموو شانە نهێنییەکانی پارتێکی کوردی بوو لەناو شاری سلێمانیدا، بەڵام بۆ شاردنەوەی ئەم حاڵەتە هەر لە قۆناغی دووەمی خوێندنی زانکۆدا لە رێگای رێکخراوی (إتحاد الطلبة)ەوە پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە دەکات، لەناو حزبیشدا بەهۆی ئەوەی هەم کەسێکی چالاکو هەمیش کەسێکی وەفادار بووە بۆ حزبی بەعس پلەی حزبی تا (رفيق متقدم) بەرز دەبێتەوە، دواتریش هەر بەهۆی ئەو پلە حزبییەوە بوو پاش تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی (١٩٨٢)ەوەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ تاکو ساڵی (١٩٨٥) دەکرێتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی کشتوکاڵی سلێمانی:

**- ئەدی چۆن کردبوویانە مودیر؟**

**- وانییه؟ ئەمڕۆ کێ دەکرێتە مودیر ئەگەر جێی متمانەی حکومەت نەبێ؟**(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٠)

هەر لەو ماوەیەی بەڕێوەبەری ئەم فەرمانگەیەش بوو نووسراوی لارینەبوونی دامەزراندن بە(ئەختەر) دەبەخشێتو، کاتێکیش فەرمانی دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە پێوەندییەکی خۆشەویستی دوولایەنە لە نێوان ئەو و (ئەختەر)دا دروست دەبێت، ئەگەرچی (ئەختەر) لەو پێوەندییەدا لەگەڵ (جوامێر) راستگۆ بوو دەیوست بیخوازێ بەڵام بەپێچەوانەوە (جوامێر) هەر لەسەرەتاوە هیچ پلانو مەبەستی خواستنی (ئەختەر)ی لە مێشکیدا نەبوو، چونکە ئەوەندەی بیری لەوە کردۆتەوە چۆن (ئەختەر) فریو بداتو لەگەڵیدا رابوێرێ ئەوەندە پلانو مەبەستی خواستنی (ئەختەر)ی لە بەرنامەیدا نەبووە، راستی ئەم حاڵەتەش حیکایەتخوان بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەکات: (**جوامێر دوو مانگ زیاتر بوو چەندی دەیکردو دەیکرد نەیدەتوانی ئەختەر فریو بداو رۆحکێشی ماڵەکەی خۆی بکات لە (عەقاری)، رۆژێکیان ئەختەر بۆ خۆشی نازانێت چۆن بوو گوتی: ((باش)) بەگەڵی کەوت، ئیتر لەو رۆژەوە بوو کە وردە وردە ناوی (ئەختەر) لکایە ناوی جوامێرەوە، لەناو دائیرەی کشتوکاڵی سلێمانیدا هەر فەرمانبەرەو قسەیەکی دەکرد**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٦-١٧**)، لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیارییانەی لە دۆسیەکەی دائیرەی ئەمندا ئاماژەی پێکرابوو (جوامێر) پێش ناسینی (ئەختەر)یش لە رابردوودا کەسێکی مێباز بووە، چونکە ئەوکاتەی لە زانکۆ قوتابی بوو هاوڕێی ژنو کچی زۆر بوو (**هاوڕێی کچو ژنی زۆرە، پێمان وابێ ئەم فەرەبالغییە زۆرە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێبازە، ئەگینا پێویستە لە باری سیاسییەوە گومانی لێ بکرێت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٣**)، تەنانەت راستی ئەم سیفەتەشی لە گفتوگۆی نێوان (باجی بنار)و (پورە رەعنا)شدا پشتڕاستکراوەتەوە (**من جارێک دیومە پیاوێکی چاو حیز دیار بوو**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٦**)، نەک هەر ئەوە بەڵکو (سەلامی فەرەج فافۆن) لە فەرمانگەکەدا کە یەکێک بوو لە هاوڕێ نزیکەکانی (جوامێر)و پێش ئاشکرابوونو هەڵاتنی (جوامێر) بۆ شاخ لە فەرمانگە لەلای برادەرەکانی خۆی پێشبینی ئەوەی کردبوو (جوامێر) تەنیا بۆ رابواردن پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)دا دروستکردووە نەک خواستنی (**جوامێر تەنیا دەستی پێ گەرم دەکاتەوە دەزانم**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٨**)، دیارە هۆکاری یاریکردن بەچارەنووسی ئەختەریش بەمشێوەیە لەلایەن (جوامێر)ەوە بۆ بێکەسی (ئەختەر) دەگەڕێتەوە بەوەی باوکو برای نەبووە بۆ ئەوەی لەسەری بەجواب بێن، راستی ئەم حاڵەتەش نووسەر لەسەر زاری (باجی بنار) ئاماژەی پێکردووە بەوەی (**رۆڵە گیان تۆ ئەوساتیش ئەگەر هەتیو نەبوویتایە، ئەگەر باوکت یان برایەکت هەبووایەو پشتو پەنات بوونایە، ئەویش نەیدەتوانی ئاوها بەناوی پێشمەرگایەتیو حزبو کوردایەتییەوە پشتت تێ بکاتو بەجێت بهێڵێ**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٤**)، بۆیە

ئەگەر لە سەرەتادا (جوامێر) ئەوەندەی مەبەستی ئەوە بووبێت لەگەڵ (ئەختەر)دا رابوێرێ نەک بیخوازێ، ئەوا لەلایەک دوای ئەوەی (ئەختەر) لە دائیرەی ئەمندا بەزۆر دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، لەلایەکی دیکەوەش (ئەختەر) دوای دەرکردنی لە دائیرەو بەهۆی نەبوونی کەسێکی نزیکی سەرپەرشتی بکات ناچار دەبێت کاری لەشفرۆشی بکات ئیدی (جوامێر) ئەمانە دەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی بەفیعلی نەیخوازێ.

سەرەڕای نەخواستنیشی بەڵام (جوامێر) لەبەر دوو هۆکار ئامادەنەبوو بەشێوەیەکی راستەوخۆو راشکاوانە ئەم راستییە بە(ئەختەر) رابگەیەنێ، یەکێکیان پێوەندی بەخودی خۆیەوە هەبوو بەوەی بەپچڕانی پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)دا کەناڵێکی گرنگی لەدەستدەدا لە بواری سیاسیدا، چونکە (ئەختەر) وەکو داشێکی دامە وابوو بەدەست (جوامێر)ـەوە بۆ کاری سیاسی بەکاری دەهێنا، راستی ئەم قسەیەشمان حیکایەتخوان بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەکات (**جوامێر تەتەری شاخ هەمیشە کە دەگەیشتە ماڵی ئەختەر کۆمەڵێک نامەی پێ بوو نامەی پێشمەرگەو بەرپرسەکان دەیانیدایە دەست ئەختەر بۆ ئەوەی هەر سبەینێ دابەشیان بکاتو بیانگەیەنێتە شوێنی پێویست، هەروەها هەمیشە دەیان نامیلکەو سیپارەو بەیاننامەو بڵاوکراوەی نهێنی کە تازە لە چاپخانەکانی ناو پێشمەرگە دەرچووبوونو پێویست وابوو بەناو شاردا بەناو ئەندامەکاندا بەناو خەڵکدا بڵاوبکرێنەوە ئەوانیشی دەسپاردنە دەست ئەختەر، لە دەمەو کازیوانیشدا کاتێ دەگەڕایەوە شاخ کۆمەڵێک نامەو دەنگوباسو راپۆرتی بەقەڵەمی ئەختەر دەبردەوە بۆ دەزگای راگەیاندنو بەشە نهێنییەکانی شۆڕش**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٥-٤٦**)، هۆکارێکی دیکەشیان پێوەندی بەخودی (ئەختەر)ەوە هەبوو، چونکە (جوامێر) لەوە دەترسا (ئەختەر) بەبیستنی وەڵامەکەی تووشی شۆک بێتو بڕیاری خۆکوشتن بدات، چونکە (جوامێر) پێیوابوو ئەنجامی ئەمجۆرە بڕیارانە لەناو کۆمەڵگای باوکسالاریدا شتێکی چاوەڕوانکراوە (**چۆن بتوانم ئاوها راستەوخۆ بێ پێچو پەنا ئەم قسانەی پێ بڵێم؟ دڵنیام یەکسەر دەبوورێتەوە، هیچ دووریش نییە دوای من وەک دەیان ئافرەتی بێچارەو نسکۆداری دیکەی ئەم شارە گڕ بداتە گیانی خۆیو ببێت بەزووخاڵ!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٠**).

دوای ئەوەی لەلایەن حزبی بەعسەوە ئاشکرا دەبێت لە ژێرەوە دەستی لەگەڵ پێشمەرگەدا هەبوو، ناچار دەبێت هەڵبێت بۆ شاخو دەبێت بەپێشمەرگە، لەگەڵ خۆشیدا هەموو کەلوپەلو پارەوپولی فەرمانگەکەی لەگەڵ خۆیدا برد کە بڕەکەی بە (٢٠٠) هەزار دینار دەخەملێنرا، دوای ئاشکرابوونیشی لە کاری سیاسی دائیرەی ئەمن بەتۆمەتی خیانەتکردن لە حزبی بەعس خەریکی ئاشکراکردنی ناوی نهێنی حزبی بوو بۆ ئەوەی بتوانن دەستگیری بکەن (**لەو وەختەی پەیوەندی بەپێشمەرگەوە کردووە ناوی خۆی گۆڕیوەو**

**نازناوێکی بۆ خۆی داناوە، تکایە لەبەر ئەوەی ئەم خوێرییە پیاوێکی خائینی زۆر ترسناکە پێویستە زانیاری زیاتری لەبارەوە پەیدا بکرێتو نازناوەکەیشی بدۆزرێتەوە!)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٤-٩٥)**، دوای چوونیشی بۆ شاخ جوامێر لە کاری سیاسی بەردەوام دەبێتو شەوانە دادەبەزییە ناو شاری سلێمانیو بۆ ئەنجامدانی چالاکی دژی حزبی بەعس، دواتر هەر بەهۆی ئەم چالاکییانەوە بوو کە لەناو شاری سلێمانی ئەنجامیدەدا ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد (**هەر چالاکییەکی پێشمەرگانە لەم شارە بکرێت، ئەگەر تۆش نەتکردبێت دەڵێن جوامێر بوو)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥)**، بەڵام لەگەڵ ئەم دابەزینەشدا لەبەر ئەوەی پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)دا هەر مابوو شەوانە ماوە ماوە سەردانی ماڵی (ئەختەر)یشی دەکرد هەم بۆ تێرکردنو بەتاڵکردنەوەی حەزی سێکسی خۆی لە جەستەی (ئەختەر)دا هەمیش بۆ ئیستیغلالکردنو بەکارهێنانی (ئەختەر) بۆ کاری سیاسی (**قەیناکا لەگەڵیان کار بکە بۆ ئەوەی بتوانیت بەخەت مایل لەناو شاردا درێژە بەخەباتی ژێرزەمینیو سیاسییانەی خۆت بدەیت)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣١)**، بەتایبەتیش دوای ئەوەی (ئەختەر) مولازم تەحسین دەناسێتو پێوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت (جوامێر) ئەو پێوەندییەی قۆزتەوەو ویستی لە ڕێگای هاوکاریو یارمەتی (ئەختەر)ـەوە تەنانەت لەناو ماڵی (ئەختەر)یشدا بۆسە بۆ (مولازم تەحسین) بنێتەوە بەمەبەستی رفاندنی، ئەگەرچی دانانەوەی ئەم پیلانە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو چ لەلایەن (جوامێر)ـەوە یان لەلای (مولازم تەحسین)ـەوە، بەڵام ئەوەی زیاتر پاڵی بە(جوامێر)ـەوە نا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هەڵوێستی (ئەختەر) بوو کاتێک بە(جوامێر)ی ڕاگەیاند (مولازم تەحسین) هاتۆتە خوازبێنیو دەیەوێت بیخوازێ، واتە ئەم مەسەلەیە زیاتر پاڵی بە(جوامێر)ـەوە نا بۆ بیرکردنەوە لە پیلانێکی ئاوادا، دیارە دانانەوەی ئەم پیلانەش لەلایەن (جوامێر)ـەوە بەمەبەستی قازانج گەیاندن نەبوو بەژیانی (ئەختەر)، چونکە لەلایەک بەشووکردنی (ئەختەر) بە(مولازم تەحسین) جوامێر کەناڵێکی گرنگی وەکو (ئەختەر)ی لەدەستدەدا هەم بۆ پڕکردنەوەی حەزی سێکسی خۆی لە جەستەی (ئەختەر)داو هەمیش بەکارهێنانی بۆ کاری سیاسی بەتایبەتیش هەلی رفاندنی (مولازم تەحسین)ی لەدەستدەدا.

ئەگەر سەیری ئەو هۆکارانە بکەین کە (جوامێر) نەیتوانی قەناعەت بە(ئەختەر) بهێنێ بۆ ئەوەی هاوکاری بکات لە دانانەوەی بۆسە بۆ (مولازم تەحسین) یەکێکیان بۆ ناڕاستگۆیی خودی خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە (جوامێر) بەرامبەر بە(ئەختەر) بانگەشەی ئەوەی دەکرد بڕوای بەئایدیۆلۆژیایەک هەیە بەرگری لە مافو ئازادی ئافرەت دەکات، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا لەبەر پابەندبوونی بەکلتووری کۆمەڵگەکەی جەسارەتی ئەوەی نەدەکرد (ئەختەر) بخوازێ، ڕاستی ئەم قسەیەش (ئەختەر) بۆ خۆی لە مۆنۆلۆگێکدا دانی پێداناوە بەوەی (**من دەزانم تۆ زۆر منت خۆش دەوێ، زۆریش باوەڕت بەو کتێبو**

**تیـۆرانە هەیە کە لە مارکسییەتدا بەرگـری لە مـافو ئازارەکـانی ژنێکـی وەک مـن دەکەن، بەڵام کـاتێ دەتەوێ ئەم خۆشەویستیو تیـۆرو بـاوەڕانە بکەیـتە واقیـعو لە ژیـانی خۆتـدا لەگەڵ من لەبـارەی پەیوەنـدیی خۆمـانەوە جێبەجێیـان بکەیت ناتوانیت، دەترسیت تـۆ دەترسیت جـوامێر،.... لە واقـیعەکە دەترسیت)(مولازم تەحسینو شـتی تـریش، ل٤٣)،** هۆکـارێکی دیکەیـان پێوەنـدی بەچـۆنیەتی مـامەڵەکردنی نـاوبراو لەگەڵ (ئەخـتەر)دا هەبـوو کە نەیتـوانی هاوشـێوەی (مـولازم تەحسـین) مـامەڵەیەکی زیرەکـانە لەگەڵ (ئەخـتەر)دا بکـات، چـونکە (جـوامێر) جگە لەوەی یەکەم کەس بـوو (ئەخـتەر)ی کـردە ژنو، هەروەهـا هەر بەهـۆی ئەویشـەوە بـوو (ئەخـتەر) لە دائیرەی ئەمن دەستدرێژی سێکسـی کرایە سـەری، کەچـی لە بەرامبەردا (جوامێر) نەک هەر موراعـاتی ئەم دوو حـاڵەتەی نەکرد، بەڵکـو بەپێچەوانەوە بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆو راشکاوانە هەسـتو سـۆزی (ئەختەر)یشی لەبەرامبەر ئەم دوو حاڵەتە بریندار کردو بۆتە کەسێکی لەشفرۆش بەوەی:

**- تۆ دوای رۆیشتنی من هەزارو یەک عیلاقەت لەگەڵ هەزارو یەک پیاوی خوێڕیی ئەم شارەدا پەیدا کرد.**

**- تۆ لەدوای رۆیشتنی من چیت دەدایە من هەمان شتیشت دەدایە پیاوانی دیکە، تۆ بێ وەفایت!**

**- منو حزب پێش ئەوەی داوات لێ بکەین ببیت بەجاسووس بەسەر مولازم تەحسینەوە تۆ خۆت دەمێک بوو دەستت دابـووە قەحپەییو بێ شەرەفی!(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٤-٩٥).**

## - مولازم تەحسین:

ئەگەرچی (مولازم تەحسین) لە سەرەتای رووداوەکاندا بوونی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەیەکێک لە کـارەکتەرە سـەرەکییەکانی ئەم کـورتە رۆمـانە دادەنرێـت، گرنگـی بـوونی ئەم کـارەکتەرە وەکـو کـارەکتەرێکی سـەرەکی لەنـاو ئەم کـورتە رۆمـانەدا لەوەدا بەدەردەکەوێت لەلایەک بـۆتە هـۆی ئەوەی ململانێی ناو ئەو کورتە رۆمانەی پێ دروست ببێت لەلایەکی دیکەوە کۆتـایی رووداوەکـانی ئەم کـورتە رۆمـانەش هەر لەسـەر دەسـتی ئەم کـارەکتەرە یەکلایـی بـۆتەوە، نـاوبراو خەڵکـی شـاری بەغدا بـوو لە رووی نەتەوەش عەرەب بـوو، بەڵام لەبەر سـنووری کـارکردنی پیشـەکەی کە ئەفسـەر بـوو لە دائیـرەی ئەمنی شـاری سلێمانی مـاڵی لە گەڕەکی (عەقـاری) شـاری سلێمانی بـوو، لە بـواری پیشـەکەی خۆشـیدا کەسـێکی زۆر تونـدتیژ بـوو زۆر بـێ رەحمـانە خەڵکـی لەسـەر کـاری سیاسـی ئـازار دەدا **(من عـارەبم، بەعسیم، زابط ئەمنێکم، وەک خۆتـان پێم دەڵێن پیسترین زابط ئەمنی ئەم شارەم)(مولازم تەحسینو شتی تـریش، ل٥)،** لە رووی خێـزانییەوەش خێزانـدار بـوو کـوڕو کچێکـی هەبـوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خێـزانەکەی مردبـوو منداڵەکانی لە شاری بەغدا لەلایەن دایکییەوە بەخێودەکران.

ناوبراو له ڕێگای ڕاپۆرتی دراوسێییەکی (ئەختەر)ـەوە بەناوی (ست نیهایەتی بەڕازیلیەکەوە) بەمەبەستی دەرکردنی (ئەختەر) لەگەڕەکدا بەتۆمەتی کاری لەشفرۆشیەوە (ئەختەر)ی ناسی، ئەویش دوای ئەوەی بەبیانووی پشکنین بۆ دۆزینەوەی پێشمەرگە لەگەڕەکدا دەچێتە ماڵی ئەختەر (**عدكم پێشمەرگە بالبیت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٨**)، بەڵام لەجیاتی دەرکردنی لەگەڕەکدا بەپێچەوانەوە (ئەختەر) دەناسێتو پێوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، سەرەتا پێوەندی نێوان (مولازم تەحسین)و (ئەختەر) تەنیا لەسەر بنەمای سێکسی دروستبوو و ماوەی ئەم پێوەندییەش نزیکەی سێ مانگی خایاند، بەڵام دواتر پێوەندییەکەی نێوانیان فراوانتربوو و بواری سیاسیشی گرتەوە ئەویش دوای ئەوەی (مەولود بازرگان) کوڕەکەی لەلایەن پێشمەرگەوە دەڕفێنرێت ئەوا ئەویش نهێنی حەقیقەتی (جوامێر)ی بۆ (مولازم تەحسین) ئاشکرا کرد، ئاشکراکردنی ئەم نهێنییەش گرنگییەکی زۆری بۆ (مولازم تەحسین) هەبوو، چونکە لەلایەک (مولازم تەحسین) لەدوای ناسینو دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)یشدا دەیزانی (ئەختەر) لە رابردوودا بەتۆمەتی بوونی پێوەندی لەگەڵ (ئاراس بابەکر عەبدولحەمید) لە کارەکەیدا لە فەرمانگە فەسڵکراوە، بەڵام نەیدەیزانی (ئەختەر) تاکو ئێستاش پێوەندی خۆشەویستیو سیاسی لەگەڵ ئەو کەسەدا هەر ماوە بەڵام بەناوێکی دیکە، بەمەش (مولازم تەحسین) لە ئەنجامی ئەمەدا ئەوەی بۆ روون بووەوە ئەو (ئاراس بابەکر عەبدولحەمید)ـەی لە رابردوودا رەفیق حزبی بوو ئەوا ئەو (جوامێر)ـەی ئێستایە پێشمەرگەیەو تاکو ئێستاش پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)دا هەر ماوە (**چۆن باوەڕ بکات کە ئەو تا ئێستا فریودراوە؟ چۆن باوەڕ بکات کە ئەو تا ئێستا بەردەوام پردێک بووەو بەسەریدا پەڕیونەتەوە؟**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٨٧**)، لەلایەکی دیکەوە گرنگی ئاشکراکردنی نهێنی حەقیقەتی (جوامێر) لەلایەن (مەولود بازرگان)ـەوە بۆ (مولازم تەحسین) لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەگەر لە رابردوودا دائیرەی ئەمن بەزۆرلێکردنو تەنانەت لە ڕێگای دەستدرێژی سێکسیشەوە نەیتوانی بێت پێوەندی (ئەختەر) بە(ئاراس بابەکر عەبدولحەمید) بسەلمێنێ، کەچی ئێستا ئەو بەئاسانی ئەوەی بۆ روونبووەوە (ئەختەر) دەستی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیەو لە ژێرەوە کار بۆ پێشمەرگە دەکات.

ئەگەر سەیری هۆکارەکانی سەرکەوتنی پیلانەکەی (مولازم تەحسین) بکەین بەسەر (جوامێر)دا ئەوا بۆ زیرەکی خودی خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە (مولازم تەحسین) دوای ئەوەی بۆی ئاشکرا دەبێت (ئەختەر) پێوەندی بە(جوامێر)ـەوە هەیە توانی مامەڵەیەکی زیرەکانە لەگەڵ (ئەختەر)و ئەو بارودۆخەکە نوێیەدا بکات، راستی ئەم قسەیەشمان حیکایەتخوان بەم شێوەیە باسی زیرەکی (مولازم تەحسین)مان بۆ دەکات: (**ئەختەر بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی هیچ ئاسەوارێکی تووڕەییو شڵەژانو نائارامی لەدەموچاوی مولازم**

**تەحسین بخوێنێتەوە، ئەمەش لە نازیرەکیو ناهەستیاریی ئەختەرەوە نەهاتبوو، بەڵکو لە تواناو کارامەییو مولازم تەحسینەوە بوو کە نەیهێشت تەنانەت تۆزقاڵێکیش چییە شڵەژانو پەشۆکاوی پێوە دیار بێت، بەتەواوەتی کۆنترۆڵی هەستو نەستو سۆزی گرتێیەربووی خۆی کردبوو)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٠٨-١٠٩)**، دواتر ئەنجامی ئەم زیرەکییەی (مولازم تەحسین) نەک هەر بووە هۆی ئەوەی (ئەختەر) متمانەو قەناعەت بە(مولازم تەحسین) بکات، بەڵکو هاوکاریشی کرد بۆ دانانەوەی بۆسە بەسەر (جوامێر)دا.

زیرەکی (مولازم تەحسین) لەوەدا بەدەردەکەوێت سەرەتا توانی بەزمانێکی دیبلۆماسی لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە لەگەڵ (ئەختەر)دا بکات ئەویش کاتێک بەمشێوەیە بەئەختەری گوت: (**من چەند مانگێکە دەتناسم.. ئەمە یەکەمین جارە دەمەوێ (هەندێ پرسیاری رەسمی) لە تۆ بکەم ئیزنم دەدەی ئەختەر گیان)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١١٤-١١٥)**، چونکە بەهۆی ئەمجۆرە شێوازی قسەکردنەوە توانی بەبێ زمانی هەڕەشەو بەبێ بەکارهێنانی ڕێگای ترسو تۆقاندن (ئەختەر) دەستەمۆ بکاتو بەمشێوەیە ئیعتیرافی پێ بکات کە دەستی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیە (**ئەختەر بۆ ئەوەی مولازم تەحسین زۆرتر باوەڕی پێ بکا دانی پێدانا: ئێستاش خۆشی دەوێمو پەیوەندیمان هەیە!)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١١٦-١١٧)**، لەلایەکی دیکەوە ئاشکرایە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا ئەگەر کەسێک لەسەری ئیسپات بووایە ئەندامی حزبێکی دیکەی غەیری حزبی بەعس بووایە ئەوا بەتۆمەتی خیانەتکردن سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرا، بۆیە (ئەختەر) دوای ئەوەی ئیعتیرافی کرد دەستی لەگەڵ پێشمەرگەدا هەیە چاوەڕێی سزایەکی لەم شێوەی دەکرد، بۆیە (ئەختەر) بە(مولازم تەحسین)ی گوت: (**ئەدی بۆچی تۆش بەشەق ناکەویتە سەرمو نامبەیتە ئەمنە سوورەکەو گوللە بارانم بکەن)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١١٨)**، بەڵام لەبەر ئەوەی (مولازم تەحسین) پێویستی بە(ئەختەر) هەبوو بۆ کارێکی زۆر گرنگتر ئەوا ئەم کارەی نەکردو لە بەرامبەردا (ئەختەر)ی ماچ کرد (**ئەختەر لە سەرەتادا ترسا، بەڵام کاتێ مولازم تەحسین لاجانگی ماچ کرد هێوربۆوە)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١١٧)**، بەئەنجامدانی ئەم کارەش (مولازم تەحسین) ویستی پیشانی (ئەختەر) بدات ئەو خۆشی دەوێت تەنانەت پێشی ڕاگەیاند خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بەئەو بەجۆرێکە کە ئەو (واتە ئەختەر) وەکو پارچەیەک وایە لە لەجەستەی ناتوانێ لێی جیاببێتەوە (**تۆ لەوە دەچێ بەکەسێکی زۆر نزیکم بچیت، یان لەوانەیە لەتێکی رۆحی خۆم بیت)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٥-١٢٦)**، جا بۆ فریودانی (ئەختەر) پێی دەڵێ تۆ بۆ درۆم لەگەڵدا ناکەیو ڕاستییەکەم پێ دەڵێی، چونکە ناتوانم ئازاری پارچەیەک لە جەستەی خۆم بدەمو لێی جیاببمەوە (**تۆ بۆچی درۆم لەگەڵدا ناکەیت ئەختەر؟)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١١٧)**، تەنانەت بۆ زیاتر دەستەمۆکردنی (ئەختەر) ئەویش لە بەرامبەر ئەو ڕاستگۆییەی (ئەختەر)دا هەندێ زانیاری کە

تایبەت بوو بەژیانی خێزانی خۆی بۆ (ئەختەر)ی ئاشکرا کرد، هەرچەندە پێشتر (مولازم تەحسین) بە(ئەختەر)ی گوتبوو ژنی هێناوە، بەڵام پێی نەگوتبوو ژنەکەی مردووەو منداڵەکانیشی لە بەغدا دایکی بەخێویان دەکات:

**- بەڵام با منیش پێشوەخت دان بەهەندێ شتدا بنێم لە بەردەم تۆدا.**

- ......

**- من ژنم هێناوەو دوو منداڵم هەن.**

**- ژنەکەم مردووە، منداڵەکانیشم لە ماڵی دایکم دەژین، منداڵەکانم کچو کوڕێکن... هەردووکیان لە قۆناغی سەرەتایین، تۆ ئامادەی بەخێویان بکەی ئەختەر؟(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٣-١٢٤)**

بەئاشکراکردنی نهێنی مردنی خێزانەکەشی (مولازم تەحسین) دەیوست زەمینەسازییەک دروست بکات بۆ ئەوەی وا لە (ئەختەر) بگەیەنێت مەسەلەی خواستنەکەی حەقیقەتێکەو هیچ گومانی تێدا نییە **(ئەختەر گیان ئیتر من لەمڕۆوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە دەکەم کە ببین بەژنو مێردی یەکتر)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٧)**، لەلایەکی دیکەوە بۆ پیشاندانی نیازپاکی خۆی بە(ئەختەر)ی ڕاگەیاند ئێستاش لەدوای ئاشکرابوونی ئەم مەسەلەیەش ئامادەیە بیخوازێو تەنانەت هەڕەشەی ئەوەشی لێکرد هەر ئێستا ئامادەیە بچێ مەلا بێنێو مارەی بکات **(هەر ئێستا دەنێرم مەلا بێتو لە یەکترمان مارە بکەن!)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٢)**، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو (ئەختەر)یشی سەرپشک کرد بەوەی لە شووکردندا ئازادە شوو بەئەو یان بە(جوامێر) بکاتو تەنانەت پێشی ڕاگەیاند ئەگەر ئەو (واتە ئەختەر) جوامێریشی هەڵبژارد بۆ ئەوەی شووی پێ بکات ئەوا ڕێز لە بڕیارەکەی دەگرێتو ڕێگری لێناکات **(بۆ دواییینجار دیسان پێت دەڵێمەوە ئەختەر: ئەگەر هەست دەکەی ئیحراج بوویتە کە من بەمیانەی تۆو جوامێرم زانیوە یان ئەگەر بەڵێنت داوەتە جوامێرو بڕیارت داوە شوو بەئەو بکەیت، بەڵێنی پیاوان بێت: دەست لە هیچ کامتان نادەم بڕۆ شوو بەئەو بکەو پیرۆزی یەکتر بن! بەڵێنت پێ دەدەم: تا دەشتگوازێتەوەو دەتباتە شاخ من لێرە نەمێنم... بەئیجازەیەک دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٤-١٢٥)**، دواتر بەرهەمی ئەو هەموو زیرەکییەی (مولازم تەحسین) لەوەدا خۆی بینییەوە (ئەختەر) نەک هەر کەشف بوونی خۆی لە رووی سیاسییەوە بۆ (جوامێر) باس نەکرد، بەڵکو (مولازم تەحسین) بەهاوکاری (ئەختەر) توانی (جوامێر) بکوژێ، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەبوو ئەگەر (ئەختەر) لە رابردوودا وەکو جەللادێک حیسابی بۆ (مولازم تەحسین) کردبێ بەوەی **(کاتێ ئەم دیمەنە خوێناوییانەی مولازم تەحسینی دەهاتەوە پێش چاو هەستی دەکرد بەڕاستی ئەم پیاوە عارەبە بەعسییە کە تا سەر ئێسقان تینووی خوێنی خەڵکی کوردە، نەک هەر شایستەی ئەوە نییە**

**خۆشی بوێتو شووی پێ بکات، بەڵکو پێویستە لە** (**بەردەرکی سەرا**) **بە بەرچاوی هەموو خەڵکی سلێمانییەوە هەڵبواسرێتو لە سێدارە بدرێت**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٩**)، کەچی دەبینین ئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتو مامەڵە زیرەکەی (مولازم تەحسین) نەک هەر بووە هۆی ئەوەی (ئەختەر) بڕوا بەقسەکانی (مولازم تەحسین) بکات بەوەی بەڕاستی خۆشی دەوێتو درۆی لەگەڵدا ناکات (**ئەختەر لە کانگایەوە هەستی کرد هیچ کەسێک لە ژیانیدا نەبووە هێندەی مولازم تەحسین خۆشی بوێتو.... گریا: تەحسین تۆ زیاد لە پێویست منت خۆش دەوێ**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٥**)، بەڵکو ئەو مامەڵە زیرەکەی (مولازم تەحسین) وای لە (ئەختەر) کرد بەراورد لەنێوان هەڵوێستو بەڵێنەکانی (مولازم تەحسین)و (جوامێر)یشدا بکات (**ئەختەر لە دڵی خۆیدا بەراوردی هەڵوێستی مولازم تەحسینی لەگەڵ هەڵوێستی جوامێر دەکرد**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٠**).

راستە (مولازم تەحسین) لەدوای ئاشکرابوونی حەقیقەتی (جوامێر)و پێوەندی (ئەختەر) بە(جوامێر)ـەوە توانی مامەڵەیەکی زیرەکانە لەگەڵ (ئەختەر)و باردۆخە نوێیەکەدا بکات، بەڵام ئەگەر بەدواداچوون بۆ راستی ئەم حاڵەتە بکەین بۆمان دەردەکەوێت ئەو زیرەکییەی (مولازم تەحسین) تەنها هەر بۆ ئەم کاتە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەشێکی بۆ سەرەتای ناسینو دروستبوونی پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)دا دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی پاساوی (مولازم تەحسین) بۆ خواستنی (ئەختەر) تەنیا ئەوەبوو لەبەر ئەوەی لە شاری سلێمانیدا (**سومعەی هیچ یەکێکمان لێرە تەواو نییە**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٨**)، بەوەی هی خۆی سیاسییەو هی (ئەختەر)یش کۆمەڵایەتییە، ئەوا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان دەبێت شاری سلێمانی بەجێبهێڵنو روو بکەینە شاری بەغدا، بەڵام لەگەڵ ئەو پاساوە درۆیینەشدا توانی مامەڵەیەکی زیرەکانە لەگەڵ (ئەختەر)دا بکات بەوەی راستە لە سەرەتادا پێوەندی نێوان (مولازم تەحسین) و (ئەختەر) لەسەر بنەمانی سێکسی دروست ببوو بەوەی هەردوولایان بەئارەزوو و رەزامەندیی خۆیان رازیبوون حەزی سێکسی خۆیان لە جەستەی لەیەکتردا بەتاڵبکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (مولازم تەحسین) بەهۆی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی لە رووی سیاسییەوە هەیبوو بەبێ ئارەزوو و رەزامەندیی (ئەختەر)یش دەیتوانی بەزۆر سێکسی لەگەڵدا بکردابوایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو کەسێکی لەشفرۆش مامەڵەی لەگەڵ (ئەختەر)دا نەدەکرد، بەڵکو بەرامبەر (ئەختەر) وا خۆی نیشاندا کە نەک هەر خۆشی دەوێت بەڵکو نییەتی هێنانیشی هەیە، تەنانەت ئەم حاڵەتەی هەم بەقسەو هەمیش بەکردار بۆ (ئەختەر)ی سەلماندبوو، بۆ نموونە لە رووی زارەکییەوە بە(ئەختەر)ی راگەیاند بەهۆی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی لە رووی سیاسییەوە هەیەتی دەتوانێ

بەزۆر بیخوازیێو بیکاتە ژنی خۆی، بەڵام لەبەر خۆشەویستیم بەرامبەر بەتۆ ئەم کارە ناکەمو دەمەوێ بەئارەزوو و قەناعەتی خۆت بڕیار لەسەر ئەو مەسەلەیە بدەی (**ئەختەر گوێ بگرە خۆ من دەتوانم بەزۆرەملێ بتخەمە پشتی توتۆمبێلەکەمەوەو تا بەغدا رانەوەستین بەزۆرەملێ بتکەمە ژنی خۆم، بەڵام من هێندەم خۆش دەوێیت کە نامەوێ غەدرت لێ بکەمو تۆزقاڵێک چییە ئازارت بدەم.. حەزدەکەم تۆ خۆت بەخواستی خۆت و بەبڕیاری خۆت بەگەڵم بکەویت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩-١٠**)، لە رووی کردارییەوەش بۆ پیشاندانی نیازپاکی خۆی بەرامبەر بە(ئەختەر) بەوەی خۆشی دەوێت دیاری پێشکەش دەکرد ئەویش بەکڕینی ملوانکەو ئەنگلوستیلەی زێڕ بۆ ئەختەر (**ملوانکەیەکی زێڕینی تازەم بۆ کڕیوی.... حەیوان**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢**)، بەمجۆرە مامەڵەکردنەش (مولازم تەحسین) بەپێچەوانەی (جوامێر) هەر لە سەرەتای ناسینییەوە تاکو کۆتایی هیچ خاڵێکی لاوازی بەدەست (ئەختەر)ـەوە نەدا بەوەی درۆی لەگەڵدا ناکات بەڵکو بەپێچەوانەوە توانی متمانە لەلای (ئەختەر) پەیدابکات بەوەی بە راستی خۆشی دەوێتو نییەتی خواستنی هەیە بەجۆرێک (مولازم تەحسین) گرەنتی ئەو متمانەیەی (ئەختەر) بەخودی خۆی پێش ئاشکرابوونی (ئەختەر)یش لە رووی سیاسییەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە مۆنۆلۆگێکدا ئاماژەی پێکردووە ئەویش کاتێک (ئەختەر) راشکاوانە لە (مولازم تەحسین) دەپرسێت بەوەی جگە لە من پێوەندی سێکسیت لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی دیکەدا هەیە، ئەگەرچی (مولازم تەحسین) لە وەڵامدا سوێندی بەگۆڕی باوکی بۆ خوارد بەوەی لەدوای ناسینی تۆ پێوەندیی سێکسیم لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا نەبووە (**من بەگۆڕی باوکم سوێندت بۆ دەخۆم لەوەتەی لەم شارە تۆم ناسیوە دەستم بۆ هیچ ئافرەتێکی دیکە درێژ نەکردووە، پاش ناسینی تۆ نەفسم نەچۆتە سەر هیچ ئافرەتێکی دیکە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧**)، بەڵام لەپاڵ سوێند خواردنەکەش بۆ زیاتر قەناعەت پێهێنانی (ئەختەر) مولازم تەحسین ویستی بەڵگەی بەرجەستەو واقیعی بۆ بهێنێتەوە بەتایبەتی کاتێک لە خەیاڵی خۆیدا بەسەرهاتی ژنو کچەکانی (حاکم نەریمان نەورۆڵی) بەبیر هاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەواو دڵنیا بوو لەوەی (ئەختەر) بڕوا بەسوێندەکەی دەکاتو متمانەی پێ هەیە ئەوا (**مولازم تەحسین بەپێویستی نەزانی ئەم هەڵوێستو رووداوە بۆ ئەختەر بگێڕێتەوە، چونکە دەیزانی ئەختەر پێویستی بەمجۆرە بەڵگەو بەمجۆرە حەکایەتانە نییە، ئەختەر بەتەواوەتی لەوە دڵنیایە کە چەندی خۆش دەوێت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩**)، دواتر هەر ئەو متمانەیە بوو هانی (ئەختەر)یدا بەوەی بەر لە ئاشکرابوونی لە کاری سیاسیدا نەک هەر بیر لە شووکردن بە(مولازم تەحسین) بکاتەوە، بەڵکو لەسەر پێشنیاری (باجی بنار) مەرجیشی بەسەر (مولازم تەحسین)دا سەپاند بەوەی ئەگەر شووی پێ بکات ئامادەیە واز لە پیشەکەی بهێنێ:

**- نا، مەبەستم ئەوەیە کە لێت بپرسم: ئەگەر شووت پێ بکەم واز لەم پیشەیەت دەهێنیٚ؟**

**- دڵنیابە ئەختەر، بەڵام ئێمە هەر دەبێ بڕۆین بۆ بەغداو لەوێ بژین!(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٠)**

## ٢- کارەکتەری لاوەکی:

## - باجی بنارو پورە رەعنا:

(باجی بنار) خێزانی (مامەندە مۆن) بوو (پورە رەعناش) خێزانی (سەلیم سەرپانی نەوتفرۆش) بوو هەردووکیانیش دراوسێی ماڵی (ئەختەر) بوون، یەکێکیش بوون لەو کەسانەی (ئەختەر) لە گەڕەکدا بڕواو متمانەی بەم دوو کەسە هەبوو بەوەی بەشێک لە نهێنییەکانی ژیانی خۆی تەنیا بۆ ئەم دوو کەسە باس دەکرد، ئەگەرچی نووسەر لە رۆمانەکەدا رۆڵی زیاتری بە(باجی بنار) بەخشیوە لەچاو (پورە رەعنا)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنو بەرجەستەبوونی رۆڵی (باجی بنار)ی زیاتر بەستۆتەوە بەبوونو رۆڵی (پورە رەعنا)، چونکە رۆڵی هەردووکیان لەناو رۆمانەکەدا زیاتر بەیەکەوە هاتووە نەک بەتەنیا، ئەگەرچی نووسەر لەسەر ئاستی رووداوەکاندا رۆڵێکی ئەوتۆی بەهەردووکیان نەبەخشیوە بۆ ئەوەی کاریگەرییان بەسەر رەوتی رووداوەکاندا هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی تێکستدا رۆڵێکی زۆری بەهەردووکیان بەخشیوە، تەنانەت بەهۆی ئەو رۆڵە زۆرەوە توانیویەتی قەرەبووی ئەو رۆڵە کەمەیان لەناو رووداوەکاندا بکاتەوە بەجۆرێک بەهۆی ئەو ئامادەبوونە زۆرەی لەسەر ئاستی تێکستەکەدا بەم دوو کارەکتەرەی بەخشیوە توانیویەتی بەشێکی زۆری رۆمانەکەی لە رێگای بوونی ئەو دوو کارەکتەرەوە بنیات بنێت، چونکە نووسەر لە روانگەی خودی ئەم دوو کارەکتەرەوە توانیویەتی زۆر زانیاری دیکە لەسەر کارەکتەرو رووداوەکانی کورتە رۆمانەکە بەخوێنەر بگەیەنێت، بۆ نموونە لە رێگای گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە نووسەر توانیویەتی زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی (ئەختەر) پێشکەش بەخوێنەر بکات بەتایبەتیش باسی ئەو کابرا زەڕەنگەرەی هاوڕێی (سەلیم سەرپان)ی مێردی (پوورە رەعنا) بوو کە دەیویست لە رێگای (سەلیم)ـەوە بچێتە خوازبێنی (ئەختەر)، لەلایەکی دیکەوە جگە لەوەی نووسەر لە رێگای گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە باسی جوانی رەهەندی فیزیکی واتە رووخساری (ئەختەر)ی کردووە (**ئەو ژنە هێندە جوانە برای خۆی عاشقی دەبێت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٢**)، ئەوا لەهەمان کاتدا هەر لە رێگای گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە ئەوەشی روونکردۆتەوە بەوەی هەموو ئەو کێشانەی (ئەختەر) لە رۆمانەکەدا رووبەڕووی بۆتەوە هۆکارەکەی بۆ جوانییەکەی گەڕاندۆتەوە:

**- تۆ دەزانی: جوانیش بەڵایە؟**

**- چۆن؟**

**- جوانبوون سەرت لێ دەشێوێنێو زۆرجار بەدبەختت دەکات؟**

**- ئاخر چۆن؟**

**- من دەڵێم: ئەگەر ئەختەر ئاوها جوان نەبووایە، ئەم سەریەشەو بەڵایەی تووش نەدەهات.(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٢)**

ئەمە جگە لەوەی نووسەر سیفەتی مێبازی (جوامێر)یشی هەر لە ڕێگای گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە پشتڕاستکردۆتەوە (**من جارێک دیومە پیاوێکی چاو حیز دیار بوو**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٢**)، تەنانەت نووسەر سیفەتی دڵسافیو ساویلکەیی (ئەختەر)یشی هەر لە ڕێگای گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە بەخوێنەری ڕاگەیاندووە (**کچێ ئەو ژنە سەرشینە زۆر سادەدڵ خۆشباوەڕیش دیارە دەزانی! خۆ هیچیشی لەدەم ڕاناوەستێ، بەخوا ئەمشەو ترێک بکا سبەینێ بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٤**)، لەلایەکی دیکەوە نووسەر هەر لە ڕێگای گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە وەکو تەکنیکی پێشخراو پێشوەختە ئەوەی بۆ خوێنەر ڕوونکردۆتەوە (جوامێر) ئەختەر ناخوازێتو تەنیا بۆ ڕابواردن بەکاریدێنێ، چونکە هۆکاری نەخواستنەکەی بەشێوەیەکی زۆر مەنتیقی ڕوونکردۆتەوە بەوەی لەناو کلتووری کۆمەڵگای ئێمەدا هیچ پیاوێک ئامادە نییە کچێک بخوازێ ئەگەر پێوەندی سێکسی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا هەبێت:

**- دەبینی: دە تۆ بیری لێ بکەوە ڕەعنا! پیاوێک ئەگەر هەست بکات دەبێتە مێردی ژنێک چۆن ڕازی دەبێت ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی دیکەی غەیری خۆی بەزمی هەبێ؟!**

**- ئەیەڕۆ...!**

**- ئەمە ماقووڵە؟ بەڵێ جوامێر باش دەزانێ ئەختەر بەچی دەژیت، تەنانەت بەمدواییە ئەختەر ئەوەشی پێ گوتووە کە مولازم تەحسین هاموشۆی دەکا.(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧١)**

لەلایەکی دیکەوە پێش ئەوەی ڕووداوەکان بەکۆتا بگات نووسەر وەکو تەکنیکی پێشخراو لە ڕێگای گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەوە بەهۆی ئەو پێوەندییەی (ئەختەر) لەگەڵ (جوامێر) و (مولازم تەحسین) هەیبوو کە ئینتیمای سیاسییان جیاواز بوو پێشهاتو ئەنجامی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەی بۆ خوێنەر ئاشکرا کردووە:

**- بەڵێ ئێستا وای لێ هاتووە ئەمیان بە ڕۆژ ئەویان بەشەو.**

**- ئەیەڕۆ.. !**

**- ئەیەڕۆی بۆ چییە؟ بەخوا ئەمە چەند هەفتەیەکە ئیشەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەو ئاوهای لێ هاتووە.**

**- ئێستا دەبێ هەموویان بەیەکتریان زانیبێ!**

**- بەڵێ هەر ڕۆژێکەو ئیتر دەتەقێتەوە، ئەم ئیشە دەبێ بگاتە ئەنجامێکو کۆتاییەک.(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧١)**

لەلایەکی دیکەوە نووسەر لەناو ئەو کورتە ڕۆمانەدا ئەرکێکی دیکەی خستۆتە سەرشانی ئەم دوو کارەکتەرە ئەویش ئەوەیە ڕۆڵی حیکایەتخوانی بەم دوو کارەکتەرە بەخشیوە (بەتایبەتی باجی بنار) بۆ گێڕانەوەی بەشی کۆتایی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، چونکە نووسەر ئەنجامی کۆتایی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەی بەسوود وەرگرتن لە تەکنیکی (فلاشباک) و (دیمەن)ـەوە لە ڕێگای گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە بۆ خوێنەر باسکردووە، ئەگەرچی لە گفتوگۆیەکەدا تەنیا (باجی بنار) قسە بۆ (پورە ڕەعنا) دەکاتو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

## - حاجی مەولود بازرگان:

کەسێکی دەوڵەمەندی دیارو ناسراوی شاری سلێمانی بوو کە بەهۆی دەوڵەمەندییەکەیەوە لە شاری سلێمانی بە(مەولود ملیۆنێر) ناوبانگی دەرکردبوو (**حاجی مەولود بازرگان پێش ئەوەی بچێ بۆ حەج پێیان دەگوت ((مەولود ملیۆنێر)) تەنانەت ئێستاش هەر ئەگەر نەتگوتایە (مەولود ملیۆنێر) کەس نەیدەناسی)(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٨٢**)، ئەگەرچی لەسەر ئاستی ڕووداوەکاندا ڕۆڵێکی کەمی لەناو ڕووداوەکاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕۆڵە کەمەی گرنگیو کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەنجامی ململانێی کارەکتەرەکانی ناو ئەم کورتە ڕۆمانەدا هەبوو بەجۆرێک بوونی ئەم کارەکتەرە لەسەر ئاستی ڕووداوەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی ئەنجامی ململانێی ئەم کورتە ڕۆمانە لە بەرژەوەندی (مولازم تەحسین) کۆتایی پێ بێت نەک (جوامێر)، ئەویش کاتێک (مەولود بازرگان) لەگەڵ خێزانو کوڕو کچەکانی دەچێتە خزمەت (صەدام حوسێن) بۆ بەخشینی بڕی(٨٠) هەزار دینار بەحکومەتی بەعس لەپێناو پاڵپشتیکردنی سوپاو حکومەتی عیراق لە شەڕی دژی دەوڵەتی ئێراندا، بەڵام پێشمەرگە لەبری ئەوە دوای ئەوەی (سالار)ی کوڕە گەورەکەی دەڕفێنن کە تەمەنی (١٩) ساڵ بوو و قوتابی قۆناغی یەکەمی بەشی کارەبای کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین• بوو و لە بەرامبەر ئازادکردنی داوای بڕی (٥٠)

• ئەگەرچی لە تێکستەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە قوتابی زانکۆی سلێمانییە، بەڵام وەکو دەزانین زانکۆی سلێمانی ساڵی ١٩٨١ لە شاری سلێمانییەوە گوازرایەوە بۆ شاری هەولێرو لەگەڵ گواستنەکەشی ناوی گۆڕا بۆ زانکۆی سەلاحەدین، ئەگەر بەپێی ڕووداوەکانیش بێت ئەوا جوامێر ساڵی ١٩٨٥ چوو بۆ شاخو بوو بەپێشمەرگەو ڕووداوی ڕفاندنی کوڕەکەی مەولود بازرگانیش هەر دەکەوێتە دوای ئەم ڕێککەوتە.

هەزار دیناریان لە (حاجی مەولود بازرگان) دەکەن (**تا پەنجا هەزار دینار بۆ هێزی پێشمەرگەی شاخ نەنێرێت ئێمە کورەکەت نادەینەوە!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٨٢-٨٣**)، بەڵام (حاجی مەولود بازرگان) بەم داواکارییە رازی نابێت لەجیاتی ئەوە هانای بۆ (مولازم تەحسین) برد بۆ ئەوەی بتوانێ کورەکەی بۆ رزگار بکات، دوای تاووتوێکردنی ئەم مەسەلەیەش لەگەڵ (مولازم تەحسین)دا جگە لەوەی (مەولود بازرگان) راستەوخۆ تاوانی رفاندنی کورەکەی خستە پاڵ (جوامێر) لە هەمان کاتیشدا نهێنی حەقیقەتی (جوامێر)یشی لە رووی سیاسییەوە بۆ (مولازم تەحسین) ئاشکرا کرد:

**- ئەو جوامێرەی باسی دەکەیتو گومانت وایە کە ئەو کورەکەتی رفاندبێ ئەم (ئاراس بابەکر عبدالحمید)ە نییە؟**

**- بەڵێ خۆیەتی!**

- ....

**- من دوو سێ جاران ئەوکاتەی مودیری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ بوو بینیبووم، ئەم خوێڕییە یەک دونیا ئەجهیزەو پارەی حکومەتیشی دزی ئینجا رووی کردە شاخ.**

**- یەعنی ئەو جوامێرەی تۆ باسیت کردو خەڵکیش باسی دەکەن کە شەوان دادەبەزێتە ناو شار هەمان ئەو ئاراسەیە کە مودیری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ بوو؟**

**- بەڵێ. بەڵێ. هەموو دنیا ئەمە دەزانی کاتێ چووە شاخو بووە جەردە ناوی لە خۆی نا ((جوامێر)).**

**- سوپاس!(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٥-٩٦-٩٧)**

بەئاشکراکردنی ئەم نهێنییەش لەلایەن (حاجی مەولود بازرگان)ـەوە بۆ (مولازم تەحسین) رێڕەوی رووداوەکان ئاراستەیەکی دیکە وەرگرت بەوەی لە هەڵکشانەوە بەرەو داکشان هەنگاوی نا، چونکە بەئاشکراکردنی ئەم نهێنییە گرێ کوێرەی رووداوەکان کرایەوەو رەوتی رووداوەکانیش هەنگاوی بەرەو کۆتایی نا.

## جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی پێکهاتەوە لە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)

## کارەکتەری پەرەنەسێن

### - ئەختەر:

ئەگەرچی (ئەختەر) لە رووی ئەرکەوە نەک هەر کارکتەرێکی سەرەکی بوو بەڵکو شاکەسی رۆمانەکەش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی پێکهاتەوە کەسێکی پەرەنەسێن بوو، چونکە ئەگەر سەیری سروشتو پێکهاتەی (ئەختەر) بکەین دەبینین هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی کورتە رۆمانەکە کەسێک بووە لەلایەن کەسانی دەوروبەریەوە فێڵی لێکراوە بەجۆرێک ئەمجۆرە پێکهاتەیەی بەجێگیریی مایەوە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا بێت، هۆکاری ئەو فێڵ لێکردنەش بۆ بوونی سیفەتی دڵسافیو ساویلکەیی خودی خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە کەسانی دەوروبەری بەهۆی ئەو سیفەتەوە توانیویان فریوی بدەنو بۆ مەرامی سیاسیو سێکسی خۆیان بەکاری بێنن، پەرەنەسێنی پێکهاتەی (ئەختەر) لەوەدا بەدەردەکەوێت ئەگەر سەرەتای دروستبوونی رووداوەکانی ئەم کورتە رۆمانە بەفریودانی (ئەختەر) لەلایەن (جوامێر)ـەوە دەست پێ بکات، ئەوا لەهەمان کاتدا دووبارە کۆتایی رووداوەکانی ئەم کورتە رۆمانە بەهەمان شێوەی سەرەتاکەی بەفریودانی (ئەختەر) لەلایەن (مولازم تەحسین)ـەوە کۆتایی پێ هاتووە، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە بیانووی هەڵخەڵەتاندنەکە لەلای هەردووکیان (مەبەستم جوامێرو مولازم تەحسینە) یەک شتە ئەویش بیانووی خواستنیەتی، نەک هەر ئەوە بەڵکو ئامرازی هەڵخەڵەتاندنەکەش لەلای هەردووکیان قۆزتنەوەی سیفەتی دڵسافیو ساویلکەیی (ئەختەر) بوو، چونکە ئەگەر لە سەرەتادا (جوامێر) بەهۆی ئەو سیفەتەوە توانی (ئەختەر) هەڵبخەڵەتێنێ، دواتریش (مولازم تەحسین) دووبارە هەر بەهۆی بوونی ئەو سیفەتەوە توانی (ئەختەر) هەڵبخەڵەتێنێ، دواتر ئەنجامی ئەو پێکهاتە جێگیرەشی بووە هۆی ئەوەی لە کۆتایی رووداوەکاندا تووشی چارەنووسێکی خراپ ببێتەوە.

ساویلکەیی عەقڵی (ئەختەر) هەر لە بواری کۆمەڵایەتیدا رەنگی نەدایەوە بەڵکو بواری سیاسیشی گرتەوە، چونکە دوای ئەوەی حزب داوای لێدەکات لە راپۆرتێکدا ناوی هەموو ئەو کەسانەی بۆ بنووسێت کە چووبوونە خزمەت (صەدام حوسێن) بۆ بەخشینی زێڕو پارە بەقادسیەی صەدام، کەچی دواتر پێشمەرگە کەسێکی دیکەیان رفاند بەهیچ جۆرێک ناوی ئەو کەسە لە راپۆرتەکەی ئەودا نەهاتبوو، ئەمەش ساویلکەیی عەقڵی (ئەختەر) پیشاندەدات بەوەی چۆن لە بواری کۆمەڵایەتی لەلایەن (جوامێر)ـەوە فریودرا بوو، بەهەمان شێوە لەبواری سیاسیشدا (ئەختەر) لەلایەن (جوامێر)ـەوە فریودرا بوو.

لەناو رۆماندا کاریگەریی رووداوەکان بەسەر هزرو بیروبۆچوونو کردارەکانی کارەکتەردا پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی پێکهاتەکەی کارەکتەر، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین پەرەنەسێنیو جێگیریی پێکهاتەی (ئەختەر) لەوەدا بەدەردەکەوێت بەهۆی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیبوو دەرهاوێشتەی سیفەتی دڵسافیو ساویلکەییەکەی تووشی کۆمەڵێک رووداوی ناخۆشی کرد ئەویش هەر لەدەستدانی پەردەی کچێنیو مردنی دایکی بەو خەفەتەوەو حاشالێکردنی خاڵۆکانیو فەسڵکردنی لە فەرمانگەو بەزۆر دەستدرێژی سێکسی کردنە سەری لەلایەن پیاوانی دائیرەی ئەمنو، تەنانەت کاری لەشفرۆشییەکەی تا رادەیەکی زۆریش هۆکارەکەی بۆ (جوامێر) دەگەڕێتەوە، دواتر هەر بەهۆی ئەم کارەوەش بوو تووشی بەتووشی (مولازم تەحسین) هات، کەچی لە بەرامبەردا دەبینین هەموو ئەو رووداوە ناخۆشانە نەک هەر هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونەکانی (ئەختەر)یان بەرامبەر بە(جوامێر) نەگۆڕی، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەردەوامی بەپێوەندییەکانی خۆشی لەگەڵ (جوامێر)دا هەم لە رووی سێکسیو هەمیش لە رووی سیاسیدا، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو لەپاڵ بوونی هەموو ئەو رووداوە ناخۆشانەش هێشتا هیوای بە(جوامێر) مابوو کە بیخوازێ.

لەلایەکی دیکەوە پەرەنەسێنی پێکهاتەی (ئەختەر) لەوەدا بەدەردەکەوێت هاوکات لەپاڵ بوونی سیفەتی دڵسافیو ساویلکەییەکەی خۆی حاڵەتی هۆشیاریشی هەبوو هەم بەرامبەر بە(جوامێر)و هەمیش بەرامبەر بە(مولازم تەحسین)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هۆشیارییەی هیچ سوودێکی بەپێکهاتەکەی نەگەیاند بۆ ئەوەی هەڵوێستو هزرو بیروبۆچوونەکانی بەرامبەر بەم دوو کارەکتەرە بگۆڕێت، ئەگەر سەرەتا لە (جوامێر)ەوە دەست پێ بکەین بۆمان دەردەکەوێت (ئەختەر) هۆشیارییەکی زۆری بەرامبەر بە(جوامێر) هەبوو بۆ نموونە (ئەختەر) هۆشیاری ئەوەی هەبوو لەبەر ئەوەی بۆتە کەسێکی لەشفرۆش (جوامێر) ئامادە نییە بیخوازێ (**بۆچی جوامێر؟ بۆچی جارێ ناتوانیت بمخوازیت؟! چونکە من ئێستا بەچاوی تۆو بەچاوی خەڵک (ژنێکی سووکم) وانییە؟ (ژنێکی قەحپەم) وانییە؟ ئەمەیە هۆی ئەوە کە ناتوانیت بمخوازیت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥١**)، تەنانەت هۆشیاری ئەوەشی هەبوو (جوامێر) رۆشنبیرێکی ترسنۆکە (**جوامێر ئەگەرچی رۆشنبیرە، ئەگەرچی زۆریشی خۆش دەوێیت، بەڵام جەسارەتی ئەوە ناکات تۆ سۆزانیو ریسوا بخوازێت!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٣**)، بەوەی راستە بەپێی تیۆری مارکسی بڕوای بە مافو ئازادی ئافرەت هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی جورئەتەوە بەتایبەتیش بەهۆی پابەندبوونی بەکلتووری کۆمەڵگاوە ئامادە نییە بیخوازێ، چونکە وەکو ئەختەر ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: (**جوامێر لەوە دەترسێ کە ئەگەر تۆی خواست خەڵک پەنجەی بۆ درێژ بکەنو بڵێن: ئەمەتا هەموو کوڕی سلێمانی خۆی بەئەختەری قادر**

**کردووەتە پیاو، کەچی ئێستا ژنی ئەو پاڵەوانەیە کە هەموو سلێمانی شانازیی پێوە دەکا**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٥**)، لە رووی سیاسیشەوە هۆشیاری ئەوەی هەبوو (جوامێر) تەنیا بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنا (**جوامێر من پێموابێ تۆ منت تەنیا بۆ ئیشی حزب دەوێتو بەس!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٦**)، ئەمە لەکاتێکدا لەپاڵ بوونی هەموو ئەو هۆشیارییەی خۆشیدا (باجی بنار) و (پورە رەعنا)ش بەردەوام ئامۆژگارییان دەکرد بەوەی (جوامێر) لەگەڵیدا راستگۆ نییەو نایخوازێت (**ئاخر تۆ خۆشت دەزانی ئەختەر جوامێر تەواو دەستی خۆی پێت گەرم کردەوەو تەواو، حەیاو ناموسی تۆی خستە کیسێکەوەو تەواو، جوامێر ئەگەر تۆی بویستایە دەمێک بوو لەگەڵ خۆی دەیبردیت بۆ شاخ**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥٠**)، بەڵام جێگیریی پێکهاتەی (ئەختەر) لەوەدا بەدەردەکەوێت نەئامۆژگاریی دراوسێکانیو نەهەموو ئەو هۆشیارییانەی خۆشی نەبووە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری لە پێکهاتەکەی رووبدات بۆ ئەوەی هەڵوێستی بەرامبەر بە(جوامێر) بگۆڕێت.

(ئەختەر) بەرامبەر بە(مولازم تەحسین)یش هۆشیاری هەبوو بەوەی بەهۆی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە (مولازم تەحسین) لە ناو شاری سلێمانیدا هەیبوو ئەگەر دەست لەسەر هەر کچێک دابنێ بۆ خواستنی نەک هەر داواکەی رەتناکرێتەوە، بەڵکو بۆ مەبەستی رابواردنیش بێت دەتوانێ ئەو کارەی لەگەڵدا بکات (**تەحسین تۆ ئەوەی لەگەڵ من دەیکەت، دەتوانیت لەگەڵ هەر ئافرەتێکی دیکەش بیکەیت... دەزانی؟**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤-٥**)، بەڵام دەبینین ئەو هۆشیارییەی نەبووە هۆی ئەوەی هەڵوێستو هزرو بۆچوونەکانی بەرامبەر بە(مولازم تەحسین) بگۆڕێت بەوەی چۆن کەسێکی دەست رۆیشتووی وەکو (مولازم تەحسین) پێویستی بەوە هەیە داوا لە کەسێکی لەشفرۆش بکاتو لێی بپاڕێتەوە شووی پێ بکات، تەنانەت راستی ئەو قسەیە لە گفتوگۆی نێوان (باجی بنار) و (پورە رەعنا)شدا پشتڕاستکراوەتەوە (**ئاخر هەی بێ عەقڵ.. مولازم تەحسین ئەگەر چاوی لە ژنێکی ئەم سلێمانییە بێت لێی دەپاڕێتەوەو پێی دەڵێ توخوا شووم پێ بکە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٣**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین هەموو ئەو هۆشیارییانەی (ئەختەر) بەرامبەر هەریەک لە (جوامێر) و (مولازم تەحسین) هەیبوو هیچ سوودێکی بەپێکهاتە دڵسافیو ساویلکەییەکەی نەگەیاند بۆ ئەوەی هزرو هەڵوێستو کردارەکانی بەرامبەر بەم دوو کارەکتەرە بگۆڕێت.

لەلایەکی دیکەوە پەرەنەسێنی پێکهاتەی (ئەختەر) لەوەدا بەدەردەکەوێت هەموو ئەو هۆشیارییانەی بەرامبەر بە(جوامێر) و (مولازم تەحسین) هەیبوو نەک هەر پێکهاتەکەی نەگۆڕیوە، بەڵکو ئەنجامی هەموو ئەو هۆشیارییانەی بەفریودان کۆتایی هاتووە، بۆ نموونە (ئەختەر) دوای تێپەڕبوونی چەند

سالێک بەسەر پێوەندی خۆی لەگەڵ (جوامێر)دا کاتێک پرسیاری چارەنووسی ژنو مێردایەتییەکەی خۆی لە (جوامێر) کرد، دەبینین ئەو پرسیارەی (ئەختەر) جوامێری ناچار کرد پەنا بباتەبەر هێنانەوە پاساو بۆ (ئەختەر) بەوەی لەکاتی ئێستادا ناتوانێ بیخوازێ، ئەگەرچی (ئەختەر) بەرامبەر هەموو پاساوەکانی (جوامێر) حاڵەتی هۆشیاری هەبوو، تەنانەت هەر ئەو هۆشیارییەی خۆشی بوو (جوامێر) نەک هەر نەیتوانی بەپاساوەکانی قەناعەت بە(ئەختەر) بهێنێ، بەڵکو ناچاری کرد بەڵێنی پێ بدات بەوەی بەهەر شێوەیەک بێت بیخوازێ بەجۆرێک ئەگەر حزبیش ڕێگڕ بێت لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەوا ئامادەیە واز لە پێشمەرگایەتی بهێنێو خۆی تەسلیمی حزبی بەعس بکاتەوە بۆ ئەوەی بیخوازێ، ڕاستە هۆشیاری (ئەختەر) وای لە (جوامێر) کرد ئەمجۆرە بەڵێنە بەئەختەر بدات، بەڵام فریودانی (ئەختەر) لەم بەڵێنەدا لەوەدا بەدەردەکەوێت کە (ئەختەر) لەژێر پاڵنەری کاری سێکسیدا ئەم بەڵێنەی لە (جوامێر) وەرگرت:

**- بەڵێن؟!**

**- بەڵێن!**

**جوامێر کاتێ بەڵێنی خۆی بە ئەختەردا پەنجەکانی دەستی چەپی تا قەراغەکانی ناو هەناوی گەرمی ئەختەر ڕۆیشتبوون.** (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٢**)

لەلایەکی دیکەوە کاتێک (جوامێر) بیرۆکەی ڕفاندنی (مولازم تەحسین)ی بۆ (ئەختەر) باسکرد، دەبینین (ئەختەر) بەهۆی بوونی هۆشیاری خۆی بەرامبەر بە(جوامێر) هاوکاری (جوامێر)و حزبی نەکرد بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە (**ئەمە دوایین وەرەقەیە کە لەدەستی ئەوانو لەدەستی منیشدا ماوە دەتوانم لە بەرژەوەندی خۆمدا بەکاری بێنم**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١١٢**)، ئەمە لەکاتێکدا (ئەختەر) لەنواندنی ئەمجۆرە هەڵوێستە بەرامبەر بە(جوامێر) هەڵە نەبوو بەوەی (جوامێر) درۆی لەگەڵدا دەکاتو بەفیعلی نایخوازێت، بەڵام ئەگەر سەیری ڕاستی ئەم مەسەلەیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت لەپاڵ بوونی ئەم هۆشیارییەی (ئەختەر)دا پاڵنەری زیرەکی (مولازم تەحسین)یش لە پشت ئەم هۆشیارییەی (ئەختەر)دا هەبوو، چونکە (مولازم تەحسین) بەهۆی زیرەکی خۆیەوە بەبیانووی خواستنی توانی ساویلکەیی عەقڵی (ئەختەر) بقۆزتەوەو وا لە (ئەختەر) بکات ئەمجۆرە هەڵوێستە بەرامبەر بە(جوامێر) بنوێنێ، کەچی لە کۆتایی ڕووداوەکاندا بینیمان ئەو هۆشیارییەی (ئەختەر) بە چ چارەنووسێکی گەیاند.

## - جوامێر:

(جوامێر)یش هاوشێوەی (ئەختەر) ئەگەرچی لە رووی ئەرکەوە کارەکتەرێکی سەرەکی بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی پێکهاتەوە کارەکتەرێکی پەرەنەسێن بوو، هۆکاری پەرەنەسێنییەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی ناوبراو لەناو پارتێکی مارکسیدا کاری دەکرد لە رووی تیۆرییەوە بانگەشەی ئەوەی دەکرد هەڵگری بیروباوەڕی پێشکەوتووە بەتایبەتیش لە رووی بڕوابوون بەمافو ئازادیو یەکسانی ژن لەگەڵ پیاودا، بەڵام لە بەرامبەردا بەهۆی پابەندبوونی بەکلتووری کۆمەڵگە لەسەر ئەرزی واقیع نەیدەتوانی ئەو بیروبۆچوونانەی خۆی لە بواری پراکتیکیدا پراکتیزە بکات، ئەمە لەکاتێکدا (جوامێر) هەر بەهۆی ئەو بیروباوەڕانەوە بوو توانی (ئەختەر) فریو بداتو بۆ مەبەستی کاری سیاسیو سێکسی خۆی بەکاری بێنێو یاری بەچارەنووسی بکات.

پەرەنەسێنی (جوامێر) وەکو لە سەرەتادا باسمان کرد لەوەدا بەدەردەکەوێت قسەو کرداری یەک نەبوو، چونکە لەبەرامبەر (ئەختەر)دا بەقسە بانگەشەی ئەوەی دەکرد هەڵگری بیروباوەڕی پێشکەوتووەو مەسەلەی لەشفرۆشی نابێتە رێگر لەبەردەم خواستنی، چونکە بەلای ئەوەوە ئەخلاق تەنیا پەیوەست نییە بەپارچەیەکی دیاریکراو لە جەستەی مرۆڤ، بەڵکو پەیوەستە بەهۆشیاری شۆڕشگێڕییەوەش (**بەڵگەشم بۆ سەلماندنی قسەکەم ئەوەیە تۆ خۆشت باش دەزانیت من مارکسیمو باوەڕم بەپرەنسیپەکانی مارکسیزم هەیە لەمبارەیەوە باوەڕم بەئازادیو مافەکانی ئافرەت هەیە، ئەمەی تۆ باسی دەکەی سووکی قەحپەیی‌و عیلاقاتت لەگەڵ پیاوو ئەم شتە قۆڕانە... هەرگیز نابنە رێگر لەبەردەم بڕیاری مندا، من هەزار جار پێم گوتووی: ئەخلاق تەنیا ناوگەڵ نییە! ئەخلاق هۆشیاریی شۆڕشگێڕانەیە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥٢-٥٣**)، بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە بەهۆی پابەندبوونی بەکلتووری کۆمەڵگاوە بیروباوەڕەکانی رەنگدانەوەی بەسەر کردارەکانیدا نەبوو، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر (ئەختەر) لە مۆنۆلۆگێکدا ئاماژەی بەم راستییە کردبێ بەوەی (**جوامێر لەوە دەترسێ ئەگەر تۆی خواست خەڵک پەنجەی بۆ درێژ بکەنو بڵێن ئەمەتا هەموو کوڕی سلێمانی خۆی بەئەختەری قادر قوتوو کردۆتە پیاو، کەچی ئێستا ژنی ئەو پاڵەوانەیە کە هەموو سلێمانی شانازی پێوە دەکا**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٣-٤٤**)، ئەوا دەبینین (جوامێر) بۆ خۆشی راستی ئەم قسەیەی (ئەختەر)ی لەرێگای تەکنیکی مونۆلۆگەوە پشتڕاست کردۆتەوە بەوەی (**راست دەکەی هۆیەکەی ئەمەیە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥٢**).

ئاشکرایە (جوامێر) یەکەم کەس بوو (ئەختەر)ی کردە ژنو تەنانەت هەر بەهۆی ئەوەوە بوو لە دائیرەی ئەمندا دەستدرێژی سێکسی کرایە سەریو دواتر ئەنجامی ئەم دوو حاڵەتە بووە هۆی ئەوەی

(ئەختەر) ببێتە کەسێکی لەشفرۆش، راستی ئەم مەسەلەیەش ئەگەر (ئەختەر) بۆ خۆی بەرامبەر بە(جوامێر) ئاماژەی پێ کردبێ بەوەی (**ئەگەر کاتی خۆی مارەت بکردمایەو لەگەڵ خۆت بتبردمایە بۆ شاخ تووشی ئەم رۆژە رەشەی ئەمڕۆ نەدەهاتم**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٨**)، دەبینین بەهەمان شێوە (جوامێر)یش بەشێوەیەکی راشکاوانە لە رێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە دانی بەم راستییە ناوە (**چۆن دەتوانم بڵێم: جاریێ چاوەڕێ بە! چۆن جەسارەت بکەم پێی بڵێم: هەڵەی خۆشم بوو دەبووایە زووتر فریات بکەوم، دەبووایە هەر لە ئەوەڵەوە کاتێ کردتم بەژن لەگەڵ خۆمدا بتبەم**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٠**)، بۆیە کاتێک (ئەختەر) لەدوای ئەم حاڵەتانە بە راشکاویی پرسیار لە (جوامێر) دەکات بەوەی (**دوای ئەم هەموو ساڵانە کە پێکەوە ژیانمان بەسەربردووە چارەنووسی (ژنو مێردایەتی ئێمە) بەچی دەگات**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٩**)، ئەوا حەقیقەتی (جوامێر) لە رووی پێکهاتەوە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، چونکە ئەگەر (جوامێر) لەسەرەتادا تەنیا بۆ رابواردن پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)دا دروستکرد بێت، کەچی لەدوای ئەم حاڵەتانە بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبوو (ئەختەر) بخوازێ، ئەمجۆرە بڕیارەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو چونکە سەرکێشیکردنی کەسێک بۆ ئەمجۆرە بڕیارو کارانە لەناو کلتووری کۆمەڵگەی باوکسالاریدا کارێکی قورسو زەحمەتە، تەنانەت (جوامێر) بۆ خۆشی لە رێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە بەشێوەیەکی راشکاوانە ئاماژەی بەم راستییە کردووە بەوەی (**ئەختەر گیان من تۆم بەقەد بیلبیلەکانی چاوی خۆم خۆش دەوێت، تۆ نیوەی دڵو گیانی منیت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا هەموو سلێمانی تۆ بە(سۆزانی) دەناسن، راستییەکەی من ناتوانم تۆ بکەمە ژنی خۆم**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٨٩-٩٠**).

لەلایەکی دیکەوە پەرەنەسێنی پێکهاتەی (جوامێر) لەوەدا بەدەردەکەوێت کە لەناو دەقەکەدا (جوامێر) بۆخۆشی ئیعترافی بەجێگیریی پێکهاتەکەی خۆی کردووەو تەنانەت رەخنەی لەخودی خۆشی گرتووە بەوەی خوێندنەوەی هەموو ئەو تیۆرانەی کە بەرگری لەمافی ئافرەت دەکەن هێزی ئەوەی پێ نەبەخشیون بەسەر ئەم حاڵەتەدا زاڵ بێت بۆ ئەوەی (ئەختەر) لەم گرفتە رزگار بکات (**من باشتر وایە بیمە تنۆکێک فرمێسکو دابڕژێمە ناخی زەوی! ئەفسوس ئەو هەموو کتێبو رۆشنبیریو تیۆرییانەی لەبارەی مەرگەساتی ئافرەتی بەستەزمان خوێندمنەوە، ئەم هەموو بەزەیی هاتنەوەو باوەڕهەبوونە بەژێردەستەییو مافەکانی ئافرەت... کەچی هێزی ئەوەم پێنابەخشن جەسارەت بکەم خۆشەویسترین ئافرەتی ژیانم رزگار بکەم! ئەم هەموو بانگەشەو ئیدیعا مارکسیو رۆشنفکرانەم! بۆچی لە بەردەم سادەترین پەنجە بۆ درێژکردنی خەڵکدا هێزیان دەپووکێتەوەو تەنانەت (سەرشۆڕ) ناتوانن سەریش هەڵبڕن؟!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩١-٩٢**)، تەنانەت زاڵنەبوون بەسەر ئەم حاڵەتە وایکرد گومانیش لەو هەموو تیۆرو ئایدیۆلۆژیانەش پەیدابکات کە بەرگرییان لە مافو ئازادی

ئافرەتیشدا دەکرد (**ئاخ کتێبو تیۆرو رۆشنبیری.. لەوە دەچێ لە درۆیەکی گەورە زیاتر هیچی دیکە نەبن!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩١-٩٢**)، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو جێگیریی پێکهاتەکەی وایلێکرد گلەیی لە ویژدانی خۆشی بکات بەوەی ویژدان هێزی ئەوەی پێ نەبەخشیوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو واقیعە ببێتەوە (**ئەی ویژدان؟ ویژدانیشم هیچ گوڕو بڕستێکی تێدا نەماوە، دەبووایە هیچ نەبێ ویژدان هەندێ جەسارەتم بداتێ، خۆ ویژدان هەمیشە ئازامان دەکا!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٢**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دانپیانانو رەخنەگرتنانە لە خودی خۆی تەنیا لە دیوی ناوەوەی خۆیدا مایەوە بەجۆرێک بەرامبەر (ئەختەر) نەک هەر دانی بەم راستییانە نەنانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵی شاردنەوەشیدا بەوەی لەلایەک بۆ شاردنەوەی پەرەنەسێنی پێکهاتەکەی خۆیو خۆدزینەوە لە خواستنی (ئەختەر) ناچار دەبێت پەنا بباتەبەر هێنانەوەی پاساو بەوەی لەکاتی ئێستادا ناتوانێ بیخوازێ، لە هەمووشی گرنگتر ئەوە بوو لەناو ئەو پاساوانەی بۆ (ئەختەر)ی هێنایەوە ئەوا هۆکاری نەخواستنەکەی بەجۆرێک چاکسازی لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی هەژمار کردووە بەوەی (**ئەمە یاخیبوونو رووبەڕووبوونەوەیە، تێکشاندنی نەریتە کۆنو سەپاوەکانی ئەم کۆمەڵە دواکەوتووەیە وا تێدەگەن ژنو پیاو تەنیا لە رێگەی عەقدی زەواجەوە دەتوانن یەکتریان خۆشبوێتو کار لە پێناوی گۆڕانی کۆمەڵدا بکەن**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥٥**).

## جۆرەکانی کارەکتەر لە رووی ئەرکەوە لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا

### ١- کارەکتەری سەرەکی:

#### - فەرهاد:

لەبەر ئەوەی نووسەر لە کۆتایی رۆمانەکەدا وەکو تێبییەک ئاماژەی بەوە کردووە رووداوەکانی ئەم رۆمانە حەقیقینو بەشێک بووە لە ژیانی راستەقینەی خۆی، ئەم حاڵەتە وایکردووە بۆ خۆشی وەکو کارەکتەرێک بەشداری لە رووداوەکانی ئەم رۆمانەدا بکات، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەر بەناوی راستەقینەی خۆی (فەرهاد) بەشداری تێدا کردووە، تەنانەت ئەم حاڵەتە وایکردووە لەپاڵ بەشداریکردنی ناوبراو لەسەر ئاستی رووداوەکاندا لە هەمان کاتدا رۆڵی حیکایەتخوانی هەمان شتزانیشی بینیوە بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان بەشێوازێکی خودی، گرنگی بوونی ئەم کارەکتەرە لەناو رۆمانەکەدا لەوەدا بەدەردەکەوێت بەهۆی بوونی ئەوەوە (محەمەدی حاجی زادە) و (مسیۆ لوسیانا) یەکترییان ناسی، چونکە وەکو (فەرهاد) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: (**مسیۆ لوسیاناو محەمەدی حاجی زادە من بەیەکترم ناساندن**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٤٨**)، گرنگی ئەم ناساندنەش لەوەدا بەدەردەکەوێت بەهۆی لێکچوونی رەهەندی فیزیکی هەردووکیان یەکلاییبوونەوەی رووداوەکانی ئەم رۆمانەی لێکەوتەوە، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی هەریەک لە (محەمەدی حاجی زادە) و (مسیۆ لوسیانا) متمانەیان بە(فەرهاد) هەبوو، ئەوا هەردوو کارەکتەر بەشێک لە رووداوو نهێنییەکانی ژیانی خۆیان تەنیا بۆ ئەم کارەکتەرە باس دەکرد، بۆ نموونە ئەگەر (لوسیانا) متمانەی بە(فەرهاد) نەبووایە باسی رابردووی بنەماڵەکەیانو عەشقە بێ ئاکامەکەی بۆ (فەرهاد) باس نەدەکرد تەنانەت (فەرهاد) بۆ خۆشی بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەی بەم راستییە کردووە بەوەی (**ئەگەر مسیۆ لوسیانا خۆی رۆژێک هەندێ شتی بۆم باس نەکردایە من هەرگیز هیچ شتێکم لەبارەوە نەدەزانیو نەشمدەتوانی –ئەسڵەن لە رووم نەدەهات- هیچ پرسیارێک لەمبارەیەوە بکەم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٨٥**)، سەبارەت بە(محەمەد)یش هەمان شتە چونکە ئەگەر (محەمەد) متمانەی بە(فەرهاد) نەبووایە رووداوی خەلعی لیباسو پێوەندی نێوان خۆیو (هومەیلا)و کاری هۆمۆسێکسوێڵەکەی بۆ (فەرهاد) باس نەدەکرد، لەهەمووشی گرنگتر متمانەیی (محەمەد) بە(فەرهاد) لەوەدا بەدەردەکەوێت (محەمەد) هەر بەخۆی کاری دزیکردنەکەی لە (هوتێل ئەوروپا) بۆ (فەرهاد) باسکرد (**محەمەدی حاجی زادە هەموو جارێک پێی دەگوتم بەینی خۆمان بێ، منیش هەرگیز ئەم نهێنییەم لەلای مسیۆ لوسیانا نەدرکاندبوو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٨١**)، گرنگی باسکردنی ئەم رووداوو نهێنییانەش لەلایەن ئەم دوو

کارەکتەرەوە بەدیاریکراویش لەلایەن (لوسیانا)وە بۆ (فەرهاد) لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەگەر (لوسیانا) رێککەوتنە نهێنییەکەی خۆی لەگەڵ (محەمەد) بۆ (فەرهاد) باس نەکردابووایە رەنگە (فەرهاد)یش هەستی بەوە نەکردابووایە لە کۆتایی رووداوەکاندا (محەمەد) رۆڵی (لوسیانا)ی بەرجەستە کردووە.

ناوبراو خەڵکی شاری هەولێری کوردستانی عیراق بوو، سەرەتای ساڵی (١٩٨١) بەهۆی دەستپێکردنی جەنگی نێوان وڵاتی عیراقو ئێران بۆ ماوەی (١١) ساڵ زێدی خۆی بەجێدەهێڵێ، سەرەتا روو لە وڵاتی ئێران دەکات لەوێش بۆ ماوەی هەشت مانگ لە ئۆردوگای پەناهەندەکانی کوردی عیراق بەناوی (مەیدانی **ذوب** اهن) لە شاری کەرەج دەمێنێتەوە، هەر لەو ماوەیەشدا فێری زمانی فارسی دەبێتو، پاشان لە رێگای وڵاتی ئێرانەوە دەچێتە سوریا، لە رێی وڵاتی سوریاوەش دەچێتە وڵاتی پۆلۆنیاو دواتر بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیاش بۆ ماوەی یەک ساڵ دەمێنێتەوە بەمەبەستی وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی، بەڵام دوای ئەوەی ئەو مافە بەدەست ناهێنێ ئیدی لە رێی قاچاغەوە خۆی گەیاندە وڵاتی فەرەنساو توانی مافی پەناهەندەیی لەو وڵاتە وەربگرێت.

لەم وڵاتەشدا لە شاری پاریس لە (پاریسی پێنجەم) نیشتەجێ دەبێت، هەر لەو ماوەیەی لە وڵاتی فەرەنساش بوو لە بەشی پێشوازی (هوتێل ئەوروپا) لە کاتی شەوەکەیدا لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەوە تاکو هەشتی بەیانی کاری دەکرد، پاشانیش لە رێگای رووداوێکەوە کە لە سەرەتای هەفتەی یەکەمی کارکردنی لە هۆتێلەکە بەسەریدا هات ئەویش کاتێک کەسێکی جەزائیری بۆ دزیکردن هاتبووە هوتێلەکەو دوای ئەوەی (فەرهاد)یش پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە بەبوونی دزێک لە هوتێلەکەو پاشانیش دەستگیرکردنی دزەکە لەلایەن پۆلیسەوە، ئەوا ئەم رووداوە بەخێر بۆ ژیانی (فەرهاد) دەشکێتەوە، چونکە بەهۆی ئەم رووداوەوە جگە لەوەی توانی متمانە لەلایەن خاوەن هۆتێلەکە پەیدابکات، لە هەمان کاتیشدا خاوەن هۆتێلەکە رێگاشی پێدا شەوان لە کاتی دەست بەتاڵیدا لەناو مەتبەخی هوتێلەکەدا خۆی بەوێنەکێشان خەریک بکات، چونکە وەکو فەرهاد باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: (**من ئێستا کاتێ بیر لەو رووداوە دەکەمەوە بەخۆم دەڵێم: ئەم نەریتی شەونشینیەی من ئەو شەوە بۆ من خێری تێدا بوو، لەلایەکەوە وای لەو دایکو کوڕە خاوەن هوتێلەکە کرد متمانەم پێبکەن، لەلایەکی دیکەوەش وای لە ئەوان کرد کە هەرگیز رێگە لەوە نەگرن تەنانەت پێشیان خۆش بێت من هەموو شەوێک تا بەیانی بۆ خۆم دابنیشم لە مەتبەخەکە رەسم بکەمو بەدنیای هونەری خۆمەوە سەرقاڵ بم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣٧**)، پاشانیش هەر لە رێگای کارکردن لەم هوتێلەدا (مسیۆ لوسیانا)ی خاوەنی هۆتێلەکەی ناسیو پێوەندییەکی هاورێیانە لەنێوانیاندا دروستبوو بەوەی سەرەتا بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک لە دەوروبەری سەعات نۆی شەو بەملاوە لە هۆڵی پێشوازی هوتێلەکەدا

گفتوگۆیان لەسەر بوارەکانی ژیان دەکرد، پاشان گفتوگۆکانیان پەلی هاوێشت بۆ باسکردنی رابردووی بنەماڵەکەیان لەلایەن (لوسیانا)وە بۆ (فەرهاد)، دواتر شوێنی دانیشتنەکانیان لە هوتێلەکەوە گوازرایەوە بەداوەتکردنی (فەرهاد) لەلایەن (لوسیانا)وە بۆ چێشتخانەو تەنانەت ماڵی خۆشیان.

لەپاڵ کارکردن لەم هوتێلەشدا لەبەر ئەوەی ناوبراو نیگارکێش بوو رۆژانی شەممەو یەکشەممە لە گۆڕەپانی (مۆنتماخت) کاری وێنەکێشانیشی دەکرد، دواتر هەر لە رێگای ئەم پیشەیەوەش بوو (محەمەدی حاجی زادە)ی ناسی، ناسینی (محەمەد)یش بەخێر بۆ ژیانی ئابووری (فەرهاد) شکایەوە، چونکە (فەرهاد) بەهۆی (محەمەد)ـەوە توانی (ساقی گوڵچین) خاوەنی بەناوبانگترین گەلەری لە ویلایەتی (سانفرانسیسکۆ) بناسیو گرێبەستێکی لەگەڵدا ئەنجامبدات بەوەی (ساقی) بە رێژەی پشکی لە ٢٥% بۆ خۆی تابلۆکانی (فەرهاد)ی لە گەلەرییەکەی خۆی دەفرۆشتەوە، بەهۆی ئەمەوەش (فەرهاد) توانی لە رێگای فرۆشتنی تابلۆکانیەوە ساڵانە بڕێکی باش لە پارەی دەسبکەوێتو خۆی بەقەرزاری (محەمەد) بزانێ، چونکە وەکو (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**بەڵێ لە سای ناسینی محەممەدی حاجی زادەوە بوو کە من بەردەوام تابلۆکانی خۆمم بۆ خاتوو ساقی گوڵچین دەناردە ئەمریکاو لەوێ لە گەلەرییەکەی خۆیدا بۆمی دەفرۆشتەوە، هەر بۆیەش لە ئاست محەممەدی حاجی زادە هەمیشە هەستم دەکرد کە من منەتباری ئەومو هەر دەبێ بەشێوەیەک لە شێوەکان سوپاسگوزاری خۆمی پێشکەش بکەم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٩**)، ئەگەرچی لەدوای ئەنجامدانی ئەو گرێبەستەی نێوان (فەرهاد) و (ساقی گوڵچین) محەمەد دووجار ئەم چاکەیەی خۆی بەچاوی (فەرهاد)ی داوە بەوەی کاتێک بە(فەرهاد)ی گوت: (**لێدە ئیتر.. ئەم تابلۆیانەت ئەگەر هەموویان بەو پارەیەی کە لەگەڵ ساقی خانم لەسەری رێککەوتن بفرۆشرێن، ئیتر لەسای منەوە دەوڵەمەند دەبیت، محەممەدی حاجی زادە ئەم ئێوارە دوو جاران ئەم قسەیەی دووپات کردەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٩**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (فەرهاد) بەرامبەر بەم چاکەیەی (محەمەد) بێ ئەمەک نەبوو، چونکە دوای دوو مانگو نیو لە رێککەوتنەکەی لەگەڵ (ساقی گوڵچین) کاتێک (ساقی گوڵچین) پارەی فرۆشراوی پێنج لە تابلۆکانی تەحویلی سەر ژمارە حسابییەکەی (فەرهاد)ی لە پاریس کرد، لەبەرامبەردا (فەرهاد)یش بڕی (٣٠٠) فرەنکی بەخشییە (محەمەد)، بەڵام هاوکاریو یارمەتی (فەرهاد) بۆ (محەمەد) هەر بەوەندە نەوەستا، چونکە (فەرهاد)یش چاکەی بەسەر (محەمەدی حاجی زادە) هەبوو ئەویش کاتێک (محەمەد) لەبەر بێکاری رووی کردبووە پیشەی فاڵچێتی (فەرهاد) توانی لەلای (سەیدۆ)ی خاوەن رێستۆرانتی (دیلان) رەزامەندیی بۆ وەربگرێت بۆ ئەوەی لەناو رێستۆرانتەکەیدا کاری فاڵچێتی بکات، چونکە وەکو (فەرهاد) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: (**رێستۆرانتێکی خنجیلەی کوردەکانی تورکیا هەبوو بەناوی دیلان خاوەنەکەی کورد بوو، ناوی سەیدۆ،**

**برادەرم بوو چەند مانگ جارێک یەکێک لەو تابلۆیـانەی منی دەفرۆشت کە بەدیـواری ڕێستۆرانتەکەیەوە هەڵمدەواسین، سەیدۆی خاوەن ڕێستۆرانتی دیلان ئێوارەیەک رازیبوو ئەم محەمەدی حـاجی زادە ئێرانییە شـەوانە بێتە ڕێستۆرانتەکەی‌و فـاڵ بـۆ میوانەکـان بگرێتەوە)(هۆتێـل ئەوروپـا، ل١٢٥-١٢٦)**، لەلایەکـی دیـکەوە ئەوکـاتەی (فەرهـاد) لە ئیشـی (هوتێـل ئەوروپـا) بێـزار بـوو ویسـتی بـۆ هـاوینەکەی بچێـت بـۆ دوورگەی (سـانت مـالۆ) بـۆ کـاری وێنەکێشـان دووبـارە تـوانی ڕەزامەنـدیی (لوسـیانا)و دایکـی لوسـیانای بـۆ وەربگرێـت بـۆ ئەوەی تـاکو ئەوکـاتەی لەم دوورگەیە دەگەڕێتەوە (محەمەد) لە شـوێنەکەی ئەودا کاربکـات، چـونکە وەکـو (فەرهـاد) ئاماژەی پێدەکات‌و دەڵێت: (**پێش ئەوەی محەمەدی حاجی زادە لە هوتێل ئەوروپا لە جێگەی من دەست بەکار بکا من پێشتر ڕەزامەندیی مسیۆ لوسیانام بەشێوەیەکی گشتی وەرگرتبوو و دایکەکەشی رازی ببوو)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٤)**.

کاتێک (لوسیانا) لەسەر مەسەلەی سەفەرکردن بۆ وڵاتـی ئێران لە ڕێگای پەسـاپۆرتی (محـەمەدی حـاجی زادە)وە پرس‌و ڕاوێژی بە(فەرهاد) کرد، سەرەتا (فەرهاد) لەوە ترسا ئەمە بیرۆکەی (محـەمەد) بێت‌و نییەتـی خراپی هەبێ، بەڵام کاتێک (لوسیانا) گوتی ئەمە بیرۆکەی خۆمە هێشتا ئەم باس‌و خواسـەم لەگەڵ (محەمەد) نەکردووە (فەرهاد) کەوتە ناو هەڵوێستێکی زۆر ناخۆشەوە بەوەی وەکو خۆی باسـی لێوە دەکات‌و دەڵێت: (**من تێیـدا مـابووم نەمـدەزانی چـی بڵێم؟)(هۆتێـل ئەوروپـا، ل١٨٩)**، چـونکە دوای تـاووتوێکردنی ئەو مەسـەلەیە لە خەیاڵی خۆیدا لەلایەک بەهـۆی ئەو پێوەنـدییە بەتینەی لەگەڵ (لوسـیانا) هەیبـوو نەیدەتوانی ڕاشکاوانە پێـی بڵێ لەسەر ئەو مەسەلەیە پرس بەمن مەکە بۆ خـۆت بڕیـار بـدە، لەلایەکـی دیکەوەش لەبەر ئەوەی (فەرهـاد) دەیزانی تاکە هیوای (لوسیانا) لە ژیاندا بینینی (زیبـا) بـوو بەئەنجامـدانی ئەو سـەفەرەش ڕەنگە ئەم ئـاواتەی بێتەدی‌و بێت‌و شتێکی نوێ لە ژیانیدا ڕووبدات، بەڵام لەبەر ترسـناکی کارەکە دڵـی نەدەهـات پێـی بڵـێ بـڕۆ ئەم سـەفەرە ئەنجامبـدە، بـۆیە لە بەرامـبەردا بە(لوسـیانا)ی گـوت بەئـارەزووی خـۆت بـکە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەڵوێستە بێلایەنەشیدا پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە جارێ پەلە نەکات لەم کارە بەوەی (**جـارێ سەبرێک بگـرەو وا زوو داوای لێ مەکە)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٩٠)**.

لەدوای ئەنجامـدانی سـەفەرەکەی (لوسـیانا) بـۆ ئێـرانیش (فەرهـاد) هەڵوێسـتێکی بێلایەنـی هەڵبـژارد بەوەی خـۆی لە ڕێککەوتـنەکە هەڵنەقورتانـد بـۆ ئەوەی حەقیقەتـی (محـەمەد) ئاشـکرا بکـات‌و پرسـیاری چارەنووسـی لوسیانای لـێ بکـا، چـونکە (فەرهـاد) پێیوابـوو ڕەنـگە لەو ڕێککەوتـنەدا هەنـدێ شـتی نهێنـی لەنێوانیانـدا هەبێـت (لوسـیانا) پێویسـتی نەکـردووە بەمنـی بڵـێ بـۆ ئەوەی مـن خـۆم تێهەڵقـوڕتێنم (**هـیچ دووریش نییە محەمەدی حاجی زادەو لەگەڵ مسیۆ لوسیانادا پێکەوە بەشێوەیەک ڕێککەوتنێکی نهێنـی‌و تایبەتیـان لەگەڵ یەکتـر کردبێـت‌و مـن پێـی نەزانـم، لەوکاتەشـدا مـن پێویسـت نەکـا بەهـیچ شـێوەیەک خـۆم هەڵبقـورتێنمە نێوانیـانەوە،**

**چاکتریش وایە لەو حاڵەتەدا بۆ بەرژەوەندیی هەردووکیان من هیچ کارێکم بەسەریانەوە نەبێ! بەڵێ بێدەنگ بم باشترە)**(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٠٢-٢٠٣**).

کاتێک لە دوورگەی (سانت مالۆدا) لەلایەک پەیکەری (رۆبێرت سوورکێف)ی بینی کە شێوەی روخساری پەیکەرەکە زۆر لە روخسار باوکی دەچوو (**کاتێ لەژێر پەیکەرەکەی رۆبێرت سوورکێف راوەستابووم کە ئەلفرێد کاراڤانێز دروستی کردبوو، ئەو پەیکەرەی رۆبێرت سوورکێف قەلافەتو ئادگاری دەقاودەق لە باوکم دەچوو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٧١**)، لەلایەکی دیکەوەش دوای ئەوەی زەمینەی گەڕانەوەی بۆ دروست بوو بەوەی ساڵی (١٩٩١) خەڵکی کوردستان راپەڕینیان دژی حکومەتی بەعس بەرپاکردو توانییان ئیدارەیەکی سەربەخۆ دروست بکەن کە دوور بێت لە دەسەڵاتی (سەدام حوسێن)، لە هەمووشی گرنگتر بیرکردنەوەی (فەرهاد) بوو لەو قسەیەی (لوسیانا) کە لە روانگەی ئابوورییەوە پێی گوت: (**برۆ برنجو نیسکو نۆک لە کوردستانەوە بهێنەو لێرە بیانفرۆشەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٧٢**)، باشترە لە کاری وێنەکێشان، چونکە بەکاری وێنەکێشان نەدەتوانێ دەوڵەمەند ببی نەدەشتوانی بەهۆی ئەم پیشەیەوە ناسنامەی نەتەوەکەی خۆت بەئەوروپا بناسێنی، تەنانەت نەدەشتوانی کێبڕکێ لەگەڵ نیگارکێشە ئەوروپییەکان بکەی کە ئەزموونو بلیمەتی هونەرەکەیان لە کەسانی وەکو (داڤینشی)و (بیکاسۆ)وە بۆ ماوەتەوە، چونکە ئەم پێشنیارەی (لوسیانا) وای لە (فەرهاد) کرد لە خەیاڵی خۆیدا لێکدانەوە بۆ ئەم قسانەی (لوسیانا) بکاتو پرسیاریش لە خودی خۆی بکات بڵێت: (**راستە ئەوا یازدە ساڵ زیاترە من لە ئەوروپا نیگارکێشم؟.. من کێم؟ گەیشتوومەتە چی؟ چیم؟ من لە ئەوروپا مانام چییە؟ ئەم پرسیارانە لەبارەی ناسنامەی هونەریو شەخسی خۆمەوە دڵی رنەک دەدامو زیاتر دەیخستمە سەر کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٧٣**)، بۆیە ئەمانە هەموو بوونە پاڵنەرێک بۆ گەڕانەوەی (فەرهاد) بۆ وڵاتەکەی خۆیو شادبوونەوەی بەکەسوکارەکەی.

## - مسیۆ لوسیانا:

لەبەر ئەوەی بەشێک لە رووداوەکانی ئەم رۆمانە پێوەندی بەم کارەکتەرەوە هەبوو، ئەم حاڵەتە وایکردووە بوونو ئامادەبوونێکی زۆری لەناو رووداوەکانی ئەو رۆمانەدا هەبێت، ئەم ئامادە زۆرەشی وایکردووە بەیەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم رۆمانە دابنرێت، رۆڵە سەرەکییەکەشی لەوەدا بەدەردەکەوێت کۆتایی رووداوەکانی ئەم رۆمانە بەچارەنووسێکی نادیاری ئەم کارەکتەرە کۆتایی پێهاتووە، لەلایەکی دیکەوە ئەم ئامادەبوونە زۆرەی ئەم کارەکتەرە لەسەر ئاستی رووداوەکاندا

وایکردووە بەشێکی زۆریش لەسەر ئاستی تێکستەکەدا داگیر بکات، بەجۆرێک نووسەر توانیویەتی بەشێکی زۆری رۆمانەکەی لە رێگای بوونی ئەم کارەکتەرە بنیات بنێت.

ناوی تەواوی (لوسیانا دو توودێل) بوو، تەمەنی (٤٥) ساڵ بوو، بەئەسڵ بابو باپیرانی خەڵکی شاری (بێلمۆنت)ی وڵاتی پورتوگال بوون، بەڵام لەبەر زوڵمی دەسەڵاتدارانی پورتوگال بەرامبەر بەجولەکە ساڵی (١٩٥٣) لەگەڵ دایکو باوکی روویان کردە وڵاتی فەرەنساو دواتر رەگەزنامەی ئەم وڵاتەیان وەرگرت، لە رووی خێزانییەوە سەڵت بوو ژنی نەهێنابوو، لە رووی زانینی زمانەوە جگە لە زمانی فەرەنسی زمانی پورتوگالیو فارسیو ئینگلیزیشی دەزانی (**ئەو فارسییە باشەی قسەی پێدەکرد بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ئەنستیتووی زمانە رۆژهەڵاتییەکانی پاریس فێری بوو بوو، بەو تەمەنەوە دەیگوت بەزمانی ئینگلیزیو پورتوگالیش زۆر بەباشی قسە دەکاو دەخوێنێتەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٧**)، لە رووی ئابوورییەوەش کەسێکی زۆر دەوڵەمەند بوو خاوەنی چەندین هوتێلو باڵەخانە بوو لە چەند وڵاتێکی جیاوازو، چەندین دەرمانخانەشی لە شارە جیاوازەکانی وڵاتی فەرەنسا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی پارەو پوولێکی زۆریشی لە بانکەکانی وڵاتی سویسرا هەبوو، لە رووی ئاستی خوێندەوارییەوە بروانامەی ماستەری لە زمانو ئەدەبی فارسیدا هەبوو، لەهەمان کاتیشدا قوتابی خوێندنی باڵا – دکتۆراش بوو لە بەشی ئێرانناسی زانکۆی (سۆربۆن)، خوێندنی دکتۆراکەشی هەر لەسەر ئەدەبی فارسی بوو، ناونیشانی نامەکەشی بەناوی (**کاریگەریی شیعری فەرەنسی بەسەر نیمایۆشیجی شاعیری گەورەی ئێران**)**ـەوە**(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٦**) بوو، ئەمە لەکاتێکدا لەپاڵ خوێندنی دکتۆراکەشیدا ناوبراو لە زانکۆی (نانتێغ)دا وانەبێژبوو وانەی (رۆژهەڵاتناسی) دەگوتەوە، جگە لە کاری وانەبێژی لەهەمان کاتدا لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆشیدا خەریکی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیو پێشکەشکردنی توێژینەوەکانی خۆی بوو لە زانکۆکانی وڵاتی فەرەنساو ئیسرائیلو روسیاو ئەڵمانیاو ژاپۆن.

جگە لە دایکی کە ناوی (گالاتی) بوو هیچ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیو کەسە نزیکەکانی لە ژیاندا نەمابوو، چونکە جگە لە خوشکو برایەکی لەخۆی گەورەتر دوو مامو خاڵێکیشی بەهۆی جولەکە بوونیان لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەدەست نازییەکانەوە کوژرا بوون، بۆیە (لوسیانا) لەدوای دایکی تاقە کەس بوو لەناو بنەماڵەکەیاندا مابوو، ئەم حاڵەتەش وایکردبوو لەلایەک لەبەر ئەوەی (لوسیانا) تاقانەی بنەماڵەکەیان بوو لەلایەکی دیکەوەش لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوو ئەوا (گالاتی) دایکی هەر لە منداڵییەوە (لوسیانا)ی بەشێوەیەکی تایبەت پەروەردە کردبوو (**لوسیانا لە منداڵییەوە بەنازو گۆزی دایکێکی چاودێرو میهرەبان پەروەردە کرابوو، لەم رووەوە باندەستی ئەم بایەخدانە ئەرستۆکراتییە بەسەر هەموو**

**رەفتارو شێوازێکی ژیانیەوە ئاشکرا بوو**(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٥**)، بەڵام لەپاڵ ئەمجۆرە پەروەردەکردنەشدا کەسێکی بەنازو خۆپەرستی لێ دروست نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەسێکی زۆر سادەو ساکار بوو بەجۆرێک لە یەکەم دەرکەوتنی ئەم کارەکتەرە لەناو ئەم رۆمانەدا خوێنەر ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە (لوسیانا) لە رووی ئاینییەوە هاوشێوەی دایکی کەسێکی رەگەزپەرست نەبوو، چونکە دوای رووداوی هەوڵی دزیکردنەکە بۆ سەر هۆتێلەکەیان (لوسیانا) لەجیاتی دایکی داوای لێبووردنی لە (فەرهاد) کرد کاتێک دایکی لە روانگەی ئاینییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دزەکە کرد (**داوای لێبوردنت لێدەکەم ئەگەر دڵی جەنابتی هێشاندبێ، دیارە مەبەستی دایکم کاتێ گوتی بێگومان محەمەدە هیچ شتێکی تر نەبووە لەوە زیاتر کە دەترسا هوتێلەکەمان ناوی بزڕێتو لەهەمان کاتدا زیانێکی گەورەش لە هوتێلەکەمان بکەوێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣٧**)، لەلایەکی دیکەوە سادەو ساکارییەکەی (لوسیانا) لەوەدا بەدەردەکەوێت هەر لەیەکەم دەرکەوتنی لەسەر ئاستی رووداوەکاندا ئەگەرچی (لوسیانا) لەلایەک خاوەن کاری (فەرهاد) بوو لەلایەکی دیکەوە لە رووی خوێندەوارییەوەش ئاستی لە فەرهاد بەرزتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە(فەرهاد)ی راگەیاند هەر بەناوە تایبەتییەکەی خۆی بانگی بکات نەک جەناب، تەنانەت (فەرهاد) ئاماژەی بەوە کردووە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە هۆتێلەکەدا کاری کردووە (لوسیانا) بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا کردووە بەهیچ شێوەیەک لەسەر ئاستی ئابووریو خوێندەواریدا خۆی بەگەورەتر لەو نەزانیوە (**هەمیشە بەئاوازێکی ئەوتۆ لەگەڵم دەئاخاوت کە من هەست نەکەم ئەو لە خۆم بالاتر ببینم، وابزانم بەو رەفتارە خاکەڕایەی دەیویست دڵنیام بکات لەوەی کە ئەو سەبارەت بەوەی لەلایەکەوە دکتۆرا دەخوێنێتو لەلایەکی دیکەشەوە خاوەنکاری منە خۆی لەمن بڵندتر نابینێت، ئینجا راستییەکەشی بەدرێژایی هەموو ئەو چەند ساڵەی کە من لە هوتێلەکەیان کارم دەکرد هەرگیز فیزێکی وای دەرنەدەخست ئەو ساخبێری من بێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٨**)، تەنانەت (فەرهاد) ئاماژە بەوەش دەکات بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە هوتێلەکەدا کاری کردووە (**هیچ رۆژێک نەمبینی مسیۆ لوسیانا هیچ کیتابو حیساباتێکی هوتێلەکەم لەگەڵدا بکا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٤**)، هەروەها رێگاشی پێنەداوە کە خزمەتی بکات بەوەی (**هەرگیز داوای لێم نەدەکرد بچم قاوەیەکی بۆ بێنم، بەڵکو بۆ خۆی دەچووە مەتبەخو قاوەیەکی بۆ خۆی تێدەکردو دەهات لە تەنیشتمەوە دادەنیشت**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٤**)، تەنانەت (فەرهاد) بەجۆرێک باسی سادەو ساکارییەکەی (لوسیانا)ی دەکرد بەوەی (**پێنج ساڵ زیاتر بوو لە پاریس دەژیام هیچ کەسێکم نەناسیبوو هێندە بەگەرمیو هێند لە ناخی دڵەوە وەک مسیۆ لوسیانا پێم بڵێت: خۆشحاڵم بەناسینت**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٤**).

ئەگەرچی لەبواری پسپۆڕییەکەی خۆیدا کەسێکی زۆر زیرەکو سەرکەوتوو بوو چەندین سوپاسنامەو خەڵاتو بڕوانامەی رێزلێنانی بەدەست هێنابوو، تەنانەت لە کۆنگرەی تـوێژینەوە

رۆژهەڵاتییەکانی پاریسدا بۆ سێیەمجار خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێنابوو (**ئەمە سێیەمین جارە توێژینەوەی من لە کۆنگرە ئەکادیمییەکاندا خەڵاتی یەکەم وەدەست بێنێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٤٩**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاڵنەری ئەو زیرەکیو سەرکەوتنانە لەبوارەکەی خۆیدا بۆ خۆشەویستییەکی بێ ئاکام دەگەڕێتەوە کە وای لە ناوبراو کرد لەبواری پسپۆڕییەکەی خۆیدا ئەو هەموو سەرکەوتنە بەرچاوانە بەدەست بێنێ، چونکە وەکو (لوسیانا) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: (**هیچ کەس نازانێ ئەم بەرهەمو کتێبو خەڵاتانەی من هەموویان بەرهەمی شکستو نائومێدییەکانی منن**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥١**)، چونکە دوای ئەوەی بۆ ماوەی چوار ساڵ پێوەندییەکی خۆشەویستی دوولایەنەی لەگەڵ کچێکی ئێرانیدا هەبوو بەناوی (زیبا) کە قوتابی خوێندنی باڵا - ماستەر بوو لە پسپۆڕی شانۆ لە قوتابخانەی (بۆزئارت) لە پاریس، بەڵام لەبەر جیاوازی ئینتیمای ئاینییان کە (لوسیانا) جولەکەو (زیبا)ش موسڵمان بوو لەسەر مەزهەبی شیعە ئیدی ئەنجامی ئەو پێوەندییەی نێوانیان بەبێ ئاکام کۆتایی پێهات.

ئەگەرچی لەدوای ئەم خۆشەویستییە بێ ئاکامە دایکی بە(لوسیانا)ی راگەیاند بۆ لەبیرکردنەوەی (زیبا) بچێت سەفەر بکات، بەڵام (لوسیانا) لەبری ئەو داواکارییەی دایکی لەبواری پسپۆڕییەکەی خۆیدا رووی لە جیهانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی کرد، لەناو توێژینەوەشدا لەبەر خۆشەویستی لە رادەبەدەری بۆ (زیبا) توێژینەوەی لە هەموو بوارەکانی وڵاتی ئێران کرد (**لەدوای رۆیشتنی زیبا خووم دایە توێژینەوەو نووسین، نووسین لەبارەی مێژووی مۆسیقا لە ئێران، مێژووی پەیکەرتاشی لە ئێران، مێژووی رۆژهەڵاتناسی لە ئێران، مێژووی جولەکە لە ئێران، چونکە تەنیا لێکۆڵینەوەو نووسین فریام دەکەوتن بۆ ئەوەی بتوانم خۆم لەبیر خۆم ببەمەوە، تەنیا توێژینەوە ئەکادیمییەکان دەیانتوانی ناڵەی جودایيو حەسرەتی دووریی زیبام ئەهوەن بکەنەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥٠**)، لەلایەکی دیکەوە جگە لە حەزو خولیای (لوسیانا) بۆ ئەدەب لەناو ئەدەبیش بۆ ئەدەبی فارسی لەهەمان کاتدا شارەزاییەکی باشی لە پێوەندی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەتایبەتی سیاسەتو مێژووی وڵاتانی ئیسلام هەبوو، بەڵام لەم بوارەشدا هاوشێوەی بواری ئەدەب لەبەر خۆشەویستی زۆری بۆ (زیبا) شارەزاییەکی زۆری لە مێژووی وڵاتی ئێرانو تورکیا هەبوو، تەنانەت خۆشەویستی (زیبا) وای لێکردبوو زۆر دڵخۆش بێت لە دروستکردنی هاوڕێیەتی لەگەڵ (فەرهاد)، چونکە بەهۆی زانینی زمانی فارسییەوە لەلایەن (فەرهاد)ەوە بواری ئەوەی بۆ دروست بوو باسی کلتووری ئێرانی لەگەڵدا بکات، چونکە وەکو (فەرهاد) لێوە دەکاتو دەڵێت: (**لە پزیسکی چاوەکانیشیەوە هەستم پێکرد کە زۆر دڵخۆشە بەوەی هاوەڵێکی دیکەی پەیدا کردووە تا لەگەڵی بتوانێ باسی کلتووری ئێرانی لەگەڵدا بکا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٦**).

ئەگەرچی دوای گەڕانەوەی (زیبا) بۆ وڵاتی ئێران، (لوسیانا) حەزی دەکرد سەفەری وڵاتی ئێران بکات هەم بۆ بینینی (زیبا)و هەمیش بۆ دۆزینەوەی دەستنووسو ئەرشیفخانەکەی باپیری لە شاری ئەسفەهان، بەڵام لەبەر سەردانیکردنی (لوسیانا) بۆ وڵاتی ئیسرائیلو بەهۆی بوونی ڤیزەی ئەو وڵاتە بەسەر پەساپۆرتەکەیەوە نەیدەتوانی ئەم سەفەرە ئەنجامبدات (**بەڵێ بێگومان ئەگەر ڤیزەی ئیسرائیل بەپەساپۆرتەکەتەوە هەبێ، ئەوا بێگومان لە ئێران مانای وایە کە تۆ جاسووسی ئیسرائیلیت... حەپست دەکەن**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل٩٣**)، ئەمە لە کاتێکدا (فەرهاد) جگە لەوەی چەندینجار بە(لوسیانا)ی گوتبوو مەلایەکی ئێرانی هەیە بەناوی (محەمەدی حاجی زادە) شێوەی رووخساری ئەو کابرا ئێرانییە زۆر بەو دەچێت، لەهەمان کاتدا پێشنیازی ئەوەشی بۆ (لوسیانا) کرد رەنگە ئەو مەلا ئێرانیە لە دۆزینەوەی دەستنووسو ئەرشیفخانەکەی باپیری لە شاری ئەسفەهان بتوانێ یارمەتیت بدات، بەڵام (لوسیانا) لەبەر هۆکاری ئایینی ئەم قسانەی (فەرهاد)ی بەهەند وەرنەگرت، چونکە (لوسیانا) پێیوابوو (**باوەڕناکەم مەلایەکی ئێرانی ئەسڵەن هەر جەسارەت بکا لە جولەکەیەک نزیک بکەوێتەوە**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١٠١**)، بەڵام کاتێک (فەرهاد) سەفەری دوورگەی (سانت مالۆ)ی کردو (محەمەد) هاتە شوێنی (فەرهاد) بۆ کارکردن لە (هوتێل ئەورووپا) بەتایبەتیش دوای ئەوەی (لوسیانا) وێنەی سەر پەساپۆرتەکەی (محەمەد)ی بینی (**لە وێنەی ناو پەساپۆرتەکەشتدا چەندێک لەمن دەچی!**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١٦٥**)، ئیدی (لوسیانا) کەوتە سەر بیرکردنەوەی ئەوەی لە رێگای (محەمەد)ەوە بتوانێ ئەم سەفەرە بۆ وڵاتی ئێران بکات هەم بۆ بینینی (زیبا)و هەمیش بۆ دۆزینەوەی دەستنووسو ئەرشیفخانەکەی باپیری، چونکە وەکو (لوسیانا) بۆ (فەرهاد) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: (**نەخێر من خۆم بیرم لێ کردووەتەوەو هات بەخەیاڵما، نا محەمەدی حاجی زادە پیاوێکی باشە دەزانی!**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١٨٨**).

## - محەمەدی حاجی زادە:

لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری رووداوەکانی ئەم رۆمانە پێوەندی بەم کارەکتەرەوە هەیە ئەم حاڵەتە وایکردووە بەشێکی زۆر لەسەر ئاستی رووداوەکان داگیر بکاتو بەیەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم رۆمانە دابنرێت، گرنگی بوونی ئەم کارەکتەرەش وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی لەناو ئەو رۆمانەدا لەوەدا بەدەردەکەوێت لەلایەک رووداوەکانی ئەم رۆمانە بەهۆی رەهەندی فیزیکی ئەوەوە یەکلایی بۆتەوە، لەلایەکی دیکەوەش لەبەر ئەوەی پێکهاتەکەی گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە ئەم حاڵەتە وایکردووە بەشێکی زۆریش لەسەر ئاستی تێکستەکەشدا داگیر بکات بەجۆرێک نووسەر

توانیویەتی بەشێکی زۆری رۆمانەکەی لە رێگای گۆڕانی پێکهاتەی ئەم کارەکتەرەوە بنیات بنێت، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو گۆڕانکاری لە پێکهاتەکەیدا وای لە نووسەر کردووە تیمو ناوەڕۆکی رۆمانەکەشی لە پێکهاتەی ئەم کارەکتەرەدا کۆبکاتەوە، تەنانەت بەشێوەیەکی ئاشکراش بیرۆکەی رۆمانەکەی لەسەر زاری (محەمەد) دەربڕیوە ئەویش کاتێک گوتی: (**من تازە تێدەگەم مانەوەی پەناهەندەیەک بەبێ مۆڵەتی پۆلیس لە پاریس چەندێک زەحمەتە! من دوایین پەناهەندەم لەناو برادەرەکانی کەمپەکەی خۆمدا وا بۆ چوار ساڵ دەچێ.... بەبێ ئیقامەم، بێ ماڵو حاڵ!**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢١**)، لەلایەکی دیکەوە لەناو تێکستەکەشدا (فەرهاد)یش ئاماژەی بەگرنگی بوونی ئەم کارەکتەرە کردووە بەوەی ئەگەر (محەمەد) بۆ خودی خۆی کەسێکی نەگبەت بووبێ، ئەوا بەپێچەوانەوە بۆ ئەو خێرو بەرەکەت بووە، چونکە (فەرهاد) لە رێگای (محەمەد)ـەوە بوو توانی (ساقی گوڵچین) خاوەنی بەناوبانگترین گەلەری لە سانفرانسیسکۆ بناسێ، ئەنجامی ئەم ناسینەش وەکو پێشتر باسمانکرد ئەوەبوو (فەرهاد) لە رێگای (ساقی گوڵچین)ـەوە توانی تابلۆکانی خۆی لە گەلەرییەکەی بفرۆشێتەوە.

لە رووی خێزانییەوە سەڵت بوو ژنی نەهێنابوو، لە رووی تەمەنەوە تەمەنی دەوروبەری (٤٥) ساڵ دەبوو، بابو باپیرانی بەئەسڵ خەڵکی شاری (قەزوین) بوون، بەڵام دوای کودەتاکەی (مسەدەق) روویان لە شاری (تاران) کردو ئیدی لەوە بەدواوە لەو شارە نیشتەجێ بوون، ئیمامی مزگەوتی (زەینەبە) بوو لە شاری تاران نزیک پردی (کەریم خان)، لە بواری پیشەکەی خۆشیدا شارەزاییەکی باشی لە فیقهـ و شەریعەتو زانستەکانی ئیسلامیدا هەبوو، لە حەوزەی عیلمی تارانیشدا وانەی (ئوسولی عەقیدە)ی دەگوتەوە، بەڵام لەبەر جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران بەوەی پێیوابوو (**دەبێ دین لە دەوڵەت تا رادەیەک جودا بکرێتەوە، ئیمەی مەلاو پیاوانی دین نابێ هێندە کارمان بەسەر سیاسەتەوە هەبێ، هەموو نەتەوەکانی غەیری فارس دەبێ مافی کلتووریی خۆیان هەبێ، ئەمانەشم بەئاشکرا لەناو غودبەکانمداو لەناو خەڵکدا باس دەکردو نەمدەشاردەوە**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١١-١٢**)، بۆیە لەسەر ئەمجۆرە بیروبۆچوونانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە خەلعی لیباس دەکرێتو لە پیشەی مەلایەتی دەریدەکەن، دواتریش (محەمەد) لە ترسی گیانی خۆی بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێتو نەخرێتە ناو زیندانەوە لەژێر پاڵنەری سیاسی وڵاتی ئێران جێدەهێڵێو روودەکاتە ئەوروپا، چونکە وەکو (محەمەد) باسی دەکاتو دەڵێت: (**من دەمزانی ئیتر وازم لێ ناهێنن، دەمزانی لەژێر چاودێریدا دەمێنمەوەو حەتمەن چەند هەفتەیەک دواتریش بەهەر هەنجەتێک بێت دێن حەپسم دەکەنو دەمخەنە ناو سەدان مەلای دیکەوە کە خەلعی لیباسیان کردبوون**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١٤-١٥**)، بەڵام لە رێگای چوونی بۆ ئەوروپا کاتێک گەیشتە وڵاتی تورکیا لە

شاری (شەمزینلی) کچێکی خەڵکی شاری تەوریز بەناوی (هومەیلا) ناسی کە ئەویش هەر لەبەر هۆکاری سیاسی وڵاتی ئێرانی جێهێشتبوو، هەر لەو شارەش هەردووکیان لەپێناو بەرژەوەندی هاوبەشی خۆیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن لەلای پۆلیسی تورکیا وەکو ژنو مێرد خۆیان بناسێنن، چونکە لەلای پۆلیسی تورکیو تەنانەت پۆلیسی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کاری ژنو مێردەکان زووتر رایی دەکرا لەچاو سەڵتەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو کەمپدا شوێنی ژنو مێردەکان لەگەڵ سەڵتەکان جیاواز بوو بۆیە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە دەرهاوێشتەی کۆمەڵایەتی خراپی لێکەوتەوە، چونکە دوای ئەوەی پۆلیسی تورکی لەناو کەمپدا بۆ ماوەی حەوت مانگ هەردووکیانی بەتەنیا لەناو ژوورێکی تاکەکەسیدا کرد، ئەوا لەلایەک بەهۆی زاڵنەبوونی هەردووکیان بەسەر حەزو ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیان لەلایەکی دیکەوەش بە ڕەزامەندیی هەردوولایەن (محەمەد) هومەیلا دەکات بەژنو کچێکی لێ دەبێت (**مردم هێندەی ئایەتەلکورسی بۆ دوورخستنەوەی شەیتانی سێکس لە جەستەی خۆم بخوێنمەوە، مردم هێندەی لە دڵی خۆمدا بە(أعوذ بالله... أعوذ بالله..) هەوەسو ئارەزووەکان لە گیانی خۆم دووربخەمەوە... باوەڕناکەم هیچ مەخلوقاتێک لەم گەردوونەدا بتوانێ بۆ ماوەی ئەو هەموو مانگە لە ژوورێکی داخراودا لەگەڵ کچێکی نەوبەهاردا بژیتو بشتوانێت بەردەوام ئارەزووەکانی خۆی دابمرکێنێتەوە، ئەرێ تۆ بوویتایە دەتتوانی؟ باوەڕناکەم هەرگیز، نەک پیاو تەنانەت هیچ کچێکیش بەهەمان شێوە ناتوانێ بۆ ماوەی ئەو هەموو مانگە بیستو چوار سەعات لەناو ژوورێکدا خۆی لە هەمبەر ئەو هەموو کەفوکوڵەی خۆی رابگرێت! بەدرێژایی ئەو هەموو مانگە پێکەوە لەناو ژوورێکدا... تەنیا تەماشای یەکتر بکەینو سوورەتی ئایەتەلکورسی بخوێنینەوە! ماقووڵە؟ نەدەکرا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٩**).

دوای ئەوەی (محەمەد) ماوەیەکی زۆر لەناو کەمپدا مایەوە بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی پۆزەتیڤی سەبارەت بەناردنی بۆ ئەوروپا دەست بکەوێت، ئیدی ناچار دەبێت بەقاچاغ لە تورکیاوە خۆی بگەیەنێتە وڵاتی یۆنانو پاشان لە ڕێگای دەریای ئیجەوە دووبارە توانی بەقاچاغ خۆی بگەیەنێتە وڵاتی ئیتاڵیا، پاشان لە ئیتاڵیاش خۆی گەیاندە وڵاتی فەرەنسا، بەڵام بەگەیشتنی بە وڵاتی فەرەنسا بەهۆی کاریگەریی هۆکاری ئابووری ژیانی بەرەو ناخۆشی دەچێت، چونکە دوای مانەوەی چوار ساڵ لە وڵاتی فەرەنسا داواکاری مافی پەنابەرێتییەکەی بۆ سێیەمجار لەلایەن (ئۆفپرا) ڕەتدەکرێتەوە، بە ڕەتکردنەوەی داواکەشی کاریگەرییەکی خراپ بەسەر ژیانی ئابووری دروست دەبێت، چونکە لەبەر نەبوونی ئیقامە لە ئیشی ڕەش زیاتر نەیدەتوانی هیچ کارێکی دیکە بکات، سەرەتا لە شاری (لیل) لە ڕێستۆرانتی (پۆڵ) کە خاوەنەکەی کورد بوو پاشانیش لە چێشتخانەیەکی (سەنگافوور)ی لە بەرامبەر وێستگەی شەمەندەفەری (سانت لازاغ) بەپارەیەکی کەم قاپو قاچاغی دەشووشت، لەو ماوەیەی کە

بێکاریش دەبوو تاکو چێشتخانەیەکی دیکەی دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات ناچار دەبێت پەنا بباتەبەر کاری فاڵگرتنەوە، ئەگەرچی جارێکیان (فەرهاد) بەهۆی پیشەی مەلایەتییەکەیەوە پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد وانەی فێربوونی قورئان بەمنداڵانی موسڵمانان بڵێتەوە بەوەی (**ڕاگەیاندراوێک لەسەر دیواری مزگەوتەکە یان لەسەر دەرگای چێشتخانەکانی سانت دونیس هەڵبواسە، ئەو کەسانەی دەیانەوێ منداڵەکانی خۆیان بنێرنە بەر خوێندنی قورئان با تەلەفۆنت بۆ بکەن، خۆ یەک دونیا موسڵمان لە پاریس هەن**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٦**)، بەڵام بێبەختی (محەمەد) لەوەدا بوو (**لە هەموو پاریس تەنیا یەک مزگەوت هەبوو ئەویش مەغریبیو تونسیەکان بۆ خۆیان قۆرخیان کردبوو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٦**)، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی ناوبراو لەناو کەمپیشدا شوێنەکەی زۆر ناخۆش دەبێت (**لەناو ژوورێکی یازدە مەتر چوارگۆشەدا دەستشۆرێکو سیسەمێکو دووشەکێکو تەباخێک... توالێتەکەشم هاوبەشە لەگەڵ پەناهەندەیەکی سریلانکی لەناو ژوورێکی تری دەرەوەی ئاپارتمانەکەم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢١**)، ئیدی ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر خزمو هاوڕێیەکانی بۆ ئەوەی ماوەیەک لەلای خۆیان شوێنی بۆ بکەنەوە، سەرەتا بۆ ماوەیەک لە گەڕەکی (ئەرژەنتۆی) لە ماڵی ژنو مێردێکی ئێرانی بەناوی (مورتەزا) و (فەرەحناز) دەبێت ئەویش بەهۆی ئەوەی (محەمەد) خزمی (فەرەحناز)ی خێزانی (مورتەزا) بوو، دواتریش ماوەیەک لە (پیگال) لەلای هاوڕێیەکی جەزائیری دەبێت، پاشانیش قوتابییەکی هاوڕێی ئەفغانی بەقاچاغ لە بەشە ناوخۆیی (کۆنکۆردیا) لە پاریسی پێنجەم نزیک میترۆی (پلاس مۆنژ) لە شەقامی (توورنەفۆرت) شوێنی بۆ دەکاتەوە.

لە رووی زانینی زمانەوە (محەمەد) جگە لە زمانی فارسی ئەوکاتەی لە ئێرانیش بوو زمانی ئینگلیزی دەزانی، کاتێکیش گەیشتە وڵاتی فەرەنسا زمانی فەرەنسیش فێربوو، بەڵام لەپاڵ زانینی ئەم زمانانە دواتر لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەهۆی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ (لوسیانا)دا کردی بۆ ئەوەی بتوانێ رۆڵی (لوسیانا) بەرجەستە بکات (محەمەد) لەسەر داوای (لوسیانا) خۆی فێری زمانی پورتوگالیش کرد، چونکە لە رووی لێکچوونی زانینی زمانەوە هەردووکیان زمانی فارسیو فەرەنسیو ئینگلیزییان دەزانی، بەڵام لە رووی جیاوازی زانینی زمانەوە لەبەر ئەوەی (لوسیانا) بەئەسڵ خەڵکی وڵاتی پورتوگال بوو زمانی پورتوگالیشی دەزانی بەڵام (محەمەد) ئەم زمانەی نەدەزانی، بۆیە وەکو (محەمەد) لە نامەیەکدا بۆ (فەرهاد)ی باس دەکاتو دەڵێت: (**من خەریکم خۆم فێری زمانی پورتوگالی دەکەم، پێنج رۆژە ناوی خۆم لە خولێکی فێربوونی زمانی پورتوگالی تۆمار کردووەو، هەموو پاش نیوەڕۆیەک بۆ ماوەی سێ سەعات زمانی پورتوگالی دەخوێنم، مسیۆ لوسیانا زۆر هانم دەدا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٨**)، هۆکاری هاندانی (لوسیانا)ش بۆ ئەم کارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی محەمەد بتوانێ لەناو ماڵەکەی ئەودا لە

بەرامبەر خزمەتکارەکانی رۆڵی ئەو بەرجەستە بکات، چونکە ئەو خزمەتکارانەی لەماڵی (لوسیانا)دا کاریان دەکرد پورتوگالی بوونو (لوسیانا)ش لەماڵەوە بەزمانی پورتوگالی قسەی لەگەڵدا دەکردن، راستی ئەم حاڵەتەش (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکات ئەویش کاتێک لە ماڵی (لوسیانا) بوو دەڵێت بینیم (**بەزمانی پورتوگالی قسەیەکی بەخزمەتکارەکە گوت تێی نەگەیشتم**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥١**).

## ٢- کارەکتەری لاوەکی:

### - ساقی گوڵچین:

(ساقی گوڵچین) خوشکی (مورتەزا گوڵچین)ی مێردی (فەرەحناز) بوو، یەکێکیش لەو کەسانەی بەهۆی رووخانی رژێمی (رەزا شا)و دروستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئاوارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێتو لەو وڵاتەشدا لە ویلایەتی (سانفرانسیسکۆ) لە گەڕەکی (ئۆکلاند) نیشتەجێ دەبێت، هەر لەو ویلایەتەشدا بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی گەلەرییەکی دامەزراندبوو بەهۆیەوە (**تابلۆی لە تورکیاو ئەوروپای رۆژهەڵاتو وڵاتانی عەرەبییەوە دەکڕیو دەیبردنەوە بۆ سانفرانسیسکۆو لە گەلەرییەکەی خۆی دەیفرۆشتنەوە**) (**هوتێل ئەوروپا، ل٨**)، هەر لە رێگای ئەو پیشەوەش بوو (فەرهاد)ی نیگارکێشی ناسیو سەرەتا پێوەندییەکی ئابووری لەنێوانیاندا دروستبوو بەڵام دواتر پێوەندییەکەی نێوانیان فراوان بوو و بواری سۆزداریشی گرتەوە (**بەیادی هەموو ئەو شەوە خۆشانەی کە لە ئامێزی گەرمو بۆنخۆشی تۆدا رۆژم دەکردەوە... ماچێک**) (**هوتێل ئەوروپا، ل١٦٩**)، جگە لەم پیشەیە چالاکوانێکی بواری کۆمەڵگای مەدەنیش بوو لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی فیمینیستیانە کاری (**لە پێناو مافو داخوازیو ئازادییەکانی ژنانی ئێرانی دەکرد**) (**هوتێل ئەوروپا، ل١٢٩**)، ئەگەرچی لە رووی ئەرکەوە بەکارەکتەرێکی لاوەکی هەژمار دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەو رۆڵەی لەناو رووداوی رۆمانەکەدا بەرجەستەی کردووە توانیویەتی بوونی خۆی لەناو رۆمانەکەدا بسەلمێنێ، ئەمە لە کاتێکدا رۆڵی لەناو رووداوەکاندا بەدوو شێوە رەنگیداوەتەوە یەکێکیان پۆزەتیڤە ئەویتریان نێگەتیڤە.

رۆڵە پۆزەتیڤەکەی بەسەر ژیانی (فەرهاد)ی نیگارکێش رەنگیدایەوە، چونکە (فەرهاد) بەهۆی ناسینی (ساقی گوڵچین)ـەوە توانی ساڵانە بەشێک لە بەرهەمەکانی خۆی لە گەلەرییەکەی بفرۆشێتەوە، بۆیە ئەم رۆڵە پۆزەتیڤەی (ساقی) پاڵی بە(فەرهاد)ـەوە نا لە روانگەی خودی خۆیەوە ئاماژە بەگرنگی بوونو رۆڵی (ساقی گوڵچین) لە ژیانی ئابووری خۆیدا بکاتو بڵێ: (**ئەم یەکترناسینەمان بووە هۆی ئەوەی کە من هەموو ساڵێک بڕێک پارەی باشم لە رێگەی فرۆشتنی تابلۆکانمەوە لە سانفرانسیسکۆوە دەست بکەوێت**) (**هۆتێل ئەوروپا،

**ل١٢٨**)، بەڵام بەراورد بەمەش ڕێژەی ڕۆڵە نێگەتیڤەکەی لەناو ڕووداوی ڕۆمانەکەدا زۆر زیاتر بوو لە ڕۆڵە پۆزەتیڤەکەی، چونکە ئەگەر ڕۆڵە پۆزەتیڤەکەی ڕەنگدانەوەی تەنیا بەسەر ژیانی (فەرهاد)دا هەبوو بێت، ئەوا ڕۆڵە نێگەتیڤەکەی کاریگەریی بەسەر ژیانی هەریەک لە (ڕوئیا خانم) و (محەمەدی حاجی زادە)دا هەبوو، هۆکاری ئەم ڕۆڵە نێگەتیڤەشی بۆ بوونی چەند سیفەتێکی خراپ لە کەسایەتیو پێکهاتەی خودی خۆیدا دەگەڕێتەوە.

یەکێک لەو سیفەتە خراپانەش بوونی سیفەتی بەرژەوەندیخوازو خۆپەرستی بوو، ئەمجۆرە سیفەتەی (ساقی گوڵچین)یش لەوکاتەدا بەدیارکەوت کاتێک پیاوێکی عەرەبی مەغریبی بەناوی (موبارەک) هاتە خوازبێنی (ڕوئیا خانم)، بەڵام (ڕوئیا) دوودڵ بوو مێرد بەو پیاوە بکات چونکە (**لەناو خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە کابرای مەغریبی لەپێناو موڵکو میراتەکەی مرخی لێ خۆشکردووە نەک لەبەر خاتری ئەوەی کە خۆشی بوێت**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١٢٩-١٣٠**)، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی (ڕوئیا) لەو مەسەلانە بڕوای بەفاڵگرتنەوە هەبوو بەڵام بەهۆی چنگ نەکەوتنی کەسێک لەم بوارەدا بۆ ئەوەی نیازو مەبەستی ڕاستەقینەی (موبارەک)ی بۆ ڕوون بکاتەوە ئەوا ناچاربوو داوای یارمەتی لە (ساقی گوڵچین)ی دەستەخوشکی بکات، بەڵام (ساقی گوڵچین) دوای ئەوەی (موبارەک)ی بینی کە (**پیاوێکی ئەسمەری تابڵێی کەشخەو قۆز بوو**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١٩٩**)، ئەوا لەبری یارمەتیدانی ڕوئیا کاری بۆ ئەوە کرد خۆی شوو بەو پیاوە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش کاتێک زانی (محەمەدی حاجی زادە) کاری فاڵچێتی دەکاتو ئێستاش بێکارە ئەوا ئەو بێکارییەی (محەمەد)ی قۆستەوەو بەبیانووی دۆزینەوەی هەلی کار توانی (محەمەد) ئیستیغلال بکات بۆ ئەوەی بینێرێ بۆ لای (ڕوئیا)، بەڵام بەو مەرجەی بەخراپ بەختی (ڕوئیا) بخوێنێتەوە:

**بەڵام من بەمەرجێک ئەو کارەت پێ دەبەخشم.**

**- مەرجەکە چییە؟**

- .....

**- دەبێ کارێکی وا بکەی کە ڕوئیا خانم ئەو پیاوەی لەپێش چاو ڕەش ببێتو چیتر بیر لەوە نەکاتەوە کە شووی پێ بکا!**(**هۆتێل ئەورووپا، ل١٣١**).

بۆ قەناعەت پێکردنی (محەمەد)یش بەو مەرجە، (ساقی) چەند پاساوێکی بۆ هێنایەوە بەوەی لەلایەک بە(محەمەد)ی دەگوت (موبارەک) ڕوئیای (**خۆش ناوێ.. تەنیا لەبەر موڵکو سامانەکەیەتی کە مرخی لێ خۆش کردووە**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١٢٩**)، لەلایەکی دیکەوەش بەپاساوی بەرگریکردن لە مافی ئافرەت بەوەی ئەو

ڕێکخراوە فێمینیستیەی تێیدا ئەندامە (**کار لە پێناو رزگارکردنی ئەمجۆرە ژنانە دەکات لە دەست زوڵم و زۆری ئەوجۆرە پیاوانەی کە دەیانەوێ ئافرەتی ئاوها بیکەسو خۆشباوەڕ بچەوسێننەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٣**)، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو پاساوی ئەوەی هێنایەوە بەوەی موبارەک (**پیاوێکی زۆر رەزا گرانو بێ شەخسییەتە.. حەزناکەم روئیا خانمێکی هێندە نازدارو نەجیبزادە مێرد بەپیاوێکی عەرەبی مەغریبی ئاوها هێسک قورس نەجیبزادە بکات**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٠**)، بەهێنانەوەی هەموو ئەو پاساوانەش (ساقی) نەک هەر توانی (محەمەد) قەناعەت پێ بێنێو ئیستیغلالی بکات بەڵکو توانی سیناریۆیەکی ئامادەکراویشی بەسەردا بسەپێنێت بەوەی ئەوکاتەی (**کە دەست بەفاڵگرتنەوە دەکەی.. ئاوها بڵێ.. بڵێ پیاوێکی ئەسمەری ورگن لە ژیانی تۆدا هەیە خاڵێکی گۆشتن کە زیاتر لە زیادە گۆشتێک دەچێ وەک لە خاڵ لەسەر روومەتی چەپی هەیە.. دەوروخولی تۆیداوەو پێت دەڵێ گوایە تۆی خۆش دەوێ، بەڵام باش ئەمە بزانە کە ئەم پیاوە تەنیا لەپێناو سەروەتو سامانەکەت مرخی لە تۆ خۆش کردووە تۆی خۆش ناوێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٣**).

دواتر ئەنجامی ئەو خراپ خوێندنەوەیە یاخود بەواتایەکی دیکە بڵێین ئەو رۆڵە نێگەتیڤەی (ساقی) لەلایەک بووە هۆی ئەوەی (روئیا) لە خەفەتان (**بەسەکتەی قەلبی دڵی وەستاو مرد**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٦-١٣٧**)، لەلایەکی دیکەوەش (محەمەدی حاجی زادە) بەهۆی مردنی (روئیا)وە ویژدانی ئازاریدا بەوەی خۆی بەهۆکاری مردنی (روئیا) بزانێ، چونکە وەکو (محەمەد) باسی لێوە دەکاتو دەڵێ: (**ئەگەر بەدرۆش بووایە پێم گوتبا کە ئەو پیاوە عەرەبە مەغریبییە تۆی خۆش دەوێ، ئاوها لەناکاو تووشی ئەو سەکتە قەلبییە نەدەهاتو زۆرتر دەژیا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٧**)، بەمەش پیلانەکەی (ساقی) سەرکەوتوو بوو و لەبری (روئیا) توانی خۆی شوو بە(موبارەک) بکات، ئەمە لە کاتێکدا سەرەتا ئەم رۆڵە نێگەتیڤەی (ساقی) هەم بۆ کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکەو هەمیش بۆ خوێنەر روون نابێتەوە تا ئەوکاتەی (ساقی) لەگەڵ (موبارەک)ی مێردی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش سەردانی دوورگەی (سانت مالۆ) دەکەن، هۆکاری ئەمەش پێوەندی بە(فەرهاد)ی حیکایەتخوانی هەمان شتزانەوە هەیە کە ناتوانێ پێش رووداوەکان بکەوێت تا ئەوکاتەی (ساقی) لە دوورگەی (سانت مالۆ) رووداوی مێردکردنەکەی وەکو سوپڕایزێک بە(فەرهاد) رادەگەیەنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر پێش ئەوەی (فەرهاد) مێردەکەی (ساقی) ببینێو بەدیداری شاد بێت وەکو تەکنیکێکی پێشخراو لە رێگای ئەم وتەیەی (فەرهاد)ـەوە کە گوتی: (**بۆنی قاوەی سووتاوم لە لەشی دەکرد**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٧**)، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشێ کە (ساقی) شووی بە(موبارەک) کردووە، دواتریش کاتێک (فەرهاد) موبارەکی بینیو بەدیداری شادبوو ئەوا بەپێی ئەو وەسفەی لە رابردوودا (ساقی) بۆ رەهەندی فیزیکی (موبارەک)ی کردبوو ئیدی حەقیقەتی (ساقی)

هەم بۆ خوێنەرو هەمیش بۆ (فەرهاد) ئاشکرا دەبێت، چونکە (فەرهاد) بەبینی موبارەک (**یەکسەر ئەو ژنە ئێرانییە سەڵتەنەخوازەی شاری گرۆنۆبڵی بیر کەتەوە کە دەستەخوشکی ساقی گوڵچین بوو، روئیا خانم ئەو بێوەژنە ئێرانییەی کە ساقی گوڵچین محەمەدی حاجی زادەی ناردبووە لای بۆ ئەوەی فاڵو قاوەی بۆ بگرێتەوە.. بۆ ئەوەی ئەو پیاوە مەغرییبیەی لەپێش چاو بکەوێت کە دەیگوت ناوی موبارەکەو چاوی برپبووە موڵکو میراتەکەی روئیا خانمو دەیویست لەپێناو ئەو ئامانجەدا بیخوازێت، چۆن پاشانیش ئەو روئیا خانمە بەستەزمانە بەسەکتەی قەلبی کۆچی دواییکرد**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١٩٨**).

یەکێکی دیکە لەو سیفەتە خراپانەی لە کەسایەتیو پێکهاتەی (ساقی گوڵچین)دا هەبوو و وایلێکردبوو رۆڵێکی نێگەتیڤ لەناو رووداوەکاندا ببینێ بوونی سیفەتی توانج لێدانو برینداركردنی هەستی کەسی بەرامبەری هەبوو، ئەمجۆرە سیفەتەشی تەنیا بەسەر ژیانی (محەمەد)دا رەنگیدایەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**باندەستی ئەم تانوتو قسانەی ساقی گوڵچین بەسەر دەروونی محەمەدی حاجی زادە زۆر کاریگەر بوو**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٣**)، چونکە لەلایەک لە رووی ئابوورییەوە لە رێگای کۆنی پێڵاوەکەیەوە توانجی لە (محەمەد) دەداو پێی دەگوت: (**دەزانی تۆ ئەگەر ئەم پێڵاوانەت بچێنێت حەتمەن شتێکیان لێ سەوز دەبێ!**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٠**)، لەلایەکی دیکەوەش ئەوکاتەی (ساقی) داوای لە (فەرهاد)ی نیگارکێش کرد (**بۆچی نایەی لە سانفرانسیسکۆ کار بکەی؟.... سانفرانسیسکۆ بەڕاستی شاری نیگارکێشانە!**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦١**)، بەڵام کاتێک (محەمەدی حاجی زادە) بێ ئەوەی (ساقی) پێی بڵێ گوتی:

**- منیش ئەگەر ئیقامەم هەبووایە دەهاتم.**

- .....

**- گوتت کە تۆش حەز دەکەی بێیت لەوێ بژیت؟**

**محەمەدی حاجی زادە زەردەخەنەیەکی لە خۆڕازییانەی کرد:**

**- بۆ نا.**

**- ساقی گوڵچین گوتی: بۆ نا؟**(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٢-١٦٣**)

بەڵام (ساقی گوڵچین) لەبری ئەوە لە رێگەی باسکردنی شوێنێک لە ویلایەتی (سانفراسیسکۆ)وە هەستی (محەمەد)ی بریندار کرد بەوەی کاری هۆمۆسێکسوێڵەکەی بەبیر (محەمەد) هێنایەوە، ئەویش کاتێک بە(محەمەد)ی گوت: (**لە نزیک** (**تەلەگراف هێڵ**) **لە گەڕەکی** (**نۆرث بیچ**) **رێستۆرانتێکی چینی لێیە بەناوی**

**(ذە سیلەر) جاران نووسەرانی (نەوەی بیت) تێیدا کۆدەبوونەوە، کەچی ئێستا بووەتە جێگەی ئەو پەنابەرانە بێ ئیقامەو بێ ماڵو حاڵانەی کە دێن لەوێ حەشیشە دەکێشن، بۆتە مەنزڵگەی ئەو بێ ئیقامە بەدبەختانەی کە بەدوای هۆمۆسێکوێڵەکاندا دەگەڕێن تا لەگەڵیان ببنە برادەرو پێکەوە بژین یان هیچ نەبێ بۆ ئەوەی ئەو هۆمۆسێکوێڵانە بیانبەنەوە ماڵی خۆیانو هیچ نەبێ چەند شەوێک جێگەیان بۆ بکەنەوە، لە سانفرانسیسکۆ زۆرن ئەو هۆمۆسێکوێڵانەی دەیانەوێ پەناهەندەیەکی بێکارو بێ ماڵ بکەنە هاودەمی خۆیان) (هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٣)**، ئەمە لە کاتێکدا (فەرهاد) راستەوخۆ دوای بریندارکردنی هەستی (محەمەد) ئاماژەی بەکاریگەریی ئەم توانجەی (ساقی گوڵچین) بەسەر لایەنی دەروونی (محەمەد) کردووە ئەویش کاتێک گوتی: **(یەکسەر زانیم محەمەدی حاجی زادە حەزی دەکرد لەو دەمەدا دەمودەست لەدەست رووزەردیو شکستی خۆی لە پرمەی گریان بداتو بچێتە دەرەوە) (هۆتێل ئەوروپا، ل١٦١)**.

لەپاڵ بەرجەستەکردنی ئەم رۆڵانەی کە باسمان کرد، نووسەر لەسەر ئاستی تێکستیشدا وەکو کارەکتەرێکی لاوەکی چەند ئەرکێکی دیکەی خستۆتە سەر شانی ئەم کارەکتەرە، یەکێک لەو ئەرکانە ئەوەیە نووسەر لە رێگای ئەم کارەکتەرەوە وەسفی ویلایەتی سانفرانسیسکۆی بۆ خوێنەر کردووە، هەروەها نووسەر هەر لەسەر زاری ئەم کارەکتەرەوە ساویلکەیی عەقڵی (محەمەدی حاجی زادە)ی پیشانی خوێنەر داوە بەوەی لە سەرەتای هاتنی بۆ وڵاتی فەرەنسا **(چۆن رۆژێک محەمەدی حاجی زادە کاتێ تازە گەیشتبووە پاریس چووبوو لەناو سوپەرمارکێتێکدا قووتوویەکی گەورەی خواردنی پشیلەی بۆ خۆی کڕیبوو وایزانیبوو مرەبایەو خواردبووشی) (هۆتێل ئەوروپا، ل١٩٨)**، لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی (محەمەد) بۆ خۆشی هۆشیاری ئەوەی هەبوو گۆڕانکاری لە پێکهاتەکەی خۆیدا روویداوە، کەچی نووسەر بەشێوەیەکی ئاشکراش لەسەر زاری (ساقی گوڵچین) ئاماژەی بەم حاڵەتە کردووە **(تۆ لەو ماوەیەدا... ئاخر من دەمێکە نەمدیوی... ئاغای حاجی زادە.. پێشکەوتنێکی زۆر بەسەر بۆچوونەکانتدا داهاتووە) (هۆتێل ئەوروپا، ل١٥٩)**، تەنانەت دەستخۆشیشی لە (محەمەد) کردووە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بیروبۆچوونەکانیدا هاتووە **(براڤۆ! جاران ئاوها بیرت نەدەکردەوە) (هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٠)**.

# جۆرەكانی كارەكتەر لە رووی پێكهاتەوە لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا

## كارەكتەری پەرەسێن

### - محەمەدی حاجی زادە:

لە رووی پێكهاتەوە (محەمەدی حاجی زادە) كارەكتەرێكی پەرەسێن بوو، پەرەسێنی پێكهاتەی (محەمەد)یش لەوەدا بەدەردەكەوێت رووداوەكان هەم كاریگەرییان بەسەر بیروبۆچوونو هەمیش بەسەر كردارەكانیدا هەبوو، ئەمە لە كاتێكدا ئەو گۆڕانكارییانەی لەژێر پاڵنەری هۆكاری ئابووری بەسەر هزریدا هاتووە بەلایەنی ئەرێنی بەسەر پێكهاتەكەیدا شكاوەتەوە چونكە گەیشتە حەقیقەتی ئەوەی سەرچاوەی هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر موسڵمانو وڵاتانی ئیسلام دێت هۆكارەكەی بۆ هەڵەی ئەو دەسەڵاتدارانە گەڕاندەوە كە وڵاتانی ئیسلامییان بەڕێوە دەبرد (**ئەگەر سەركردەكانی ئیسلامو رێبەرە موسڵمانەكان وڵاتەكانی ئێمەیان نەكردایەتە ئەم زیندانە گەورەیەی ئەمڕۆ، ئێمە بۆچی پەنامان دەبردە بەر وڵاتانی كافر لە ئەوروپا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٨**)، بەڵام لە بەرامبەردا ئەو گۆڕانكارییانەی لەژێر پاڵنەری هۆكاری ئابووری بەسەر كردارەكانیدا هاتووە بەلایەنی نەرێنی بەسەر پێكهاتەكەیدا شكاوەتەوە، چونكە ئەو كارو هەنگاوانەی لەژێر پاڵنەری ئابووریدا ئەنجامیداوە نەلەگەڵ پیشەی مەلایەتییەكەی دەگونجاو نەلەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیشدا یەكی دەگرتەوە، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو كە پاڵنەری ئابووری وای لێكردبوو پاساویش بۆ ئەمجۆرە كارانە بێنێتەوە، دواتر ئەنجامی ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەر هزرو كردارەكانیدا هاتووە پێكهاتەكەی بەجۆرێك گۆڕیوە بەوەی ئەگەر لە سەرەتادا لەلایەن دەوروبەرەكەیەوە بەكەسێكی دڵسافو ساویلكە ناسرا بێت ئەوا لە كۆتایی رووداوەكاندا ئەمجۆرە پێكهاتەیەی گۆڕاوە بۆ كەسێكی زۆر فێڵزان بەجۆرێك رادەی فێڵزانییەكەی گەیشتۆتە ئاستێك پاڵی بە(فەرهاد)ەوە ناوە (محەمەد) لە رووی فێڵزانییەوە بەدرۆزنو ساختەكارو ئیبلیس بچوێنێ.

ئاشكرایە (محەمەد) لەسەر جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران ئاوارەی وڵاتی فەرەنسا دەبێتو داوای مافی پەناهەندەی سیاسی لەو وڵاتە دەكرد، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا سەرەتا ئەوكاتەی گەیشتە وڵاتی فەرەنسا هێشتا بەرگری لە سیستەمی سیاسی وڵاتی ئێرانی دەكردو پێیوابوو ئەو سیستەمە نەک هەر لە سیستەمی هەموو وڵاتە ئیسلامییەكانی دیكە باشترە، بەڵكو لە سیستەمی هەموو وڵاتانی غەیری ئیسلامیش باشترە (**سەیر لەوەدا بوو محەمەدی حاجی زادە كەچی بەردەوامیش بەرگریی لە سیستەمی كۆماریی ئیسلامی دەكرد لەناو سیستەمەكانی دیكەی بەڕێوەبردنی جیهانی ئەمڕۆدا، دەیگوت: سیستەمی كۆماری ئیسلامی لە هەموو سیستەمێكی تری سیاسی بۆ ئێمەی موسڵمان گونجاوترە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢**)، لەلایەكی دیكەوە

لەبەر ئەوەی (محەمەد) لەناو ژینگەو کلتووریکی ئیسلامی ئێرانی پەروەردە ببوو ئەوا لە روانگەی ئایینیەوە سەیری ئەوروپییەکانی دەکردو بەکافر تۆمەتباری دەکردن، بۆیە ئەم حاڵەتە وایکردبوو نەک هەر بەراورد بەکلتووری فەرەنسیەکان زۆر شانازی بە رەسەنیو دەوڵەمەندی کلتووری ئێرانی خۆیەوە بکات بەوەی (**ئێمەی ئێرانی هەر هیچ نەبێ کلتووریکی ئەسیڵو مێژوویەکی دێرینو دینێکی پیرۆزمان هەیە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٦٢**)، بەڵکو ئەمجۆرە شانازیکردنە وای لێکردبوو دوای گەیشتنی بەفەرەنساش بۆ ماوەی سێ ساڵ کەسێکی زۆر پارێزگاری لێ دەربچێت بەوەی نەک هەر تێکەڵاوی کلتووری فەرەنسییەکان نەدەبوو، بەڵکو بەئاشکرا بانگەشەی ئەوەی دەکرد پاراستنی کلتوورو رەوشتی ئیسلامی لە ئەوروپا زۆر گرنگترە لە عیبادەتکردن بۆ خودا (**من وا تێدەگەم بۆ ئێمەی موسڵمانی ئاوارەی ئەوروپا پاراستنی رەوشتو کلتووری ئیسلام لە نوێژو رۆژوو زۆر گرنگترە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٦٢**)، تەنانەت پێیوابوو هەموو ئەو نەهامەتییانەی وڵاتانی ئیسلامی تووشی دێت هۆکارەکەی بۆ بەتاڵانبردنی خێروبێرەکەی لەلایەن وڵاتە داگیرکەرەکانی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە بەوەی (**بەرپرسی یەکەمی برسێتیو بەدبەختی ئێمە ئەمریکاو خودی رژێمە ئەوروپاییەکانن نەک ئێمە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٦١**).

بەڵام دواتر دەبینین هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی محەمەد لەژێر کاریگەریی هۆکاری ئابووری بەتایبەتیش بەهۆی گرفتی بێکارییەوە پێچەوانە دەبێتەوە، گرفتی بێکارییەکەشی بۆ نەبوونی مافی پەناهەندەیی دەگەڕێتەوە چونکە بەهۆی نەبوونی ئیقامە لە کاری رەش زیاتر نەیدەتوانی هیچ کارێکی دیکە بکات، هەروەها هەر بەهۆی نەبوونی ئیقامەوە مووچەی بێکاریشی لە شارەوانی وەرنەدەگرت، لەلایەکی دیکەوە دوای ئەوەی بەچاوی خۆی پێشکەوتنی وڵاتانی ئەوروپای بینی بەوەی چۆن دەسەڵاتدارەکانیان توانیویانە هەموو خۆشگوزەرانییەک بۆ هاوڵاتییانی خۆیان فەراهەم بکەن (**من دوای ئەوەی ئەم هەموو پێشکەوتنە گەورەیەی لە فەرەنسا بینیم، بەڕاستی باوەڕ ناکەم جارێکی دیکە بیرای بیر روو بکەمەوە ئەو دۆزەخەی وڵاتی خۆم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣٠**)، بەتایبەتیش بەدروستکردنی رێکخراوی (یەکێتی ئەوروپا) وڵاتانی ئەوروپا دەیانویست هاونیشتمانەکانی خۆیان لەدەست رۆتیناتی سنوور پەڕینەوە ئازاد بکەن، پاشانیش بەراوردکردنی ئەم حاڵەتە لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی کە چۆن کۆمەڵێک بەربەستیان بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیانی خۆیان دروستکردووە بەوەی (**لای ئێمەش... نەک لە وڵاتێکەوە بەرەو وڵاتێکی دراوسێ، بەڵکو لە شارێکی ناو هەمان وڵاتی خۆتەوە تا دەگەیتە شارێکی تر چەندینجار داوای ناسنامەت لێدەکەن**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٧**)، بۆیە ئەم حاڵەتانە وای لە محەمەد کرد بڕیار بداتو بڵێت: (**بەهەرچی نرخێک من پێویستە مافی پەناهەندەییەکەم لێرە بەدەست بهێنم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣١**).

بۆیە دەبینین پێکهاتەی (محەمەد) لەژێر کاریگەریی ئەم هۆکارانە گۆڕانی بەسەردا دێت بەوەی هەموو ئەو بیروبۆچوونە پۆزەتیڤانەی لە رابردوودا بەرامبەر بەوڵاتانی ئیسلامیو هەموو ئەو بیروبۆچوونە نێگەتیڤانەی بەرامبەر بەوڵاتانی رۆژئاوا هەیبوو پێچەوانە دەبێتەوە بەجۆرێک سەدو هەشتا دەرەجە گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە دوای گۆڕانی پێکهاتەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا هەموو نەهامەتییەکانی هاوڵاتیانی ئیسلامی دەخاتە ئەستۆی خودی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە وڵاتی ئیسلامییان بەڕێوە دەبەرد نەک وڵاتانی رۆژئاوا (**ئێمەی حوکامی ئیسلام خۆمان وڵاتی خۆمان لە خۆمان کردووەتە دۆزەخ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣١**)، چونکە پێیوابوو هۆکاری ئاوارەبوونی خۆیو چەندانی کەسی هاوشێوەی خودی خۆیو داواکردنی مافی پەناهەندەیی لە وڵاتانی کافری ئەوروپایی گەڕاندەوە بۆ خراپی سیستەمی سیاسی وڵاتانی ئیسلامی (**ئەگەر دەوڵەتە موسڵمانەکانی خۆمان باش بوونایە ئێمە بۆچی ناچار دەبووین پەنا ببەینە بەر وڵاتانی کافری ئەوروپایی**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٩**)، تەنانەت پێیوابوو خراپی سیستەمی سیاسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەر پەیوەست نییە بەکاتی ئێستا بەڵکو رەگوریشەیەکی کۆنی هەیە بۆ ئەم مەبەستەش (سەید جەمالەدینی ئەفغانی) وەکو نموونە هێناوەتەوە(**هەرچۆنێک بێت.. ئەم حەکایەتە زۆر کۆنە، ئەم بێ عەقڵیو نامرۆڤایەتییەی حوکامی ئیسلام لەناو وڵاتانی خۆماندا رەگوریشەیەکی دێرینی هەیە، سەید جەمالەدینی ئەفغانی جوانترین رووی رێنسانسی ئیسلام کە لەبنەچەی پێغەمبەریش بوو، کەچی ناچاریان کرد پەنا بباتە بەر ئەوروپاو داوای رەگەزنامە لە وڵاتی کافران بکا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٩**)، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەبوو ئەگەر جاران (محەمەد) بەرگری لە سیستەمی سیاسی وڵاتی ئێران بکردایە، کەچی دوای ئەوەی پێکهاتەکەی گۆڕانی بەسەردا هات هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر موسڵمانو ئایینی ئیسلام دێت دەخاتە ئەستۆی خودی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەوەی (**ئەم بەدبەختیو ریسواییەی ئەمڕۆ بەهۆی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەسەر خەڵکی موسڵمانی ئێرانو بەسەر دینی ئیسلامدا هاتووە ئەوپەڕی ئیهانەیە بۆ دینی پیرۆزی ئیسلام**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٥٣**).

لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی (محەمەد) لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارانەی باسمان کرد بەجۆرێکی دیکە بەسەر پێکهاتەکەیدا رەنگیدایەوە بەوەی جاران ئەگەر (محەمەد) پێیوابوو پاراستنی کلتوورو رەوشتی ئیسلامی لەناو ئەوروپای مەسیحیدا لە عیبادەتکردن بۆ خودا گرنگترە، ئەوا دەبینین دواتر ئەم قەناعەتەی (محەمەد) دەگۆڕێت بەوەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی تا سەر ناتوانێ هەر رۆژهەڵاتیانە لە ئەوروپا بژی، بەڵکو پێویستی بەوە دەبێت تێکەڵ بەکلتووری ئەوانیش بێت (**مرۆڤی ئێرانی بێزار دەبێ هێندەی لە ئەوروپا هەر ئێرانیانە بژیت، ناشتوانێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥٨**)، لەهەمووشی

سەیرتر ئەوەبوو جۆرێک کراوەیی لە هزرو بۆچوونیدا روودەدات بەوەی بەلای ئاسایی دەبێت ئەگەر ژنو پیاوێک بێ ئەوەی بە رەسمی هاوسەری یەکتریش بن پێوەندی لەنێوانیاندا هەبێ (**بێگومان، بێگومان خانم، کە دەچیتە شاری کوێران دەبێ دەست بەچاوتەوە بگری!**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٠**)، ئەمە لەکاتێکدا لەپاڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر هزرو بیروبۆچوونیدا هاتووە ئەگەر (محەمەد) بۆ خۆشی هۆشیاری ئەوەی هەبووبێ گۆڕان لە پێکهاتەکەیدا روویداوە (**خەریکە وردە وردە دێمە سەر باوەڕی تۆ، باوەڕ بەبۆچوونەکانت دەهێنم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣١**)، ئەوا دەبینین نووسەر بەشێوەیەکی ئاشکراش لەسەر زاری (ساقی گوڵچین) ئاماژەی بەم راستییە کردووە (**تۆ لەو ماوەیەدا... ئاخر من دەمێکە نەمدیوی... ئاغای حاجی زادە.. پێشکەوتنێکی زۆر بەسەر بۆچوونەکانتدا داهاتووە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥٩**)، تەنانەت دەستخۆشی لە (محەمەد)یش کردووە بەوەی گۆڕانکاری بەسەر بیروبۆچوونەکانیدا هاتووە (**براقۆ! جاران ئاوها بیرت نەدەکردەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٠**)، لەلایەکی دیکەوە (فەرهاد)یش لەژێر پاڵنەری هۆکاری ئابووری بەمشێوەیە ئاماژەی بەگۆڕانکاریی لە پێکهاتەی (محەدمەد) کردووە بەوەی (**محەمەدی حاجی زادە جاران واتە سێ چوار ساڵێک پێشتر پیاوێکی داخراو پابەندی نەریتو دینو رەوشتی گشتی، بەڵام وردە وردە منیش هەستم پێکرد باری قورسی ژیانی پەناهەندەییو تەنیاییو دەستکورتی ئینجاش نەبوونی ناسنامەو وەرنەگرتنی ئیقامە ئەوی تووشی پاشاگەردانییەکی رۆحی زۆر گەورە کردبوو.. رەفتارو بیرکردنەوەی ئەوی لە زۆر رووەوە گۆڕی بوو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٨**).

کاتێک لەناو رۆماندا کارەکتەر گۆڕانکاری لە هزرو بیروبۆچوونیدا روودەدات شتێکی چاوەڕوانکراوە ئەمجۆرە گۆڕانکارییە رەنگدانەوەی بەسەر کردارەکانیشیدا هەبێت، چونکە جووڵەی جەستەی کارەکتەر رەنگدانەوەی جووڵەی هزرە، بۆیە ئەگەر لە رووی کردارییەوە سەیری پێکهاتەی (محەمەد) بکەین دەبینین هاوشێوەی لایەنی بیروبۆچوونەکانی گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر کردارەکانیشیدا هاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە زیاتر بەشێوەیەکی نەرێنی بەسەر پێکهاتەکەیدا رەنگیداوەتەوە، چونکە وەکو پێشتر باسمان کرد بەحوکمی ئەوەی (محەمەد) لەناو ژینگەو کلتوورێکی ئیسلامیدا چاوی کردۆتەوەو گەورە بووە لەهەمان کاتدا بەهۆی پیشەی مەلایەتییەوە شارەزاییەکی باشی لە فیقهـ و شەریعەتو زانستەکانی ئیسلامدا هەبووە، تەنانەت وەکو مامۆستایەکی ئایینیش لە حەوزەی عیلمی تاراندا وانەی ئایینی گوتۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕانکارییانە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پیشەی مەلایەتییەکەیو تەنانەت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیشدا یەکی نەگرتۆتەوە، بەڵام ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو چونکە دوای ئەوەی ئاوارەی وڵاتی فەرەنسا دەبێت بەهۆی

نەبوونی ئیقامە بێکاری‌و بێ پارەیی یەکێک بوو لەو کێشانەی بەردەوام بەرۆکی (محەمەد)ی بەرنەدەدا، چونکە وەکو (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکات‌و دەڵێت (محەمەد) بەردەوام پێمی دەگوت: (**ئیشێکت هەر بۆم نەدۆزییەوە؟**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧**)، تەنانەت گرفتی بێکارییەکەی بەجۆرێک کاریگەریی بەسەر ژیانیدا هەبوو بەوەی بۆ ئەوەی پارەی زیاتر خەرج نەکات زۆربەی کات لەماڵەوە دەنووست‌و نەدەچووە دەرەوە، چونکە وەکو (محەمەد) باسی لێوە دەکات‌و دەڵێت: (**لە ماڵەوە هەمیشە دەنووم، هیچ نەبێ بۆ ئەوەی هێندە پارە بەبلیتی میترۆو پاس سەرف نەکەم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٢**).

بۆیە گرفتی بێکاریی (محەمەد) ناچار دەکات پەنا بباتە بەر هەندێک کار هەم لەگەڵ پیشەی مەلایەتییەکەیدا نەدەگونجاو هەمیش لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا یەکی نەدەگرتەوە، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو پاساویشی بۆ ئەمجۆرە کارانەش دەهێنایەوە، بۆ نموونە کاتێک دەبێتە کەسێکی هۆمۆسێکسوێڵ پاساوی ئەوەی بۆ ئەم کارە دەهێنایەوە بەوەی لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆیدا ئەم کارە دەکات (**ئەدی چی بکەم، لەبرسان بمرم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٩**)، تەنانەت پێیوابوو ئەمجۆرە کارە لە پیشەی سواڵکردن باشترە (**ئەدی بچم دەست لە خەڵک پان بکەمەوە؟ دەرۆزە بکەم؟!**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٩**)، لە رووی شەرعیشەوە پاساوی ئەوەی بۆ ئەم کارە دەهێنایەوە بەوەی (**ئەم کارە گوناح نییە، چونکە لەسەر داخوازیی پیاوە هۆمۆسێکسوێڵە فەرەنسییەکە خۆیەتی، ناشبێتە هۆی چەوساندنەوەی هیچ مەخلوقاتێک**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٢**)، لەلایەکی دیکەوە کاری هۆمۆسێکسوێڵیش کاریگەریی بەسەر پێکهاتەی (محەمەد) هەبوو بەوەی ئەگەر جاران لەبەر پابەندبوون بەئایینی ئیسلامەوە لەبری خواردنەوەی مەشروب لە دانیشتنەکانی مۆنتماختدا قاوەی داوا بکردایە، کەچی لەدوای ئەم کارە رووی لە خواردنی بیرە بەتایبەتی بیرەی (تۆبۆرگ)یش کرد، تەنانەت هەر بەخواردنەوەی بیرەش نەوەستا بەڵکو فێری خواردنەوەی جۆرەکانی دیکەی مەشروبی وەکو (وێسکی، راکی، پۆرتۆ)ش بوو.

بەپێی شەریعەتی ئیسلام فاڵگرتنەوە کارێکی دروست نییە چونکە زانینی غەیب زانستێکە تەنیا پەیوەستە بەخوای گەورە، بەڵام گرفتی بێکاری (محەمەد) ناچار دەکات لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆیدا پەنا بباتە بەر کاری فاڵگرتنەوە بەوەی (**بەدرێژایی ئەو ماوەیەی بێکاری خۆی تا ئەوکاتەی رێستۆرانتێکی دیکەی دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی قاپشۆری تێدا بکا، فێر بووبوو دەچووە ناو داڵانە پانۆپۆڕە گەورەکەی بەردەم کلێسای نۆتردام یان لەناو باغی لووکزەمبوورگ، زۆرجاریش دەچووە ناو قاوەخانەکانی ژووسیۆو سۆربۆن کە خوێندکارە گەنجەکانی زانکۆیان لێ بوو خۆی سەرقاڵی دەست خوێندنەوەو فاڵگرتنەوە دەکرد، کە لەوێ هەندێ پرو پیرەژنو پیرەمێردە فەرەنسییەکان یان تووریستەکان بەتایبەتی خوێندکارەکانی زانکۆ زۆریان پێ خۆش**

**بوو، بەرامبەر بەمەش خەڵک لانی کەم فرەنکێکیان دەدایێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢٥**)، لەهەمووشی سەیرتر ئەوەبوو هاوشێوەی کاری هۆمۆسێکسوێڵەکەی ئەوکاتەی لە ڕێستۆرانتی (دیلان) کاری فاڵچێتی دەکرد پاساوی ئەوەی بۆ ئەمجۆرە کارە دەهێنایەوە بەوەی هەر (**هیچ نەبێ ئێواران ژەمێکی تێر لای سەیدۆ دەخۆم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢٨**)، لەلایەکی دیکەوە گرفتی بێکاری وای لێدەکات رازی بێت بەنییەتی خراپی ئەو کەسانەش کە لەبواری فاڵچێتیدا ئیشیان بۆ دەدۆزیەوە، بۆ نموونە (ساقی گوڵچین) لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بۆ ئەوەی خۆی شوو بە(موبارەک) بکات نەک (روئیا) بەو مەرجە (محەمەد) دەنێرێتە لای (روئیا) تاوەکو بەخراپ بەختی بخوێنێتەوەو (موبارەک) لەپێش چاوی رەش بکات (**بەڵام من بەمەرجێک ئەم کارەت پێ دەبەخشم،.... دەبێ کارێکی وا بکەی کە روئیا خانم ئەو پیاوەی لەپێش چاو رەش بێتو چیتر بیر لەوە نەکاتەوە کە شووی پێ بکا!**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣١**)، دواتر ئەنجامی ئەو خراپ خوێندنەوەیە جگە لەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی (روئیا) تووشی سەکتەی دڵ ببێتو بمرێ لەهەمان کاتدا (محەمەد) ویژدانیشی ئازاریدا بەوەی خۆی بەهۆکاری مردنی (روئیا) بزانێ، چونکە وەکو (محەمەد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێ: (**دڵنیام ئەگەر بەدرۆش بووایە پێم گوتوبا کە ئەو پیاوە مەغریبییە تۆی خۆش دەوێ، ئاوها لەناکاو تووشی ئەم سەکتە قەلبییە نەدەهاتو زۆرتر دەژیا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٧**).

لەلایەکی دیکەوە مەودای گرفتی بێکاری بەشێوەیەکی فراوانتر پێکهاتەکەی (محەمەد) دەگۆڕێتو وایلێدەکات ببێ بەدزیش، ئەویش کاتێک لە (هوتێل ئەوروپا) لە شوێنی (فەرهاد) کاری دەکرد ئەوکاتەی ئەو ژنو پیاوانەی شەوانە تەنیا بۆ کاری سێکسی ماوەیەکی کورت لە هوتێلەکە دەمانەوە کەچی (محەمەد) لەبری ئەو ماوە کورتە پارەی مانەوەی شەوێکی تەواوی لێوەردەگرتن، بەڵام (محەمەد) ئەم پارەیەی نەدەخستە ناو خەزێنەی هوتێلەکە بەڵکو وەکو خۆی بۆ (فەرهاد)ی باس دەکاتو دەڵێ: (**هەموو جارێک سێسەدو پەنجا فرەنکەکە وەردەگرمو رێک دەیخەمە باخەڵی خۆمەوە، بەینی خۆمان بێ فەرهاد**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٨٠-١٨١**)، ئەگەرچی (محەمەد) ئەم حاڵەتەی بۆ (فەرهاد) باسکردبوو، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو بە(فەرهاد)ی دەگوت ئەگەر تۆ بەم زووانە نەگەڕێیتەوە بۆ سەر کارەکەی خۆتو ماوەیەکی زیاتر لە دوورگەی (سانت مالۆ) بمێنیتەوە من بەمجۆرە کارە پارەیەکی زۆر کۆدەکەمەوە (**ئەگەر تۆ هەر لە سانت مالۆ بمێنیتەوە، من لێرە لەماوەی ساڵێکدا بۆ خۆم دەبمە ملیۆنێر**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٨١**).

گۆڕانکاری لە پێکهاتەی (محەمەد) هەر بەوەندە ناوەستێو دواییجار لە کۆتایی رووداوەکاندا سەدو هەشتا دەرەجە گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە ئەگەر لە سەرەتادا (محەمەد) بەکەسێکی دڵساف و

ساویلکه لەلایەن (فەرهاد)ـەوە ناسرا بێت بەوەی (**من باوەڕەم بەپاکیو ڕاستگۆیی محەمەدی حاجی زادە زۆر دەکرد**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣**)، کەچی دەبنینین لە کۆتایی ڕووداوەکاندا بەهۆی لێکچوونی ڕەهەندی فیزیکی خۆی لەگەڵ (لوسیانا)دا لە تەماحی موڵکو سامانو ناسنامەو پەساپۆرتی فەرەنسی پێکهاتەکەی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی زۆر فێڵزان بەجۆرێک ڕاددەی فێڵزانییەکەی دەگاتە ئاستێک پاڵ بە(فەرهاد)ـەوە دەنێت (محەمەد) بەدرۆزنو ساختەکارو ئیبلیس بچوێنێ ئەویش کاتێک بەرامبەر (فەرهاد) بەدوو شێوە خۆی پیشاندەدا لەلایەک وا خۆی بە(فەرهاد) نیشاندەدا بڕیاریداوە بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتی ئێران (**فەرهاد گیان کە تۆ ئەم پۆستکارتەت بەدەست دەگات من لەوانەیە لە تاران بم، چونکە وا ئێستا لە فرۆکەخانەی شاڕڵ دیگۆڵەوە ئەم پۆستکارتەت بۆ دەنێرم، ئیتر دوای ئەمە پاش چەند سەعاتێکی تر من چیتر لە فەرەنسا نامێنم، بۆ وەدەستهێنانی ناسنامە دەبێ تەنیا بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، مرۆڤ لە دوورە وڵاتیدا بەتایبەتی لە ئەوروپا هیچ ناسنامەیەکی نییەو قەتیش نابێ، مرۆڤ تەنیا لە وڵاتی خۆیداو لەناو قەومی خۆیدا بەهاو مانایەکی هەیە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٩٣**)، کەچی لەلایەکی دیکەوە بەرامبەر بە(فەرهاد) ڕۆڵی (لوسیانا)ی بەرجەستە دەکردو وا خۆی نیشانی (فەرهاد) دەدا کە ئەو (لوسیانا)یە نەک محەمەد حاجی زادە (**لەو ڕۆژەوەی کە مسیۆ لوسیانا چووە بۆ ئێران، هەر کاتێک بەتەلەفۆن ئەم پرسیارانە لە محەمەد حاجی زادەی ساختەکارو درۆزن دەکەم خۆی لێم دەکاتە مسیۆ لوسیاناو عەینەن ئیبلیسێک خۆی وا نیشان دەدا کە ئەو پیاوەی ئێستا لە پاریس لە هوتێل ئەوروپا دادەنیشتێتو خاوەنی هوتێلی ئەوروپایەو قسەم لەگەڵ دەکا ئەوا مسیۆ لوسیانا خۆیەتی**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٠٣**)، لە هەمووشی سەیرتر گۆڕانی پێکهاتەکەی لەوەدابوو زۆر بەبێ منەتی ئەم قسانەی بە(فەرهاد) دەگوت: (**ئەم قسەیەی خۆت جوانترین بەڵگەیە کە بەمن باوەڕ بکەیت، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی باوەڕ بکەیت کە مسیۆ لوسیانا منم، ئەمەتام من لە پاریس... وەرە بمبینە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٠٣**).

# بەشی سێیەم

# پێوەندی توخمەکانی دیکەی ڕۆمان بەبنیاتی کارەکتەرەوە

## ١- پێوەندی ڕووداو بەبنیاتی کارەکتەر:

ئەگەرچی کارەکتەر توخمێکی سەربەخۆی ڕۆمانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی پێشوەخت نییەو یەکسەر لەگەڵ دەرکەوتنی لەناو ڕۆماندا بنیاتو پێکهاتەکەی دروست نابێت، بەڵکو بنیاتو بەرجەستەبوونی بەندە بەپێوەندیو کارلێککردنی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ڕۆماندا، یەکێکیش لەو توخمانەی پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ کارەکتەردا هەیە ڕووداوە، بەتینی ئەو پێوەندییەش بەلای (هنری جیمس)ـەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کاتێک گووتی: (کارەکتەر چییە ئەگەر ڕووداو بڕیاری لەسەر نەدات، ڕووداو چییە ئەگەر ڕوونکردنەوەی کارەکتەر نەبێت)[١]، لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی ڕەخنەگرانی کۆنو نوێ بۆچوونی جیاوازیان لەسەر چەمکی کارەکتەر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوولایان لەسەر ئەو خاڵە هاوڕان بەوەی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا لە ڕێگای ئەو ئەرکەی لەناو ڕووداوەکاندا ئەنجامیدەدات بەرجەستەدەبێت.

گرنگی پێوەندی کارەکتەر بە ڕووداو لەوەدا بەدەردەکەوێت کە پێوەندییەکی دیالێکتیکیانە لەنێوان هەردوولایاندا هەیە بەوەی هەردوولا کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیەو خزمەتی یەکتر دەکەن، چونکە هەر بەرەوپێشچوونو پەرەسەندنێک لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانو بنیاتی کارەکتەردا ڕووبدات، لە بەرامبەریشدا هەر پەرەسەندنو گۆڕانکارییەک لە ژیانو پێکهاتەی کارەکتەردا دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێڕەوی ڕووداوەکان بەرەوپێشەوە بچێتو گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، کاریگەریی کارەکتەر بەسەر ڕووداو تەنیا بریتی نییە لەوەی لە ئەنجامی کارلێککردنی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆماندا ڕووداو دروست دەبێت، بەڵکو ڕووداو دوای دروستبوونیشی پێویستی هەر بەکارەکتەر دەبێت بۆ ئەوەی وزەو جووڵەی پێ ببەخشێت هەم بۆ بەرەوپێشبردنی هەمیش بۆ یەکلاییکردنەوەی، کەچی لەبەرامبەردا کاریگەریی ڕووداو بەسەر کارەکتەر لەوەدا بەدەردەکەوێت دەتوانێت لە ڕووی ئەرکو پێکهاتەوە کارەکتەرەکان لەناو ڕۆماندا پۆلین بکات، چونکە دیاریکردنی کارەکتەری سەرەکیو لاوەکی بەپێی ڕێژەی زۆریو کەمی بەشداریکردنی کارەکتەر لەناو ڕووداوەکاندا دیاری دەکرێت، دیاریکردنی کارەکتەری پەرەسێنو پەرەنەسێنیش بەپێی کاریگەریی ڕووداوەکان بەسەر هزرو هەڵوێستو کرداری کارەکتەر دیاری دەکرێت، لەم حاڵەتەشدا دەتوانین

---

[١] والاس مارتن، نظريات السرد الحديثة، ص١٥٢.

پێوەنـدیی نێـوان کـارەکتەرو ڕووداو لەلایەک بەدوو ڕووی یەک دراو بچـوێنینو ناکرێـت لێکیـان جیـا بکەینەوە، چونکە ناتوانرێت ڕووداوێک بگێڕدرێتەوە بەبێ بوونی کـارەکتەرو ناشـتوانرێت کارەکتەرێک پێشـکەش بکرێـت تەنیـا لە ڕێگـای ڕووداوێـکەوە نەبێـت، چـونکە ڕووداو جگە لەوەی جـووڵەو ژیـانو پەرەسـەندن بەکـارەکتەر دەبەخشـێت لەهەمـان کاتـدا دەتوانێـت ئاسـتو ڕەهەنـدەکانی ئاشـکرا بکـاتو پێوەندیی‌و ململانێیەکانیشـی لەگەڵ دەوروبەردا دیـاری بکـات، ئەنجـامی ئەمـانەش دەبێتە هـۆی ئەوەی هۆشیارییەک بەکارەکتەر دەبەخشێت بۆ تێگەیشتن لە واقیع، تەنانەت ناسـینو دیـاریکردنی کـارەکتەر لە ڕێگای ڕووداوەوە دەبێتە هۆی زیاتر قەناعەت پێهێنانی خوێنەر، چونکە حەقیقەتی کەسەکان زیاتر لەناو ئەو ڕووداوانەی بەسـەریدا دێت بەدیاردەکەوێت نەک لە حـاڵەتی ئاسـاییدا، لەلایەکی دیکەوە دەتـوانین پێوەندی نێوان کـارەکتەرو ڕووداو بەپێوەنـدی نێـوان بکەرو فرمـان لەنـاو ڕسـتەدا بچـوێنین، چـونکە لە ڕوانگەی ڕێزمانییەوە ئەگەر ڕستەی تەواو لە ڕێگای بکەرو فرمانەوە دروست بێتو بیرۆکەیەک بدات بەدەستەوە، ئەوا لەناو ڕۆمانیشدا پێویست دەکات کارەکتەرێک یان چەند کارەکتەرێک هەبێت کارێک ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی ڕووداوی پێ دروست ببێت، تەنانەت تیمو ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەش هەر لە ڕێگـای ئەو کارەوە دروست دەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین (ئەگەر ڕۆماننووس کەمتەرخەمی کرد لە وێنەگرتنـی کردارێـک بەبـێ بـوونی بکەرێـک ئەوا چیـرۆکەکەی نزیـک دەبێـتەوە لە گەیانـدنی هەواڵێکـی ڕووت بەخـوێنەر نەک چیرۆکێـک، چـونکە چیـرۆک کێشـانی وێـنەی ڕووداوێکـی تەواوو یەکگرتـووە، یەکگرتوویی ڕووداویش تەنیا بەوێنەکێشانی کارەکتەرێک دێتەدی ئەوکاتەی کارێک لەنـاو ڕووداوەکانـدا ئەنجامدەدات)[1].

لەپـاڵ دروسـتکردنی هەر ڕووداوێکـدا کۆمەڵێـک هۆکـاری وەک (کـۆمەڵایەتی، سیاسـی، ئـابووری، سێکسـی،... هتـد) هەن پـاڵ بەکارەکتەرەکـانەوە دەنێـت بـۆ ئەوەی کارلێک لەگەڵ یەکدا بکەنو کارێک ئەنجامبـدەن، تەنـانەت هەر ئەو هۆکارانەشـە پـاڵ بەکـارەکتەرەوە دەنێـت بـۆ بەرەوپێشـبردنو یەکلاییکـردنەوەی ڕووداوەکـان، ئەگەرچـی لە پشـت ڕووداوی هەردوو ڕۆمـانەکەدا زیـاد لە هۆکارێـک هەن ڕۆڵیـان لە ئاراسـتەکردنو جـووڵەپێکردنو گـۆڕانی پێکهـاتەی کارەکتەرەکانـدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی لە هەردوو ڕۆمانەکەدا سێ هۆکار بەپلەی یەکەم ڕۆڵی گرنگییـان لەنـاو ڕێـڕەوی ڕووداوەکاندا گێڕاوە ئەوا ئێمەش تەنیا ئەو سێ هۆکارەمـان وەکو نموونەیەک وەرگرتووە بـۆ ئەوەی لەبواری پراکتیکیدا کاری لەسـەر بکەیـن، ئەگەرچـی ڕووداوەکانی کورتە ڕۆمـانی (مـولازم تەحسـینو

[1] جليلة بنت إبراهيم محمد الماجد، البيئة في قصة االسعودية القصيرة، ص٩٩.

شتی تریش) لە دوو بواردا خۆی دەبینێتەوە یەکێکیان کۆمەڵایەتییە ئەویتریشیان سیاسییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووداوە سیاسییەکە زیاتر بەسەر کورتە ڕۆمانەکەدا زاڵە ئێمەش هۆکاری سیاسیمان وەکو پاڵنەرێک وەرگرتووە لە جووڵەپێکردنو ئاراستەکردنی هەنگاوەکانی کارەکتەرەکان، لە ڕۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)شدا لەبەر ئەوەی هۆکاری ئابووری ڕۆڵێکی گرنگی لەناو ڕووداوی ڕۆمانەکەدا گێڕاوە ئەوا ئەم هۆکارەشمان وەکو پاڵنەرێک وەرگرتووە لە جووڵەپێکردنو ئاراستەکردنی هەنگاوەکانی کارەکتەرەکاندا، لەپاڵ ئەمانەشدا هۆکاری سێکسیشم وەکو خاڵێکی هاوبەش لەناو هەردوو ڕۆمانەکەدا وەرگرتووە کە ڕۆڵی بەسەر کارەکتەرەکانی هەردوو ڕۆمانەکەدا هەبووە.

## - **هۆکاری سیاسی**:

لە کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسین شتی تریش)دا هۆکاری سیاسی نەک هەر کاریگەریی زۆری بەسەر جووڵەو ئاراستەو بنیاتو پێکهاتەی کارەکتەرەکاندا هەیە، بەڵکو کاریگەریی بەسەر ئەنجامو بنیاتی کورتە ڕۆمانەکەش هەبوو، ئەگەر سەرەتا بەدواداچوون بۆ کاریگەریی ئەم هۆکارە بەسەر کارەکتەرەکانەوە بکەین ئەوە دەبێت لە (جوامێر)ـەوە دەست پێ بکەین، چونکە (جوامێر) بەهۆی ئەم هۆکارەوە بەدیاریکراویش بەئاشکراکردنی نهێنی خەت مایلی خۆی لەناو حزبی بەعسدا توانی (ئەختەر) فریو بداتو کاری سێکسی لەگەڵدا ئەنجامبدات (**جوامێر خەت مایلی ڕەفیق حزبی لەناو حزبی بەعسدا، بەڵام لەژێرەوە بۆ پێشمەرگە کاری دەکرد**)(**ملازم تەحسینو شتی تریش، ل١٦**)، تەنانەت ئەگەر سەرەتا (جوامێر) بەهۆی ئاشکراکردنی ئینتیمای سیاسی خۆی بۆ (ئەختەر) توانی فریوبداتو بیکات بەژن، کەچی دواتریش هۆکاری سیاسی وەکو چەکێک وابوو بەدەست (جوامێر)ـەوە بەهۆیەوە توانی وەکو پاساوێک بەرامبەر (ئەختەر) بەکاری بهێنێ هەم بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا نەیبات بۆ شاخ هەمیش بۆ ئەوەی نەیخوازێ، چونکە دوای ئەوەی چوو بۆ شاخو بوو بەپێشمەرگە هۆکاری سیاسی کردە بیانوویەک بۆ ئەوەی (ئەختەر) لەگەڵ خۆیدا نەبات بۆ شاخ بەوەی (**لەناکاو سوشیالیست هێرش دەکەنە سەرت، یان حکومەت لەناکاو بەهەلیکۆپتەر ناچارت دەکا باربکەری، لە شەڕەکەی قڕناقەو پشت ئاشان چونکە ژنو ئافرەتەکان وەک پیاو گورجو گۆڵ نەبوون زۆربەی قوربانییەکان ژن بوون، هەرچی ئافرەت بوون یان کوژران یانیش بەدیل گیران**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٨٦-٨٥**)، تەنانەت کاتێکیش (ئەختەر) پرسیاری چارەنووسی ژنو مێردایەتییەکەی نێوانیانی لێکرد ئەوا (جوامێر) لەدوایین پاساویدا بەرامبەر (ئەختەر) هۆکاری سیاسی کردە بیانوویەک بەنەخواستنی لە کاتی ئێستادا بەوەی مەکتەبی سیاسی حزب ڕێگرە لە بەردەم پرۆسەی

هاوسەرگیرییان (**مەسەلەکە پەیوەندیی بەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی حزبەوە هەیە تێگەیشتی**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥٨**)، بیانووی ڕێگرییەکەی مەکتەبی سیاسی حزبیشی هەر بۆ هۆکاری سیاسی گەڕاندەوە بەوەی (**ئەوان پێیانوایە ئەگەر تۆ لەگەڵ من بێیتە شاخ کەناڵێکی گرنگی پەیوەندیمان لەگەڵ ناوشار لەقیس دەچێ!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥٩**).

لەلایەکی دیکەوە هۆکاری سیاسی لەناو ئەم کورتە ڕۆمانەدا کاریگەرییەکی زۆری بەسەر جووڵەی (جوامێر) هەبوو، چونکە دوای ئەوەی لە کاری سیاسیدا ئاشکرا دەبێتو هەڵدێت بۆ شاخ لەلایەن حکومەتی بەعسەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، کاریگەریی ئەو فەرمانەش دەبێتە هۆی ئەوەی جووڵەی (جوامێر) لەناو کورتە ڕۆمانەکەدا بەرتەسک ببێتەوە بەجۆرێک وایلێدەکا ڕۆڵی لەناو ڕووداوەکاندا هەر لە سەرەتا تاکو کۆتایی ڕۆمانەکە تەنیا لە کاتی شەوەکەیدا دەربکەوێت، بۆیە کاتێک دادەبەزییە ناو شاری سلێمانی هەم بۆ پڕکردنەوەی حەزی سێکسی خۆی لە جەستەی (ئەختەر)داو هەمیش بۆ ئەنجامدانی چالاکی دژی حکومەتی بەعس هەر لەبەر هۆکاری سیاسی تەنیا لە کاتی شەوەکەیدا ئەم کارانەی ئەنجامدەدا، ڕاستی ئەم حاڵەتەش حیکایەتخوان بەمشێوەیە ئاماژەی پێکردووە: (**جوامێری پێشمەرگەی هەموو شەو دابەزیوی ناو شار بۆتە ئەفسانەیەک! جوامێر ڕەمزی بەرگریی نیشتمانیو هێزی ڕزگارکردنی کوردستانە لە سای جوامێرەوە خەڵک دەیانگوت: سلێمانی بە ڕۆژ بەدەست حکومەتەوەیە بەشەویش بەدەست پێشمەرگەوە!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٠٤-١٠٥**)، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەبوو کە هۆکاری سیاسی کاریگەریی بەسەر پلانەکەی (جوامێر)یش هەبوو بۆ ڕفاندنی (مولازم تەحسین)، چونکە (جوامێر) هەر لەبەر ئەو هۆکارە کاتی شەوەکەی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەڵبژارد (**شەوی جومعە دەیبەینو دەڕۆین**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٥**)، لەلایەکی دیکەوە بەرتەسکی جووڵەی (جوامێر) بەهۆی پاڵنەری سیاسییەوە کاریگەریی بەسەر جووڵەی (مولازم تەحسین)یش هەبوو، چونکە لەبەر ئەوەی (جوامێر) لەبەر هۆکاری سیاسی نەیدەتوانی جگە لە کاتی شەو بێتە ناو شاری سلێمانی ئەوا ئەو حاڵەتە وای لە (مولازم تەحسین)یش کرد لە دانانەوەی بۆسە بەسەر (جوامێر)دا کاتی شەو هەڵبژێرێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە (**ڕەعنا ئەو شەوە شەوی دووشەممە بەسەر سێشەممە بوو کاتژمێر دوو نیو لایدابوو**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٣١**)، تەنانەت قاچاغی (جوامێر) لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەریی بەسەر بنیاتی کورتە ڕۆمانەکەش هەبوو، چونکە هەر لەبەر ئەم حاڵەتە نووسەر لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەی لە (٣ - ٦٢) هەروەها (٧٥ - ١٣٠) بۆ دوو کاتی ڕۆژو شەو دابەش کردبوو بەوەی کاتی شەوەکەی بە(جوامێر) بەخشیبوو و کاتی ڕۆژەکەشی بە(مولازم تەحسین) بەخشیبوو.

ئەگەرچی (جوامێر) لەناو ئەو کورتە رۆمانەدا تەنیا یەکجار ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت لە کاتی رۆژدا دەرکەوت (**جادە چۆڵو سێبەر بوو تەنیا چەند کرێکارو قوتابییەکی زانکۆ بەسەر جادەکەوە بوون، دڵی زۆر خۆش بوو کە ئەمرۆ توانیویەتی بەپێچەوانەی جاران سلێمانی بە رووناکی ببینێ!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٦-٧٧**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی (جوامێر) لەو ماوە کورتەی رۆژدا هۆکارەکەی هەر بۆ پاڵنەری سیاسی دەگەڕێتەوە، ئەویش کاتێک رۆژێک دوای تەقینەوەکەی مەیدانی ماستەکە کاتژمێر (٤:٣٠) خولەکی سەرلەبەیانی خۆی گەیاندە ناو شاری سلێمانی بۆ ئەوەی (٥٠٠) دانە لە بەیاننامەی حزب کە تایبەت بوو بەو مەسەلەیە بگەیەنێتە دەست (سمە لووتە) بۆ بڵاوکردنەوەیان پاشان پێش کاتژمێر حەوت گەڕایەوە بۆ شاخ، تەنانەت لەو ماوە کورتەشدا هۆکاری سیاسی کاریگەریی بەسەر جووڵەی (جوامێر)یش هەبوو چونکە کاتێک گەیشتە ناو شاری سلێمانی حەزی دەکرد بۆ ژەمی بەیانییەکە لە چایخانەی قەڵادزەییەکان نانێک بخوات، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی هاورێکانی لەو چایخانەیەدا دادەنیشتن بەدیاریکراویش لەبەر بوونی (قالە شێت) بۆ ئەوەی لە رووی سیاسییەوە ئاشکرای نەکات نەیتوانی لەو چایخانەیەدا نان بخوات، بۆیە لەبری ئەوە هەر لە یەکەم چایخانەکەی تەنیشت رێستۆرانتەکەی (عەلی سوور) دانیشتو نانێکی خوارد (**چایخانەی قەڵادزەییەکان پڕە لە ئاشناو هاورێکان، هیچ نەبێ ئێستا قالە شێت دەیبینێتو لێی دەکاتە هەرا، با ئەم نانو هەنگوینەی لێ نەبێتە سندانو سەری بەفەتارەت نەچێ**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٧-٧٨**).

(ئەختەر) لە سەرەتادا هیچ پێوەندییەکی بەدنیای سیاسەتەوە نەبوو، بەڵام دوای ناسینو دروستبوونی پێوەندی لەگەڵ کەسانی سیاسی بەدیاریکراویش لەگەڵ (جوامێر)دا خزایە ناو دنیای سیاسەتەوە، بەڵام دنیای سیاسەت جگە لە فریودانی لەبواری سێکسیو چەوساندنەوەی لەبواری سیاسیو چارەنووسێکی خراپ هیچ شتێکی دیکەی بە(ئەختەر) نەبەخشی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زۆرترین دەرهاوێشتەی هۆکاری سیاسی لەناو ئەم کورتە رۆمانەدا بەسەر ژیانی (ئەختەر)دا رەنگبداوەتەوە، بەڵام ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو چونکە بوونی سیفەتی دڵسافیو ساویلکەیی لە پێکهاتەی (ئەختەر)دا پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی کەسانی سیاسی هاوشێوەی (جوامێر) و (مولازم تەحسین) بیقۆزنەوە هەم بۆ تێرکردنی حەزی سێکسی خۆیان لە جەستەی (ئەختەر)داو هەمیش بۆ بەکارهێنانی لە بواری سیاسیدا.

سەرەتای رەنگدانەوەی دەرهاوێشتە خراپەکانی ئەم هۆکارە بەسەر ژیانی (ئەختەر)دا بەزانینی خەت مایلی (جوامێر) لەناو حزبی بەعسدا دەستپێدەکات، چونکە زانینی ئەم نهێنییەی (جوامێر) پاڵ

بە(ئەختەر)ەوە دەنێت بۆ ئەوەی زیاتر قەناعەت بە(جوامێر) بکات بەوەی بە راستی خۆشی دەوێتو درۆی لەگەڵدا ناکات، چونکە وەکو (ئەختەر) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**ئەگەر بەڕاستی خۆشی نەوێمو متمانەم پێ نەکا چۆن نهێنی ئەووەم لەلا دەدرکێنێت ئەگەرچی رەفیق حزبییەو لەناو حزبی بەعسدا کار دەکات، بەلاّم خەت مایلەو خەباتی نهێنی لەپێناو نیشتماندا دەکات؟ چۆن ئەووەم لەلا دەدرکێنێت کە سەر بەپێشمەرگەیە! ئەگەر بەڕاستی خۆشی نەوێمو متمانەم پێ نەکات چۆن منیش لەگەڵ خۆیدا دەخزێنێتە ناو هەمان شانەی رێکخراوی نهێنی شاخەوەو چارەنووسی من بەچارەنووسی خۆیەوە گرێ دەدات؟**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٩-٢٠**)، بەلاّم دەرەنجامی ئەو بڕوابوونەی (ئەختەر) بە(جوامێر) جگە لەوەی لەدەستدانی پەردەی کچێنی لێکەوتەوە لەهەمان کاتدا (جوامێر) ئامادەنەبوو (ئەختەر)یش بخوازێ.

خودی (جوامێر) تەنیا هۆکار نەبوو بۆ ئەوەی پێگەی کۆمەلاّیەتی (ئەختەر)ی پێ لەکەلەدار بێت (**جوامێر یەکەمین پیاو بوو کە من خۆمم بۆی رووت کردەوە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٠**)، بەڵکو ئینتیمای سیاسی (جوامێر)یش دەبێتە هۆکارێک بۆ لەکەدارکردنی پێگەی کۆمەلاّیەتی (ئەختەر) لەناو کۆمەڵگادا، چونکە بەهۆی ئەو پێوەندییەی (ئەختەر) لە فەرمانگەکە لەگەڵ (جوامێر)دا هەیبوو دەبێتە نێچیری دەستی پیاوانی دائیرەی ئەمن، ئەویش دوای ئەوەی (جوامێر) لە کاری سیاسیدا ئاشکرا دەبێتو دائیرەی ئەمن بۆیان دەستگیر ناکرێت ئیدی لەبری ئەو (ئەختەر) دەستگیر دەکەن بەبیانووی ئەوەی لەگەڵ (جوامێر)دا لەهەمان رێکخراوی سیاسیدا کاری کردووە، دواتر ئەنجامی ئەو دەستگیرکردنە جگە لەوەی پیاوانی ئەمن بەزۆر دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەری لەهەمان کاتدا سزای ئیداریشی دەدەنو لە فەرمانگە فەسڵی دەکەن، تەنانەت دوای ئازادبوونیشی دائیرەی ئەمن هەر بەوەندە وازیان لە (ئەختەر) نەهێنا چونکە مانگانە جارێک بۆ لێکۆڵینەوە بانگیان دەکرد، ئەگەرچی (جوامێر) لەبەرامبەر ئەم حاڵەتەدا ئامۆژگاری (ئەختەر)ی کرد بەوەی لەپێناو بەرژەوەندی حزبدا (**قەیناکا لەگەڵیان کار بکە بۆ ئەوەی بتوانیت بەخەتی مایل لەناو شاردا درێژە بەخەباتی ژێرزەمینیو سیاسییانەی خۆت بدەیت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣١**)، بەلاّم ئەنجامی ئەم بانگکردنەی (ئەختەر) لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە جگە لە دەستدرێژی سێکسی بەسەر (ئەختەر)دا هیچ شتێکی دیکەی لێنەکەوتەوە، راستی ئەم حاڵەتەش (ئەختەر) بەمشێوەیە ئاماژەی بۆ دەکات: (**ئاوها ئیتر لەسەر داخوازیی جوامێر دەرپێ داکەندنی من ببووە شێوەیەک لە شێوەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژێرزەمینی، هەر لەبەر خاتری حزبو لەبەر خاتری جوامێر ژیانی من هەتا ئێستاش هەمووی بووە بەردەوام دەرپێ داکەندن**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٢**).

پاڵنەری سیاسی ڕەنگدانەوەی بەسەر لایەنی دەروونی (ئەختەر)یش هەبوو ڕاستی ئەم قسەیەشمان لەکاتی نووسینی ڕاپۆرتی حزبی بۆ دەردەکەوێت، ئەگەرچی وەکو لە دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە (ئەختەر) لەنووسینی ڕاپۆرتدا بۆ حزب جاری یەکەمی نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر جارێک ڕاپۆرتی بۆ حزب بنووسی بووایە حاڵەتی ترسی لەلا دروست دەبوو، ڕاستی ئەم حاڵەتەش حیکایەتخوان بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەکات (**ئەختەر هەموو جارێک دەکەوتە سەر ڕاپۆرت نووسین دەتگوت تازە بەتازە یەکەمین جاریەتی ڕاپۆرت دەنووسێ دەترسا**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٣**)، ترسەکەش بەجۆرێک کاریگەریی بەسەر لایەنی دەروونی هەبوو بەوەی تاوەکو تەواو دڵنیا نەبووایە تەواوی دەرگاو پەنجەرەکانی قوفڵداوە دەستی بەنووسینی ڕاپۆرت نەدەکرد، ڕاستی ئەم حاڵەتەش حیکایەتخوان بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**دوای ئەوەی چوو خۆی دڵنیا کردەوە لەوەی دەرگای حەوشەو دەرگای جامخانەکەی بەر حەوشەو پەنجەرەکان یەک یەک کلۆمدراون ئنجا گەڕایەوە ژووری نووستنی خۆی ئەویشی توند کلۆمداو ئنجا چوو چوار مەشقی بۆی دانیشت کاغەزێکی سپی درێژی لەسەر بالیفەکە لەبەردەم خۆی دانا**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٣-٣٤**).

(ئەختەر) بەهۆی ناسینو دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ کەسانی سیاسی هاوشێوەی (جوامێر)و (مولازم تەحسین) کە ئینتیمای سیاسییان جیاواز بوو ژیانی دەکەوێتە ناو گەمەیەکی زۆر ترسناکەوەو دەبێتە سووتەمەنی ململانێی سیاسی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەو لە کۆتایی ڕووداوەکاندا تووشی چارەنووسێکی خراپ دەبێتەوە، چونکە هەردووکیان (ئەختەر) وەکو پردێک بۆ پەڕینەوە بەکاردێنن بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگای (ئەختەر)ـەوە بۆسە بۆ یەکتری دابنێنەوە، ترسناکی ئەم کارەش ئەگەر لەناو کورتە ڕۆمانەکەدا پێش ئەوەی ڕووبدات نووسەر وەکو تەکنیکێکی پێشخراو لە گفتوگۆی نێوان (باجی بنار) و (پورە ڕەعنا)دا ئاماژەی پێکردبێ بەوەی (**بەڵێ هەر ڕۆژێکەو ئیتر دەتەقێتەوە ئەم ئیشە دەبێ بگاتە ئەنجامێکو کۆتاییەک**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧١**)، ئەوا لە کۆتایی ڕووداوەکاندا ڕاستی ئەو حاڵەتە بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە، چونکە (مولازم تەحسین) دوای ئەوەی بەبیانووی خواستن توانی (ئەختەر) فریوبدات بۆ ئەوەی هاوکاری بکات بۆ دانانەوەی بۆسە بەسەر (جوامێر)دا، کەچی (مولازم تەحسین) لەبری ئەو هاوکارییە نەک هەر (ئەختەر)ی نەخواست بەڵکو وەکو کەسێکی خائینو سۆزانی حیسابی بۆ کرد، چونکە (مولازم تەحسین) لەدوای کوشتنی (جوامێر) بەپیاوەکانی گوت: (**ئەم قەحپە پیسەش ببەن! لێرە بەجێی نەهێڵن!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٤٠**).

هۆکاری سیاسی کاریگەریی بەسەر بڕیاری (ئەختەر)یش هەبوو بۆ دیاریکردنو هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی بەجۆرێک دوودڵی کردبوو نەیدەزانی شوو بە(جوامێر) یان (مولازم تەحسین) بکات

**(نـازانێ کامەیــان هەڵبژێرێـت)** **(مولازم تەحسـینو شـتی تـریش، ل٧٣)**، چــونکە کاتێــک (ئەخــتەر) لە رووی سیاسـییەوە سـەیری کردەوەکـانی (مـولازم تەحسـین)ی دەکـرد بڕیاریـدەدا شـوو بە(جـوامێر) بکـات بەتایبەتیش **(ئەختەر کاتێ ئەم دیمەنە خوێناوییانەی مولازم تەحسینی دەهاتەوە پێش چاو، هەستی دەکرد بە ڕاستی جوامێر لەچاو ئەودا پەپوولەیەکەو شایستەی ئەوەیە تەنانەت تا مردنیش چاوەڕوانی بکـات! چاوەڕوانیشی دەکـا بـۆ نـا؟ ئەختەر کاتێ ئەم دیمەنە خوێناوییانەی مولازم تەحسینی دەهاتە پێش چاو هەستی دەکرد بەڕاستی ئەو پیـاوە عەرەبە بەعسییە کە تا سەر ئێسقانی تینـووی خوێنی خەڵکی کوردە، نەک هەر شایستەی ئەوە نییە خۆشی بوێتو شووی پـێ بکا، بەڵکو پێویستە لەبەر دەرکی سەرا بە بەرچاوی هەموو خەڵکی سلێمانیەوە هەڵبواسرێتو لە سێدارە بـدرێت)** **(مولازم تەحسینو شتی تـریش، ل٣٨-٣٩)**، کەچـی لە بەرامـبەردا کاتێـک (ئەخـتەر) زانـی (جـوامێر) لەگەڵیـدا راسـتگۆ نییەو بەفیعلی ئامادە نییە بیخوازێ حەزی دەکرد شوو بە(مولازم تەحسین) بکات، بەڵام لەبەر هۆکـاری سیاسی بەدیاریکراویش لەبەر بوونی پیشمەرگە نەیدەوێرا ئەو بڕیارە بدات:

**- هەر دەمکوژن!**

**- کێ دەتکوژێ؟**

**- پێشمەرگە.** **(مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٦-٤٧)**

هۆکـاری کوشتنەکەشــی لەلایەن پێشــمەرگەوە بــۆ ئەوە گەڕانــدەوە بەوەی ئەگەر شــوو بە(مــولازم تەحسـین) بکـات ئەوا پێشـمەرگە پێیـدەڵێن: **(ئەمەتـا دەرکەوت ئەختەرە قەحپەی قـادر قوتـوو جاسـووس بـوو! چۆن دەنگوباسو نهێنییەکانی حکومەتی لە مولازم تەحسین وەردەگرتو بۆ ئێمەی دەنارد هەبێو نەبێ بەهەمان شێوە هـی ئێمەشی گەیاندۆتە مولازم تەحسین، جاسووسی خەت مـایلی هەردوولا بـووە لەیەک کاتـدا، بەڵام ئەمەتـا لە کۆتاییـدا دەرکەوت کە جاسووسی راستەقینەو بەکرێگیراوی بەعس بووە، دڵنیام ئاوهام پێدەڵێن!)** **(مولازم تەحسینو شتی تـریش، ل٤٥)**، تەنـانەت کاتێکیش ئەختەر لەسەر مەسـەلەی شـووکردن بە(مـولازم تەحسـین) پرسو راوێژی بە(بـاجی بنـار) کـرد، ئەوا لەسەر راسپاردەی (باجی بنار) بڕیاری وازهێنان لە کاری سیاسـی کـردە مەرجێـک بەسـەر (مـولازم تەحسـین) بەوەی کاتێـک پێـی گـوت: **(مەبەسـتم ئەوەیە لێـت بپرسـم ئەگەر شـووت پـێ بـکەم واز لەم پیشـەیەت دەهێنێ)** **(مولازم تەحسینو شتی تـریش، ل٦٠)**، لە هەمووشـی گرنگتـر ئەوەبـوو ئەگەر سـەرەتا هۆکـاری سیاسـی (ئەخـتەر)ی دوودڵو راڕا کردبـێ بـۆ ئەوەی نەزانـێ شـوو بەکامیـان بکـات، کەچـی دواتـر هەر هۆکـاری سیاسی ئەو دوودڵیو راڕاییەی (ئەخـتەر)ی رەواندۆتەوە بەجۆرێک ناچاری کـردووە (مـولازم تەحسـین) هەڵبژێـرێ بـۆ ئەوەی شـووی پـێ بکـات، ئەویـش دوای ئەوەی لەلایەن (مـولازم تەحسین)ــەوە لە کـاری سیاسیدا کەشف دەبێت بەوەی خەت مایلەو لەژێرەوە پێوەندی بەپێشمەرگەوە هەیە.

ئەگەر بەدواداچوون بۆ لایەنێکی دیکەی ژیانی (ئەختەر) بکەین دەبینین هۆکاری سیاسی (ئەختەر)ی کردبووە داشێکی دامە بەدەست (جوامێر)ەوەو ئیستیغلالی کردبوو بۆ راپەڕاندنی چالاکی حزبی لەناو شاری سلێمانیدا، حاڵەتی ئیستیغلالکردنەکەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە راستە (ئەختەر) بەهۆی (جوامێر)ـەوە خزایە ناو دنیای سیاسەتەوەو لەهەمان کاتدا لە ڕێگای تەزکیەی (جوامێر)ـەوەش پێوەندی بەپارتێکی مارکسی کوردییەوە کرد، تەنانەت (جوامێر) بەڵێنی ئەوەشی بە(ئەختەر) دابوو لەناو ئەو پارتەدا پلەیەکی بەرزی حزبیشی پێ ببەخشی، چونکە وەکو (ئەختەر) بۆ خۆی ئاماژەی دەکاتو دەڵێت: (**دەیەوێ بمکاتە بەرپرسی شانەکانی ڕێکخراوی نهێنی ژنانو پلەی بەرزی حزبیم پێ ببەخشێ؟!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٠**)، بەڵام وەکو پێشتر لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا بەهۆی ڕفاندنی کوڕەکەی (مەولود بازرگان)ـەوە ڕاستی ئەوە بەدیار کەوت (ئەختەر) بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ڕێکخستنی ئەو پارتەوە نەبووە کە (جوامێر) بەڵێنی پێدابوو بیکاتە ئەندامی ئەو پارتە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانیشمان دەتوانین ئاماژە بەو حاڵەتە بکەین کە چۆن جوامێر (ئەختەر)ی ئیستیغلال کردووە ی بۆ ڕاپەڕاندنی کارو چالاکی حزبی لەناو شاری سلێمانیدا ئەمە لە کاتێکدا (ئەختەر) بەهیچ شێوەیەک پێوەندی بەو پارتەوە نەبووە: (**جوامێر تەتەری شاخ هەمیشە کە دەگەیشتە ماڵی ئەختەر کۆمەڵێک نامەی پێ بوو نامەی پێشمەرگەو بەرپرسەکان دەیانیدایە دەست ئەختەر بۆ ئەوەی هەر سبەینێ دابەشیان بکاتو بیانگەیەنێتە شوێنی پێویست، هەروەها هەمیشە دەیان نامیلکەو سیپارەو بەیاننامەو بڵاوکراوەی نهێنی کە تازە لە چاپخانەکانی ناو پێشمەرگە دەرچووبوونو پێویست وابوو بەناو شاردا بەناو ئەندامەکاندا بەناو خەڵکدا بڵاوبکرێنەوە ئەوانیشی دەسپاردنە دەست ئەختەر، لە دەمەو کازیوانیشدا کاتێ دەگەڕایەوە شاخ کۆمەڵێک نامەو دەنگوباسو ڕاپۆرتی بەقەڵەمی ئەختەر دەبردەوە بۆ دەزگای ڕاگەیاندنو بەشە نهێنییەکانی شۆڕش**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٥-٤٦**)، ئەمە لە کاتێکدا لەناو کورتە ڕۆمانەکەشدا لە گفتوگۆی نێوان (باجی بنار) و (پوورە ڕەعنا)شدا بەمشێوەیە ئاماژە بەحاڵەتی ئیستیغلالکردنەکە کراوە: (**منیش هەروا تێدەگەم، ڕاست دەکەی بەمەرقەدی کاکە ئەحمەدی شێخ بەگۆڕی کوڕە جوانەمەرگەکەم من پێموایە تەنیا بۆ ئەوە بەکاری دەهێنێ کە هەواڵو دەنگوباسی ناو شاری پێ کۆبکاتەوەو وەرەقەو مەرەقانی لەناو بازاڕدا پێ بڵاوبکاتەوە،... دەزانی ئەوجۆرە کارە حزبیو میزبییانەی بەژنان دەکرێ بەپیاوان ناکرێ**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٨-٦٩**).

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا زۆرترین دەرهاوێشتەی هۆکاری سیاسی لەناو ئەو کورتە ڕۆمانەدا بەسەر ژیانی (ئەختەر)دا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەرهاوێشتە خراپانە (ئەختەر)ی نەک هەر پەشیمان نەکردۆتەوە لە چوونە ناو دنیای سیاسەتدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە هۆکاری سیاسی

پاڵی بە(ئەختەر)ـەوەش ناوە لەسەر خەباتکردن بەردەوام بێت، راستی ئەم قسەیەشمان لەوکاتە بۆ دەردەکەوێت کاتێک (ئەختەر) لەسەر داوای حزب چووە ماڵی (دایکی شەهید شوان) بۆ بەخشینی بڕی پەنجا دینار بەبۆنەی شەهید بوونی (شوان)ی کوڕیان، ئەگەرچی (ئەختەر) لە ترسی ژیانی خۆی بۆ ئەوەی لە رووی سیاسییەوە ئاشکرا نەبێت نەیتوانی بەدایکی شەهید شوان بڵێت پێشمەرگە لەبری شەهیدبوونی کوڕەکەت ئەم بڕە پارەیەی بۆ ناردووی (**نەوەکا پیرەژن لە دەمی دەربچێتو لەملاو لەولا باسی بکاتو ئەختەر کەشف ببێت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٩**)، بەڵام باس نەکردنی هۆکاری بەخشینی ئەو بڕە پارەیە لەلایەن (ئەختەر)ـەوە وا لە دایکی شەهید شوان دەکات (ئەختەر) ئەو بڕە پارەیەی وەکو خێر پێ بەخشیوە بۆیە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دوعای خێری بۆ (ئەختەر) کرد، ئەم حاڵەتی دوعاکردنەش کاریگەریی بەسەر هەستو سۆزی (ئەختەر)ـەوە دروستکردو وایلێکرد لە چوونە ناو دنیای سیاسەتدا نەک هەرگیز پەشیمان نەبێتەوە بەڵکو پێیوابوو لە رێگای سیاسەتەوە دەتوانێ خزمەت بەمرۆڤایەتی بکات، چونکە (**ئەختەر کاتێ ئەو دیمەنە پڕ خێرو ئاسوودەییەی دەهێنایە پێش چاوی خۆی، کاتێ دەیزانی بە راستی سوودێکی کەمی بۆ ئەو خەڵکە لێقەوماوانەی شارەکەی خۆی هەیە زیاتر باوەڕی بەوە دەهێنا کە نابێت لەم رێگایەی گرتوویەتییە بەر لابداتو پەشیمان ببێتەوە مەگەر بەدەگمەن لە هەندێ حاڵەتی فیگاریو بێزاریدا، ئەگینا زۆربەی کات لە کانگای خۆیەوە هەستی دەکرد کارەکەی ئەو تەنیا کارێکی حزبی یان سیاسیو نیشتمانی نییە، بەڵکو کارێکی مرۆڤایەتیشە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٩-٤٠**).

ئەگەر ئەرکی سەرەکی دائیرەی ئەمن بەدواداچوون بێت بۆ ژیانی سیاسی تاکەکانی ناو کۆمەڵ، بێگومان شتێکی ئاساییە ئەو کەسانەی لەناو ئەو دەزگایەدا کار دەکەن پاڵنەری سیاسی رەنگدانەوەی بەسەر رەفتارو کردارەکانیاندا هەبێت، لەبەر ئەوەی (مولازم تەحسین)یش لە دائیرەی ئەمنی شاری سلێمانیدا پیشەی ئەفسەر بوو دەبینین هۆکاری سیاسی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی ئەو کارەکتەرە هەبوو بەجۆرێک (مولازم تەحسین) بۆ خۆشی بەشێوەیەکی راشکاوانە لە بەرامبەر (ئەختەر)دا دانی بەم راستییە ناوە بەوەی پیشەکەی کاریگەریی بەسەر پێکهاتەکەیدا دروستکردووەو کردوویەتی بەکەسێکی جەللاد ئەویش کاتێک بە(ئەختەر)ی گوت: (**من عارەبم زابط ئەمنێکم وەک خۆتان پێم دەڵێن پیسترین زابط ئەمنی ئەم شارەم، تۆی پەپوولە لەناو ئەم هەموو گەنجە کوردە قۆزانەی شارەکەی خۆت هاتیت لەسەر دڵی منی جەللاد هەڵنیشتیت**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٥**)، ئەگەر لە رووی کردەوەش سەیری ژیانی (مولازم تەحسین) بکەین بۆمان دەردەکەوێت پاڵنەری سیاسی کەسێکی زۆر توندوتیژی لێ دروستکردبوو بەوەی زۆر بێ رەحمانە خەڵکی لەسەر کاری سیاسی ئەشکەنجە داوەو کوشتووە، بۆ

سەلماندنی راستی ئەو قسەیەشمان حیکایەتخوان لە ریگای شیوازی راگەیاندنەوە باسی چۆنیەتی مامەڵەکردنی (مولازم تەحسین)مان بۆ دەکات بەوەی چۆن لەبەر هۆکاری سیاسی تەنیا بۆ چاوترسێنی خەڵکی شاری سلێمانی بۆ ئەوەی نزیکی سیاسەت نەبنەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەک خەڵکی بێتاوانی ئەشکەنجە داوە: (**مولازم تەحسین لەناو ئوتۆمبێلێکی رەشی قەبەی تازە، سێ مسەللەحەی پڕ چەکدار بەدوایەوە هەموو ئێوارەیەک بەشەقامە درێژەکەی تووی مەلیکدا سەردەکەوێ لە پەنجەرەوە چاو بەسەر شۆستەدا دەگێڕێ لەناکاو هەر گەنجێکی کەشخەو بالابەرزی تەزبیح بەدەست سەرنجی رابکێشێت هەر لە خۆیەوە لێی دەکەوێتە گومانەوە سواری ئوتۆمبێلەکەی دەکاتو پەلپێچی دەکات بۆ ئەمنە سوورەکە، دوای هەفتەیەک ئەشکەنجەی توندو تەمبێکاری ئنجا بەرەڵای دەکەن، ئەمە تەنیا بۆ ئەوەی گەنجە کوردەکانی دیکەی ناو بازاڕو جادەی توی مەلیک هەست بەدەسەلاتی بەعس بکەنو نەوێرن تخوونی سیاسەتو کوردایەتی بکەون**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٥-٣٦**)، تەنانەت حیکایەتخوان باسی ئەو حاڵەتەشمان بۆ دەکات ئەگەر کەسەکە لەسەری ئیسپات بووایە پێوەندی بەسیاسەتەوەش هەبووایە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەسەدا کردووە: (**مولازم تەحسین زۆربەی شەوان درەنگ لەناو مسەللەحەیەکی قەبەی تازە دانیشتووە، سێ مسەللەحەی پڕ چەکدارو قوات خاصەی دیکەش بەدوایەوە، لاشەی بەگوللە هەلا هەلابووی پێشمەرگەیەکی شەهیدکراوی ئەم ئێوارەیەش بەگوریسێکی ئەستوور بەستراوە بەچەمچەی مسەللەحەکەوە بەسەر بۆدیی مسەللەحەکەدا شۆڕکراوەتەوەو تک تک هێشتا خوێنی وشکەوەنەبووی ئەم ئێوارەیەی لێ دادەچۆڕێ،... بەناو بازاڕو بەپێش قسمی داخیلیەکانی قوتابیانی زانکۆدا دەیگێڕن! ئەمە هەمووی لەپێناو ئەوەی خەڵکو قوتابیانی زانکۆ بزانن کە حزبی بەعسو حکومەت ئاوها لەو خەڵکو رۆشنبیرو قوتابیانە دەکات کە ڕێگەی هەڵە دەگرنەبەرو هاوکاریی پێشمەرگەو یاخیبووەکانی شاخ دەکەن، هەموو بۆ ئەوەی خەڵکی شار چاوترسێن بکەنو وایان لێ بکەن بەگەڵ پێشمەرگەو هاوکارەکانیان نەکەون!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٧-٣٨**).

ئەگەر سەرەتای رووداوەکانی ئەم کورتە رۆمانە بەهۆی ئەم هۆکارەوە دروست بوویێت، ئەوا لەهەمان کاتدا هەر ئەم هۆکارەش کۆتایی رووداوەکانی ئەم کورتە رۆمانەی یەکلاییکردۆتەوە، ئەویش کاتێک پێشمەرگە بەتۆمەتی بەخشینی پارە بەحکومەتی بەعس لە شەڕیدا دژی ئێران کوڕەکەی مەولود بازرگان دەرفێننو داوای پارەی لێدەکەن، بەڵام دوای ئەوەی (مەولود بازرگان) بەداواکارییەکەی پێشمەرگە رازی نابێتو هانا بۆ (مولازم تەحسین) دەبات بۆ ئەوەی کوڕەکەی رزگار بکات، لەهەمان کاتدا حەقیقەتی (جوامێر) لە رووی سیاسیەوە بۆ (مولازم تەحسین) ئاشکرا دەکات، ئاشکراکردنی ئەم حەقیقەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی گرێ کوێرەی رووداوەکان بکرێتەوەو رێڕەوەی رووداوەکانیش لە هەڵکشانەوە بەرەو داکشان هەنگاو بنێت.

له رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)شدا هۆکاری سیاسی کاریگەریی بەسەر جووڵەی (محەمەد)دا هەبوو، چونکە (محەمەد) لەسەر جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئێرانی بەوەی پێیوابوو (**دەبێ دین لە دەوڵەت تا رادەیەک جودا بکرێتەوە، ئێمەی مەلاو پیاوانی دین نابێ هێندە کارمان بەسەر سیاسەتەوە هەبێ، هەموو نەتەوەکانی غەیری فارس دەبێ مافی کلتووریی خۆیان هەبێ، ئەمانەشم بەئاشکرا لەناو غودبەکانمداو لەناو خەڵکدا باس دەکردو نەمدەشاردەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١-١٢**)، لەلایەن دەسەلاتدارانی ئێرانەوە خەلعی لیباس دەکرێتو لە پیشەی مەلایەتی دەریدەکەن، دواتریش لە ترسی گیانی خۆی بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێتو نەخرێتە ناو زیندانەوە لەژێر پاڵنەری هۆکاری سیاسی وڵاتی ئێران جێدەهێڵێو روودەکاتە ئەوروپا، چونکە وەکو (محەمەد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**من دەمزانی ئیتر وازم لێ ناهێنن، دەمزانی لەژێر چاودێریدا دەمێنمەوەو حەتمەن چەند هەفتەیەک دواتریش بەهەر هەنجەتێک بێت دێن حەپسم دەکەنو دەمخەنە ناو سەدان مەلای دیکەوە کە خەلعی لیباسیان کردبوون**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٤-١٥**).

## - هۆکاری ئابووری:

له رۆمانی (هۆتێل ئەوروپا)دا پاڵنەری ئابووری کاریگەریی بەسەر جووڵەپێکردنی بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانو تەنانەت پێکهاتەی هەندێک لە کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکەشی گۆڕیوە، بۆ سەلماندنی راستی ئەم قسەیەشمان سەرەتا دەبێت لە (محەمەدی حاجی زادە)وە دەست پێبکەین چونکە بەهۆی نەبوونی ئیقامەوە زۆرترین دەرهاوێشتەی ئەم هۆکارە لەناو رۆمانەکەدا بەسەر پێکهاتەی ئەم کارەکتەرەدا رەنگیداوەتەوە بەجۆرێک پاڵنەری ئابووری (محەمەد)ی لە پیاوێکی ئایینییەوە گۆڕیوە بۆ کەسێکی (فاڵچی، هۆمۆسێکسوێڵ، دز، فێڵزان)، بۆیە دەبینین ئەو هەموو دەرهاوێشتە خراپانەی لە رێگای هۆکاری ئابوورییەوە بەسەر پێکهاتەکەیدا رەنگیداوەتەوە ئەوا پاڵی بە(محەمەد)ـەوە ناوە بۆ ئەوەی بڕیار بداتو بڵێت: (**بەهەرچی نرخێک بێت من پێویستە مافی پەناهەندەییەکەم لێرە وەدەست بهێنم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣١**)، ئەگەرچی دروستبوونی رووداوەکانی رۆمانی (هۆتێل ئەوروپا) سەرەتاکەی بۆ هۆکاری سیاسی بەدیاریکراویش بۆ جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی (محەمەدی حاجی زادە) لەگەڵ دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێتەوە، چونکە بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسییەوە دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران (محەمەد) لە پیشەی مەلایەتی دەردەکەن، پاشانیش (محەمەد) لە ترسی ژیانی خۆی بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێتو نەخرێتە ناو زیندانەوە لەژێر پاڵنەری هۆکاری سیاسی وڵاتی ئێران جێدەهێڵێو روو دەکاتە وڵاتی فەرەنسا، بەلام بەگەیشتنی (محەمەد) بە وڵاتی

فەرەنسا لەبەر ئەوەی ترسی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەسەر نامێنێ ئەوا هۆکاری سیاسی کاریگەریی بەسەر ژیانی (محەمەد) نامێنێ ئیدی لەبری ئەوە هۆکاری ئابووری کاریگەریی بەسەر جووڵەو ئاراستەو تەنانەت پێکهاتەکەشیدا دەبێت، چونکە دوای سێ ساڵ مانەوە لە فەرەنسا (محەمەد) داواکاری مافی پەناهەندەییەکەی بۆ سێیەمجار لەلایەن حکومەتی فەرەنسا رەتدەکرێتەوە، بە رەتکردنەوەی داواکارییەکەشی کاریگەرییەکی خراپ بەسەر ژیانی ئابووری (محەمەد) دروست دەبێت، راستی ئەم حاڵەتەش حیکایەتخوان بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەکات: (**محەمەدی حاجی زادە راستە لە پاریس ئازاد بوو و دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی پێ نەدەگەیشت، بەڵام سێ ساڵ زیاتر بێ ناسنامە، بێ پەساپۆرت، بێ مافی کارکردن... حەوسەڵەی هیچی نەمابوو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٨**).

دەرهاوێشتەی نەبوونی ئیقامە بەسەر ژیانی ئابووری (محەمەد)دا لەوەدا بەدەردەکەوێت بواری کارکردنی لە بەردەمدا بەرتەسک دەکاتەوە بەجۆرێک لە هەندێک جۆری ئیشی دیاریکراوی وەک (**قاپشۆری لە چێشتخانەکاندا یان بار گواستنەوە یان گوڵ فرۆشتن لەسەر جادەکان**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٩**)، نەتوانێ هیچ ئیشێکی دیکە بکات، ئەگەرچی ئەمجۆرە کارانە (**لە پیاوێکی چلو پێنج ساڵەی ئێرانی نەدەوەشایەوە بەتایبەتیش چونکە ئەو لە وڵاتی خۆیدا مەلایەک بوو، ئەمە جگە لەوەی پلەی باڵاشی لە حەوزەی عیلمیدا هەبوو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٩-٣٠**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەوەی هۆکاری ئابووری تەنگ بەژیانی هەڵدەچنێ بەجۆرێک وەکو (محەمەد) باسی ژیانی ئابووری خۆی دەکاتو دەڵێ: (**سێ جەمە شیرو ئاردو هێلکە لەناو تاوەیەک دەگرمەوەو دەیکەم بەنانە هێلکەو دەیخۆم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢١**)، لەلایەکی دیکەوەش بەهۆی نەبوونی ئیقامەوە لەبەر ئەوەی مووچەی بێکاریشی لە شارەوانی وەرنەدەگرت ئیدی ناچار دەبێت ئەمجۆرە کارانەش بکات.

سەرەتا (محەمەد) بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی روو لە کاری قاپ شووشتن دەکات لە چێشتخانەکاندا، ئەمجۆرە کارەش جگە لەوەی کاتەکەی زۆر بوو لەهەمان کاتدا بڕی ئەو پارەیەی لە بەرامبەر ئەو کاتە زۆرەش وەریدەگرت کەم بوو، چونکە (**رۆژ تا ئێوارە لە چێشتخانەیەکدا بەردەوام قاپی دەشووشت ئینجا پەنجا فرەنکی وەردەگرت**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٣**)، بەڵام گرفتی (محەمەد) لەمجۆرە کارە لە کەمی پارەو زۆری کات نەبوو، بەڵکو گرفتەکەی لەوەدابوو ئەمجۆرە کارە بەردەوام نەبوو و ماوە ماوە بێکار دەمایەوە، بۆیە ئەگەر (فەرهاد) لە مۆنۆلۆگێکدا ئاماژەی بەوە کردبێت: (**لە پێناو رزگاربوون لەدەست سەمەرگیو بەدبەختی لە غەریبیدا هەموو شتێک رەوایە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١١-١١٢**)، ئەوا دەبینین بێکاریش وا لە (محەمەد) دەکات تا ئەوکاتەی چێشتخانەیەکی دیکە دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کاری تێدا

بكات ناچار دەبێ لە بەرامبەر چەند فرەنكێكی كەم پەنا بباتەبەر كاری فاڵچێتی لە شوێنە گشتییەكانی وەک (**دالآنە پـانوپۆڕە گەورەكەی بەردەم كڵێسـای نـۆتردام یـان لەنـاو بـاغی لوكزەمبـورگ، زۆرجـاریش دەچـووە نـاو قاوەخانەكـانی ژووسـیۆو سـۆربۆن كە خوێنـدكارە گەنجەكـانی زانكۆیـان لـێ بوو)**(**هۆتێـل ئەوروپـا، ل١٢٥**)، دواتـریش بەهاوكـاری (فەرهـاد) دوای ئەوەی رەزامەنـدیی خـاوەنەكەی بـۆ وەرگـرت لە (رێسـتۆرانتی دیلان)یـش كـاری فـاڵچێتی كـرد، بەڵام پـاڵنەری بێكـاری هەر بەوەنـدە واز لە ژیـانی (مـحەمەد) ناهێنێـت چـونكە وایلێدەكات لەپێنـاو دابینكردنـی بژێوی ژیـانی رۆژانەی خۆیدا هەم رازی بێت بەداواكـاری خراپـی ئەو كەسـانەش كە لەبـواری فـاڵچێتییەوە كاریـان بـۆ دەدۆزیـیەوە هەمـیش بـۆ خـۆی لە رێگـای كـاری فاڵچێتییەوە كەسی بەرامبەر ئیستیغلال بكات، چونكە كاتێک لە (رێسـتۆرانتی دیـلان) بێكار دەمێنێتەوە ئیدی ناچـار دەبێت رازی بێت بەداواكـاری خراپـی (سـاقی گـوڵچین) بەوەی لەسـەر داوای ئەو دەچێتە شاری (گرۆنۆبڵ) بۆ لای (روئیا خانم) بەمەبەستی خراپ خوێندنەوەی بەختی ناوبراو، تەنانەت دواتر پاڵنەری بێكاری بۆخۆشی دەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر بە راستی بەختی (روئیا) بخوێنێتەوەو پێی بڵێی: (**ئەو پیاوە عەرەبە مەغربییە بە راستی تۆی خۆش دەوێت، ئەوا دڵنیابووم دوای چەند رۆژێک شووی پـێ دەكـردو من بێكار دەمامەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٥**)، بۆیە پاڵنەری ئابووری وا لە (مـحەمەد) دەكات ئیسـتیغلالی ئەو حاڵەتە بكات بەوەی لە بەرامبەر خراپ خوێندنەوەی بەختی (روئیا) توانی زیاد لە جارێک سـەردانی (روئیا) بكات بەجۆرێک بەهـۆی ئەمەوە توانی (**بـۆ مـاوەی چەنـد مانگێـک بـۆ خـۆی نەختێـک بحەسێتەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢٨**)، چونكە (روئیا) لە بەرامبەر هەر جارێكی خوێندنەوەی بەختیدا جگە لەوەی برێكی باشـی پارە بە(محەمەد) دەبەخشێ لەهەمان كاتدا پـارەی هوتێلو نانخواردنیشی بۆ خەرجدەكرد، راسـتی ئەم حاڵەتەش (محەمەدی حاجی زادە) بەمشێوەیە ئاماژەی پێكردووە: (**روئیـا خـانم چەنـدینجار منـی بـۆ گرۆنۆبـڵ بۆ لای خۆی بانگكردەوە، هەر جارێكی دەچووم قـاوەی بۆ بگرمەوە یان دەستی بۆ بخوێنمەوە پێنج سەد فرەنكی دەدامێ... خەرجی هوتێلو نانخواردنیشم لە شێوەی چەک خاوەنی هوتێلەكە خۆی بۆ منی دەنـاردە ماڵەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٣٦**).

لەبەر ئەوەی محەمەد (**سـێ سـاڵ زیـاتر بـوو بەبـێ هـیچ مووچەیەک بەبـێ هـیچ دەرامەتێـک ژیـانی تەنیـاییو كڵـۆڵی خـۆی لە پـاریس بەسـەر دەبرد**)(**هۆتێـل ئەوروپـا، ل١٠٩**)، هۆكـاری ئـابووری وایلێـدەكات ببێـتە كەسـێكی هۆمۆسێكسـوێل، ئەگەرچـی سـەرەتا (مـحەمەد) بەمەبەسـتی ئەنجامـدانی كـاری سێكسـی نەچـووە مـاڵی (دۆنـی)، بەڵكـو بـۆ ئەوە چـوو كاتێـک دۆنـی لەنـاو دوكـانی جلشـۆری گەڕەكـی ئەرژەنتـۆی (مـحەمەد) دەناسێتو پاشان داوای لێدەكات: (**ئەگەر بێیت هەموو رۆژێک بمشۆی هەر جارێـک پەنجـا فرەنكت دەدەمێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٣**)، كـاتێكیش (مـحەمەد) كـاری شووشـتنی (دۆنـی) بەراورد كـرد بەكـاری قـاپ شووشـتن لە

چێشتخانە بەوەی راستە لە رووی نرخەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە رووی کاتەوە جیاوازییان زۆرە (محەمەد) بەداواکاری دۆنی رازی دەبێت، چونکە (محەمەد) پێیوابوو شووشتنی پیرە پیاوێک (**بەهەمووی نیو سەعات ناخایەنێت... قەدێک لیفکەو سابوون لە لەشی دەدەمو تەواو، پەنجا فرەنک بۆ ئەو نەختە کار هەر زۆر زۆر باشە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٣**)، کەچی لە بەرامبەردا محەمەدی حاجی زادە (**رۆژ تا ئێوارە لە چێشتخانەیەکدا بەردەوام قاپی دەشووشت ئینجا پەنجا فرەنکی وەردەگرت**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٣**)، بەڵام کاتێک (دۆنی) لەناو حەمام داوا لە محەمەدی حاجی زادە دەکات سێکسی لەگەڵدا بکات، ئەگەرچی (محەمەد) سەرەتا رازی نابێت ئەو کارەی لەگەڵدا بکات، بەڵام کاتێک (دۆنی) تەماحی پارە دەخاتە بەردەم (محەمەد) بەوەی ئەگەر سێکسی لەگەڵدا بکات پارەی پێدەدات بۆیە سەرەتا بەڵێنی پێدانی بڕی پەنجا فرەنکی پێدەدا، ئەگەرچی (محەمەد) هەر رازی نەبوو بەڵام کاتێک (دۆنی) دواییںجار بڕەکەی بۆ سەدو پەنجا فرەنک بەرز دەکاتەوە ئیدی (محەمەد) تەماحگیر دەبێتو رازی دەبێت بەداواکاریی (دۆنی)و تەنانەت لە رووی ئابوورییەوە بەکارێکی باشی دەزانی، چونکە وەکو خۆی باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: (**دوای تەواوبوونان هەموو جارێک سەدو پەنجا فرەنکم دەداتی، خراپی چییە؟**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٧**)، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر (محەمەد) بۆ خۆشی ئاماژەی بەوە کردبێ پاڵنەری ئابووری وایلێکردووە ببێتە کەسێکی هۆمۆسێکسوێڵ بەوەی (**وەک سەگ لەناو ئەو چێشتخانە پیسانەی کاریان تێدا دەکەم مردم هێندەی پاشماوەکانی ناو مەتبەخ بلێسمەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢١**)، لەهەمان کاتدا نووسەر لەناو رۆمانەکەشدا راستی ئەم حاڵەتەی لەسەر زاری (پشتیوان) دەربڕیوە کە پاڵنەری ئابووری وایلێکردووە ببێ بەکەسێکی هۆمۆسێکسوێڵ بەوەی (**بەستەزمانە مرد هێندەی وەکو سەگ تەنیا پاشماوەی ناو چێشتخانەکان بخوا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٦**)، تەنانەت لەسەر زاری (هەژار)یش جگە لەوەی راستی ئەم قسەیەی (پشتیوان)ی پشتڕاستکردۆتەوە لەهەمان کاتدا ئەوەشی روونکردۆتەوە هۆکاری سێکسی پاڵنەر نەبووە بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکسی هۆمۆسێکسوێڵ، چونکە وەکو (هەژار) باسی لێوە دەکات دەڵێت: (**ئەم قسەیە ئەگەر راستیش بێ من باوەڕ ناکەم مەلا لەناو گەلۆگونی خۆی رووی کردبێتە ئەم بەزمە.... مرد هێندەی وەکو سەگ لەناو رێستۆرانتەکاندا تەنیا بەرماوەی میوانان بخوا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٦**).

ئەگەر سەرەتا (محەمەد) لە بەرامبەر (فەرهاد)دا شانازی بەوە کردبێ بەهۆی نەبوونی ئیقامەوە بەرگەی گرفتی ئابووری گرتووە بەوەی هاوشێوەی پەناهەندەکانی کەمپ پەنای نەبردۆتە بەر دزیکردن، چونکە وەکو (محەمەد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**ئەو گەنجە لبنانیو فەلەستینیانەی لە سەرەتای تازە گەیشتنم بۆ پاریس لە کەمپەکەدا لەگەڵم بوون سەبارەت بەوەی ئەوانیش وەک من مافی نیشتەجێبوونیان هێشتا بۆ**

**دەرنەچووبوو دەچوون پارچە زێڕی بچووکو قەمسەڵەو پانتۆڕیان لە مغازەو سوپەر مارکێتەکانی پاریسدا دەدزیو لە بازاڕی ڕەش یان لە بەردەم بازاڕی تاتی لە مارکادی پواسۆنییێغ بەهەرزانتر دەیانفرۆشتەوە)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٢٠)**، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی هاوڕێیەکی پەناهەندەی بەحرێنی هێناوەتەوە بەوەی چۆن پاڵنەری ئابووری وایلێکردووە پەنا بباتەبەر دزیکردن ئەویش کاتێک گوتی: **(ڕۆژنامەنووسێکی بەحرێنی برادەرم ناوی سافی ئەیریس بوو ئەویش هەر لە کۆتاییدا دەستی کردە دزیکردنی ناو مغازەکان)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٢٠)**، بەڵام ئەو بەرگەگرتنەی (محەمەد) تاسەر بەردەوام نابێ چونکە بێکاری یەکێک بوو لەو گرفتانەی بەردەوام بەرۆکی (محەمەد)ی دەگرت بەجۆرێک وەکو (فەرهاد) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: **(هەموو جارێک کە خواحافیزیمان لە یەکتر دەکرد دوایین قسەی ئەویش ئەمە بوو ئاغای فەرهاد... ئیشێکت هەر بۆم نەدۆزییەوە)(هۆتێل ئەوروپا، ل٥)**، بۆیە بێکاریی کاریگەریی بەسەر ژیانی ئابووریدا دروست دەکاتو وایلێدەکات ئەویش بەهەمان شێوە پەنا بباتەبەر دزیکردن، ئەویش کاتێک لە (هوتێل ئەوروپا) لە شوێنی (فەرهاد) کاری دەکرد ئەوکاتەی ئەو ژنو پیاوانەی شەوانە تەنیا بۆ کاری سێکسی بۆ ماوەیەکی کورت لە هوتێلەکە دەمانەوە، کەچی (محەمەد) لەبری ئەو ماوە کورتە پارەی مانەوەی شەوێکی تەواوی لێوەردەگرتن، بەڵام (محەمەد) ئەم پارەیەی نەدەخستە ناو خەزێنەی هوتێلەکە بەڵکو دەیخستە ناو گیرفانی خۆی، چونکە وەکو (محەمەد) بۆ (فەرهاد)ی باس دەکاتو دەڵێت:**(هەموو جارێک سێسەدو پەنجا فرەنکەکە وەردەگرمو ڕێک دەیخەمە باخەڵی خۆمەوە، بەینی خۆمان بێ فەرهاد)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٨٠-١٨١)**.

ئەگەر سەرەتا (محەمەد) لەلایەن (فەرهاد)ـەوە بەکەسێکی دڵساف‌و ساویلکە ناسرا بێت بەوەی کاتێک گوتی:**(من باوەڕم بەپاکیو ڕاستگۆیی محەمەدی حاجی زادە زۆر دەکرد)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٣)**، کەچی لە کۆتایی ڕووداوەکاندا پاڵنەری ئابووری ئەو پاکیو ڕاستگۆییەی (محەمەد) دەگۆڕێت بۆ کەسێکی زۆر فێڵزان بەجۆرێک ڕاددەی فێڵزانییەکەی وا لە (فەرهاد) دەکات (محەمەد) بەدرۆنو ساختەکارو شەیتان ناوببات، ئەویش کاتێک (محەمەد) لەبەر تەماحی موڵکو سامانو ناسنامەو پەساپۆرتی فەرەنسی لێکچوونی ڕەهەندی فیزیکی خۆی قۆزتەوەو لە بەرامبەر (فەرهاد)دا دوو ڕۆڵی بەرجەستە دەکرد لەلایەک وا خۆی بە(فەرهاد) نیشاندەدا بڕیاریداوە بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتی ئێران، چونکە وەکو (محەمەد) لە پۆستکارتێکدا بۆ (فەرهاد)ی نووسیوە بەمشێوەیە خۆی بەرامبەر بە(فەرهاد) نیشاندەدا: **(فەرهاد گیان کە تۆ ئەم پۆستکارتەت بەدەست دەگات من لەوانەیە لە تاران بم، چونکە وا ئێستا لە فرۆکەخانەی شارڵ دیگۆڵەوە ئەم پۆستکارتەت بۆ دەنێرم، ئیتر دوای ئەمە پاش چەند سەعاتێکی تر من چیتر لە فەرەنسا نامێنم، بۆ وەدەستهێنانی ناسنامە دەبێ تەنیا بگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، مرۆڤ لە دوورە وڵاتیدا بەتایبەتی لە ئەوروپا هیچ**

**ناسنامەیەکی نییەو قەتیش نابێ، مرۆڤ تەنیا لە وڵاتی خۆیداو لەناو قەومی خۆیدا بەهاو مانایەکی هەیە**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١٩٣**)، کەچی لەلایەکی دیکەوە بەرامبەر بە(فەرهاد) رۆڵی (لوسیانا)ی بەرجەستە دەکرد بەوەی وا خۆی نیشانی (فەرهاد) دەدا ئەو (لوسیانا)یە نەک (محەمەد حاجی زادە)، چونکە وەکو (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**لەو رۆژەوەی کە مسیۆ لوسیانا چووە بۆ ئێران، هەر کاتێک بەتەلەفۆن ئەم پرسیارانە لە محەمەد حاجی زادەی ساختەکارو درۆزن دەکەم خۆی لێم دەکاتە مسیۆ لوسیاناو عەینەن ئیبلیسێک خۆی وا نیشان دەدا کە ئەو پیاوەی ئێستا لە پاریس لە هوتێل ئەورووپا دادەنیشێتو خاوەنی هوتێلی ئەورووپایەو قسەم لەگەڵ دەکا ئەوا مسیۆ لوسیانا خۆیەتی**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل٢٠٣**).

پاڵنەری ئابووری کاریگەریی بەسەر پێکهاتەی (عەلی روبەیعی) نیگارکێشیش هەبوو، ئەگەرچی (عەلی روبەیعی) هاوشێوەی (فەرهاد) یەکێک بوو لەو کەسانەی بڕوای بەشەرعییەتی ئەو جەنگەی نێوان وڵاتی عیراقو ئێران نەبوو پاشانیش بۆ ئەوەی نەبێتە سووتەمەنی ئەو جەنگە رووی لە وڵاتی ئێران کردبوو بۆ ئەوەی لەوێوەش خۆی بگەیەنێتە ئەورووپا، بەڵام گرفتی بێ پارەیی لە کەمپدا (عەلی روبەیعی) بێ ئومێدی دەکات لە گەیشتن بەئەورووپا، چونکە وەکو (عەلی روبەیعی) بۆ (فەرهاد)ی باس دەکاتو دەڵێت:

**- من ئەگەر ڤیزەی پۆلۆنیاشم بۆ بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کیشوەر ناتوانم سەفەر بکەم.**

**- گوتم: بۆ؟**

**- گوتی: چونکە پارەی بلیتی باڵەفڕەم نییە تا بتوانم لە تاران دەربچمە دەرەوە بەرەو پۆلۆنیا.**

**- گوتم: ئێ؟**

**- گوتی: تۆ دەزانی یەک دینار تەنانەت یەک فلسیشم لە باخەڵ نییە.**(**هۆتێل ئەورووپا، ل١١٠**)

کاتێکیش (ئاغای سالاری) بەڕێوەبەری گشتی ئۆردوگای (پناهندگان عراق) لە کەرەج ئەم بێ پارەییەی (عەلی) قۆزتەوە بەوەی داوای لێدەکات: (**ئەگەر ئەم وێنەیەی ئیمام خومەینی لەسەر دیواری چێشتخانەکە رەسم بکەی سەد ملیۆن تومەنت پێدەدەم کە بەشی دوو بلیتی باڵەفڕەی چوونە ئەورووپا دەکا**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١١٠-١١١**)، ئەمە لە کاتێکدا (عەلی) پێش جێبەجێکردنی داواکارییەکەی (ئاغای سالاری) لەسەر ئەم بابەتە پرسو راوێژی بە(فەرهاد) کردو پێی گوت: (**بیکەم.. فەرهاد**)(**هۆتێل ئەورووپا، ل١١١**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (فەرهاد) پێیوابوو لەبەر ئەوەی گرفتی بێ پارەیی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی دروستکردبوو بەجۆرێک بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ بوو هیچ پارەیەکی لە گیرفاندا نەمابوو بۆیە ئەگەر پێشی بڵێت مەیکە سوودی نابێت چونکە وەکو (فەرهاد) باسی دەکاتو دەڵێت: (**من لەو دەمەدا**

**تەماشای دەموچاوی بێگوناهی عەلی روبەیعیم دەکرد دەمزانی برسێتیو بێ پارەیی شالاوی بۆ بردووەو خەریکە ئەگەر بەدزیی برادەرەکانیشیەوە بێت دەچێ پەڕەموچەکەی لەپێناو رزگاربوون لە دەست بێ پارەییو برسێتی دەفرۆشێت**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١١**)، دواتریش پێشبینییەکەی (فەرهاد) راست دەرچوو چونکە لە کۆتاییدا عەلی روبەیعی (**داخوازییەکەی ئاغای سالاری بەجێگەیاندو پاداشتەکەی خۆشی وەرگرت**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١١**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (فەرهاد) ئەم کارەی (عەلی) بەدوو شێوە لێکدایەوە لەلایەک بەبێ هەڵوێستی (عەلی) وەسفیکرد بەوەی (**ئایا ئەمە نابێتە بێ هەڵوێستی ئەو هونەرمەندە؟ چونکە ئەو هونەرمەندە خۆیشی نەک هەر دژی ئەو شەڕەیە، بەڵکو قوربانی ئەو شەڕەشە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١١**)، لەلایەکی دیکەوە (فەرهاد) ئەم بێ هەڵوێستەی (عەلی) بەکارێکی نائەخلاقیش وەسفکرد، چونکە پێیوابوو ئەو بێ هەڵوێستییەی (عەلی) پێچەوانەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە هەردووکیان باوەڕیان پێی هەبوو، چونکە وەکو (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**نەک تەنیا عەلی روبەیعی ئێمە هەموومان نەوەی هەلا هەلابووی ژێر بەرداشەکانی شەڕ، ئێمەی وەچەی ئەو زەمانەی ژێر زوڵمی سەدامو کۆماری ئیسلامی ئێران هەموومان باوەڕمان بەمارکسیزمو لە رووی وەستانەوە دژی ئەو دوو رژێمە شەڕخوازە هەبوو کە بەناوی ئیسلامەوە چەندین ملیۆن خەڵکی عیراقو ئێرانیان بەکوشتن دابوو.. بەلامانەوە بێ رەوشتی بوو بچین کارێکی لەمجۆرە بکەین**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١١**).

وەکو پێشتر لەسەر زاری (محەمەد) ئاماژەمان پێدا بەهۆی نەبوونی ئیقامەوە پاڵنەری ئابووری کاریگەریی بەسەر پێکهاتەی بەشێکی زۆری ئەو پەناهەندانە هەبوو کە لە کەمپ لەگەڵیدا بوون، چونکە بەهۆی نەبوونی ئیقامەوە بەشێکی زۆری ئەو پەناهەندانەی لە کەمپ لەگەڵیدا بوون لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان روویان لە دزیکردن کردبوو، بۆیە دەتوانین ئەم بۆچوونەی (محەمەد) لەسەر دوو حاڵەتی دیکەی ناو رۆمانەکە پراکتیزە بکەین بەوەی پاڵنەری ئابووری رۆڵیان لە پشت ئەو دوو حاڵەتی دزیکردنەشدا هەبووە، یەکێکیان ئەو حاڵەتە بوو کاتێک کەسێکی پەناهەندەی جەزائیری بۆ دزیکردن هاتبووە سەر (هوتێل ئەوروپا)، حاڵەتی دزیکردنەکەش (فەرهاد) بەمشێوەیە باسی لێوە دەکات: (**لەناکاو لەسەر شۆستەکەوە کاتێ سەرێکم هەڵبڕیو تەماشای سەرەوەم کرد دیتم پیاوێک هەڵگەڕاوەتە سەر دیواری بڵندی هوتێلەکەوە، قاچی راستی لەسەر گوێسوانەی ژوورێک، قاچی چەپیشی لەسەر گوێسوانەی ژوورێکی تر دەیوست لە پەنجەرەوە بپەڕێتەوە ناو ژوورێکی هوتێلەکە.. پشتی لێم بوو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣٥**)، حاڵەتەکەی تریشیان ئەوە بوو کاتێک (فەرهاد) بەسەرەدان دەچێتە شاری (ڤینیز) لە وڵاتی ئیتاڵیاو پاشانیش لەوکاتەی دەچێتە تەوالێت دزێک جانتاکەی لێدەدزێو وەکو (فەرهاد) بۆ خۆی ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**هەر هەموو پارەو پوولم، ناسنامەکەم، پەساپۆرتەکەم، کارتی بانکەکەم، ڤۆلدەری تابلۆکانم، تەنانەت پاکەتی جگەرەو جلوبەرگەکانیشم**

**هەر هەموو لەناو جانتاکەم بوون، تەنانەت یەک قەڵەمیشم پێ نەبوو، پارەی قاوەیەکیش!**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٤٠**)، ئەگەرچی (فەرهاد) دوای ڕووداوی دزیکردنەکە ڕاستەوخۆ تاوانەکەی خستە پاڵ هاووڵاتیانی ئیتاڵی ئەویش کاتێک لەناو بنکەی پۆلیسدا بەدەنگێکی بەرز بەپۆلیسەکانی گوت: (**ئیتاڵییەک لە خوێنو گۆشتو نەژادی ئێوە دزیی لە من کردووە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٤٢**)، بەڵام لە بەرامبەردا لەبەر ئەوەی کاتی خۆی (مسیۆ فیراری) ساڵی (١٩٧١) بەهۆی ئەنجامدانی پڕۆژەیەک لە شاری دهۆک خەڵکەکە زۆر یارمەتییان دابوو ئەو یارمەتییە وای لە (مسیۆ فیراری) کرد خۆی بەقەرزاری کورد بزانێ، کاتێکیش کە زانی فەرهاد کوردەو دزی لێکراوە ویستی قەرزەکەی خۆی لە ڕێگای (فەرهاد)ـەوە بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەرچی (مسیۆ فیراری) بڕێکی باشی پارەی بە(فەرهاد) بەخشی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی گوت: (**مەرجیش نییە ئەو کەسەی جانتاکەتی دزیوە ئیتاڵی بێ! چونکە ئەم شارەی ئێمە پڕە لە پەناهەندەو خەڵکی بێگانە خۆشت دەزانی**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٤٦**).

ئەگەرچی (فەرهاد) هاوشێوەی (محەمەدی حاجی زادە) پەناهەندە بوو لە وڵاتی فەرەنسا، بەڵام لەبەر ئەوەی مافی نیشتەجێبوونی لە وڵاتی فەرەنسادا هەبوو هاوشێوەی (محەمەد) پاڵنەری ئابووری زۆر کاریگەریی بەسەر ژیانی (فەرهاد)ـەوە نەبوو، چونکە لەلایەک کاتی شەوەکەی لە بەشی پێشوازی (هوتێل ئەوروپا)دا کاری دەکرد، پاشانیش لەبەر ئەوەی ناوبراو نیگارکێش بوو ئەوا لە ڕێگای ئەم پیشەیەوەش داهاتێکی دیکەی بەدەست دەکەوت، چونکە ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە لە گۆڕەپانی (مۆنتماخت)دا کاری وێنەکێشانی دەکرد، تەنانەت شەوانە لە کاتی دەست بەتاڵیشدا لە هوتێلەکەدا خۆی بەوێنەکێشان خەریک دەکرد، دواتر وەکو (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێ: (**ئەو تابلۆیانەی لەناو مەتبەخی هوتێلەکەدا تەواوم دەکردن بۆ سبەینێ هەڵم دەگرتنو دەمبردنەوە بۆ ماڵەوە، یانیش هەندێکیانم هەر لەوێوە دەبردن بۆ مسیۆ سامۆییلیان خاوەنی گەلەری ژۆلی لە شەقامی سێن کە گرێبەستێکی هەرزانم لەگەڵی هەبوو بۆ فرۆشتنەوەیان**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٣٣**)، تەنانەت لە ڕێگای پیشەی نیگارکێشیەوە دوای ئەوەی لە گۆڕەپانی مۆنتماختدا (محەمەدی حاجی زادە)ی ناسی ئەوا ئەم ناسینە بەخێر بۆ ژیانی ئابووری (فەرهاد) شکایەوە، چونکە فەرهاد (**بەهۆی محەمەدی حاجی زادەوە بوو ساقی گوڵچین خوشکی مورتەزا گوڵچینی ناسی خاوەنی ناودارترین گەلەرییەکانی سان فرانسیسکۆی لە ئەمریکا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧**)، دواتر ئەنجامی ئەم ناسینەش ڕێککەوتنێکی ئابووری نێوان (فەرهاد) و (ساقی گوڵچین)ی لێکەوتەوە بەوەی (ساقی) تابلۆکانی (فەرهاد)ی بەڕێژەی پشکی (٢٥%) بۆ خۆی لە گەلەرییەکەی دەفرۆشتەوە، ئەگەرچی ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندی هەردوولایان بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (فەرهاد) لە ڕوانگەی بەرژەوەندی تایبەتی

خۆیەوە لەناو دەقەکەدا ئاماژە بەگرنگی ئەو ڕێککەوتنە بەسەر ژیانی ئابووری خۆیدا کردووە بەوەی وەکو (فەرهاد) باسی لێوەدەکاتو دەڵێت لەڕێگای ئەو ڕێککەوتنەوە (**من هەموو ساڵێک بڕێک پارەی باشم لە ڕێگەی فرۆشتنی تابلۆکانمەوە لە سان فرانسیسکۆوە دەست بکەوێت**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٢٨**).

بەڵام لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا هۆکاری ئابووری لەناو ڕۆمانەکەدا کاریگەریی بەسەر نیازو مەبەستی (فەرهاد)یش هەبوو، ئەویش کاتێک (لوسیانا) لە کاتی گەڕانەوەی سەفەری ئیسرائیلدا ئەلبوومێکی گەورەی نیگارکێشە ئیسرائیلییەکانی بەدیاری بۆ هێنا، ئەوا ئەم دیارییە پاڵی بە(فەرهاد)ـەوە نا بۆ بیرکردنەوە لەوەی ئەگەر (لوسیانا) جارێکی دیکە سەردانی ئیسرائیل بکاتەوە چەند دانەیەک لە تابلۆکانی خۆی وەکو نموونە پێبدات بۆ ئەوەی ئەگەر خاوەن گەلەرییەکانی ئیسرائیل ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی ئەوا جارێکە دیکە بەخۆی تابلۆکانیان بۆ دەبات ئەویش کاتێک لە خەیاڵی خۆیدا گوتی: (**حەزدەکەم دیاپۆزەتیڤی تابلۆکانی خۆمت پێبدەم، ئەگەر خاوەن گەلەرییەکانی تەلئەبیب تابلۆکانم ببینن‌و بڕیار بدەن لێمی بکڕن.. ئەوکاتە خۆم سەفەرێکی تەلئەبیب دەکەم‌و تابلۆکانی خۆمیان بۆ فرۆشتن بۆ دەبەم**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٩٧**)، بەڵام ئەم نیازو مەبەستەی (فەرهاد) تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵدا مایەوەو بەقسە بە(مسیۆ لوسیانا)ی نەگوت ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکێکیان پێوەندی بە(لوسیانا)ی خاوەن کاری هەبوو چونکە (فەرهاد) پێیوابوو (**ئەگەر ئەم داخوازییەم لێی بکردایە دەمزانی تەکلیفێک بوو! دوای ئەمەش دەمزانی یەکسەر تەریق دەبوومەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٩٧**)، هۆکارەکەی دیکەشیان پێوەندی بەهۆکاری ئابوورییەوە هەبوو چونکە (فەرهاد) پێیوابوو (**لەوانەیە لە ئیسرائیل گەلەری‌و تابلۆ فرۆشتن هێندە وەکو پاریس ڕەواجی نەبێ.. تەنانەت ئەگەر بۆ خۆیشم دواتر ئەم هاتووچۆیەی تەلئەبیب یان ئۆکسفۆردم بکردایە نرخی تابلۆکانم تەنیا بەشی باڵەفڕەو مانەوەو مەسرەفی ئەوێمی دەکرد**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٩٧**).

بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەش کاتێک (مورتەزا) و (فەرەحناز) باسی (ساقی گوڵچین)یان بۆ کرد بەوەی لە ویلایەتی (سان فرانسیسکۆ) لە ئەمریکا گەلەری هەیە، ئەوا بەهەمان شێوەی پێشووتر پاڵنەری ئابووری وای لە (فەرهاد) کرد بکەوێتە سەر بیرکردنەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای (ساقی گوڵچین)ـەوە تابلۆکانی خۆی لە گەلەرییەکەی بفرۆشێتەوە، تەنانەت (فەرهاد) بۆ خۆشی لەناو ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە لە ڕێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە ئاماژەی بەو حاڵەتە کردووە: (**من دەبێ دانی پێدا بنێم دەمودەست کەوتمە سەر مگێزی ئەوەی کە ئەم ساقی گوڵچینەی خوشکی مورتەزای گوڵچین بناسم، بەڵکو هەندێ لە تابلۆکانی خۆمی پێ پیشانبدەم بۆ فرۆشتنەوەیان**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٦٧**)، بەڵام نیازو مەبەستی ئەمجارەی (فەرهاد) بەپێچەوانەی حاڵەتەکەی پێشوو لە چوارچێوەی بیرکردنەوەو خەیاڵی خۆیدا چووە بواری

قسـەکردنو راسـتەوخۆ بە(مـورتەزا و فەرەحنـاز)ی گـوت: (**ئەگەر حەز بـکەن هەنـدێ لە تـابلۆکـانی خـۆمی بەدیاری لەشێوەی دیاپۆزەتیڤ بۆ دەنێرم ناونیشانیتان هەیە؟**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٦٧**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هۆکـاری خـۆی هەبـوو یەکێکیـان پێوەنـدی بەوەوە هەبـوو کە گـوتنی ئەم داواکـارییە لە (مـورتەزا و فەرەحنـاز) هـیچ شـەرمەزارییەکی تێدا نەبـوو چـونکە وەکـو (لوسـیانا) خـاوەن کـاری نەبـوون، کەچـی هۆیەکەی دیکەیـان پێوەندی بەهۆکـاری ئـابوورییەوە هەبوو چونکە (فەرهـاد) دەیزانـی بەهـای تـابلۆ لە وڵاتی ئەمریکا وەکو ئیسرائیل نییەو (**تابلۆ لە ئەمەریکا پارەیەکی بـاش دەکـا ئەگەر گەلەرییەکـی بـاش پەسـەندی بکا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٦٧**).

ئەگەرچی (فەرهاد) کاتێک بڕیاری گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆیدا بەشێکی ئەم بڕیارە پەیوەندی بەوەوە هەبوو دوای (١١) ساڵ دوورکەوتنەوە لە وڵاتی خۆی غەریبی خێزانو کەسوکارەکەی دەکرد، چونکە وەکو (فەرهاد) باسی لێوەدەکاتو دەڵێت: (**لە سـانت مـالۆ یەکەمین جـار بـوو لە ژیانمدا بـوو هەسـتم بەتەنیـایی خۆم کرد، بەتـایبەتیش رۆژێکیـان کـاتێ لەژێر پەیکەرەکەی رۆبێرت سوورکۆف راوەستابووم کە ئەلفرێد کاراڤانێز دروستی کردبـوو، ئەو پەیکەرەی رۆبێـرت سـوورکۆف قەڵافەتو ئـادگـاری دەقـاودەق لەبـاوکم دەچـوو کەوتـمە سـەر بیرکـردنەوە لە باوکمو دایکمو خوشکو براکانم کە زیـاتر لە یـازدە سـاڵ بوو نەمبینیبوون**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٧١**)، هەروەها بەشـێکی دیکەیان پێوەندی بەوەوە هەبـوو دوای ئەوەی (فەرهـاد) زەمینەی گەڕانەوەی بۆ دروسـت بـوو بەوەی خەڵکـی کوردسـتان سـاڵی (١٩٩١) توانییـان راپەڕیـن دژی رژێمـی سـەدام بەرپـا بـکەنو حکـومەتێکی خۆجێی دروست بکەن بەمەش (فەرهـاد) ترسـی رژێمـی سـەدامی لەسـەر نەمـا، چـونکە وەکـو (فەرهـاد) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت لەدوای راپەڕینی سـاڵی (١٩٩١)ـەوە بەئاسـانی (**دەمتوانی ڤیزەیەکی سوریا یـان ئێران وەربگرمو لەوێوە بچم بیان بینمەوە**)(**هۆتێل ئەوروپـا، ل١٧١**)، بەڵام لەپـاڵ ئەمانەشـدا هۆکـاری ئـابووریش کاریگەریی بەسـەر بڕیاری (فەرهـاد) هەبـوو بـۆ گەڕانەوە بـۆ وڵاتـی خـۆی بەتـایبەتیش کاتێـک (فەرهـاد) بیری لەو قسەیەی (مسیۆ لوسیانا) کردەوە کە لە روانگەی ئـابوورییەوە پێـی گـوت: (**بەڕای من وا باشـترە تۆ بچیت برنجو نیسکو نۆکی کوردستان بهێنیتە ئێرەو لێرە بیانفرۆشیتەوە، تۆ بەم شێوەیە باشتر دەتوانیت دەوڵەمەند ببیتو کوردیش بەدنیا بناسێنیت**)(**هۆتێل ئەوروپـا، ل١٧٢**)، چـونکە تـۆی نیگارکێشـان نـاتوانی (**کێبڕکـێ لەگەڵ ئەو گەورە هونەرمەنـدانەی ئەوروپـا بکەیـت کە بلیمەتـیو هونەرەکەیـان لە کەسـانی وەک داڤینشـیو پیکاسـۆوە بـۆ ماوەتەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٧٢**)، چونکە ئەمجۆرە قسەیەی (مسیۆ لوسیانا) وای لە (فەرهاد) کرد لە خەیـاڵی خۆیدا هەندێک پرسیار لە خودی بکاتو بڵێ: (**راستە ئەوا یازدە ساڵ زیاترە من لە ئەوروپا نیگـار دەکێشم؟... من**

**کێم؟ گەیشتوومەتە چی؟... چیم؟ من لە ئەوروپا مانام چییە؟ ئەم پرسیارانە لەبارەی ناسنامەی هونەریو شەخسی خۆمەوە دڵی رنەک دەدام زیاتر دەیخستمە سەر کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەم)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٧٣)**.

ئەگەر بەدواداچوون بۆ جووڵەی کارەکتەرەکانی رۆمانەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێت پاڵنەری ئابووری کاریگەریی بەسەر بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکەدا هەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر لە (ساقی گوڵچین)ـەوە دەست پێبکەین بۆمان دەردەکەوێت پاڵنەری ئابووری کاریگەرییەکی زۆری بەسەر جووڵەی ئەو کارەکتەرەوە هەبوو، ئەگەرچی هاتنی (ساقی گوڵچین) لە سانفرانسیسکۆوە بۆ فەرەنسا بەشێکیان پێوەندی بە(مورتەزا گوڵچین)ی برای هەبوو لەبەر ئەوەی لە پاریس دەژیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاتنەکەی زیاتر پێوەندی بەهۆکاری ئابوورییەوە هەبوو، چونکە لەبەر ئەوەی ناوبراو لە سانفرانسیسکۆ گەلەری هەبوو دەهاتە پاریس بۆ کڕینی تابلۆی (**نیگارکێشە یۆنانیو چینیو کوبایيو هیندیو رۆژهەڵاتیانەی کە لە گەلەرییەکەی خۆیدا بەردەوام بە رەواجێکی زۆرەوە دەیفرۆشت)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٩٨)**، تەنانەت هەر هۆکاری ئابووریش بوو وای لە (مورتەزا) کرد باسی (فەرهاد) لەلای (ساقی) خوشکی بکات بۆ ئەوەی تابلۆکانی لێ بکڕێتەوە ئەویش کاتێک بە(ساقی گوڵچین)ی خوشکی گوت: (**نیگارکێشێکی کورد لە پاریس هاوڕێمانە ئەگەر هاتیت بۆ پاریس... وەرە تابلۆکانی لێ بکڕە یان هیچ نەبێ تابلۆکانی لە گەلەرییەکەی خۆتدا پێشچاو بخە بۆ کڕیارەکانی خۆت)(هۆتێل ئەوروپا، ل٨)**، لەلایەکی دیکەوە فەرهاد ئاماژە بەوە دەکات (ساقی گوڵچین) نەک تەنیا لە وڵاتی فەرەنسا بەڵکو (**تابلۆی لە تورکیاو ئەوروپای رۆژهەڵاتو وڵاتانی عەرەبییەوە دەکڕیو دەیبردنەوە بۆ سانفرانسیسکۆ لە گەلەرییەکەی خۆی دەیفرۆشتەوە)(هۆتێل ئەوروپا، ل٨)**.

هۆکاری ئابووری کاریگەریی بەسەر جووڵەی (مورتەزا) و (فەرەحناز)یش هەبوو، ئەگەرچی (مورتەزا) لەبەرامبەر (فەرهاد)دا هۆکاری هاتنی خۆیو خێزانەکەی بۆ ئەوروپا بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دنیا ببینین، بەڵام (فەرهاد) پێیوابوو هاتنی (مورتەزا و فەرەحناز) بۆ ئەوروپا بۆ ئەم مەبەستە نەبووە بەڵکو پاڵنەری ئابووری لە پشتەوە بووە، چونکە وەکو (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت:

**مورتەزا دڵنیابووم دەیویست بڵێ:**

**- ئێمە لە دەست بێدەرامەتیو بێکاری لە ئێرانەوە رامانکردووەتە ئێرە، بەڵام لە شەرمی ئەوەی کە ژنەکەی خۆی لەوێ دانیشتبوو یەکڕاست گوتی:**

**- هاتووین بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی ئێمەش کەمێک دنیا ببینین.(هۆتێل ئەوروپا، ل٥٧)**

لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی (محەمەدی حاجی زادە) هاتنو ئاوارەبوونی خۆی بۆ وڵاتی فەرەنسا بۆ هۆکاری سیاسی گەڕاندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئەرشەدی قازی) گومانی لەم پاساوەی (محەمەد)

هەبوو پێیوابوو پاڵنەری هاتنی (محەمەد) بۆ وڵاتی فەرەنسا هۆکاری ئابووری لە پشتەوەیە نەک سیاسی، چونکە (ئەرشەد) پێیوابوو محەمەدی حاجی زادە **(لەوانەیە لەتاو بێکاری رای کردبێتو ئەم سیناریۆیەی لێرە بۆ خۆی دروست کردبێت!)(هۆتێل ئەوروپا، ل٢٥)**.

(مەدام گالاتی)ش یەکێک بوو لەو کارەکتەرانەی پاڵنەری ئابووری کاریگەریی بەسەر جووڵەی هەبوو هەم لەناوەوەی فەرەنسا هەمیش لە دەرەوەی فەرەنسا، لە ناوەوەی فەرەنسا جووڵەی (مەدام گالاتی) پێوەندی بە(هوتێل ئەوروپا)وە هەبوو چونکە وەکو (فەرهاد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت مەدام گالاتی **(لە رۆژێکدا دووجار دەهات بۆ هوتێلەکە هەموو بەیانییەک سەعات دەوروبەری حەوت پێش ئەوەی هوتێلەکە جێبهێڵم بۆ ئەوەی پسوولەو حیساباتی هوتێلەکەی رادەست بکەم، جاری دووەمیش شەوان دەوروبەری سەعات نۆو نیو بۆ ئەوەی چاوێک بەهوتێلەکەدا بخشێنێتو سۆراغی پێداویستییەکانی هوتێلم لێ بکات، بۆ نموونە ئەگەر بۆ کافتریای هوتێلەکە شەکر یان قاوەمان پێویست بووایە)(هۆتێل ئەوروپا، ل٧١)**، لە دەرەوەی فەرەنساش لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ئیسرائیلو بەریتانیا هوتێلو خانووی هەبوو ئەوا وەکو (لوسیانا) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت پێش ئەوەی بەناو تەمەندا بچێت (گالاتی) دایکی بۆ کۆکردنەوەی داهاتی ئەو موڵکانە **(جاران بەخۆی دەچوو، بەڵام ئێستا پیر بووەو ئەو هاتووچۆیە بەئەو ناکرێ)(هۆتێل ئەوروپا، ل٩٦)**، تەنانەت بەناو تەمەندا چوونی (گالاتی) دایکی بووە هۆی ئەوەی پاڵنەری ئابووری کاریگەریی بەسەر جووڵەی (لوسیانا)شدا هەبێت چونکە ناچار دەبێت لەجیاتی دایکی ئەم کارە ئەنجامبدات، بۆیە وەکو حیکایەتخوان ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: **(مسیۆ لوسیانا مانگێ جارێک دەچووە ئۆکسفۆرد چەند مانگ جارێکیش دەچووە تەلئەبیب دەیگوت دەچم قازانجی مانگانەی هوتێلەکانمان وەردەگرمو حیساباتی خانووبەرەو کرێو پارەی دیکەمان لەوێ هەن یەکلاییان دەکەمەوە)(هۆتێل ئەوروپا، ل٩٦)**، لەلایەکی دیکەوە پاڵنەری ئابووری کاریگەریی بەسەر جووڵەی (فەرهاد)یش هەبوو کاریگەرییەکەش (فەرهاد) بۆ خۆی بەمشێوە ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: **(هەموو رۆژێک سەعات هەشتو دەقیقەی بەیانی میترۆی پواسۆنییێغم دەگرتو سەعات هەشتو نیو دەگەیشتمەماڵەوە، تا دەمەدەمی نیوەڕۆ دەنووستم، پاش نیوەڕۆ بەڕەڵلای شەقامەکانی پاریس دەبووم تا کاتی دەستپێکردنەوەی کارەکەم، سەعات هەشتی ئێوارە دەبووایە دیسان لە پێشوازیی هوتێل ئەوروپا ئامادە بووبام بەبێ تەنیا یەک خولەک دواکەوتن)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٥٦)**.

## - هۆکاری سێکسی:

لە هەردوو رۆمانەکەدا پاڵنەری سێکسی کاریگەریی بەسەر کارەکتەرەکانەوە هەبوو، ئەگەر لە کورتەی رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش) دەست پێبکەین دەبینین ئەم هۆکارە کاریگەریی

بەسەر دروستکردنی پێوەندی نێوان کارەکتەرەکانی ناو کورتە رۆمانەکەدا هەبوو، بۆ نموونە بەتاڵکردنەوەی حەزی سێکسی لە جەستەی (ئەختەر)دا پاڵ بە(جوامێر)ەوە دەنێت بۆ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵدا دروست بکات، تەنانەت (جوامێر) پێش ئەوەی (ئەختەر) بکات بەژن نووسەر لەسەر زاری (سەلامی فەرەج فافۆن) وەکو تەکنیکی پێشخراو ئاماژەی بەو راستییە کردووە بەوەی مەبەستی (جوامێر) لە دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)دا تەنیا پاڵنەری سێکسییە ئەویش کاتێک لە فەرمانگە بەهاوڕێکانی گوت: (**جوامێر تەنیا دەستی پێ گەرم دەکاتەوە دەزانم**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٨**)، دوای دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ (ئەختەر)یشدا حیکایەتخوان راستی ئەم حاڵەتەمان بەمشێوەیە بۆ باس دەکات: (**جوامێر دوو مانگ زیاتر بوو چەندی دەیکردو دەیکرد نەیدەتوانی ئەختەر فریو بداتو رۆحکێشی ماڵەکەی خۆی بکات لە عەقاری**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٦-١٧**)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی (جوامێر) سەرەتا بەئاسانی نەیتوانیوە حەزی سێکسی خۆی لە جەستەی (ئەختەر)دا بەتاڵ بکاتەوە، بەڵام دواتر بۆ گەیشتن بەم حەزە ناچار دەبێت قوربانی بەنهێنی ژیانی خۆی بدات ئەویش بەئاشکراکردنی ئینتیمای سیاسی خۆی بۆ (ئەختەر).

ئەگەر لەناو ئەو کورتە رۆمانەدا بەدواداچوون بۆ لایەنێکی دیکەی ژیانی (جوامێر) بکەین دەبینین هەر کاتێک (ئەختەر) لە حاڵەتی ئاساییدا پرسیاری خواستنەکەی خۆی لە (جوامێر) کردبێ بەهیچ جۆرێک وشەی بەڵێن بەسەر زاری (جوامێر)دا نەهاتووە بۆ ئەوەی بیخوازێ، تەنانەت ئەوکاتەی (جوامێر) داوای یارمەتی لە (ئەختەر)یش کرد بۆ رفاندنی (مولازم تەحسین) ئەگەر بەدرۆش بێ وشەی بەڵێنی بەرامبەر (ئەختەر) بەکارنەهێنا، بەڵکو بۆ فریودانی تەنیا پێی گوت: (**ئەختەر. . تەواو. . دەتبەم لەگەڵ خۆم دەبتەمە شاخ. . تا هەتایە پێکەوە دەژین**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١١٣**)، بەڵام دەبینین ئەوکاتەی (جوامێر) لەناو گەرمەی کار سێکسیدا بوو لەگەڵ (ئەختەر)دا پاڵنەری سێکسی (جوامێر) ناچار دەکات ئەگەر بەدرۆش بێت بەڵێن بە(ئەختەر) بدات بیخوازێت بەجۆرێک ئەگەر خواستنەکە لەسەر حیسابی وازهێنان لە کاری پێشمەرگایەتیو خۆ رادەستکردنەوەی بەحزبی بەعسیش بێت، چونکە وەکو حیکایەتخوان ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**جوامێر کاتێ بەڵێنی خۆی بەئەختەردا پەنجەکانی دەستی چەپی تا قەراغەکانی ناو هەناوی گەرمی ئەختەر رۆیشتبوون**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٢**).

راستە (جوامێر) لە دەقەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە دەیتوانی حەزی سێکسی خۆی لە جەستەی (ئەختەر)دا دابمرکێنێتەوە، بەڵام وەکو خۆی باسی لێوەدەکاتو دەڵێت: (**ئەویش جار بەجار. . لە مانگێکدا شەوێک**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٠**)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاڵنەری سێکسی بەجۆرێکی دیکە

کاریگەریی بەسەر ژیانی (جوامێر)دا هەبوو بەوەی تێرنەکردنی حەزی سێکسی بەپێی پێویست پاڵ بە(جوامێر)ەوە دەنێت بێزاربوونی خۆی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەرببڕێت ئەویش کاتێک لە بەرامبەر (ئەختەر)دا گوتی: (**کەی ئەمە ژیانە پێشمەرگە هەیەتی؟ هەموو ژیانمان وەک مرۆڤی نیاندرتاڵ لەناو شاخو ئەشکەوتان! پیاوی وامان لەگەڵدایە حەوت ساڵ زیاترە چاوی بەژنێک نەکەوتووە، بۆنی ئافرەتێکی نەکردووە**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧**)، تەنانەت هەر ئەمجۆرە ژیانەی پێشمەرگە لەلایەک وای لە (جوامێر) کردووە بە راناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ بەناوی هەموو پێشمەرگەوە قسە بکاتو بڵێ: (**ئەرێ وەڵڵا پێشمەرگەی بەستەزمان هەر هەموومان وەختە شێت بین بۆ ژنێک**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩**)، لەلایەکی دیکەوە هەر ئەمجۆرە ژیانەی پێشمەرگە وای لە (جوامێر) کردووە گومان لە تیۆرەکەی (فرۆید)یش پەیدا بکاتو بڵێ: (**ژیانی پێشمەرگایەتی ئەگەر بەقسەی فرۆید بووایە دەبووە گرنگترین سەرچاوەی داهێنان، چونکە هەموو ژیانی پێشمەرگایەتی هەمیشە لێوانلێوە لە کەپتی سێکسی**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩**)، بۆ سەلماندنی راستی قسەکانیشی نموونەی (مامۆستا حەیدەر فەیلی) هێناوەتەوە بەوەی چۆن لە حاڵەتی نەبوونی ژندا بۆ ئەوەی حەزی سێکسی خۆی تێدا بەتاڵ بکاتەوە بەناچاری پەنای بردۆتە بەر ئاژەڵ بەوەی (**لەودیو بارەگاکەی خۆیانەوە لەناو بێشەڵانە رەنگینو فێنکەکەدا کەوتبووە ناو دۆڵەکە لە پەنا دیواری ئەو خانووەی کردبوویان بەمزگەوتو نوێژیان تێدا دەکرد هەر چوار پەلی جوانوەکەی مام رەقیبی نانهێنی بەستبۆوەو تەنەکەیەکی بەرزیشی لەژێر پێی خۆی دانابوو کەوتبووە سەر کەفەڵی جوانووەکە**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٨**).

لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا پاڵنەری سێکسی تەنیا کاریگەریی لەسەر دروستکردنی پێوەندی نێوان کارەکتەرەکاندا نەبوو، بەڵکو لەپاڵ ئەمەشدا وەکو ئامرازێک بەکارهاتووە هەم بۆ سزادانی کەسانی سیاسی هەمیش بۆ ئاشکراکردنی ئینتیمای سیاسی کەسەکان، بۆ نموونە لە بەرامبەر ئەوەی (حاکم نەریمان) چوو بووە شاخو پێوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردبوو پیاوانی ئەمن ئەم هۆکارەیان وەکو سزاو تۆڵەیەک بەرامبەر بەژنو سێ کچەکەی (حاکم نەریمان نەورۆڵی) بەکارهێنا، راستی ئەم حاڵەتەش (مولازم تەحسین) لە رێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە ئاماژەی پێکردووە بەوەی چۆن کچە گەورەکەی حاکم نەریمان پێی گوتووە: (**مولازم تەحسین تۆ بەتەنیا خۆت چیم لەگەڵ دەکەی بیکە تەنیا مەهێڵە فەرمانبەرەکانی دیکە لەوە زیاتر ئازارمان بدەن، چۆن لەو کاتەشدا مولازم تەحسین تێگەیشت کە فەرمانبەرەکانی دیکەی ناو ئەمنە سوورەکە لە کاتی ئازاردانەدا بەزۆرەملێ ژنو هەر سێ کچە عازەبەکەی حاکم نەریمانیان ئەتک کردووە**) (**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٨**)، لەلایەکی دیکەوە دوای ئەوەی دائیرەی ئەمن ئەختەر لەبری (جوامێر) دەستگیر دەکەن پیاوانی ئەمن لەپاڵ ئەشکەنجەدان پاڵنەری سێکسی

وەکو ئامرازێک بەرامبەر (ئەختەر) بەکاردێنن بۆ ئەوەی لە رووی سیاسییەوە ئیعتیرافی پێ بکەن بەوەی دەستی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیە، بۆیە سەرەتا هەڕەشەی ئەوەی لێدەکەن ئەگەر ئیعتیراف نەکات دەستی لەگەڵ (جوامێر)دا هەیە بەزۆر دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەری:

**- یان ئەوەتا دانی پێدا دەنێیت کە تۆش لەهەمان رێکخراوی جوامێر کار دەکەیت، یانیش ئەوەتا دەبێ...**

**- دەبێ چی؟**

**- دەبێ دەرپێت داکەنیت...!**(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٦**)

بەڵام دوای ئەوەی (ئەختەر) ئیعتیرافی نەکرد پیاوانی ئەمن هەڕەشەکەیان بەکردار بەسەردا تاقیکردەوەو بەزۆر دەستدرێژیی سێکسییان کردە سەری:

**- لە کاتی ئەشکەنجەدا سێ پیاو بەجارێک لێم هاتنە ژوورەوە.**

**- سێ . . !؟**

- ....

**- بەنۆبەت دەهاتن . . .**

**- .. وەیش! یەعنی بەزۆر . . .!**

**- بە. . زۆر. . .!**

- . . .

**- هەموو مانگێ جارێک بانگیان دەکردمە ئەمنە سوورەکە . . .**(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٢٧-٢٨**).

لە کۆمەڵی داخراودا چالاکی سێکسی کچ بەشێوەیەکی ناشەرعی کاریگەریی بەسەر پرۆسەی هاوسەرگیریدا دەبێت، چونکە هیچ پیاوێک ئامادە نییە کچێک بخوازێ ئەگەر لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریدا پەردەی کچێنی لەدەستدا بێت، تەنانەت راستی ئەم حاڵەتەش نووسەر لەناو دەقەکەدا لە رێگای گفتوگۆی نێوان (باجی بنار) و (پوورە رەعنا) بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەی پێکردووە (**دەبینی: دە تۆ بیری لێ بکەوە رەعنا! پیاوێک ئەگەر هەست بکات دەبێتە مێردی ژنێک چۆن رازی دەبێت ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی دیکەی غەیری خۆی بەزمی هەبێ؟!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧١**)، لەبەر ئەوەی (ئەختەر)یش لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریدا پێوەندی سێکسی زیاتر لەگەڵ پیاوێک دەبێت ئەم حاڵەتە کاریگەریی بەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێت، بۆ نموونە ئەو کابرا زێڕینگرەی هاوڕێی (سەلیم)ی مێردی (پورە رەعنا) بوو کاتێک ئێوارەیەک لەناو بازاڕدا (ئەختەر) دەبینێ یەکسەر شێتو شەیدای دەبێت بڕیار دەدات بچێتە خوازبێنی، کاتێکیش کابرا بۆی دەردەکەوێت (ئەختەر) دراوسێی ماڵی (سەلیم)ی

هاورێیەتی ئەوا داوا لە (سەلیم) دەکات کاری داخوازییەکەی بۆ پێک بهێنێت، بەڵام (سەلیم) لەبری جێبەجێکردنی ئەو داواکارییە حەقیقەتی (ئەختەر) بۆ کابراکە ئاشکرا دەکاتو پێیدەڵێت: (**قوربان ئەو ئەختەرەی تۆ رۆن سەرف دەکا**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٨**) واتە کەسێکی لەشفرۆشە، ئیدی کابراش جگە لەوەی یەکسەر پەشیمان دەبێتەوە لەهەمان کاتدا لە گوتنی وشەی (**حەیف**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٦٨**)، هیچ شتێکی دیکە ناڵێ، لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی (ئەختەر) لەم بوارەدا هەم قوربانی دەستی خودی (جوامێر) بوو بەوەی سەرەتا بۆ یەکەمجار ئەو بوو (ئەختەر)ی کردە ژن هەمیش قوربانی ئینتیمای سیاسی ئەو بوو بەوەی بەهۆی ئینتیمای سیاسی (جوامێر)ـەوە لە دائیرەی ئەمن بەزۆر دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، دواتر ئەنجامی ئەم دوو حاڵەتە وا لە (ئەختەر) دەکات ببێتە کەسێکی لەشفرۆش، تەنانەت راستی ئەم حاڵەتە (ئەختەر) بۆ خۆشی لە رێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە ئاماژەی پێکردووە بەوەی (**کەس باسی ئەوە ناکا هەر ئەو پاڵەوانە خۆیشی کاتی خۆی ئەختەری کردۆتە سۆزانی**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٤٤**)، کەچی لەبەرامبەردا (جوامێر) نەک هەر ئامادەنەبوو بیخوازێ بەڵکو بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە سەرزەنشتی (ئەختەر)یشی کرد بەوەی (**تۆ دوای رۆیشتنی من هەزارو یەک عیلاقەت لەگەڵ هەزارو یەک پیاوی خوێڕی ئەم شارەدا پەیدا کرد**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٩٤**).

هۆکاری سێکسی بە دوو شێوە کاریگەریی بەسەر ژیانی (ئەختەر)دا هەبوو، لەلایەک وای لە (ست نیهایەتی بەرازیلییەکە) کرد بەبیانووی کاری لەشفرۆشی راپۆرتێک بۆ (مولازم تەحسین) بنووسێت بۆ ئەوەی (ئەختەر) لە گەڕەکدا دەربکات، چونکە وەکو (ئەختەر) لەبەرامبەر (جوامێر)دا ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**لەماڵەوە دانیشتبووم هەر یەکسەر دوای هاواری خوشکەزاکەم زۆر بەتوندی پێم وابێ بەپێڵەقە بوو مولازم تەحسین لە دەرگایدا، من رۆحم لەگەڵی لەرزی وەیش! زانیم ئەوە! بەتاقی تەنیا لەناو ماڵەکە. چیبکەم؟ پاشان بۆم دەرکەوت ست نیهایەتی بەرازیلییەکە خەبەری لێدابووم**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٧**)، لەلایەکی دیکەوە دوای ئەوەی (ئەختەر) مولازم تەحسین دەناسێتو پێوەندیی سێکسی لەگەڵدا دروست دەکات، پاشانیش بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی زۆرەی کە (مولازم تەحسین) هەیبوو هیچ کەس هاوشێوەی (ست نیهایەت) نەیتوانی جارێکی دیکە لەسەر کاری لەشفرۆشی بیر لە دەرکردنی (ئەختەر) لە گەڕەکدا بکاتەوە، راستی ئەم حاڵەتەش (ئەختەر) بۆ خۆی لە رێگای تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە ئاماژەی پێکردووە بەوەی (**کەسیش چیتر ناتوانێ جارێکی دیکە مەزبەتەی لێبکاتو لە گەڕەک دەریبکا!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٤**).

پاڵنەری سێکسی کاریگەریی بەسەر پێشبینییەکانی هەریەک لە (باجی بنار) و (مامەند)ی مێردیشی هەبوو ئەویش کاتێک لە کۆتایی رووداوەکاندا لەسەر دیواری خانووەکەیان سەیری حەوشەی ماڵی

(ئەختەر)یان کردو ئەو ژمارە زۆرەی قوات خاصەیان لەناو ماڵی (ئەختەر)دا بینی، ئەوا هەریەکەیان لە روانگەی سێکسییەوە پێشبینییان بۆ ئەو ژمارە زۆرە لە چەکدارەکان کرد، سەرەتا (باجی بنار) هۆکارەکەی بۆ کاری لەشفرۆشی گەڕاندەوە بەوەی بیری بۆ ئەوە چوو ئەو هەموو موشتەرییە بەجارێک هاتوون بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵ (ئەختەر)دا، چونکە وەکو (باجی بنار) بۆ (پوورە رەعنا)ی باس دەکاتو دەڵێت: (**لەسەر دیوارەکەمانەوە کە تەماشای ئەوبەرم کرد وەیش . . زەندەقم چوو! ژوورەکەی دەستەچەپی ماڵی ئەختەر ئەها ئەو ژوورەی کەلـەی مامزە عەنتیکەکەی پێدا هەڵواسراوە؟ پڕبوو لە عەسکەری چەکدار. . چی پێدەڵێن قوات خاصە، شەش حەوتێک دەبوون بەکلاشینکۆفو ئارپیچییەوە هەندێکیان وەستاو ئەوانی دیکە لەسەر چینچکان، خوایە چی قەوماوە؟ لە دڵی خۆمدا گوتم: تۆ بڵێی ئەم هەموو موشتەرییە بەجارێک لە ئەختەر هاتبێتنە ژوورەوە؟**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٣٣**)، کەچی (مامەند)ی مێردیشی بەهەمان شێوە لە روانگەی سێکسییەوە پێشبینی ئەوەی بۆ ئەو حاڵەتە کرد بەوەی بەبیانووی کاری لەشفرۆشی دووبارە شکات لە (ئەختەر) کراوە بۆ دەرکردنی لە گەڕەکدا ئەویش کاتێک گوتی: (**هەبێو نەبێ دیسان مەزبەتەی لێکراوە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٣٤**).

ئەگەرچی پێشمەرگە داوای لەو هەموو کەسانە کردبوو کە پارەیان بەحکومەتی بەعس بەخشیبوو لە جەنگی دژی وڵاتی ئێران (**بەهەمان شێوە پێویستە پارەیەکی زۆر بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی پێشمەرگەی شاخیش بنێرن، ئەگینا هەتکیان دەکەنو ریسوایان دەکەنو ناویان دەخەنە ریزی ئەو جاشو خائینانەی کە دانراون بکوژرێن**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٣٥-٣٦**)، ئەگەرچی (دکتۆر شەوکەتی عەمەلیات) یەکێک بوو لەو کەسانەی ناوی لە راپۆرتەکەی (ئەختەر)دا هاتبوو کە چوو بووە خزمەت (سەدام حوسێن) بۆ بەخشینی زێڕو پارە بەحکومەتی عیراق لە شەڕیدا دژی وڵاتی ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (ئاسۆ)ی کوڕی کاتێک لە گەڕەکدا کچەکەی (سەعەکەڕی حەمامچی) دەکاتە ژنو ئامادە نابێت بیخوازێ ئیتر بۆ ئەوەی گیانی پارێزراو بێتو لە کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوور بێت ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر شاخو دەبێت بەپێشمەرگە، راستی ئەم حاڵەتەش لە گفتوگۆی نێوان (باجی بنار) و (پورە رەعنا)دا بەمشێوەیە ئاماژەی پێکراوە: (**ئەدی وەکو کوڕەکەی ماڵی دکتۆر شەوکەتی عەمەلیات ساڵی پێرار بەبیرت دێ ئەویش کچەکەی سەعەکەڕی حەمامچی کردە ژنو پاشان بۆ ئەوەی لەدەستی قوتار بێت لێیدا چوو بووە پێشمەرگە**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل٧٠**).

لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)شدا (دۆنی) پیاوە پیرە فەرەنسییەکە سەرەتا بەبیانووی خزمەتکردنی بەدیاریکراویش رۆژانە لەبەرامبەر شووشتنی لە ماڵەوەدا بەڵێنی پێدانی بڕی پەنجا فرەنک بە(محەمەدی

حاجی زادە) دەدات، چونکە وەکو (محەمەد) ئاماژی پێدەکاتو دەڵێت: (**لە سەرەتادا بەمنی گوت ئەگەر بێیت هەموو رۆژێک لە ماڵەوە بمشۆی هەرجارێک پەنجا فرەنکت دەدەمێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٣**)، بۆیە (دۆنی) سەرەتا بەم بیانووە توانی (محەمەد) هەڵبخەڵەتێنیو بیهێنێتە ماڵی خۆی، بەڵام دواتر مەبەستی سەرەکی (دۆنی) بۆ (محەمەد) رووندەبێتەوە ئەویش کاتێک دوای شووشتنی لە حەمام (دۆنی) بە(محەمەد)ی گوت: (**زەکەرت گەورەو خۆشە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٤**)، پاشان وەکو (محەمەد) باسی لێوە دەکاتو دەڵێ: (**دیتم نەرم نەرم خستییە ناو دەمی خۆیەوە، لەو دەمەدا بوو من یەکسەر تێگەیشتم کە ئەو پیاوە چی لەمن دەوێ!**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٤**)، پاشانیش (دۆنی) لەناو حەمام بە(محەمەد)ی گوت جگە لە پارەی شووشتنەکە ئەگەر بێتو سواریشی بێتو سێکسی لەگەڵدا بکات لەهەمان کاتدا بڕی سەدو پەنجا فرەنکیشی پێدەدا، تەنانەت پاڵنەری سێکسی وای لە (دۆنی) کرد بەڵێن بە(محەمەد) بدات بەوەی (**ئەگەر بێیتە لامو بەردەوام لەگەڵم بژیت دەچین بۆ لای پارێزەرو ئاپارتمانەکەی خۆم دەخەمە سەر ناوت**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١١٦**).

لە (رۆمانی هوتێل ئەوروپا)دا پاڵنەری سێکسی کاریگەریی بەسەر نزیککردنەوەی ئەو کارەکتەرەکانەش هەبوو کە لە رووی ئایدیۆلۆژیاوە لێکجیاواز بوون، نزیکبوونەوەکەش بەجۆرێک بووە ئەگەر سەرەتا هەر بەناو ژنو مێرد بووبن کەچی دواتر پاڵنەری سێکسی بەفیعلی کردوونیەتی بەژنو مێرد، بۆ نموونە (محەمەدی حاجی زادە) لەبەر ئەوەی مامۆستای ئایینی بوو خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی ئیسلامی بوو لە بەرامبەریشدا (هومەیلا) لەبەر ئەوەی ئەندامی حزبی (تودەی)ی ئێرانی بوو هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی مارکسی بوو، بەڵام سەرەڕای جیاوازی ئایدیۆلۆژیاشیان هۆکاری سیاسی خاڵی هاوبەش بوو لەنێوانیاندا چونکە وەکو (محەمەد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**راستە کچەکە کۆمۆنیستو من مەلا بووم، بەڵام هەردووکمان لەدەست یەک دوژمن رامان کردبوو، ئەو بێزاریو یاخیبوونەی ئێمە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران تاقە شتێک بوو منو ئەوی لە یەکتر نزیک کردەوەو کردمانی بەهاوڕێی یەکتر**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦**)، ئەم نزیکبوونەوەیەش لە شاری (شەمزینلی) تورکی روویدا ئەویش کاتێک سەرەتا لەپێناو بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولایان بۆ ئەوەی لە کەمپدا دۆسییەکانیان زووتر رایی بکرێت وەکو ژنو مێرد خۆیان رادەستی پۆلیسی تورکی کرد، ئەمە لەکاتێکدا وەکو (محەمەد) لەناو دەقەکەدا ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**ئەو ئەفسەرانەی توێژینەوەیان لەگەڵ دەکردین سەریان سووڕمابوو منێکی مەلاو ئافرەتێکی کۆمۆنیست چۆن بووینەتە ژنو مێرد!؟**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦**)، بەڵام دواتر ئەنجامی نزیکبوونەوەی ئەم دوو کارەکتەرە دەرهاوێشتەی کۆمەڵایەتی خراپی لێکەوێتەوە، چونکە لەلایەک لەبەر ئەوەی لە کەمپ ژووری ژنو مێردەکان لەگەڵ سەڵتەکان جیاواز بوو، لەلایەکی دیکەوەش لەبەر ئەوەی هەردووکیان بۆ ماوەی نزیکەی حەوت مانگ

لەناو ژوورێکی کەمپەکەدا مانەوە ئیدی ئەم دوو حاڵەتە بووە هۆی ئەوەی کە هەردووکیان نەتوانن بەسەر حەزی سێکسی خۆیاندا زاڵبن بۆیە بەڕەزامەندیی هەردوولایان چالاکی سێکسی لەنێوانیاندا روویداو بەفیعلی بوونە ژنو مێرد، چۆنیەتی رووداوەکەش (محەمەد) بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەکات: (**سەرت نەیەشێنم رۆژێک دەمەو عەسرێکی پاییز هێشتا زەنگی نانخواردنی ئێوارەیان لێ نەدابوو.. لەناو ژوورەکەماندا بەیەکترەوە نووساین، ئیتر هەر ئەو بەیەکترنووسانە بوو.. بە راستی بووینە ژنو مێردی یەکتر.... لەو رۆژە بەدواوە ئیتر وایلێهات هەر کاتێک حەزمان لێ بووایە ژنو مێرد بووین**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل١٩-٢٠**)، دواتر بەرهەمی ئەم ژنو مێردایەتییەی نێوانیان لە دایکبوونی کچێکی لێکەوتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لەناو دەقەکەدا (فەرهاد) لە روانگەی سێکسییەوە سەیری نزیکبوونەی ئەو دوو کارەکتەرەی کردووە بەوەی چۆن سێکس توانیویەتی ئەم دوو کارەکتەرە لێکنزیک بکاتەوە کە لە رووی ئایدیۆلۆژیاوە نەک تەنیا لێکجیاوازن بەڵکو لە هەندێک بابەتدا دژ بەیەکن، بۆیە وەکو (فەرهاد) لەناو دەقەکەدا ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**من زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوم لە دڵی خۆمدا گوتم: تۆ تەماشاکە پیاوێکی ئەوپەڕی راستڕەو لەگەڵ ژنێکی ئەوپەڕی چەپڕەو.. زەوقو هەوەس چۆن لە یەکتریان کۆدەکاتەوە**) (**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٠**).

## ٢- پێوەندی شوێن بەبنیاتی کارەکتەر:

ئەگەر لە هونەری شێوەکاریدا نیگارکێش پێویستی بەباکگراوندێک هەبێت بۆ ئەوەی هەموو رەنگەکانی تێدا کۆبکاتەوەو وێنەیەکی لەسەر بکێشێت، بێگومان لەناو رۆمانیشدا نووسەر پێویستی بەتوخمی شوێن دەبێت بۆ ئەوەی هەموو توخمەکانی دیکەی رۆمانی تێدا کۆبکاتەوەو جیهانێکی خەیاڵی تێدا دروستبکات، چونکە ئەگەر شوێن نەبێت هیچ جووڵەو رووداوێک روو نادات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی توخمی شوێن لەناو رۆماندا لەوکاتەدا بەدەردەکەوێت کاتێک کارەکتەر لە ناو ئەو شوێنەدا بخولێتەوەو لە کاتێکی دیاریکراودا رووداوێک دروست بکات، لە رۆمانی کۆندا (شوێن تەنیا وەکو تەختەی شانۆ یان وەکو باکگراوندێک وابوو هەم کارەکتەرەکانی تێدا دەخولانەوە هەمیش رووداوەکانی تێدا روودەدا)[١]، بەڵام لە رۆمانی نوێدا ئەرکی شوێن لە چوارچێوەی ئەم قاڵبە فراوانتر بوو بەوەی لەپاڵ بوونی ئەم ئەرکە کاریگەریی بەسەر بنیاتو پێکهاتەی کارەکتەرو تەنانەت تیمو ناوەڕۆکی رۆمانیش هەبوو، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەبوو لەپاڵ کاریگەریی بەسەر کارەکتەرەکان لەهەمان کاتدا شوێن لەناو رۆمانی نوێدا رۆڵی کارەکتەریشی بەرجەستە کردووە.

---

[١] مهدی عبیدی، جماليات المكان في ثلاثية حنا مينا، ص٣٧.

شـوێن هاوشـێوەی ڕووداو یەکێکە لەو توخمـانەی لەنـاو ڕۆمانـدا پێوەنـدییەکی دیالێکتیکیـانەی لەگەڵ کـارەکتەردا هەیە بەوەی هەردوولا کاریگەرییـان بەسـەریەکترەوە هەیە، کـاریگەریی کـارەکتەر بەسـەر شـوێن تەنیا ئەوە نییە (شـوێنەکان ئاوەدان دەکەنەوەو بوون پڕ دەکەن لە هـاوارو دەنگە دەنگو هەراو زەنا)[١]، بەڵکو لەپاڵ ئەمەشدا شـوێن لەنـاو ڕۆماندا لە ڕێگای بـوونی کـارەکتەرەوە پـۆلین دەکرێت، بـۆ نموونە لە ڕێگای خاوەندارێتی کارەکتەرەوە شـوێن دابەش دەبێت بۆ شـوێنی تایبەتیو گشـتی، لە ڕێگای هەستو سۆزی کارەکتەرەوە شوێن دابەش دەبێت بۆ شوێنی هۆگرو ناهۆگر، لە ڕێگای ئازادی جووڵەی کارەکتەریشەوە شوێن دابەش دەبێت بۆ شوێنی کراوەو داخراو، کەچی لە بەرامبەردا کاریگەریی شـوێن بەسـەر کـارەکتەردا لە زۆر ڕووەوە بەدەردەکەوێـت، ئەگەر لە تیـۆرەکەی (هیپۆلیـت تین)ـەوە دەسـت پێبکەین ئەوا دەبینـین بەپێـی بۆچـوونی نـاوبراو ژینگەی شـوێن یەکێکە لەو سـێ هۆکـارەی کـاریگەریی بەسـەر نووسـەر دەبێـت بـۆ بەرهەمهێنـانی دەقـی ئەدەبـیو تەنـانەت کـاریگەریی بەسـەر جـۆری ئەو بەرهەمەشدا دەبێت کە نووسەر بەرهەمـی دەهێنێت چونکە وەکو ئاشکرایە ئەو بەرهەمەی لەژینگەیەکی سـاردا بەرهەمـدێت جیـاوازە لەگەڵ ئەو بەرهەمەی لە ژینگەیەکـی گەرمـدا بەرهەمـدێت، بـۆ نمـوونە (چیرۆکەکانی ئەمریکای لاتین بەفانتازیـاو کەشو ئاووهەوای سـیحر ئامێزی خۆیـانەوە لە چیرۆکەکانی دنیا جیادەکرێتەوەو دەناسرێتەوە، هەر ئەم مۆرکەشە لە هەموو دنیا بایەخی پێدەدرێتو بەبەرزی سـەیر دەکرێت لەهەمان کاتیشدا بەرجەستەی ئەو شـوێنانە دەکات کە ئەم چیرۆکانەی تێدا نووسـراون)[٢]، بۆیە ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری شوێن بکەین کاریگەریی بەسەر خودی نووسەر هەبێت کە بەرهەمهێنەری دەقو کارەکتەرە بێگومان لەناو دەقیشدا شوێن کاریگەریی بەسەر کارەکتەریشدا دەبێت.

ئەگەر سـەیری مرۆڤ بکەین وەکو بوونەوەرێک دەبینین لە شـوێنێکی دیـاریکراوی جەسـتەی ژندا لە دایـک دەبێـتو پاشـان هەر لە ڕێـگەی شـوێنەوە گەشـە دەکـاتو گەورە دەبێـتو دوای مردنیشـی لە شـوێنێکی دیـاریکراودا دەنێژرێـت، لەلایەکـی دیکەوە زانسـتی دەروونناسـی پێیـوایە ئەگەر بەشـێک لە کەسـایەتی مـرۆڤ لە ڕێـگەی بۆمـاوەییەوە دروسـت ببێت ئەوا بەشـەکەی تـری لە ڕێگای ژینگەی ئەو شـوێنەوە دروسـت دەبێـت کە مـرۆڤەکە تێیـدا دەژی، هەروەهـا شـوێن کـاریگەریی بەسـەر دەروونـی کەسەکانیشـدا هەیە بەوەی شـوێنی جـوانو خـۆشو فـراوان ئـارامی بەکەسـەکان دەبەخشـێ بەپێچەوانەوەش شوێنی ناخۆشو تەسکو داخراو دڵتەنگی بەکەسەکان دەبەخشێ، تەنانەت کاریگەریی

---

[١] محمد ئەمین عەبدوڵڵا، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی-کوردستانی عیراقدا(١٩٩٠-١٩٩٧)، ل٥.

[٢] سابیر ڕەشد، چیرۆکی کوردی - ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، ل٧١-٧٢.

شوێن بەسەر کەسەکاندا بەجۆرێکە کە دەتوانێ شوناسو ناسنامەی تایبەت بەخودی کەسەکان ببەخشێت بەوەی خوێنەر بەهۆی شوێنی نیشتەجێبوونەوە دەتوانێ شارەزای جۆری نەتەوەو زمانو شێوەزارو چینو پلەوپایەی کۆمەڵایەتیو چەندان زانیاری دیکە لەسەر خودی کەسەکە ببێت، چونکە وەکو (غاستون باشلار) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (ئێمە خۆمان لە رێگەی زەمەنەوە ناناسینەوە، بەڵکو لە رێگەی شوێنەوە بەتایبەتیش لە رێگەی شوێنی نیشتەجێبوونمانەوە دەناسینەوە)[1]، لەلایەکی دیکەوە شوێن کاریگەریی بەسەر ژیانی کەسەکانەوەش هەیە بەوەی هەندێجار بەبینینو ناوهێنانی هەندێ شوێنی دیاریکراو لە کاتی ئێستادا هەم دەبێتە هۆی پاراستنو هەمیش بەبیرهێنانەوەی ئەو یادگارییو رووداوانەی کە لە رابردوودا بەسەر کەسەکاندا هاتووە جا بەخۆش یاخود ناخۆش بێت.

نیشتمان وەکو شوێن کاتێک هەڕەشەی لەسەر دەبێت کاریگەریی بەسەر تاکەکاندا دروست دەکات بەوەی خۆشەویستی نیشتمان پاڵ بەکەسەکانەوە دەنێت بۆ ئەوەی بەرگریی لێ بکەنو خوێنیان لەپێناودا برێژن، تەنانەت هەموو مرۆڤێک مەیلو خۆشەویستی بۆ ئەو شوێنە هەیە کە بۆ یەکەمجار تێیدا لە دایکبووەو گەورە بووە، ئەو هەستەش کاتێک دروست دەبێت کە مرۆڤ بەهۆی پاڵنەری ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی شوێنی خۆی جێدەهێڵێو ئاوارەی شوێنێکی دیکە دەبێت، هەندێجاریش پاکو خاوێنی کەسەکان لە رێگای شوێنەوە پێوانە دەکرێت بەوەی پاکوخاوێنی کەسەکان دەبەسترێتەوە بەپاکوخاوێنی ئەو شوێنەی کە کەسەکە تێیدا دەژی، نەخۆشخانە وەکو شوێنێک مرۆڤ ناچار دەکات لەپێناو پاراستنی گیانو تەندروستی نەخۆشەکان بێدەنگی بنوێنێ، تەنانەت شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەریی بەسەر کەسایەتیو پێوەندی کۆمەڵایەتی کەسەکانیشدا هەیە بەوەی هەر شوێنێک رەفتارێکی دیاریکراو بەکەسەکان دەبەخشێ، بۆ نموونە پێوەندی نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵ لە گەڕەکە میللییو هەژارەکاندا جیاوازە لەگەڵ گەڕەکە دەوڵەمەندو شارستانەکان یاخود پێوەندی تاکەکانی شار جیاوازە لەگەڵ پێوەندی کەسەکان لە گوند، تەنانەت شوێن کاریگەریی بەسەر ناوناوی کەسەکانیشەوە هەیە بەوەی هەندێک ناو هەیە لە ناوچەیەک لە کەسەکان دەنرێت کەچی هەمان ئەو ناوەیە لە ناوچەیەکی دیکە لە کەسەکان نانرێت، بۆ نموونە ناوی (مەغدید) ناوێکە زیاتر لە ناوچەی هەولێرو کۆیە لە کەسەکان دەنرێت بەڵام هەمان ئەو ناوەیە لە ناوچەی سلێمانی لە کەسەکان نانرێت ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە، بەپێچەوانەوەش ناوی (فەرەج) ناوێکە لە سلێمانی لە کەسەکان دەنرێت بەڵام هەمان ئەو ناوە لە هەولێر لە کەسەکان نانرێتو ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە.

---

[1] یادگار لەتیف شارەزووری، دیاردەگەراییو رەخنەی ئەدەبی، ل٥٠.

ئایینیش ئاماژەی بەکاریگەریی شوێن بەسەر مرۆڤەکانەوە کردووە بەوەی کاتێک دوو کەس لە رەگەزی جیاواز لە شوێنێکدا بەتەنیا دەبن ئەوا کاریگەریی بەسەر زەوقو هەوەسی کەسەکاندا دروست دەکات، تەنانەت مزگەوت وەکو شوێنێک بۆ عیبادەتکردن کاریگەریی بەسەر جووڵەی مرۆڤەکانەوە هەیە بەوەی بەهۆی پیرۆزی شوێنەکەوە مرۆڤ ناتوانێ هەموو جۆرە جووڵەیەک یان کاری نەشیاوی تێدا بکات، لەلایەکی دیکەوە کەعبە کە ماڵی خودایە لەسەر زەوی کاریگەریی بەسەر جووڵەو رەهەندی فیزیکیو تەنانەت کاریگەریی بەسەر ئاراستەی رووی مرۆڤەکانەوەش هەیە لە کاتی عیبادەتکردندا، بۆ نموونە لەپێناو بەجێگەیاندنی روکنێک لە روکنەکانی ئیسلام ساڵانە بەهەزارەها خەڵک لە هەموو جیهاندا سەردانی ئەو شوێنە دەکەنو، لە کاتی سەردانی کردنەکەشدا ئەو شوێنە کاریگەریی بەسەر جلوبەرگی مرۆڤەکانەوە هەیە بەهەردوو رەگەزی نێرو مێ ئەویش بەپۆشینی جلوبەرگێکی تایبەت، تەنانەت لە کاتی نوێژکردندا موسڵمانان لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن ئاراستەی رووی نوێژەکانیان لەو شوێنە دەکەن.

لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا شوێن کاریگەریی بەسەر لایەنی سێکسی هەریەک لە (محەمەدی حاجی زادە) و (هومەیلا) هەبوو ئەویش کاتێک هەردووکیان لەناو کەمپ بۆ ماوەی حەوت مانگ لە ژوورێکدا بەتەنیا پێکەوە بوون، ئەگەرچی (محەمەدی حاجی زادە) ئاماژە بەوە دەکات سەرەتا رێگری لەوە کردووە بەهۆی شوێنەوە ئەو کاریگەرییەی لەسەر دروست نەبێت بەوەی وەکو خۆی باسی دەکاتو دەڵێت: ‹**مردم هێندەی ئایەتەلکورسی بۆ دوورخستنەوەی شەیتانی سێکس لە جەستەی خۆم بخوێنمەوە، مردم هێندەی لە دڵی خۆمدا بە أعوذ باللە.. أعوذ باللە.. هەوەسو ئارەزووەکان لە گیانی خۆم دوور بخەمەوە**›(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٩**)، بەڵام دوای ئەوەی (محەمەدی حاجی زادە) و (هومەیلا) لەناو کەمپدا بۆ ماوەی حەوت مانگ لە ژوورێکدا پێکەوە مانەوە بەتایبەتیش وەکو (محەمەدی حاجی زادە) باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: ‹**حەوت مانگی رەبەق لەناو ژوورێکدا لەگەڵ کچێک.. لەگەڵ کچێکی کۆمۆنیستی تەورێزی تازەبەهار! هومەیلا.. کچێکی مەمک قووتی زۆر تەڕوبڕ بەتایبەتیش چاوەکانی زۆر گەشو جوان دەتگوت چاوی ئەو حۆرییە نازدارانەیە کە سوورەتی (الواقعە) باسیان دەکات**›(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٩**)، بۆیە ئەنجامی مانەوەی ئەم دوو کارەکتەرە بۆ ئەو ماوە زۆرە لە ژوورێکدا بەتەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەک لە (محەمەدی حاجی زادە) و (هومەیلا) نەتوانن بەسەر حەزو ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیاندا زاڵبن، بۆیە ئەم زاڵنەبوونە لەلایەک وای لە (محەمەد) کردووە دان بەم بۆچوونەی ئیسلام بهێنێ کە دەڵێ: ‹**إذا إجتمع إمراة ورجل في مكان ما فالشيطان ثالثهما.. ئەم قسەیە راستە دەزانی!**›(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٩**)، لەلایەکی دیکەشەوە وای لە (محەمەد) کردووە پاساو بۆ ئەم زاڵنەبوونەی خۆیو (هومەیلا)ش بەسەر حەزو ئارەزووە سێکسییەکانی خۆیاندا بهێنێتەوە بەوەی ‹**نەک**

**پیاو هیچ کچێکیش بەهەمان شێوە ناتوانێ بۆ ماوەی ئەم هەموو مانگە بیستو چوار سەعات لەناو ژوورێکدا خۆی لە هەمبەر ئەو هەموو کەفوکوڵە خۆی رابگرێت! بەدرێژایی ئەو هەموو مانگە پێکەوە لەناو ژوورێکدا... تەنیا تەماشای یەکتر بکەنو سوورەتی ئایەتەلکورسی بخوێنینەوە! ماقووڵە؟ نەدەکرا)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٩)**، بۆیە لە کۆتاییدا بە رەزامەندیی هەردوولایان سێکس لەنێوانیاندا روودەدات، چۆنیەتی روودانی حاڵەتەکەش (محەمەد) بەمشێوەیە باسی لێوە دەکاتو دەڵێت: (**سەرت نەیەشێنم رۆژێک دەمەو عەسرێکی پاییز هێشتا زەنگی نانخواردنی ئێوارەیان لێ نەدابوو.. لەناو ژوورەکەماندا بەیەکترەوە نووساین، ئیتر هەر ئەو بەیەکترنووسانە بوو.. بە راستی بووینە ژنو مێردی یەکتر.... لەو رۆژە بەدواوە ئیتر وایلێهات هەر کاتێک حەزمان لێ بووایە ژنو مێرد بووین)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٩-٢٠)**، دواتریش بەرهەمی ئەو چالاکییە سێکسییەی نێوانیان لە دایکبوونی کچێکی لێکەوتەوە.

ئەوکاتەی (محەمەد) لە ولاتی فەرەنسا لە کەمپدا بوو ناخۆشیو بەرتەسکی شوێنەکەی وەکو خۆی باسی لێوە دەکاتو دەڵێ: (**لەناو ژوورێکی یازدە مەتر چوارگۆشەدا دەستشۆرێکو سیسەمێکو دووشەکێکو تەباخێک... توالێتەکەشم هاوبەشە لەگەڵ پەناهەندەیەکی سریلانکی لەناو ژوورێکی تری دەرەوەی ئاپارتمانەکەم)(هۆتێل ئەوروپا، ل١٢١)**، کاریگەریی بەسەر جووڵەی (محەمەدی حاجی زادە) دروست دەکاتو ناچاری دەکات پەنا بباتەبەر خزمو هاورێیەکانی بۆ ئەوەی ماوەیەک لەلای خۆیان شوێنی بۆ بکەنەوە، سەرەتا بۆ ماوەیەک لە گەڕەکی (ئەرژەنتۆی) لە ماڵی ژنو مێردێکی ئێرانی بەناوی (مورتەزا) و (فەرەحناز) دەبێت ئەویش بەهۆی ئەوەی (محمد) خزمی (فەرەحناز)ی خێزانی (مورتەزا) بوو، دواتریش ماوەیەک لە (پیگال) لەلای هاورێیەکی جەزائیری دەبێت، پاشانیش قوتابییەکی هاورێی ئەفغانی بەقاچاغ لە بەشە ناوخۆیی (کۆنکۆردیا) لە پاریسی پێنجەم نزیک میترۆی (پلاس مۆنژ) لە شەقامی (توورنەفۆرت) شوێنی بۆ دەکاتەوە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کاتێک نیشتمان هەرەشەی لەسەر دەبێت خۆشەویستی نیشتمان وا لە کەسەکان دەکات بەرگری لێ بکەنو خوێنیان لەپێناودا برێژن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەریەک لە (فەرهاد)و (عەلی روبەیعی) بروایان بەشەرعییەتی ئەو جەنگەی نێوان ولاتی عیراقو ئێران نەبوو بەوەی وەکو ئەوەی (فەرهاد) باسی لێوەدەکاتو دەڵێت: (**نەک تەنیا عەلی روبەیعی ئێمە هەموومان نەوەی هەلاهەلا بووی ژێر بەرداشەکانی شەڕ، ئێمەی وەچەی ئەو زەمانەی ژێر زوڵمی سەدامو کۆماری ئیسلامی ئێران هەموومان باوەڕمان بەمارکسیزمو لە رووی وەستانەوە دژی ئەو دوو رژێمە شەڕخوازە هەبوو کە بەناوی ئیسلامەوە چەندین ملیۆن خەڵکی عیراقو ئێرانیان بەکوشتن دابوو)(هۆتێل ئەوروپا، ل١١١)**، بۆیە بڕوانەبوون بەم جەنگە وای لەم دوو کارەکتەرە کرد لە خزمەتی سەربازی رابکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پارێزگاریکردن لە گیانی خۆیان

بۆ ئەوەی نەبنە سووتەمەنی ئەو جەنگە ناچاربوون پەنا ببەنەبەر شوێنێکی ئارامی وەکو ئەوروپا بۆ ئەوەی لەلایەک دەستی رژێمی سەدامیان لەسەر نەبێت لەلایەکی دیکەشەوە لە دەرهاوێشتەی ئەو جەنگە بەدووربن، بۆ نموونە (فەرهاد) بەمشێوەیە باسی حاڵەتی ئاوارەبوونی خۆی دەکاتو دەڵێ: (**لە ساڵی ١٩٨١دا واتە لە دەسپێکی شەڕی عیراقو ئێراندا لە دەست سەربازی رام کردبووە ئێران... پاشان لە رێگەی سوریاوە چوو بوومە پۆڵۆنیاو ئنجا ئەڵمانیا، چۆنیش لەوێوە دوای ساڵێکی رەبەق چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی بەقاچاغ سنووری ئەڵمانیام بڕیبوو و خۆم گەیاندە فەرەنسا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل٧٧-٧٨**).

کاتێک مرۆڤ لە شوێنێکدا هەڕەشە لەسەر گیانی هەبێت ناچار دەبێت پەنا بباتەبەر شوێنێکی ئارام بۆ ئەوەی دوور بێت لە مەترسی، ئەگەرچی (محەمەدی حاجی زادە) لەبەر هۆکاری سیاسی لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە تەنیا سزای فەسڵکردن لە پیشەی مەلایەتی لەسەر پەیڕەوکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (محەمەد) پێیوابوو هەر بەوەندە وازی لێ ناهێنن بۆیە وەکو ئەوەی خۆی باسی دەکاتو دەڵێت: (**هیچ دوور نەبوو چارەنووسی منیش وەک چارەنووسی مونتەزەری بکەوتایەتە ناو زیندانەوە دەترسام بمگرن**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥**)، بۆیە پاڵنەری سیاسی وای لە (محەمەد) کرد پەنا بباتەبەر شوێنێکی ئارام بۆ ئەوەی گیانی نەکەوێتە مەترسییەوە، ئەگەرچی وەکو ئەوەی (محەمەد) ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت: (**راستە تاران شارێکی گەورە بوو دەمتوانی خۆمی تێدا بشارمەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥**)، بەڵام (محەمەد) خۆشاردنەوەی بەردەوامی لەناو ئێراندا بەچارەسەرێکی بنەڕەتی نەدەزانی، چونکە پێیوابوو (**نەدەکرا تا هەتایە لەژێر چاودێریدا بمێنمەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥**)، بۆیە ناچار دەبێت شاری تاران بەجێبهێڵێ سەرەتا پەنا دەباتەبەر شاری (قەزوین) کە زێدی بابو باپیرانی بوو پاشانیش لەبەر نزیکی لە سنووری تورکیا پەنای بردەبەر شاری (نەغەدە)، ئینجا لە رێگای (نەغەدە)وە خۆی گەیاندە وڵاتی تورکیا پاشان لە رێگای تورکیاوەش خۆی گەیاندە دوایین وێستگە بۆ رزگاربوون لە دەست دەسەڵاتدارانی ئێران ئەویش وڵاتی فەرەنسا بوو، راستی ئەم حاڵەتەش (محەمەد) بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەکات: (**رام کردە ناو قەوم قیلەی باوکم لە قەزوین، لەوێشەوە بەڕێکەوتم بەرەو نەغەدە بۆ ئەوەی بتوانم لەوێوە سەرهەڵبگرم بەرەو تورکیاو ئینجا ئەوروپا**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٥**)، بۆیە بەگەیشتنی (محەمەد) بە وڵاتی فەرەنسا ئیدی پاڵنەری سیاسی هەم کاریگەریی بەسەر جووڵەی (محەمەد) نامێنێ هەمیش ترسی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەسەر نامێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتێک مرۆڤ دەبێتە پەناهەندە لە وڵاتێکی بێگانە ئیدی ئەگەر مافی نیشتەجێبوونی لەو وڵاتە نەبوو هۆکاری ئابووری یەکێکە لەو کێشانەی رووبەڕووی کەسەکە دەبێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین (**محەمەدی حاجی زادە راستە لە پاریس ئازاد بوو و دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی**

**پێ نەدەگەیشت، بەڵام سێ ساڵ زیاتر بێ ناسنامە، بێ پەساپۆرت، بێ مافی کارکردن... حەوسەڵەی هیچی نەمابوو**)**هۆتێل ئەوروپا، ل٢٨**).

ئەگەر هۆکاری جەنگو سەربازی پاڵی بە(فەرهاد) و (عەلی روبەیعی) نابێت پەنا ببەنەبەر شوێنێکی ئارام بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێت، هەروەها هۆکاری سیاسیش پاڵی بە(محەمەدی حاجی زادە)وە نابێت بەهەمان شێوە پەنا بباتەبەر شوێنێکی ئارام بۆ ئەوەی گیانی پارێزراو بێت، کەچی بەپێچەوانەوەی ئەم دوو حاڵەتەش هۆکاری خۆشەویستی پاڵی بە(مسیۆ لوسیانا) ناوە لە هەندێک شوێنی دیاریکراو نەک هەر رابکات بەڵکو چاوی بەرایی نەداوە هەر سەیری ئەو شوێنانەش بکات بەدیاریکراویش ئەو شوێنانەی کە لەگەڵ (زیبا)ی خۆشەویستیدا ژووانیان تێدا بەستبوو و کۆمەڵێک یادگاری زۆر خۆش لەنێوانیاندا هەبوو، راستی ئەم حاڵەتەش (مسیۆ لوسیانا) بەشێوەیەکی راشکاوانە بەرامبەر بە(فەرهاد) دانی پێداناوە ئەویش کاتێک ئەنجامی خۆشەویستییەکەی نێوان خۆیو (زیبا) بێ ئاکام کۆتایی هات بەتایبەتیش ئەوکاتەی کە (زیبا) مسیۆ لۆسیانای جێهێشتو گەڕایەوە وڵاتی ئێران ئیدی وەکو (لوسیانا) بۆ (فەرهاد)ی باس دەکاتو دەڵێت عەشقی (زیبا) هێزی ئەوەی پێ نەبەخشیوە جارێکی دیکە سەردانی ئەو شوێنانە بکاتەوە کە لەگەڵ (زیبا) سەردانی کردووە:

**- ژێر پردەکانی پۆنت مارىو پۆنت نۆفو پۆنت رۆیاڵو پۆنت میبرابۆت بینیوە؟**

**- ئەی چۆن؟**

**- لولڤاردە درێژەکانی سانت میشێڵو سانت ژێرمەن دوپغیو بەردەم سینەماکانی ئەو ناوەت بینیوە؟**

**- ئەی چۆن؟**

**- یەکە یەکەی رێستۆرانتەکانی مۆنتماختیش!**

**- بێگومان.**

**- مەیدانی ئۆپێراو باستیلو سانت میشێڵ، بەردەم بووبوورگ، لادێفاس، باغی لووکزەمبوورگ؟ قاوەخانەکەی لۆپتیت ژوورناڵ... ؟**

**- بەڵێ بێگومان هەموویانم دیوە.**

**مسیۆ لوسیانا خەریکبوو بگری:**

**- من ناتوانم بەلای هیچ یەکێکیاندا تێپەڕ ببم، ناتوانم تەماشا هیچ ئینجێکی ئەو شوێنانە بکەم.. دەمرم.**(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٤٨-١٤٩**)

له رۆمـانی (هۆتێـل ئەوروپـا)دا لەپـاڵ ئەوەی شـوێن وەکـو تەخـتـەی شـانۆ رووداوەکـانی تێـدا پەخشکراوە، لە هەمان کاتدا کاریگەریی بەسەر بنیاتو پێکهاتەی (محەمەدی حاجی زادە)شدا هەبوو، راسته هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە پێکهاتەی (محەمەد)دا روویدا بۆ بوونی کاریگەریی هۆکاری ئابووری بەسەر ژیانی ئەودا دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرجەستەبوونو ئەکتیڤ بوونی ئەم هۆکارە لە ژیانی (محەمەد)دا بۆ جێگۆڕکێی شوێن دەگەڕێتەوە، چونکە دوای ئەوەی (محەمەد) ئاوارەی وڵاتی فەرەنسا دەبێت ئەوا بەهۆی نەبوونی مافی نیشتەجێبوون لەو وڵاتەدا نەک هەر بواری کارکردنی لە بەردەمدا بەرتەسک دەبێتەوە بەڵکو بێکاری یەکێک بوو لەو گرفتانەی بەردەوام بەرۆکی (محەمەد)ی دەگرت، تەنانەت گرفتی بێکاری ناچاری کرد پەنا بباتەبەر هەندێک جۆری ئیش کە نەگەڵ پیشەی مەلایەتییەکەی دەگونجاو نەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیشدا یەکی دەگرتەوە، راستی ئەم حاڵەتەش نووسەر لەناو دەقەکەدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لەسەر زاری کارەکتەرەکان ئاماژە بەکاریگەریی شوێن بەسەر پێکهاتەکەی (محەمەد)دا کردووە، بۆ نموونە کاتێک (محەمەد) دەبێتە کەسێکی هۆمۆسێکسوێل سەرەتا (ئەرشەد) لەلای هاوڕێکانی گاڵتە بەو کارەی (محەمەد) دەکاتو دەڵێت: (**تەواو ئیتر.. مەلا نانی کەوتووەتە ناو رۆنەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٤**)، بەڵام کاتێک (پشتیوان) بە(ئەرشەد) دەڵێت: (**قەناعەتو ژیانی خۆیەتی تۆ کارت بەسەرەوە چییە... ئەرشەد**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٧**)، (ئەرشەد)یش لە وەڵامدا بە(پشتیوان) دەڵێت ئاخر (**مەلا با چیتر مزایەدەی دینی ئیسلامو رەوشتیو ئەم شتانەمان بەسەرەوە نەکا... بەبیرتە جارێک بەتووڕەییەوە گوتی پاراستنی کلتوورو رەوشتی ئیسلام ئەمرۆ لە نوێژو رۆژو گرینگتر بۆ ئێمەی ئیسلام**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٨**)، بەڵام لەبەر ئەوەی (پشتیوان) هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی (محەمەد) بۆ کاریگەریی جێگۆڕکێی شوێنی گەڕاندەوە ئەوا بە(ئەرشەد)ی گوت شوێن نەک هەر کاریگەریی بەسەر (محەمەد) بەڵکو کاریگەریی بەسەر تۆشەوە هەبووە بەوەی (**جاران جاران بوو هەر کەسێک لە هەر قۆناغێکدا شتێکە پاشان گۆڕانی بەسەردا دێ، ئەوروپا ئاوهایە ئیتر فریشتەیەک لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەکاتە ئیبلیس، ئیبلیسێکیش بەپێچەوانەوە دەکاتە فریشتە، تۆ پێش ئەوەی بێیتە پاریس.. ئایا ئەمە بووی کە ئێستا هەیت؟!**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٨**)، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر (فەرهاد) ئەم قسەیەی (پشتیوان)ی پشتڕاست کردبێتەوە بەوەی (**ئەم قسانەی کە پشتیوان بەئەرشەدی گوت زۆر راست بوو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٨**)، ئەوا لە هەمان کاتدا (عەلی هادی)یش هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئاماژەی بەکاریگەریی شوێن بەسەر پێکهاتەی (محەمەد)دا کردووە بەوەی (**پیاو بەبێ ژن لەم پاریسە بێ دەرپێیەدا یان ئەوەتا شێت دەبێت یانیش ئەمەتا ناچار دەبێ سواری قوندەرەکانیان بێ**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٠٦**).

له رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا (ساقی گوڵچین) شوێنی وەکو ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ توانج لێدانو برینداركردنی هەستی (محەمەدی حاجی زادە) ئەویش کاتێک (ساقی) داوای لە (فەرهاد) کرد (**بۆچی نایەی لە سانفرانسیسکۆ کار بکەی؟.... سانفرانسیسکۆ بەڕاستی شاری نیگارکێشانە!**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦١**)، بەڵام کاتێک (محەمەدی حاجی زادە) بێ ئەوەی (ساقی) پێی بڵێ گوتی: (**منیش ئەگەر ئیقامەم هەبووایە دەهاتمو**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦٢**) حەز دەکرد لەوێ بژیم، کەچی (ساقی گوڵچین) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێگەی باسکردنی شوێنێک لە ویلایەتی (سانفراسیسکۆ) هەستی (محەمەد)ی برینداركردو کاری هۆمۆسێکسوێڵەکەی بەبیر هێنایەوەو ئەویش کاتێک گوتی: (**لە نزیک تەلەگراف هێڵ لە گەڕەکی (نۆرث بیچ) رێستۆرانتێکی چینی لێیە بەناوی (ذە سیلەر) جاران نووسەرانی (نەوەی بیت) تێیدا کۆدەبوونەوە، کەچی ئێستا بووەتە جێگەی ئەو پەنابەرانە بێ ئیقامەو بێ ماڵو حاڵانەی کە دێن لەوێ حەشیشە دەکێشن، بۆتە مەنزڵگەی ئەو بێ ئیقامە بەدبەختانەی کە بەدوای هۆمۆسێکوێڵەکاندا دەگەڕێن تا لەگەڵیان ببنە برادەرو پێکەوە بژین یان هیچ نەبێ بۆ ئەوەی ئەو هۆمۆسێکوێڵانە بیانبەنەوە ماڵی خۆیانو هیچ نەبێ چەند شەوێک جێگەیان بۆ بکەنەوە، لە سانفرانسیسکۆ زۆرن ئەو هۆمۆسێکوێڵانەی دەیانەوێ پەناهەندەیەکی بێکارو بێ ماڵ بکەنە هاودەمی خۆیان**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦١**)، ئەمە لە کاتێکدا (فەرهاد) راستەوخۆ لەدوای باسکردنی ئەو شوێنە لەلایەن (ساقی گوڵچین)ـەوە ئاماژەی بەکاریگەریی ئەم توانجەی (ساقی گوڵچین) بەسەر لایەنی دەروونی (محەمەد) کردووە بەوەی (**یەکسەر زانیم محەمەدی حاجی زادە حەزی دەکرد لەو دەمەدا دەمودەست لەدەست رووزەردیو شکستی خۆی لە پڕمەی گریان بداتو بچێتە دەرەوە**)(**هۆتێل ئەوروپا، ل١٦١**).

له رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا شوێن کاریگەریی بەسەر ناولێنانی کارەکتەرەکانیشدا هەبوو، ئەویش کاتێک (محەمەدی حاجی زادە)و (هومەیلا) دوای ئەوەی لە وڵاتی تورکیا وەکو ژنو مێرد خۆیان رادەستی دەسەڵاتدارانی کەمپی شاری (شەمزین) کرد، پاشانیش دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند مانگێک لەناو ژوورێکی تاکەکەسی ئەو کەمپەدا مانەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەردووکیان نەیانتوانی بەسەر حەزو ئارەزووە سێکسییەکاندا زاڵبن ئیدی بە رەزامەندیی هەردووکیان چالاکی سێکسی لەنێوانیاندا روویدا، پاشان بەرهەمی ئەو چالاکییە سێکسییە لە دایکبوونی کچێکی لێکەوتەوە، بەڵام دواتر بە رەزامەندیی هەردووکیان بەیادی ئەو شوێنەی کە تێیدا بۆ ماوەی چەند مانگێک ژیانیان تێدا بەسەربرد ئیدی (**کۆرپەکەی خۆیان ناونا (شەمزین) بەناوی ئەو شارۆچکەیەی کە پێکەوە بۆ ماوەی چوار مانگ بەحەپسکراوی لەوێدا ژیان**)(**هوتێل ئەوروپا، ل٢٣**).

له رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا شوێن كاریگەریی بەسەر ئەنجامی رووداوەكانی كورتە رۆمانەكەدا هەبوو بەوەی راستە (مولازم تەحسین) لە رێگای بوونو هاوكاری (ئەختەر)ـەوە توانی لە ململانێیەكەیدا بەسەر (جوامێر)دا سەربكەوێ، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا شوێن رۆڵێكی گرنگی لە سەركەوتنی ئەو پیلانەدا بینی، گرنگیو كاریگەریی شوێنیش لەوكاتەدا بەدیاركەوت كاتێك (جوامێر) داوای یارمەتی لە (ئەختەر) كرد لەناو ماڵی ئەودا بۆسە بۆ (مولازم تەحسین) بنێتەوە، چونكە ئەو داوایەی (جوامێر) پاڵی بە(ئەختەر)ـەوە نا بڵێت: (**كەواتە من ناوماڵو كەلوپەلەكانم بفرۆشم؟**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٧**)، كاتێكیش (جوامێر) داوای روونكردنەوەی هۆكاری فرۆشتنی كەلوپەلی ناو ماڵەكەی لە (ئەختەر) كرد، (ئەختەر)یش بەمشێوەیە وەڵامی (جوامێر)ی دایەوە (**ئەدی من ئەگەر لەگەڵ تۆ بەشاخ بكەومو بشزانن كە پێشمەرگە بەهۆی منەوە مولازم تەحسینیان رفاندووە دێن ماڵەكەم تەخت دەكەن!**)(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٧**)، بەڵام ئەم وەڵامەی (ئەختەر) وای لە (جوامێر) كرد گرنگی ماڵی (ئەختەر)ی وەكو شوێنێك بۆ دەربكەوێت بۆ ئەنجامدانی كارەكە بەوەی ئەگەر (ئەختەر) ماڵەكەی بفرۆشێت من لە كوێ بۆسە بۆ (مولازم تەحسین) دابنێمەوە، بۆیە (جوامێر) بە(ئەختەر)ی گوت:

**- بەڕای من جارێ هیچی ماڵەكەت نەفرۆشیت.**

**- بۆ؟**

**- ئەدی لە كوێ بۆسەكەی بۆ دابنێینەوە؟**(**مولازم تەحسینو شتی تریش، ل١٢٧**)

# ئەنجامی توێژینەوەکە

**١-** ئەگەر ئەرکی رەهەندی فیزیکی پیشاندانی دیوی دەرەوەی کارەکتەر بێت هەر لە جەستەو هەموو ئەو جلوبەرگو کەلوپەلانەی پەیوەستن بەجەستەوە، ئەوا لەپاڵ ئەمەشدا رەهەندی فیزیکی لە هەردوو رۆمانەکەدا رۆڵی لە دروستبوونو یەکلاییکردنەوەی رووداوەکانیش بینیوە، بۆ نموونە لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسین شتی تریش)دا رووداوەکان بەهۆی جوانی رەهەندی فیزیکی (ئەختەر)ەوە دروست بووە، تەنانەت نووسەر لە رێگای گفتوگۆی نێوان (باجی بنار) و (پورە رەعنا)شدا بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەی بەم راستییە کردووە، لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)شدا رەهەندی فیزیکی رۆڵێکی گرنگی لە یەکلاییکردنەوەی رووداوەکان بینیوە، چونکە ئەگەر (لوسیانا) بەهۆی بوونی ڤیزەی وڵاتی ئیسرائیل بەسەر پەساپۆرتەکەیەوە سەفەرکردن بۆ وڵاتی ئێران ببووە خەونێک بۆ ئەو هەم بۆ بینینی (زیبا)و هەمیش دۆزینەوەی ئەرشیفو دەستنووسەکانی باپیری لەو وڵاتە، کەچی دواتر لە کۆتایی رووداوەکاندا بەهۆی لێکچوونی رەهەندی فیزیکی خۆی لەگەڵ (محەمەدی حاجی زادە)وە ئەو خەونەی چەندین ساڵەی بووە حەقیقەتو توانی ئەم سەفەرە ئەنجامبدات.

**٢-** وەکو لە خاڵی یەکەم ئاماژەمان پێدا لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)یدا رووداوەکان بەهۆی جوانی رەهەندی فیزیکی (ئەختەر)ەوە دروست بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر لە بنیاتی (ئەختەر)دا زۆر بەوردی ئەو رەهەندەی پیشانی خوێنەر نەداوە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باسی جوانییەکەی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە لەخۆڕا نەبووە چونکە نووسەر لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەی بۆ ئەوەی پیشانی بدات (ئەختەر) لە سەردەمێکی دیاریکراودا بۆتە سووتەمەنی دەستی پیاوانیو سیاسیو کۆمەڵ ئەوا لە بنیاتی (ئەختەر)دا زیاتر گرنگی بە رەهەندی کۆمەڵایەتی (ئەختەر)ی داوە لەچاو رەهەندی فیزیکی، بەڵام لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا لەبەر ئەوەی کۆتایی رووداوەکان بەهۆی لێکچوونی رەهەندی فیزیکی (لوسیانا) و (محەمەدی حاجی زادە) یەکلایی بۆتەوە، ئەوا نووسەر لەپاڵ گرنگیدان بە رەهەندی کۆمەڵایەتی هەریەک (لوسیانا) و (محەمەدی حاجی زادە) لەهەمان کاتیشدا زۆر گرنگی بە رەهەندی فیزیکی هەردوو کارەکتەرەکەی داوە بەجۆرێک بۆ ئەوەی بتوانێ لێکچوونی ئەو رەهەندەیان پیشانی خوێنەر بدات باسی تەمەنو رەنگی چاوو پرچو جۆری جلوبەرگو قەدو باڵا تەنانەت چۆنیەتی ددان پاککردنەوەی هەردوو کارەکتەرەکەشی کردووە.

**٣-** نووسەر لە هەردوو رۆمانەکەدا تیمو ناوەڕۆکی رۆمانەکەی لە پێکهاتەی کارەکتەرەکان کۆکردۆتەوە بەوەی لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا لە پەرەنەسێنی پێکهاتەی

(ئەختەر)دا بەرجەستەی کردووە، لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)شدا لە پەرەسێنی پێکهاتەی (محەمەدی حاجی زادە)دا بەرجەستەی کردووە.

**٤-** لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا نووسەر لە ناونانی کارەکتەرەکانیدا تایبەتمەندیی رۆمانی کۆنی بەسەرەوەیە بەوەی جگە لە ناوێکی دیاریکراو ئەوا بەشێکی زۆری کارەکتەرەکان نازناوێکیشیان هەیە.

**٥-** لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا نووسەر کارەکتەرەکانی لە رێگای شێوازی نمایشکردنەوە پێشکەشکردووە، بەڵام لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسین)دا هەردوو شێوازی راگەیاندنو نمایشکردنی بەکارهێناوە بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەرەکان.

**٦-** لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا لەبەر ئەوەی نووسەر لە کۆتایی رۆمانەکەدا وەکو تێبینییەک ئاماژەی بەوە کردووە بەوەی رووداوەکانی ئەم رۆمانە حەقیقینو بەشێک بووە لە ژیانی راستەقینەی خۆی، ئەم حاڵەتە وایکردووە نووسەر وەکو کارەکتەرێک بەشداری لە رووداوەکانی ئەم رۆمانەدا بکات، بەڵام بۆ ئەوەی رۆمانەکە لە رووداوێکی مێژوویی دووربکەوێتەوەو بچێتە ناو چوارچێوەی قاڵبی ئەدەب ئەوا نووسەر نەک هەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆی نەگواستۆتەوە ناو رۆمانەکە، بەڵکو گۆڕانکاری لە پێکهاتەی خودی خۆشی کردووە.

**٧-** لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا نووسەر لە پێشکەشکردنی کارەکتەرەکاندا تایبەتمەندیی رۆمانی کۆنی بەسەرەوەیە بەوەی پێش ئەوەی رۆڵ بەکارەکتەرەکان ببەخشێت سەرەتا بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی لە رێگەی تەکنیکی وەسفەوە پێشکەشی بەخوێنەر کردووە، ئینجا دواتر رۆڵی بەکارەکتەرەکان بەخشیوەو بەشداری رووداوەکانی پێ کردوون.

**٨-** نووسەر لەهەردوو رۆمانەکەدا جگە لەوەی تیمو ناوەڕۆکی هەردوو رۆمانەکەی لەسەر ئاستی دەقەکەدا دەربڕیوە، لەهەمان کاتیشدا لەناوەوەی دەقەکانیش لەسەر زاری کارەکتەرەکانیش بیرۆکەی هەردوو رۆمانەکەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاشکرای کردووە بەوەی لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا لەسەر زاری (ئەختەر) دەریبڕیوە، لە رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)شدا لەسەر زاری (محەمەدی حاجی زادە) دەریبڕیوە.

**٩-** لەبەر ئەوەی رووداوەکانی هەردوو رۆمانەکە رەهەندی کۆمەڵایەتیو مێژووییان هەیە، ئەوا لە هەردوو رۆمانەکەدا جگە لە مرۆڤ هیچ توخمو شتێکی دیکە رۆڵی کارەکتەری نەبینیوە، تەنانەت هەر ئەم حاڵەتەش وایکردووە لە رووی جۆری رۆمانەوە هەردوو رۆمانەکە بە رۆمانی رووداویی هەژمار

بکرێتو چارەنووسی کارەکتەرەکانیش بەپێی ئەنجامی ڕووداوەکان کۆتایی پێ بێت نەک بەپێی ویستو ئارەزووی ڕۆماننووس ئەگەرچی ڕۆمانەکە بۆ خۆی زادەی بیرو ئەندێشەی ڕۆماننووسیشە.

**١٠**- لەناو ڕووداوەکانی کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا لەپاڵ بوونی کۆمەڵێک هۆکار بەڵام بەپلەی یەکەم هۆکاری سیاسیو سێکسی ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیاتو پێکهاتەو جووڵەو ئاراستەی هەنگاوەکانی کارەکتەرەکاندا بینیوە، لەناو ڕووداوەکانی ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا لەپاڵ بوونی کۆمەڵێک هۆکار بەڵام بەپلەی یەکەم هۆکاری ئابووری ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیاتو پێکهاتەو جووڵەو ئاراستەی هەنگاوەکانی کارەکتەرەکاندا بینیوە.

**١١**- لە هەردوو ڕۆمانەکەدا توخمی شوێن جگە لەوەی هەموو توخمەکانی دیکەی ڕۆمانی تێدا کۆکراوەتەوە لە هەمان کاتدا کاریگەریی بەسەر پێکهاتەو ناولێنانو تەنانەت ئەنجامی ململانێی نێوان کارەکتەرەکانیش هەبوو، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا توخمی شوێن کاریگەریی بەسەر پێکهاتەی (محەمەدی حاجی زادە)دا هەبوو، تەنانەت نووسەر بەشێوەیەکی ئاشکراش لەسەر زاری (پشتیوان) ئاماژەی بەم کاریگەرییە کردووە بەوەی جێگۆڕکێی شوێن بۆتە هۆی ئەوەی کە هۆکاری ئابووری کاریگەریی بەسەر پێکهاتەکەیدا دروست بکات، تەنانەت نووسەر لەسەر زاری (عەلی هادی)یش ئەم قسەیەی پشتیوانی پشتڕاستکردۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە هەر لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا شوێن کاریگەریی بەسەر ناولێنانی کارەکتەرەکانیشدا هەبوو، چونکە (محەمەدی حاجی زادە)و (هومەیلا) بەیادی ئەو چەند مانگەی لە کەمپی شاری (شەمزین) پێکەوە ژیان ئەوا ناوی کچە تازە لە دایکبووەکەیان ناولێنا (شەمزین).

لە ڕۆمانی (مولازم تەحسینو شتی تریش)دا توخمی شوێن ڕۆڵێکی گرنگی لە یەکلاییکردنەوەی ململانێی نێوان هەریەک لە (جوامێر) و (مولازم تەحسین)دا بینیوە بەوەی ڕاستە هەردووکیان لە ڕێگای هاوکاری (ئەختەر)ـەوە هەوڵیاندا بۆسە بۆ یەکتر دابنێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماڵی (ئەختەر) ڕۆڵێکی گرنگی لە یەکلاییکردنەوەی ململانێیەکەدا بینی، گرنگی توخمی شوێنیش ئەوکاتە بەدیارکەوت کاتێک (جوامێر) بە(ئەختەر)ی گوت جارێک کەلوپەلی ناو ماڵەکەت مەفرۆشە چونکە ئەگەر بیفرۆشیت ئەدی ئێمە لە کوێ بۆسە بۆ (مولازم تەحسین) دابنێینەوە.

# سەرچاوەكان

**- کتێبە کوردییەکان**:

**١**- ئەرستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، خانەی چاپو پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١١,

**٢**- ئاکار جەلیل کاکەوەیس، کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس، وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوان – بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسیی‌و چاپو بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر.

**٣**- ئیبراهیم یونسی (د.)، گوڵبژێرێک لە هونەری چیرۆکنووسین، وەرگێڕانی: نەبەز جەهانگیر پوور، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥,

**٤**- پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١,

**٥**- جەلال ئەنوەر سەعید(د.)، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خوارووا، بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣,

**٦**- جەلیل کاکەوەیس، ڕۆمانی کوردی - پەرتبوونی ڕووداوو نازیندەیی شاکەس، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران – هەولێر، چاپخانەی (بینایی)، سلێمانی، ٢٠٠٥,

**٧**- حەمە کەریم عارف، دەربارەی ڕۆمان‌و چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک، چاپخانەی ئاراپخا، چاپی یەکەم، کەرکوک، ٢٠٠٧.

**٨**- حەمە مەنتک، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣,

**٩**- رست هیلز، چیرۆکو تایبەتمەندییەکانی، وەرگێڕانی: سەلاح عومەر، وەزارەتی ڕۆشنبیریی زنجیرە کتێبی گیرفان ژمارە (١٠)، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠٠٥,

**١٠**- ڕێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕوودا لە ڕۆمانی باشووری کوردستاندا (١٩٨٥ - ١٩٩٠)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک، چاپی یەکەم، ٢٠١٠,

**١١**- سابیر ڕەشد، چیرۆکی کوردی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیریی زنجیرەی کتێبی گیرفان ژمارە (٧)، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠٠٥,

**١٢**- سازان جەوهەر حەمەغەریب، پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی (ناوچەی گەرمیان)دا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی کەرکوک ژمارە (٢٠٤)، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

**١٣**- سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەمو زین)ی ئەحمەدی خانیو رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی-دا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

**١٤**- شکری عزیز الماضي، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

**١٥**- عبدالله سەڕاج، بەرەو ئاستانەی رۆمانو گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

**١٦**- عبدالله سەڕاج، دۆنایدۆن یان بەدگۆڕان – چەند بابەتێک لەبارەی ئەدەبی نوێی کوردییەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانی بینایی.

**١٧**- عەبدولڕەحمان مونیف، تیشکێک بۆ سەر رۆمان، وەرگێڕانی: شیرین . ک، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

**١٨**- فەرهاد پیرباڵ، هوتێل ئەوروپا، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

**١٩**- فەرهاد پیرباڵ، مولازم تەحسینو شتی تریش، کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٧.

**٢٠**- میران جەلال محەمەد، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

**٢١**- مەهدی سالح، دەربارەی رۆمان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠٠٦.

**٢٢**- محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی رەخنەی ئەدەبی نوێوە، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی موکریانی، چاپخانەی موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.

**٢٣**- نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، کارەکتەرسازی لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، چاپخانە موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

**٢٤**- نەجم خالید ئەڵوەنی(د.)، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**٢٥**- یادگار لەتیف شارەزووری (د.)، دیاردەگەراییو ڕەخنەی ئەدەبی، بڵاوکراوەی کتێبخانەی فێربوون، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥.

- **کتێبە عەرەبییەکان**:

**٢٦**- أ.م. فورستر، أركان الرواية، ترجمة موسي العاصي، دار جروس برس، الطبعة الاولي، طرابلس، لبنان، ,١٩٩٤

**٢٧**- الان روب قربيه، نحو رواية جديدة، ت: مصطفي إبراهيم مصطفي، دار المعارف بمصر.

**٢٨**- إبراهيم الطائي، بين القصة الادبية والقصة الصحفية، رسالة الماجستير، كلية الاداب، الجامعة العراقية، ,٢٠١٢

**٢٩**- حميد لحمداني (د.)، بنية النص السردي (من منظور النقد الادبي)، المركز العربي للباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، آب ,١٩٩١

**٣٠**- حسن بحراوي، بنية الشكل الروائي، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الاولي، ,١٩٩٠

**٣١**- حسين رامز محمد رضا، الدراما بين النظرية والتطبيق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الاولي، آب ١٩٧٢.

**٣٢**- رشاد رشدي (د.)، فن القصة القصيرة، ملتزمة الطبع والنشر، مكتبة انجلو المصرية.

**٣٣**- شارف مزاري، مستويات السرد الإعجازي في القصة القرآنية، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ,٢٠٠١

**٣٤**- عدنان خالد (د.)، النقد التطبيقي التحليلي، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، الطبعة الاولي، ,١٩٨٦

**٣٥**- عبدالملک مرتاض (د.)، في تظرية الرواية، بحث في تقنيات السرد، سلسلة كتب عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، ديسمبر ١٩٨٨.

**٣٦**- كوثر محمد علي جبارة، تبئير الفواعل الجمعية في الرواية، دار الحوار، الطبعة الاولي، سوريا، ,٢٠١٢

**٣٧-** لطيف زيتوني (د.)، معجم مصطلحات نقد الرواية، مكتبة لبنان ناشرون - دار النهار للنشر، الطبعة الاولي، لبنان، ,٢٠٠٢

**٣٨-** مهدي عبيدي، جماليات المكان في ثلاثية حنا مينا، وزارة الثقافة- الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١.

**٣٩-** محمد عزام، شعرية الخطاب السردي، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ,٢٠٠٥

**٤٠-** محمد يوسف نجم (د.)، فن القصة، دار الثقافة، بيروت، الطبعة الرابعة، ,١٩٦٣

**٤١-** محمد غنيمي هلال (د.)، النقد الادبي الحديث، نهضة المصر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة السادسة، يونيو ,٢٠٠٥

**٤٢-** محمد علي سلامة (د.)، الشخصية الثانوية ودورها في المعمار الروائي عند نجيب محفوظ، دار الوفاو لدنيا الطباعة والنشر، مصر، الطبعة الاولي، ٢٠٠٧.

**٤٣-** والاس مارتن، نظريان السرد الحديثة، ت: د. حياة جاسم سعيد، المجلس الاعلي للثقافة، ١٩٩٨.

- **نامە کوردییەکان**:

**٤٤-** جەوهەر محەمەد مەولود، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، حوزەیرانی ,٢٠١٣

**٤٥-** دیار فایەق مەجید، شەپۆلی هۆش لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا(بەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست) (١٩٧٢ - ٢٠٠٢)، نامەی دکتۆرا، سکولٚ زمانی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ,٢٠١٣

**٤٦-** سمیە نجیب خلیل، ئافرەت لە رۆمانی ئافرەتانی کورد-دا (٢٠٠٠ - ٢٠٠٩)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، ,٢٠٠٧

**٤٧-** سۆزان عەبدوڵلا محەمەد، کەسێتی ئافرەت لە رۆمانی کوردیدا (١٩٩١ - ٢٠٠١)، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ,٢٠٠٤

**٤٨-** محمد ئەمین عەبدوڵلا، شاکەس لە رۆمانی کوردی-کوردستانی عیراقدا (١٩٩٠ - ١٩٩٧)، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٠.

**نامە عەرەبیەکان**:

**٤٩-** جليله بنت إبراهيم محمد الماجد، البيئه فی قصه االسعوديه القصيره، رساله دكتوراه، كليه اللغه العربيه – فرع الادب، جامعه أم القرى، ٢٠٠٢.

**٥٠-** شرحبيل إبراهيم أحمد المحاسنة، بنية الشخصية في أعمال مؤنس الرزاز – دراسة في ضوو المناهج الحديثة، رسالة الدكتوراه، جامعة مؤته، ٢٠٠٧.

**٥١-** عبدالناصر منتصربالله محمد، ملامح الشخصيه الرئيسه فی روايات نجيب الكيلانی السياسيه، رساله الدكتوراه، كليه الآداب، الجامعه الإسلاميه، ٢٠٠٨.

**- گۆڤارو رۆژنامەکان**:

**٥٢-** سیروس پرهام، کارەکتەرسازی ریالیستی لە رۆمان‌و چیرۆکی کوردیدا، و: حەمە کەریم عارف، گۆڤاری رامان، ژمارە (٤٤)، (٥)ی شوباتی ,٢٠٠٠

**٥٣-** عادل گەرمیانی (د.)، چەند سەرنجێک دەربارەی رۆمانی ریالیزمی‌و خاسیەتەکانی، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (٩٥)، ئایاری ٢٠١٢.

**٥٤-** گۆران سەباح غەفور، توخمەکانی رۆمان، وەگێڕان لە ئینگلیزییەوە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٩٤)، مایسی ,٢٠٠٥

**٥٥-** نەجم خالید ئەڵوەنی (د.)، تەکنیکی دیالۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ژمارە (٢٤).

# Letter Summary

This Thesis, in accordance with the analytical approach, is a critical study on how to build and draw characters in both the novels (**lieutenant Tahssin and other things**) and (Europe Hotel) written by the novelist (**d. Farhad Pirbal**). The letter consists of a theoretical part and two practical parts, the first part is theoretical and it deals with the concept and importance of the character as an element in the novel. Later dealt it deals with the image of the character within the old and new novels by comparison. In terms of the type of the characters, the types of the characters have been dealt with in terms of the tasks and composition. From the structural perspective, the dimensions in which the characters are built upon are studied in spite of the variety of the dimensions upon which to build the characters in the novel, but since there are a fixed number of dimensions which have an important role in the characters' structure, so for this purpose the (physical, social, psychological and ideological) dimensions are only studied and highlighted. The importance of these four dimensions lies in that the reader can explore other dimensions of the characters through these four dimensions. And in terms of providing characters, characters are presented in two ways, so it has been dealt with the direct method (Telling ) and the indirect method (Viewing) for this purpose.

The second part of the letter is a practical whereas the types of the characters in terms of tasks and compositions inside both novels are studied and the third part of the letter is also about the practical aspect and deals with the relation between the character with the other elements of the novel in which there is a dialectical relation between them and its effects on the structure of the characters, for this purpose, we have taken both event and place elements, in the beginning, we pointed out, theoretically, to the relation between the character with each of the place and event and we have identified, in a practical way, the relation of these two elements with the characters inside both novels.

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Structure of the Character in the two novels of the novelist (**FARHAD PIRBAL**) such as (**Lieutenant Muhsin and other things**) and (**Europe hotel**)

A Thesis

Submitted to the Council of the College of Education at Salahaddin University – Erbil in partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Science Kurdish literature

By

**AWNI AMEEN OMER**

B.A. in Kurdish language – Salahaddin University

Supervised by

Prof. Dr. **HIMDAD HUSSEIN BAKR**

October 2015